هەندرێن

# زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەوییدا

2010

سوێد

ناوی کتێب: زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەوییدا

نووسەر: هەندرێن

خانەی کتێب: ئێستێتیکای رەخنەیی

چاپی یەکەم: 2010

نەخشەسازی و بەرگ: ....

تیراژ: ....500

چاپخانە: **هەنار**

ISBN 978-91-977419-1-0 (ژمارەی سپاردن لە سوێد)

ژمارەی سپاردن لە کوردستان:

## فەهرەست

دەستپێك

بەشی یەکەم I

1. زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەوییدا
2. پۆستمۆدێرنیزم: خودێکی ئاتامادە یان دەقێکی بێماڵ
3. ئاستەنگی ئاڤاندتگاردیزم لە ئەدەبی
4. پێرگریی رەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵی
5. شیعری گەنج: بوونێکی سەرنجراکیشە نەك خۆکردنە بە سەرنجکێش
6.
7. تەوەرە ئەدەبییەکان: بە کاڵاکردنی تەنگژە ئەدەبییەکان
7.........
8. .
9. ئەدەبی ژنانە

بەشی دووەم II

1. چەمکی کولتوور و کولتووری کوردیی
2. گۆرانی نویێ: هونەرێك لە سەرسوورهێنەریی و وزەیەك بۆ رسکانی کولتووریی.
3. تەلارسازیی........

تێبینی: ئەو دێڕ و کۆپلانەی کە بە رەنگی سۆر نووسراون، سانسۆری چاپخانەی وەزاراتی رۆشنبیریی "چاپخانەی هەنار"ن. مەهانەی سانسۆرکردنی ئەو دێڕ و کۆپلانە ئەوەیە، گوایە ئەو روانگە و دەربڕینانە لەگەڵ گۆڤاری هەنار ناگونجێن و هاوکاتیش چونکە بودجەی ئەو چاپخانە و گۆڤاری "هەنار، لەلایەن" "وەزارەتی رۆشنبیریی– سلێمانی" ووە دەدرێت، نابێت رەخنە لە دیارە و هەڵەکانی ئەو وەزارەتە بگیرێت!

## دەستپێك

ئاخاوتن لە ئاستەنگی رەخنە و رەخنەگریی لە بواری ئەدەب و هونەری کوردییدا، ئاخاوتنێکی نوێ نییە. چونکە خوێنەر، رەخنەگری کوردیی هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی بیرکردنەوەیەکی رەخنەیی، بە هزرکردنی دەق. بەمجۆرە ئەوەی کە کێشەی لاوازیی و نەبوونی رەخنە و رەخنەگریی کوردیی ئالۆزتر دەکا، نائامادەیی بنەمایەکی ماریفیی و زانستی رەخنەیی کوردییە. بۆیە ئەوەی کە رەخنەی کوردیی چاوەڕێی دەکات، لە دایکبوونی رەخنەیەکی ئیدیالییە، لەوێدا رەخنەگر بە دیدێکی فرەدەنگییەوە مامەڵە لەگەڵ دەق و نووسەردا بکات. لێ هاوکاتیش پێویستە ئەو فرەدەنگە رەخنەگرە ئامادەبووانە لەو رەخنەیەدا دەست بە رەهەندی گفتوگۆکردن، واتا دەنگی ئەوانیتر و جوانبێژییەوە بگرن. ئەو تەرزە رەخنەیە رەخنەگرێکی خاوەن تێگەیشتنی بابەتەکی (ئۆبێکتیڤ)ی گەرەکە، تاکوو ئەو نەریتە باوە، واتا خودی رەخنەگرتن لە خودی نووسەری دەق و تاکدەنگیی تێبشکێنێت. لێرەوە رەخنەگری کوردیی، بە واتای هزرینی ئێتیکی لێڤیناس، لە دیدارێکی بێپێشەمەرجدا گفتوگۆیەکی ئاوەڵا لە نێوان دەق خودی خۆیدا بسازێنێت. لە کن لێڤیناس مرۆ گەرەکە لە ئاستی ئێتیکییدا رەفتار لەگەڵ ئەوانیتردا بکات. مرۆ گەرەکە بە دەر لە بڕیاری پێشوەخت، بە دەر لە واتای گشتاندن و بیرکردنەوەیەکی سەپێنەر و قاڵبدارەوە، رووخسار بەرانبەر رووخسار بەویتر بگات. لەو دیدەوە رەخنەگر ئەرکی داپلۆسین و رەتکردنەوەی دەق و نووسەرەکەیەوە، گەرەکە چەشنە رەڤەیەکی ئاوەڵا لە دەقێکی ئەدەبیی و هونەریی پێشکەش بە خوێنەر بکات. بەمجۆرە بە رێگای ئەو تەرزە رەخنەوە پەیوەندییەکی ئاوەڵا لە نێوان دەق و رەخنەگردا دێتە ئاراوە.

کەواتە کێشەی سەرەکی رەخنە و رەخنەگری کوردیی، وێڕای نائامادەیی دابڕانی هزریی لە بونیاتی ژیانییدا، قەتیسمانە لە تێگەیشتنێکی باو و چەند ناوێکی ئەدەبییدا. بۆیە رەخنەگری کوردیی هێندەی سەرقاڵی گۆشکردنی خوێنەرە بە "زانیاریی ساختە"، پەسندان یان داپلۆسین نووسەر و سادەکردنەوەی دەقێکی ئەدەبیی یان بەرهەمێکی هونەریی، ئەوەندە پەرۆشی هەڵکۆڵین و راڤەکردنی رەهەندەگەلە ئێستێتیکیی و هزرییەکانی جیهانە نوێیەکانی ناو زمانی ئەو دەقە ئەدەبیی و بەرهەمە هونەرییەوە نییە. ئەمڕۆ ئەو پێڕەی کە بە رەخنەگریی کورد ناوزەد دەکرێت، بێجگە لە ئەفراندنی گەندەڵی هیچی تری بەرهەمنەهێناوە. ئەو رەوشەی رەخنەش بەشێکە لە کۆی ئەو بیرکردنەوە جەڵەبییەی کە لە بوارە جوداکانی ژیانی سیاسیی و کولتووریی ئێمەدا باڵادەستن.
بۆیە ئامانجی ئاخاوتنی نووسەری کورد لەمەڕ ئاستەنگەکانی رەخنەی کوردییدا دابڕان نییە لەو دیکۆتۆمی، بیرکردنەوە باوانەی کە بەربەستن لە بەردەم ئامادەبوونی توانای تاکەکەسە جیاوازەکان، بەڵکوو لەمدیو ئەو ئاخاوتنانەوە هەمان دیکۆتۆمی بەرهەمدەهێننەوە. چونکە زۆرینەی نووسەرانی کورد بە رێگەی ئەو تەرزە رەخنە باوەوە پایەکەیان بەدەستهێناوە، لەبۆیە ئەو چەسنە نووسەرە هەوڵدەدا بە رێگەی ئەو ئاخاوتنانەوە هەم خۆی لە بەرپرسیاریی ئەو دۆخە بێبەهاکراوەی رەخنەی هونەریی و ئەدەبیی کوردیی بدزێتەوە و هەمیش ئەو نیگەرانییەی کە لە ئارادایە بێبەها بکات. لێرەوە یەکێك لە هۆکردەکانی قەتیسمانی بزاڤی نوێخوازیی ئەدەبیی و هونەریی و داماڵینی کورد لە ویستی ژیانێکی شکۆمەند، پەیوەندی بەو ئاکارە رووالەتییە و دووڕوویییەی نووسەری کوردەوە هەیە. بەمجۆرە لە کاتێکدا وێڕای ئەوەی کە خودی شاعیر، چیرۆکووس نووسەری کورد نەبوونی ئەو رەخنە و رەخنەگرە و ئەو جۆرە رەخنەیەی کە لە ئاستی

پەیوەندییە دۆستایەیی و دوژمنایەتییەکاندا لە ئارادایە بە گرفت دەزانن، کەچی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر هەر خودی ئەو شاعیر، چیرۆکنووس و نووسەرە باوانەی، کە بە هۆی ئەو دۆخە سیاسیی رۆشنبیرییە نەریتییەیەوە بازاڕیان بە هەرمێن بووە، دەمڕاستیی ناوەندە رۆشنبیری و ئەدەبییەکان دەکەن. ئەمانەش ئەو تەرزە رەخنەیەی کە مجگێز و مەیلی شارچییەتیی، هاوڕێچییەتی و حیزبپەرستیی هاندەرینە، پەرە پێدەدەن و بە قووڵکردنەوەی ئەو رەخنە وابەستەیەوە هەوڵدەدەن هەتا هەتایێ دەمڕاستی زمانی کوردیی بن. بەردەوامبوونی ئەو رەوشەش کوشتنی ویستی جیاواز و دۆزینەوەی ئاسۆیە نوێیەکانی داهێنانە کە لە خودی زماندا ئامادەییان هەیە تەفلەهەقتر دەکا. بەڵێ، هەر خودی ئەو تەرزە نووسەرە بالادەستانەشن، وەك سیاسییە بالادەستەکان، دەخوازن نیگەرانی خۆیان لەو دیاردە گەندەڵەی رەخنە دەربڕن.
ئەمڕۆ سەرچاوەی بەردەوامیی و قووڵبوونەوەی ئەو تەرزە رەخنە پێرگرییەی کوردیی، خودی ئەو شاعیر، چیرۆکنووس و هونەرکارانەن کە بە هۆی ئەو توانا ئابوورییە فرەوانەی کە لەو دوو حیزبە دەسەلاتدارانەوە پێیان دەبەخشرێ، خۆیان کردۆتە دەمڕاستیی چاند و هونەری کوردیی.
ئەمڕۆ یەکێك لە ئاستەنگەکانی رەخنەی کوردیی، دیاردەی بەرتیلدانە بە رەخنەگر و بەڕادانانی پەسندانە. ئەو دیاردەیەش، وەك رەنگدانەوەیەك لە نەریتی خێڵەکیی جڤاکی کورد، مانای ئەوەیە کە تۆ سەر بە پێرێك لەو پێرانە نەبیت کە بواری چاپەمەنیی و ناوەندە رۆشنبیری و سیاسییەکانیان تەنیوەتەوە، کەس بایەخ بە توانا تاکەکەسییەکەت نادات. دواجاریش ئەو کەژ و هەوایە نەك هەر ویست و مەیلی داهێنانی تاکەکەسەکانی دەمبەستکردووە، بەڵکوو زەمینەی فرەدەنگیی و کێبەرکێی ئەفراندنیشی لە زمانی کوردیی و ژیانی جڤاکییدا بێبەها کردووە. یەکێك لەو هۆکردانەی کە وای لە مرۆی کورد کردوە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ژیانی لە بێمانابیدا بگوزەرێنێ، بالادەستی ئەو هێزە رۆشنبیریی، سیاسیی و ئاینییە کە هەر یەکە و بە رۆڵی خۆیانەوە لە هەوڵی ئەوەدان بوونی هەموو تاکەکەسە جیاواز و سەربەخۆکان بخەنە ژێر رکێفی خواستەکانی خۆیانەوە. ئەگەر کەسێکیش لەو خواستەی ئەو پێرگەلە لە هێزە رۆشنبیریی، سیاسیی و ئایینییە نەریتگرە یاخی بوو، بە گەمەی جیاواز و شەڕی دەروونی خوێنتاڵی دەکەن و لە ژیانی جڤاکدا تووری هەڵدەدەن. دیارە ئەو کەسایەتییە ئاڵۆز و رەخنە مجگێزییەی کە لە زمانی کوردییدا برەوی هەیە دیاردەیەك نییە لەو کۆنتێکستە کوردییەوە بەدەر بێت، بەڵکوو بڕیاردەری پەیوەندی نێوان رەخنەگر و دەقنووسی کوردییە.
لێرەوە، وەك نەریتێك لە خێڵ، کتومت وەك ئەوەی لە ئاستی سیاسییدا دەگوزەرێت، ئەو نووسەر و شاعیرە کە ئەمڕۆ لەسەر ئەو مێنتالە حیزبیی و نەریتە خێڵەکییانەوە بەسەر بواری رۆشنبیریی کوردییەوە باندەستن بە رێگای بەرتیلەوە بەناو رەخنەگریی دەرویش و پەسندەرییان لە خۆیان کۆکردۆتەوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامە و وەشانانەی کوردستان کە خودی ئەو نووسەر و شاعیرە بەرتیلخۆر و بەرتیلسازە بەڕێوەیان دەبەن، تژین لەو تەرزە رەخنە بەرتیلخۆرە. بەمجۆرە ئەمڕۆ زمانی کوردیی بۆتە خاکێك بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چەشنە نووسەر و شاعیر و رەخنەگرە بەرتیلخوازە. لەو دیدەوە ئەو ناوەندە ئەدەبیی و هونەرییەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، رەوتێکی بەرتیلخوازە نەك نوێخواز.
پەرۆشی ئەم کتێبە لە دوو بەشدا ئەوەیە، بەشی یەکەم لە سەرەتادا وەك پاشخانێك بۆ رەنگدانەوەی رەوت و تیۆرییەکانی رۆژئاوا لەسەر دۆخی ئەدەبدا بە گشتی، سێ وتاری تیۆریی جیاواز، کە دەکرێت هەر سێ وتار وەك تێگەیشتنێك بۆ پەیوەندی فەلسەفە و ئەدەب–شیعر، مۆدێرنیزم، زمانسالاریی و پۆستمۆدێرنیزم فامبکرێن، دەکەم بە دەروازەیەك بۆ ئەم کتێبە، دواجاریش هەوڵدەدەم لە وتارگەلێکی روانگەی جوداوە، رەهەندەگەلێك لە بواری ئەدەبیی و هونەریی کوردیی راڤە بکەم کە هەنووکە تێیدا دەژیت. بەشی دووەمیش، چونکە چەمکی "کولتوور" رەهەندێکی سەرەکییە لە هەموو نەتەوەیەك و

خودی روانگەکانمان بۆ ئەدەب و هونەر، بۆیە وەك دەروازەیەك سەرەتا راڤەیەك لە چەمکی "کولتوور" و کولتووری کوردیی پێشکەش دەکەم و دواجاریش دیمەنێك لە رەوشی موزیك، گۆرانیی و تەلارسازیی شیدەکەمەوە.
لێ ئەم کتێبە نیازی نییە کۆمەڵێك رێنمایی و ئامۆژگاریی لەمەڕ چییەتی رەخنە و ئەرکی رەخنە پێشکەش بە خوێنەر بکات، بەڵکوو مەبەستی ئەم کتێبە نیشاندانی ئەو رەوشە ئاڵۆزەی ئەدەب و هونەریی کوردییە کە بێڕەخنەیی یان رەخنەی مجگێزیی بەرهەمی هێناوە. بەمجۆرە پردە هاوبەشەکانی ئەم کۆوتارە بە گۆهێنانی مەیل و پەرۆشیەکی ئێستێتکیی و ئێتیکییە بۆ تێگەیشتن لە رەهەندە بەهادارەکانی ئەدەب و هونەردا کە ئاکاری پێڕگریی رەخنەگر بێبەهایکردوون.
بەڵێ، یەکێك لەو کیشانەی کە وادەکا رەخنەی کوردیی، ژیانی جڤاك یان بیرکردنەوەی کوردیی لە بنەوەڕا نەگۆڕێت، شێوازی نووسەر و هونەرمەندی کوردە لە گواستنەوەی پچڕپچڕ یان رووکەش و نەفامی ئەو شێواز، تیۆریی و چەمکگەلە رۆژئاوایی و بیانییانە بۆ ناو زمانی کوردییەوە. گرفتی ئەو شێوازە لەوەدایە، نووسەری کورد تەنیا وتەیەك یان دەقێك، تیکێك لە دیوە رووکەشەکەی ئەو ناوکۆکیی، تیۆریی و چەمکگەلە دەگوازێتەوە. ئەو تەرزە لە تێگەیشتنە تەنیا کاردانەوەیەکی رووکەش لەسەر ژیانی نووسینی کوردییدا دروستدەکا نەك گۆڕانێکی بنەڕەتی. دواجاریش ئەو جۆرە گۆڕانە رووکەشە دوای ماوەیەکی کورت نەك هەر قەتیسدەمێنێ و لە توانایدا نییە بفراژێ، بەڵکوو بە هۆی وێڵبوونی ئەو ئاراستەوە بەرتەکێکی نەریتخوازانە، دژە نوێخوازیی دەهێنێتەوە ئاراوە. ئەو دیاردەیەش یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەزموونی رۆشنبیریی کوردیی.
دواجاریش ئەوە ئەرکی خوێنەر، رەخنەگری نەوەی نوێیە کە وەك دیاردەیەکی ئەم رۆژگارە فرە رەهەند و بزۆکەوە، نەوەیەك کە هەڵگری ویستێکی نوێی بەختەوەریی و بەرهەمدارییە، هەوڵبدا دابڕانێك لەو نەریتە ویستکوژ و چەقیووە دروستبکات. دوای ئەمەش، بە گرتنەبەری رێگەیەکی نوێ، ژیانێکی جیاواز و ئاوەڵاتر بە زمانی کوردییەوە ببەخشێت.
بۆیە ئەم کتێبە دەمڕاستی تاکە راستییەکی نەگوتراو ناکات، بەڵکوو دەخوازێت لە راڤەگەلێکی ئاوەڵادا ناوکۆیی لە کۆی ئەو ئاستەنگەی رەخنەی کوردیی و ئاکامەکانیدا دیاریبکات. بۆیە ئەم کتێبە دەکرێت وەك نمایشێك لە فرەدەنگی راڤەیی بخوێنرێتەوە.
ئەو وتارانەی کە هەر یەکە و بە شێوازیی جیاوازەوە جەستەی ئەم کتێبە دەچننەوە، کۆی دەنگ و ئاراستەی پرسیاری کایەکانی زمانە کە رەخنە بەرهەمدەهێنێت نەك دەمڕستی زمانێك لە رەخنەدا دەکا. ئەگەر کۆی پەیوەندی ئەو فرە دەنگانە بە ئاراستە جودایەکانیانەوە، ئاکامگیرییەك بخەملێنن، ئەوکات دەکرێ خوێنەریش، دوای کۆتایی هێنان بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، وەك دیمەنێکی موزاییك، هەمەرەنگیەك لە تیۆریی و راڤەکردن" ئاخاوتن و کرداندن" پرسیار و بەشدارییکردن و... تاد، سەیری بکات. دواجاریش مەیلی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە خوێنەر دەکاری چێژێك لە کۆی یان بەشێك لەو روانگانەی کە ئەو رەهەندە موزاییکە پێکدێنێت، بچێژێ یان بچنێتەوە. ئەگەریش ئەم کتێبە ئەو کردەی بۆ خوێنەر مەیسەر نەکردبێ، باشترین شێوە ئەوەیە، کە خوێنەر دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، رێگای خۆی بگرێتەبەر" بە خۆی راڤەیەك لەو رەوشە ئاڵۆزەی رەخنەی کوردیی بکات کە ژیانی ئەفراندنی کوردیی شەل و بێویست کردووە.
هەندرێن
2009.12/ ستۆکهۆلم

I

## زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەوییدا

## بەرایی

کاتێك مرۆڤ بە جووڵە دەکەوێ و بە دوای ماڵنشینێك دەگەڕێ، ئەو جووڵانەوەیە وەك مەیلێکی مرۆڤانە خۆی بەدیار دەخات. مرۆڤ بۆ ئەوەی بوونی بەرجەستە بکاتەوە، لەو مەیلەڕا هەوڵدەدا خۆی بدۆزێتەوە. ئەو ویستە بۆ دەرکەوتن، خۆی لە خۆیدا، لە روح و توانستی مرۆڤدا جێنشینە. ئەمەش مرۆڤ هاندەدا کە لە ژیانی خۆییدا بهزرێت. هزرینیش بزوان و رێکردنە بەرەو بوون. خودی بوون لە رێگای ئەو جووڵانەوەیەوە دەبێتە هزرین. ئەو جولانەوەیە، لە سەمتە هێڵەکێیەکەیدا، دەنگ و ئاواز پەرژ دەکاتەوە. ئاکامی پەرژبوونەوەی پرۆسەی ئەو جولانەوەیە دەبێتە پەیڤین. پەیڤینیش گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە مرۆڤی تێیدا جێنشینە. لەو دەوروبەرەشدا هەموو چەشنە شتێك هەیە و ئەو شتانەش بۆ مرۆڤ دەبنە دەروازەیەك بۆ بانگهێشتنی مرۆڤ.
گشت ئەمانە لەناو زماندا جێنشینن و زمانیش بۆ خۆی ناولێنانی ئەو تشتانەیە. بۆیە زمان مرۆڤە، مرۆڤیش زمانە. چونکە ئەوە زمانە کە ژیانی مرۆڤ وێنا دەکا.

لێ لە دیدی خوێندنەوەی هایدگەرەوە خودی زمانە، ئەو پرسیارە ئاوەڵا دەکاتەوە کە چۆن ئێمە خۆمان لە زمان نزیك بکەینەوە؟ زمان چۆن بوونمان بینراو دەکا و بانگمان دەکا؟ دواجار زمان چۆن دەدوێ؟
لێرەوە بە خوێندنەوەی دەقێکی هایدگەر "رێگای بەرەو زمان/ On the way to language”

هەوڵدەدەم بۆ ئەو پرسیارانە، وێڕای بەرسف و شرۆڤە وتراوەکان، ڕەهەندێکی تر ئاوەڵا بکەمەوە.
بۆ ئەوەی لەبەر پەرێشانی هایدگەر زمان، سادە نەبێتەوە، هەوڵدەدەم لە بری درێژدادڕی لە وشە، وەك هایدگەر لە کۆتایی کتێبی "نامە لەسەر هومانیزم" دا دەڵێ: لەو جیهانە سەختەی کە ئێستا لە گۆڕادانە ئەوەی پێویستە: "کەمێك لە فەلسەفەیە، بەڵام وریایەکی زێدەتر لە هزرین" کەمترکردەوەی ئەدەب بەڵام زیاتر دەستپێوەگرتن لە پیتەکان"، بە چڕی بدوێم، یان دەست بە وشەوە بگرم.

## زایاڵەی بوونایەتی لە بێدەنگی _ زماندا

شیعر زمان ختۆکە دەدا و ئەو زەوییە لە ئامێز دەگرێ، هەروەك خۆی لە زەویڕا هاتبێ. بەمەش شیعر زمان بە ئاوەڵایی، بیستراو و بینراو دەهێڵێتەوە. لەوێدا پەیڤە شیعرییەکان دەبنە زمان کە زمان دەتوانێ دوور لە نەوایەکانی لەبەرانبەر خۆیدا، هەست بەخۆی بکات و خۆی ببیستێ. بە واتای هایدگەریانە: پەیڤ وەك کاکڵەی هەستکردن بەخۆی دەتوانێ لە نێوان زەوی و ئاسماندا یارییەکانی ئاسۆ کراوەتر بکات. ئاسۆ لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێ ئاوەڵا بێتەوە، لەو ئاوەڵا بوونەوەیەدا، شوێنێك بە مرۆڤ دەبەخشێت کە تێیدا بژی. شوێنیش کۆتایی زەوی و سەرەتای ئاسمانە، واتا ماڵی جیهانە.

بۆ ئەوەی زایاڵەی زمان وەك پەیوەندییەك لە نێوان زەوی و جیهان خۆی نیشانبدا، ئەو زایاڵەیە دەمانپێکێ تاکوو لەناو ئێمەدا جینشین بێ و لە ڕاگەیاندنەکانی زمانی ڕۆژانەدا دوورمان دەخاتەوە.
کاتێك زمان بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە واتا زمان بۆ پایەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش پایەی بەناوکردن و ئاوەڵاکردنەوەی تشتەکانە وەك خۆیان.

هایدگەر لە هەستکردنەوە بە ناخی زەویی هەوڵدەدا پانتایی سروشت: بەرد، درەخت، بۆشایی و ئەو نەوایە وێڵانەی کە پڕن لە دەنگ چڕبکاتەوە. ئەمانە هەمووی، لە ڕوانگەی پرشنگی زمانی هایدگەرەوە، جۆرە خەڵوەتێکە لە سیمای ژیاندا. چونکە بەر لە هەموو تشتێك شیعرییەت لە ڕێگای توانستی بەناوکردنی پەیڤەوە زمان ڕووندەکاتەوە، ئەو توانستە بەسەر شاعیر و زماندا دادەبارێ و شیعراندنیش ئاستی ئەو توانستی بەناوکردنە پایەدارتر دەکا. بە واتایەکی تر، هایدگەر بەمجۆرە ئەمە شرۆڤە دەکا: "ڕووخساری سروشتی زمان هەمیشە بۆ ئێمە، تەنانەت لە کۆتایی زمانیشدا بێ خۆی بە بینراوی دەنوێنێت، هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە بە شێوەیەکی تەواو خۆمان بەو بیرکردنەوەی کە ئێمە پێشتر لەسەری ئاخاوتن دواوین و ئەوەی کە وتراوە نابەستینەوە." ( ڕێگای بەرەو زمان، لاپەڕە 121)
زمان هەڵگری مێژوو، بوونێکە لەو ڕەچەڵەکە ئاوەڵایەی، کە لە دەستپێکدا شوێنەکەی بە مرۆڤ بەخشی.
لێرەدا هایدگەر دەخوازێ بێژێ کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە لە سنوورێکدا ئۆقرە ناگرێ. بۆیە دەبێ بە دوای شوێنە ڕاستینەکەی خۆیدا بگەڕێت.
مرۆڤ بە خۆی هەر لەو کاتەی کە دەستیکرد بە ئاخافتن و بەکار هێنانی زمان، ئەو شوێنە ڕاستینەی داهێناوە و لەگەڵ

خۆیدا هەڵیگرتووە. واتا بە دربڕینی هایدگەر: "لێرەدا ئەو چەشنە "پەیڤاندن"ە تەنانەت بە سروشتی خۆشی، بە چەشنێکی گەوهەریی وەك داستانە، لێتێگەیشتن نییە. رەنگە پەیڤاندن بە شێوازی جۆرج تراکل لە نێو رستەکانەوە بەکار هاتبێ. "سەنگی دەستپێوەگرتنی دەربڕین لەو سەرچاوە شینەدا؟ گەوهەریی بوونایەتی زمان پەیڤاندنە/گوتنە وەك رووحێك لە نیشاندان. خاسڵەتی ئەو پەیڤاندنە لە هەر هێمایەك کە دەیبینین دروست نەکراوە" بەڵکوو بنەچەکەی هەموو هێمایەکان بە دیار خستنە، جا ئەو هێمایانەش کە لە نێو هەر جۆرە وڵاتی پاشایەك و بۆ هەر مەبەستێکیش بن دەکرێ هێما بن." ("رێگای بەرەو زمان" لاپەرە: 123)

شوێن لە ئاخاوڤتنی مرۆڤ" لە زماندا هەیە. لێ زمان بەو پەیڤانەی کە دەوترێن دەنگ بڵاو دەکاتەوە. زمان ئەو وشانە دەبێژێ و بەدیاریان دەخات، بێدەنگییەکان رووتدەکاتەوە. وێجا بێدەنگی روو دەکاتە ئاخاوتن. دەبا لەگەڵ هایدگەردا کۆپلەی هەشتەم لە شیعری هۆڵدەرلین بخوێنینەوە:

"زێتر، لە سپێدە و بەردەوامییەك،
چونکە ئێمە ئاخافتن بووین و گوێمان لە یەکتر دەبوو
مرۆڤایەتی لەوە فێر بوو" لێ هەر بزانە بووین بە گۆرانی."

("رێگای بەرەو زمان"، لەپەرە:135)

هایدگەر لەمەڕ ئەوە دەبێژێ: "زمان رەچەڵەکی شیعرە واتا ئەوە نەتەوەیە کە بوون دەشیعرێنێت. بە پێچەوانەش ئەوکاتەی شیعری مەزن دەستپێدەکا گەلێك بە شێوازی زمانەکەی لە مێژوودا بە دیار دەکەوێ. گرێکییەکان بە هۆی هۆمیرۆسەوە ئەو شیعرییەتەیان ئەفراند و تاقیکردەوە. زمان وەك دابڕانێك لە بوون ژیانی ئەوانی، وەك وێناندنی دەستپێکێك لە بوونایەتی، خەملاند و نیشاندا. "گۆرگی شتاینەر، دەروازەیەك بۆ هایدگەر"، لەپەرە: 72)

شیعراندن ئەو تشتانە بینراو دەکا کە لە زمانی رۆژانەدا پەنا دەدرێن، ئەو زمانەی کە خەڵك بۆ دەربڕینی خۆی وەك کەرەسیەك بەکاری دەهێنێت. وشە لە بەرهەمهێنانی تشتەکاندا توانادارە، ئەو توانستەش لە زمانی کەرەسەدا نییە، بە واتای مالارمێ: ئەوە شیعراندنە کە تشتەکان بە دیار دەخا، هەروەك ئەوەی بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی بگەڕێتەوە. هەروەك ئێمە بۆ یەکەمجار بێ کە ئەو تشتەمان بینیبێ. ئەم گۆڕانەش بەوە بەند نییە کە تشتەکان لەگەڵ وشەدا بە دیار دەکەون، بەڵکوو بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە توانستی خۆی بدۆزێتەوە، وێجا رێگا بە ئاوەڵا بوون دەدا.
ئەو چەشنە وزەیە لە خەیاڵی ناوەکی شاعیرەوە هەڵناقووڵێ، بەڵکوو ئەو وزەیە لەو بە دیار خستنە سەرچاوە دەگرێ، کە بەر لەوەی زمان بێدەنگ بێ، زەمینەی بۆ خۆشدەکرێ.
کەواتە مرۆڤ لە رێگای زمانەوە، بۆ پەیڤەکان خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە. ئەو پەیڤانەش بوونی مرۆڤن. کاتێك مرۆڤ دەستیکرد بە چێکردنی وشە و زمان هەروا لەرینەوەی بوونیش دەستپێکرد. واتا، بە دەربڕینێکی دیکەی چڕتر: کاتێك زمان دەپەیڤێ ئێمەش لە هەمان کاتدا گوێمان لە دەنگی بوون دەبێ. بەمجۆرە گەوهەری مرۆڤ لە زماندا، کە ماڵی خۆیەتی، ئاشکرا دەبێ.

مرۆڤ، به لای هایدگەرەوە، گوێ بۆ بوونی خۆی رادەدێرێ و بەمەش لەسەر ئەو بوونە وشیار دەبێتەوە. هاوکات مرۆڤ لە ئاخافتندا بوونایەتییەکەی دادەمەزرێنێ و ئاوەڵا دەکاتەوە.
لێرەدا ئێمە دەتوانین بڵێین کە زمان مێژووە، هەروا بە پێچەوانەشەوە. چونکە مرۆڤ لە رەچەڵەکی خۆیدا ئاخافتنە و لە رێگای ئاخافتنیشەوە خۆی بە دیار دەخا. بەمجۆرە مێژوو دەستپێدەکا تاکوو لەناو زمانی مرۆڤدا بژی. بە واتای هایدگەر: "چونکە رێگای مێژوو بەرەو زمان دیاریکراوە، ئەمەش هەر تەنیا لە دەستەواژەکانی زمان وەك خۆییدا نییە، بەڵکوو زیاتر بە دەستەواژەگەلێك لە هەوڵدان دیاریدەکرێ بۆ ئەوەی پێناسەیەکی مێژوویی لە تەواوی مێژووی فراژانی هەمەکی رووحانییەتی مرۆڤ و هەروا تاکگەرایەتییەکەی پێ ببەخشێ." ("رێگای بەرەو زمان"، لاپەرە: 118)
وێڕای ئەمەش زمان چاوی بوونە" واتا رۆناکی بوونە.

لە روانگەی روانینی هایدگەرەوە بۆ زمان، زمان دەبێتە ماڵێك، ئەمەش واتا بوارێکمان بۆ ئەو بوونە راستینەیە ئاوەڵا دەکاتەوە. بوون ئەفراندنێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت مێژوو دامەزرێنێ. هەر بۆیە وشە، وەك زماننا‌س پێناسەی دەکا، بریتی نییە لە دەنگ و هێما، بەڵکوو وشە بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوەیدا سەرچاوەیەکی رەهەندییە.
لە گۆشەنیگای دیدی پەرۆشخۆرانەی هایدگەریانەوە بۆ زمان، زمان دەبێتە رەچەڵەکی شیعراندن، کە جیاوازەکانی نێوان جیهان و تشتەکان، ئاوەڵایی و کۆتاییەکان و هەروا لە نێوان حەشاردراو و ئاشکراکراوەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. چونکە ئەوە: "لە سروشتی زماندا بۆ ئەوەی دڵنیا بێ، کە خودی زمان لەوێدا تێگەیشتووانە ئەو دڵنیاییەی دەستەبەر کردووە، بەڵام دەستەبەر کردن لە تێگەیشتنی تشتێکی ترە لەوەی کە زمان خۆی بێ." ("رێگای بەرەو زمان"، لەپەرە: 119)
بەمجۆرە خودی زمان ئاوەڵایی و بەرهەڵدانە بۆ ئەوەی مرۆڤ گوێی لە بانگکردن بێ. هاوکاتیش مرۆڤ فێر بێ چۆن لە جیهاندا جێنشین بێ. هایدگەر لە کتێبی "رێگای بەرەو زمان"دا دەبێژێ: "لە دواجاردا ئێمە خۆمان ئەو بوونەوەرەین کە لە بارماندا هەیە بپەیڤین، بۆیە هاوکات خاوەنەکانی دەسەڵاتی ئاخافتن، خاوەندارێکی دڵنیا نین." ("رێگای بەرەو زمان"، لاپەرە: 113-114)
بەمجۆرە دواجار، ئەگەر ئێستا زمان بۆ بوون و مرۆڤ دامەزراندن بێ، کەواتە لە گەوهەری خۆیدا، ئەوە شیعراندنە.
چونکە ئێمە حەز دەکەین لەسەر زمان وەك خۆی بپەیڤین، کەواتە هاوکات ئێمە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە مەترسییەك لەسەر ئەو ناودێرکردنەدا هەیە. ئەوە ناودێرکردنە کە تشتەکان بە دیار دەخا و دەدۆزێتەوە، ئەو تشتانەی کە بە جوڵانەوەیەکی دۆستانە بەرەو لای ئێمە دێن تاکوو بێنە ناو بوونی جیهانەوە.
بە واتای هایدگەر، زمان جێنشین بوونە لە جیهان و داهێنانەوەی ئەو جیهانەیە بە چەشنێکی نوێ، چەشنێك کە تەواوی نێوەرۆکەکەی بە مرۆڤ ببەخشێ.
بۆیە کاتێك زمان ئاستی باڵای توانستی خۆی دەپێکێ ئەوکات ئەو توانستە بۆ ناخی مرۆڤ دەنێرێ و تژی دەکا لە روانینگەل. دوای ئەوە مرۆڤ لەو جیهانەدا، "هەبوونایەتی جیهان" خۆی دەبینێ و لێی تێدەگا.

لێرەدا، لەم شوێنەدا، پەیڤ هێمایەکی رووت نییە، بەڵکوو روانین و تێگەیشتنە، چونکە گشت تێگەیشتنێك تەرزێکە لە روانین و بینایی.
لێرەدا دەبینین هایدگەر وزەی ئاوەڵایی زمان لە ناودێرکردنی مەترسی دەبینێت، کە وا لە زمان دەکا بێتە ناو

"لۆگۆس/ئاوەز"ەوە.

ئەوەی کە دەئاخڤێ مرۆڤ نییە، بەڵکوو ئەوە ئاخافتنە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هایدگەر نکۆڵی لەوە بکات کە ئاخافتن موڵکی مرۆڤە. لەمەڕ ئەوە هایدگەر دەبێژێ: "ئاخافتن دەئاخڤێ بۆ ئەوەی گشتایەتی خود کۆبکاتەوە، زرینگانەوەیەك بە بێدەنگی ببەخشێ."

ئێمە دەتوانین بڵێین ئەوە مرۆڤە کە کۆکردنەوەی گشتایەتی خودی داهێناوە. دواجاریش بە دەربڕین هایدگەرییانە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێك ئاخێوەرە، کاتێك ئاخافتن بێدەنگ بوو" واتا بوو بە شیعراندن، زمانیش بۆ ئێمە دەئاخڤێ.

ژێدەرەکان:


1. Martin Heidegger. 1982. ”On the way to language”, translated by Peter D. Hertz, Harper San Francisco.

2. Martin Heidegger: 1996. ”Brev om humanismen” , ö versä ttning av Daniel Brinbaum och Sven-Olov Wallenstein, Bokfö rlaget Thales. Stockholm.

3. Steiner George: 1994, ”Martin Heidegger -En introduktoin”. Lund: Daifalos, P. 3.


تێبینی: ئەم وتارەم لە رەچەڵەکدا لە زانستگای سۆدەرتۆرن، بەشی فەلسەفە، بۆ کۆرسێکی تایبەت بە بابەتی "شیعرییەتی وەرچەرخان" سەبارەت بە هایدگەر و شیعر، بە زمانی سوێدی پێشکەشکردووە. هەڵبەتە ئەمڕۆ لەناو بڵاوکراوەکانی کوردییدا، تشتگەلێکی زۆر لەمەڕ هایدگەر و شیعرییەت دەبینرێن، بۆیە منیش بە رەوام زانی، پوختەیەك لەم وتارە، کە سەرەنجامی دوو مانگ گوێگرتن لە وانەی مامۆستا هایدگەرناسەکان و بەشدار بوون لە سێمینارەکانە، بە زمانی کوردیی پێشکەش بکەمەوە.

## پۆستمۆدێرنیزم: خودێکی نائامادە یان دەقێکی بێماڵ

### بەرایی

دیارە هەر لە کۆتاییەکانی نەوەدەکان و بە تایبەتیش دوای رووخانی رژێمی بەعسییەوە، بازاڕە هەمەتەرزەکانی جیهانگریی

به شەپۆلگەلێك لە مۆدەكانییەوە كۆمەڵگای كوردستانیان تەنیووە. یەكێك لەو مۆدانەی كە وەك بەشێك لەو بازاڕەوە بووە بابەتی رووپەڕ و وێردی سەر زاری نووسەر و سیاسەتوانی كوردەوە، چەمكی پۆستمۆدێرنیزم، پاشنوێگەریی و فەیلەسووفگەلێكی پۆستمۆدێرنیست بوون. دیارە زێدەڕۆیی ناكەین ئەگەر بێژین، كە دوای ئەوەی ئەو چەمكە لە خودی رۆژئاوادا كاڵبۆوە، ئەو چەمكەش وەك هەر چەمكێكی دیكە، جا چ لە رابردوو بێ یان هەنووكەدا، بێ هیچ گۆڕانێكی بونیاتیی و بوونی زەمینەیەكی رۆشنبیریی و جڤاكیی" بێ بوونی ئامادەییەكی ئاگایی گشتی" بێ ئاوڕدانەوە لە پێداویستبوونێكی رۆشنبیریی، بێ وەرگێڕانی دەقگەلێك لە سەرچاوەكانی ئەو چەمكە و راڤەكردنێكی خەملێوی ئەو ناوكۆییەی كە ئەو رەوتە هزریی و رۆشنبرییەی بەرهەمهێناوە، لە ژیانی رۆشنبیریی و سیاسیی ئێمەدا بە هەرمێن بوو. لەوەش بترازێین، جێگەی دۆشدامانە كە ئەو چەمكە هەر نەبوو بە مۆدەی بڵاوكراوە رۆشنبیرییەكان، بەڵكوو بوو بە مۆدەی لاپەڕەی ئۆرگانی حیزبەكانیش، لە كاتێكدا زۆرینەی ئەندامانی سیاسیی و كادیرانی ئەو حیزبانە نەك هەر لەو چەمكە بێخەبەرن یان بە لایانەوە گرنگ نییە، بەڵكوو چەمكی مۆدێرنیزم و ئەوانیدیكەشیان لە كن گرنگ نییە.

هەر چۆنێك بێ، لێرەدا نە مەبەستم ئەوەیكە لە خولیاكانی ئەو رەوتە رۆشنبیرییە كەمبكەمەوە و نە گرفتەكانی ئەو بونیاتە رۆشنبیرییەش راڤە بكەم. لێ لێرەدا دەكرێ ئاماژە بەوە بكەین، كە ئێمە دەبێ خاوەن ئەو ئاگاییە بین كە هەموو دیاردە و مۆدەی شەپۆلە تیۆرییەكان، هەروەك هەموو دیاردەیەكی دیكەی زانستیی و بگرە دەقێكیش بە دیدێكی رەخنەیی و مەودا وەرگرتنێك لێیانەوە بخوێنینەوە. بەهای تێگەیشتن لەوەدایە، كە ئێمەی خوێنەر نەبینە دیلی كتێب و مۆدە هزرییەكان. كەواتە ئەو كاتە ئێمەی خوێنەر بە خۆمانین، كە توانیمان گفتوگۆ، پرسیار و پشكنینەوەیەك بەرانبەر ئەو دیاردە هزریی و تیۆرییانە بەرهەمبهێنین.

هەرچۆنێك بێ، لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم لە روانگەیەكی بێلایەنییەوە وێنایەك لە كایەكانی پۆستمۆدێرنیزم لە ئەدەبدا نمایشبكەم. هەڵبەتە بەندە بابەتی نوێگەریی و پاشنوێگەریی وەك بەشێك لە خوێندنی فەلسەفەی خوێندووە و ئەو نووسینەش كورتیلەیەكی دەرەنجامی ئەو كارانەیە كە لە زانستگا كاری لەسەر كردووە. بەو ئومێدەی ئەو دەقەش وەك وێنایەك لە پاشنوێگەریی، بۆ خوێنەری ئەو بوارە جێگەی گفتوگۆكردن و رەخنە بێ.

دیارە لە كۆتایی شەستەكاندا گفتوگۆی پاشنوێگەریی (پۆستمۆدێرنیزم) لە بواری هونەر، ئەدەب و فەلسەفەدا بوو بە بابەتێكی بە هەرمێن. چەمكی پاشنوێگەریی بە شێوەی جوودا شرۆڤە دەكرێ، كەچی هاوكاتیش ئێستاش فامكردنی ئەو چەمكە بۆ زۆر خوێنەر و نووسەر ئاسان نییە. رەنگە ئەو فرە شرۆڤەكارییەش لەو چەمكە پەیوەندی بە دۆخی پاشنوێگەرییەوە هەبێ. چونكە ئەو دۆخە پاشنوێگەرییە بە گومانەوە لە ئاوەز و یەكایەتی یان باڵادەستی دەڕوانێ. هەر بۆیە ئەو تەرزە گومانەی پاشنوێگەریی گەیشتە ئەو ئاستەی كە ئەو راستیی و زانینە گەردوونییەی، كە نوێگەریی (مۆدێرنیزم) بڕوای پێ هەبوو، رەتبكاتەوە. هاوكاتیش ئەو چەمكە هەمیشە وەك ئاراستەیەكی رەخنەیی بە دژی نوێگەریی فامدەكرێ.
پاشنوێگەریی بە دژی ئاوەزگەرییەوە وەك شێوازێكی رچەشكێن بواری هونەری تەنییەوە. هاوكاتیش پۆستمۆدێرنیزم لە بواری تەلارسازییدا بە شێوەیەكی تەواو رووبەڕووی تەكنیك بووەوە. هونەرمەند لەو دۆخە پاشنوێگەرییەدا چیتر بڕوای بە

دیرۆك و جیهانێکی کۆمەڵی نەماوەتەوە. دۆخی جوانناسی (ئێستێتیکا)ی پاشنوێگەریی هەوڵدەدا لە سنووری نێوان کات و شوێندا خۆی رزگار بکات. بەمجۆرە مرۆڤ لە هونەری پاشنوێگەرییدا وەك کۆچەرێك لە دیمەنە هونەرییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، لەوێدا مرۆڤ بە هۆی ئاگاییەکەیەوە بزواوەکەیەوە بەناو شێوەکاندا نمایشدەکرێ. هەڵبەتە ئەگەر مرۆ سەرنجبدا ئەوە دەبینێ کە لە کارە هونەرییە پاشنوێگەرییەکاندا سنوورەکانی نێوان تاکەکەس و دیمەن و بگرە سنوورێکیش لە نێوان تاکەکەس و هونەر نەماوەتەوە. دیارە هونەر کەژ و هەوایەك ساز دەکا کە مرۆ لەوێدا خۆی وەك کەسێکی دیکە دەبینێتەوە.

Jonathan Levine Gallery

وەك دەبینین هونەرمەندێکی وەك شێری لیڤین(Sherrie Levine) بە هێنانی وێنەیەك لە سییەکانەوە، وێنە یان تابلۆیەکی تەواو نوێ ساز دەکاتەوە. لە کن هونەرمەندە پاشنوێگەرەکانەوە، وێنە بزۆکەکان، حیکاتەکانی هۆلیوود و گۆرانی هیپ–هۆپ چەشنێکە لە وێنەی جیهانەکەیان.

Sherrie Levine - Cadeau (Sculptures

لەو روانگەیەوە لەو نووسینەدا هەوڵدەدەم، بە خوێندنەوەیەك لە کتێبەکەی ستیڤین کۆنۆر (Stetven Connor "کولتووری پۆستمۆدێرنیستی: دەروازەیەك بۆ تیۆریی سەردەمی پۆستمۆدێردن/ Postmodernistic Culture: An Inteoduction to theories of the Postmodern era" (1997)، کە سەرچاویەکی بەنرخە بۆ تێگەیشتن لە پۆستمۆدێرنیزم، وێنایەك لەو دیاردانە نمایشبکەم کە بە سەردەمی پۆستمۆدێرن پێناسە دەکرێن. لێ لە بەراییدا پێویستە پاشخانێك بۆ ئەو سەردەمە پۆستمۆدێرنە نمایشبکەم. دواجاریش بە پێناسە کردنێك لە هونەر و ئەدەب، ئاکامگیرییەك بۆ کۆی ئەو نووسینە دەچنمەوە.

## وێنایەك لە پاشخانی پاشنوێگەریی

مێژووی فەلسەفەی نوێگەریی (مۆدێرن) لە هێگل بە دواوە وەك پرۆسەیەکی مێژوویی لە واقیعی ژیانی دەڕوانی. لە روانگەی ئەو فەلسەفەوە مێژوو ئامانجێکی هەیە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی مرۆ بتوانێت ئەو رۆژگارەی خۆی فامبکات، دەبوو ئەو دۆخەی کە تێیدا دەژی تێبگات. لەو روانگەیەوە دیدی رێژەگەرایی مێژووی سەدەی نۆزدە، کە ئەو دیدەش جیهانبینی رۆمانتیك، لە گریمانەی کتێبەکەی هۆسێرل، "فێنۆمێنۆلۆگیی و تەنگژەی فەلسەفە" و هەتا دەگاتە هایدگەر کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو مێتافیزکی رۆژئاوایی تێکبشکێنێت، بە دوای خۆی هێنا. بەمجۆرە فۆکۆ بە دیار دەکەوێت و ئەو سەرە داوە یان پرۆسە فەلسەفییە دەگرێتە دەست. دواجاریش لیۆتار قووت دەبێتەوە و لە کتێبەکەی "دۆخی پۆسمۆدێرن/(1978) La condition postmoderne"داماڵئاوایی لە "داستانە مەزنەکان" دەکا.

هەڵبەتە ئەوە فەلسەفەی کانت بوو کە دەروازەیەکی بۆ فەلسەفەی رۆشنگەریی و روانگەیەکی نوێی بۆ تێگەیشتن لە بوونناسی ئاوەڵا کردەوە. کانت بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی راشکاو وەك پرۆسەیەکی مێژووی چەمکی رۆشنگەریی پێناسە دەکا و دەنووسێتەوە. لەوێوە بۆ یەکەمجاریش چەمکی رۆشنگەریی دەبێتە هاوواتای ئاگایی مرۆڤ لەسەر خودی خۆیدا. هاوکاتیش بۆ یەکەمجار لە کن کانتدا ئەو تێهزرینە فەلسەفییە دەخوێنینەوە، کە چۆن بوارە جووداکانی نوێگەریی پێناسە بکەین. بە واتایەکی دیکە: بۆ یەکەمجار کانت پێماندەڵێ چۆن فەلسەفە، زانست، ئێتیك، سیاسەت، جوانناسیی و ... تاد ناسبکەین و لێکجوودابکەینەوە.

لەو دیدەوە پرسی رۆشنگەریی و پەیوەندییەکانی بە پرسی ژیربێژیی، لۆگیکەوە لەوەدا چڕ دەبێتەوە: دەبێ چی بزانم؟ دەبێ چی بکەم؟ دەبێ چ خواستێکم هەبێ؟ گشت ئەمانەش لەوەوە سەرهەڵدەگرن: مرۆڤ چییە؟

بەمجۆرە کانت لە خەمی ئەوەدا بوو کە سنووری بوارەکانی فەلسەفە بە دیار بخات. لەبۆیە هزری کانت بە فەلسەفەی رەخنەیی ناوزەد دەکرێ. ئەو فەلسەفە رەخنەییەش مانای نەریتی فەلسەفەی ئەو ناگەیەنێ، بەڵکوو چونکە فەلسەفەی کانت سنوور و ریشەی بۆ وشەکانمان دیارییکرد و دووتای کردنەوە. بە واتایەکی روونتر: سنووری و ریشەی نێوان "رەخنە" و "تەنگژە"ی دەستنیشانکرد.

دواجار ئەو پرسیارەی کە نەوەی دوای کانت پێیەوە سەرقاڵبوو: نوێگەریی چییە؟ ئەو سەردەمەی ئێمە چی دەگەیەنێ؟ چۆن ئەو سەردەمە ناسبکەین؟ ئەو پرسیارانەش وەك بابەتێك گشت فەلسەفەی رۆمانتیك، لە شیلەرەوە بە دواوە سەرگەرم دەکەن. لەو روانگەیەوە دەبا بزانین ئاخۆ پرسیارەکانی پاشنوێگەریی چییە؟

## سەردەمی رچەشکێنی پاشنوێگەریی

لە دەستپێکدا وتمان، کە پاشنوێگەریی پێناسەی هەمەرەنگی بۆ دەکرێ. مرۆ دەتوانێ لەمەڕ پێناسەی یەکەمەوە، پاشنوێگەریی وەك درێژبوونەوەیەك لە مۆدێرنیزم، نوێگەریی سەیر بکات. سەبارەت بە پێناسەی دووەمیشەوە دەکرێ پاشنوێگەریی لە کۆی خولیاکانیدا وەك دابڕانێك بە دژی نوێگەریی ناسبکرێت. سەبارەت بە ئەدەب ستێڤین کۆنۆر وەك نموونەیەك لەو دابڕانە دەبێژێ: "هەرچەندە ئەو جۆرە نووسەرانە بە گشتی بە پۆستمۆدێرنیست ناودێر دەکرێن، ئەگەر بەشی یەکەمی ئەو ئەدەبە پۆستمۆدێرنیزمە، کەواتە لە بری ئەوە مۆدێرنیزم رەتکاتەوە، دەبێ خاوەنی چەشنە رەخنەیەك بێ کە پەیوەندی بە مۆدێرنیزمەوە هەبێ."[(1)] هاوکاتیش، بە واتای هابرماسی، دەکرێ وەك بەردەوامییەك لە پرۆسەی نوێگەریی سەیری پاشنوێگەریی بکەین. هەر چۆنێك بێ، گشت ئەو پێناسە جیاوازانە جەختکردنەوەیکن لە بوونی تەنگژەیەك لە سەردەمی نوێگەرییدا، کە ئەمەش مانای بوونی تەنگژەیەکە لە دۆخێکی کولتووریی و جڤاکییدا. دیارە ئەو تەنگژەیەش لە خودی بە خەونکردن و ئاوەزاندنی نوێگەریی هەڵقووڵاون.

چونکە مۆدێرنیزم برِوای بە ئاوەزگەریی و ئاوەز هەیە، کە ئەمەش بە واتایەکی ئەرێتی، وێنەی جیهانێکی میکانیکیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و برِوای بە هۆشمەندی مرۆڤیش دەبێ. لێ لە روانگەی ستێڤین کۆنۆرەوە:"هەرچەندە لە 1950 و 1960ەکانەوە چەمکی "پۆستمۆدێرنیزم" لە لای گەلێك نووسەر بەکار دەهێنرا، کەچی پۆستمۆدێرنیزم تا ناوەڕاستی 1970ەکان خۆی نەسەپاند. کاتێك ئەو چەمکە رەوایەتی خۆی وەرگرت، دیاردە جڤاکیی و کولتوورییە جیاوازەکان لە نێو بوارگەلێکی ژیان و ئەکادیمییەکاندا، فەلسەفە، تەلارسازیی، خوێندنی فیلم و بابەتی ئەدەبیدا سەخت بوون و بە دژی

دەوەستانەوە." [2] ئەوکات لیۆتار لە کتێبەکەی، "دۆخی پاشنویگەریی"دا کۆتایی"داستانە مەزنەکان" رادەگەیەنێ. ئەو بە جۆرێك نێوەرۆکی کتێبەکەی گەلاڵە دەکا کە برەندە بێ. ستێڤین کۆنۆر دەبێژێ: "بەڵگەی رەخنەییەکەی لیۆتار لە کتێبەکەیدا بە دەوری کردەی داستان لەناو گوتارێکی زانستیی و زانیندا دەخولێتەوە. بایەخی ئەو وەك خۆی زۆر لە زانیاری زانستی و رێرەوی شێوازەکانیدا نییە، بەڵکوو لە شێوەدایە کە ئەو چەشنە زانیاریی و رێڕەوی شێوازانە رەوایەتی خۆیان وەربگرن یان رابگەیەنن."[3] کتێبەکەی لیۆتار لە دوو تێروانیندا چڕ دەبێتەوە، یەکەم تێروانین بەندە بە نەبوونی نزیکایەتییەکی هاوبەش، بۆ نموونە خوا، راستی. دووەم تێروانینیش پێی وایە کە چاوگەکانی زمان لە خودی خۆی دەهەزرێ. لە روانگەی لیۆتارەوە رۆژ دوای کۆپێرنیکۆس هەمان ئەو رۆژەی پێشتر نییە. لە کن لیۆتار، ئەوە بڕوا بوون بە ئاوەز کە مرۆڤی گەیاندە دیکتاتۆری. بەمجۆرە بە پێی خوێندنەوەی کۆنۆر لە لیۆتارەوە بۆمان دەرکەوت کە: "راستییەکەی مۆدێلەکەی لیۆتار دوو قات بە تاکڕەوییکردنە چونکە هەردوو بڕواکەی ئەو بەندن بە روانینێك لەمەڕ دارمانێکی سەرتاسەری لە مێتا–داستانەکاندا، لە گشت لایەك و بۆ هەمیشەش، لێ هاوکاتیش بەندە بە بڕوایەکی قەتیسماو و بە دەڤەرێکی دابڕاو ((dominion لە مێتا–داستانێك بەر لەوەی کە دۆخی پاشنویگەری سەریهەڵدابێ." [4]) لە دیدی لیۆتارەوە خود (سۆبژە)، دەمڕاستی، واتا و راستی سازێنەری ئەڵقەبەندییەکە کە دەبێ لێکبپچڕین. تێگەیشتن لە خود و تاکڕەوی ئاوەز وەك ماڵئاواییەك لە "داستانە مەزنەکان" و نوێنەراتییەکی بنەمایی (فۆندەمێنتال) خۆی دەنوێنێ و رەوایەتی کۆتایی دێت.

لە هەمبەر ئەوەدا فەیلەسووفی پۆستمۆدێرنیستی ئەمریکی ریچارد رۆرتی پێی وایە زمانی یەکاتی زمانی گشتگیری مۆدێرنیتە زمانێکی مێتا، بان داستانی سازاند. بە لای رۆرتییەوە هەموو کەس دەتوانێ راستییەك دروستبکات. بەمجۆرە لە دیدی کۆنۆرەوە "رۆرتی، وەك ئاشکرایە ئەوەی قەبووڵە کە جیاوازییەکی کولتووری هەیە، ئەو نکۆڵی لەوە دەکا کە ئەو جیاوازییە کولتوورییانە دەبنە هۆی سازاندنی چەشنە پرینسیپگەلی جیاواز کە نەکرێ لێکگرێبدرێن."[5]

وەك بەردەوامییەك لەو دیدە رەخنەییە لە هەمبەر مۆدێرنیتە و ئاوەزگەرییدا، کۆمەڵناسیی پۆلۆنی بە رەگەز جوولەکە، سیگمۆند باومان بڕوای وایە کە هۆکردی کۆمەڵکوژیی جوولەکە و بە بیرۆکراتیکردنی کۆمەڵگا بەرهەمی خودی مۆدێرنیتەیە. باومان پێی وایە، ئەو ژیارەی کە مۆدێرنیتە سازیکرد زەمینەی بۆ کۆمەڵکوژیی جوولەکە و بیرۆکراتی رەخساند کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاکامێکی چاوەڕوانکراو بوو. ئاکامی ئەو بیرۆکراتییەش بوو بە تاکڕەویی، رۆتین و مرۆڤی لە هەستی مرۆڤایەتیدا داماڵی.

لە کتێبی "ئێمە لە پاشنویگەریی نیگەرانین"دا دەبێژێ، کە دەستپێکی پاشنویگەریی لە گەڕەکێکی ئەمریکادا دەستیپێکرد. لەو گەڕەکەدا خانووەك سازکرا کە نەدەگەیشتە زەوی، ئەمەش تاکوو وێنەیەکی ئاسان بە بینەر ببەخشێ. ئەو خانووانە دەرگا و کلیلگەلێکیان هەبوو کە تێکچوو بوون. لە بنەڕەتدا ئەو خانووانە سازکران بۆ ئەوەی رەش پێست و سپی پێستەکان پێکەوە تێیاندا بژین. لە ساڵی 1972دا دەسەڵاتداران گشت ئەو خانووانانەیان رووخاند. بەمجۆرە بە واتای باومان، لەوێدا پرۆژەی مۆدێرنیتێت کۆتایی پێدێت. بە دیدی باومان، ئاگایی و هاوئاهەنگی دژەکان ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤەکان لە یەکتر جیاوازن. لێرەوە مرۆڤەکان بریتین لە چوار جۆر. لە روانگەی جۆری یەکەمەوە هەموو تشتێك رووکەشە، جۆری دووەمی مرۆڤ خۆی وەك گەڕۆکێك وێنا دەکا، ئەمەش بریتییە لە هەستی بێماڵیی و ئازادییەکی رەها. مرۆڤی گەڕۆك هیچ شوێنێك بە ماڵی خۆی نازانێ، لەبۆیە هەمیشە لە سەفەردایە. جۆری سێیەمی ئەو مرۆڤە بریتییە لە مرۆڤێکی گەشت و گوزاریی، ئەو جۆرە مرۆڤە وەك گەشتکار ناخوازێ لە شوێنەکەی خۆیدا بژی. ئەو مرۆڤە هەمیشە بە دوای

تشتی نوێدا دەگەڕێ و لە گەڕان و سووڕاندایە. لە کن ئەو جۆرە مرۆڤەدا ماڵ بریتییە لە چەشنە زیندانێك. جۆری چوارەمی ئەو مرۆڤە بریتییە لە مرۆڤێکی گەمەباز. لێ مەبەستی ئەو مرۆڤە لەو یارییە دروستکردنی کاریگەریی نییە و هیچ ئامانجێکیشی نییە. دواجاریش باومان پێی وایە، کە مەرگی مرۆڤ لە دیدی پاشنوێگەرییەوە بە مێدیاوە گرێدراوە تاکوو ئەو مرۆڤە لە ڕێگای مێدیاوە هەست بە نەمری بکات، کە ئەو نەمرییەش بە سەیرکردنی ناوە ناسراو و پاڵەوانی فیلم و سترانبێژەکانەوە دەستەبەر دەکا. هەر بۆیە ئەو مرۆڤە گەمەبازە هیچ تشتێك بە گرنگ وەرناگرێت.

## ڕەهەندی جوانناسی لە جیهانی پاشنوێگەرییدا

دیارە وەك بینیمان بەرجەستەکردنەوەی پاشنوێگەریی لە تاکە پێناسەکەیدا تشتێکی ئاسان نییە. هەروەك ئاسانیش نییە کە نوێگەریی لە پێناسەیەکدا بەرجەستە بکەینەوە. لێرەدا دەکرێ بڵێین کە نوێگەرەکان پێیان وایە کە لەمەڕ جیهان و مرۆڤدا تەنیا تاکە ڕاستییەك هەیە. لێ پاشنوێگەرەکان، بە پێچەوانەی نوێگەرەکان، پێیان وایە کە هیچ ڕاستییەك بوونی نییە یان ڕاستی تشتێکی بزواوە و فرە ڕەهەندە. هەر بۆیە ئەو دیدانەی پاشنوێگەرەکان لە کن نوێگەرەکان مایەی ورووژاندنە.

یەکێك لە تابلۆیە پاشنوێگەرییەکانی هونەرمەندی سوێدی ئرنیست بیلگرێن.

لەو دیدەوە هونەری نوێگەریی لە چوارچێوەی یەکاتییەکدا فامدەکرێ، لە هەمبەر ئەوەشدا تێگەیشتنی پاشنوێگەرەکان بریتییە لە وێنەیەکی پچڕ پچڕ و لێکترازاو، لە یەکاتییەکدا جێگەی نابێتەوە. بە دیوێکی دیکەوە لە کن نوێگەرەکاندا هونەر و جوانناسی ئامادەییەکی بێهاوتای هەیە. لێ هونەری پاشنوێگەریی بوونێکی نائامادە، پەرادۆکس و بێخود دەنوێنێ. ستێڤێن کۆنۆر لەمەڕ دەقی پاشنوێگەرییەوە دەبێژێ کە: "ئەڵقەی نێوان دەق و جیهانی پاشنوێگەریی لێکچنراون، ئەمەش مانای سڕینەوەی دەق نییە تاکوو بتوانێت بگەڕێتەوە واقیعی خۆی، بەڵکوو ئەوە چڕیی و تۆکمەیی دەقگەری (textuell)یە کە هەڵگری ئەو واقیعەیە. کاتێك ئەو واقیعە دەگاتە گوتارێك، بەمجۆرە تشتێك بۆ حەپەسان نامێنێتەوە کە پێویست بێ نێوان دەق و جیهان پڕبکاتتەوە."(6)

تابلۆی پاشنوێگەرەکان چەشنە وتەیەکی بێنووسەرە. وێنەی هونەریش بریتییە لە زمانێك، سیستەمێك لە ئاماژە، ڕێزمانێکە یان وەرچەرخانێکی زمانەوانییە. لێرەوە ئاماژە و هێما لە تابلۆیەکی پاشنوێگەرییدا دەبێ چەندان ناوکۆیی جیاوازی هەبێ. هاوکاتیش لە تابلۆیەکی پاشنوێگەرییدا بارێکی چۆڵ ئامادەیی هەیە کە مرۆڤ وەك چەشنە نائامادەییەك لە واقیع دەتوانێ تێیدا بژی. لەوێدا تابلۆ ناگەڕێتەوە لای خۆی، بەڵکوو دەگەڕێتەوە لای جڤاك، ئەو شوێنەی کە بوونی هەیە. بەمجۆرە دەکرێ دەقێك یان تابلۆیەك بە هۆی زنجیرەیەك لە ڕوانین و وێنگەلەوە وەك دەق و تابلۆیەکی دانسقە بنوێنن، کە ئەمەش واتای تەرزە ڕامانێك لە ژیان و جیهاندا نمایشدەکا.

تابلۆی شێوەکاری پاشنوێگەری سوێدی، ئرنیست بیلگرێن

بۆ نموونە لە تابلۆیەکدا کورسییەکی تەواو و وێنەیەك لە هەمان کورسییەوە دەبێـە یارییـەك لـە نێوانیانـدا دەسـازێنێت. هـەر بۆیە فونکشۆنالیزم لە بواری تەلارسازییدا وەك شێوە و سازکردن بۆتە شێوازێکی بە هەرمێن.
هەڵبەتە شاری مۆدێرن لەسەر بنەمای ئامانج و لایەنی کردەیی، ساکاریی و ئاوەزییدا سازکرا. وەلێ گوتمان کە پاشـنوێگەریی بـە گومانـەوە سـەیری بـڕوا بـوون بـە ئـاوەز دەکـا کـە مـۆدێرنیزم و مۆدێرنیتـە بڕوایـان پـێ هـەبوو. هاوکـاتیش لـە دیـدی پاشنوێگەرییەوە نە ڕاستییەکی ڕەها هەیە و نە نـۆرم و شـێوازێکی نموونـەییش. هاوکـاتیش لـە کـن پاشـنوێگەرەکاندا چـەند ڕاستیی هەیە. لەبۆیە ئەو بەهایانە هەموویان بە دژە شاری مۆدێرن فامدەکرێن.

لە ڕوانگەی پاشنوێگەرییەوە تاکوو ئەدەب بتوانێت ئەزموونەکانی ژیان بەرجەستەبکاتەوە، دەبێ هەمیشـە شـێواز و میتـۆدی نوێ تاقیبکاتەوە چونکە ژیان هەمیشـە لـە گـۆڕان دایـە و ڕەهەندەگـەلی جـوودای هەیـە. سـەبارەت بـەوەوە سـتێڤین کۆنـۆر دەڵێ: "ڕەنگـە وەك ئـەوەی کـە ئێمـە چاوەڕوانیمان دەکـرد، کـە لەمـەدیو ئـەو چەشـنە وێناکردنانـەی کـە بـەوە ڕازییـە بـە شێوەکەی تیۆریگەلێك ئاوڕ بۆ دواوە یان بۆ پێشەوە بدەنەوە لەمەڕ نووسینی پاشنوێگەرییەوە ڕابگەیـەنرێن."(7) لـە هەمبـەر ئەوەدا پاشنوێگەرەکان پێیان وایـە کـە مـرۆ دەتـوانێ سـوود لـە شـێوازە جوودایـەکانی مێـژوو ببیـنن و لـە دەقێکـدا لێکیـان بترنجێنن، مرۆ لە دەقێکدا دەتـوانێ شـێوە دەربڕینێـك بـەکار بهێنـێ، کـە دەکـرێ ئـەوە دەربڕینێکـی دادایـزم و سـوریالیزم، سومبولیزم و زمانی ڕۆژانەیی بێ و گشت ئەو شێواز و دەربڕینانە تێکەڵاو بکات و لە شێواز و دەربڕینی هەمـەجۆردا بـەکاریان بهێنێ. ئەمەش لە کن ستێڤین کۆنۆر بریتییە لەوەی کە: "پاشنوێگەریی بـە پێچـەوانەی دیـدی گەردوونگـەرایی نوێگەرییـەوە، هەستەوەریی دیهاتی جیهانی، کۆسمۆپۆلیتزمێکی تەنزئامێز (ئیرۆنی) پێشکەش دەکا. ئەمـەش بوارێـك بـۆ گەڕانـەوە بـەرەو مۆدە، شێواز و نەریتەکانی ئاوەزگەریی دەڕخسێنێ."(8) بەمجۆرە بە واتای پاشنوێگەرەکان شـیعرێك داهێنـانێکی ئۆرگینـال، ڕەسەن نییە. چونکە، وەك پاشنوێگەرەکان دەڵێن، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە تژییە لـە کۆپلـە دەربـڕین و زمـانی جیـاواز، هەر دەقێکیش پڕە لە وتە و زایەڵەی دەقەکانی دیکە. بە دەبڕینێکی دیکە: دەقی پاشنوێگەریی بریتییە لە دەقئاوێزانی. لـەو ڕوانگەیەوە ئەو تێڕوانە لـە بـواری هونـەردا ئاکامگرییـەکی تایبـەتی هەیـە: "هونـەری پاشـنوێگەریی وەك کۆنتراسـتێك خـۆی دەنوێنێ. تاکوو دان بە گشت توانا، واتا کایەکانی هونەر بنرێت. بە ویستی هونەرمەند و بینەرەوە پێکـەوە خـود (سـۆبژە) و خولیا و حەزی کاتێکی مەودا درێژ لە ئەمێز دەکەن."(9)
هەڵبەتە پێتشتر هونەر بڕوای بە بابەت هەبوو. هونەری نوێگەریی لەسەر بنەمای تیۆریی ساز کرا، لێ پاشنوێگەریی خوازریـار و سازکردنەوەی هونەرێکی ڕەسەنە. هەموو دەق، شیعر و ڕۆمـانێکی نـوێ ئـاوێزانی گفتوگـۆکردن و تێکـەڵاوکردنی یـەکترن. دەقی پاشنوێگەریی هیچ چاوگەیەکی نییە، وتە وەرگیراوەکان لە دەقە جیاوازەکاندا دەبنە دەقێکی تـر و ئـەو دەقئاوێزانییـە کاریگەریان لەسەر یەکتردا هەیە. لە تابلۆیەکی پاشـنوێگەرییدا، هونـەر و دەق کاریگـەریان لەسـەر یـەکتردا هەیـە، کـە ئـەمڕۆ ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی لـە بـواری ڕیکـلام و ڕاگەیاندنەکانـدا ئـەو وێنایـە ببیـنین. مەبەسـت لـەوەش ئەوەیـە کـە پەیامەکان یەکسەر کاریگەریی لەسەر مرۆڤەکاندا دروست بکەن و بە ئاسانیش فامبکرێن.

هەڵبەت کاتێك لە هەشتاکاندا شیعری پاشنوێگەریی فراژا، زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەدەب بـە دژی وەسـتانەوە. لەوێدا بەشـێك لەو ڕەخنەگرانەی ئەدەب پێیان وابوو کـە ئـەو چەشـنە شـیعرە هـەڵگری نێـوەڕۆك و یەکاتییـەکی بابـەتی نییـە، بـەڵکوو ئـەو

چەشنە شیعرە دەخوازێ بە شێوازە جیاواز و پەرادۆکسە راشکاوەکانییەوە پایە و دەسەلاٌتی زمان بەسەر واقیعدا بسەپێنێ. ئەو رەوتە شیعرە بەهرەی لە شەپۆڵە هزرییەکانی پاش بنەماگەریی و تیورییەکانی ژولیا کریستیڤا لەمەڕ زمانی رەمەکیی و مندالاٌنە و هەلٌوەشانەوەگەریی دێریدا و هزرڤانە پاشنوێگەرە فەرەنسییەکانی دیکەوە وەردەگرت.
ئەو مەیلەی پاشنوێگەریی لە هەولٌی ئەوەدایە، کە دابڕانێك لەو منە رەسەنە، توانسی زمانە دروستبکات، کە گوایە دەکارێ وێنەیەکی راستینە لە واقیعدا بسازێنێ. چونکە نوێگەریی بڕوای بەوە هەبوو و پێشی وابوو کە ئەوە ئەرکی نووسەر و هونەرمەندە کە ئەو رۆلٌە راپەڕێنێ. بە واتای پاشنوێگەرییەوە هونەرمەند و نووسەر دەبێ ئیش لە زمان و وێنە جیاوازەکاندا بکەن و لێکیان هەلٌبوەشێننەوە دواجاریش شیعر و تابلۆیەکی نوێیان لێ ساز بکەن. بەمجۆرە خودی شاعیر و هونەرمەندیش دەبێ وەك یەکتر رەخنەی خوێنەر و بینەر قەبوولٌ بکەن. کەواتە کاری هونەرمەند و نووسەر لێکچنینییەوەی دەقگەل و وێنەگەلە بە زمانێکی برۆك، کە ئەمەش بوار بۆ راستییەکی نوێ لە واتا و هەستەکان دەڕەخسێنن.
هاوکاتیش لە کن پاشنوێگەرەکاندا دەنگ لە تابلۆیەکدا، بریتییە لە شیعر و واتایەکی بێ یەکایەتی. ئەو یارییەش لە بەرهەمێکدا، بە دیدی پاشنوێگەرەکان، لە نێوەڕۆك گرینگترە. لەبۆیە دەبێ خوێنەر یان بینەر سەرنج لە زایەلٌە و تێڕامانی ئەو یارییانە لە شیعرێك یان تابلۆیەکدا بدەن. چونکە لە کن پاشنوێگەرەکاندا ئەو یارییانە لە تێگەیتشتن و کۆی وردەکارییەکانی دیکەی بەرهەمێکدا گرینگترن.
وەك دەزانین، کە نوێگەرەکان بە شێوازی بەرهەمە هونەریی و ئەدەبەکانی خۆیانەوە فێریان کردین کە دەبێ وەك یەکاتییەك سەیری شیعر و تابلۆیەك بکەین. لێ پاشنوێگەرەکان جیهانێکی ئاوەلاٌ سەیری دەق و تابلۆ دەکەن، کە لەوێدا مانا و وێنەکان بە شێوەیەکی جیاواز خۆیان دەنوێنن. هەر بۆیە دەبێ نووسەری پۆستمۆدێرنیش وەك خودی چەمکی هونەر ئاوەلاٌ بێ. بەلاٌم وێڕای ئەمەش لە کن پاشنوێگەرەکان هەموو تشتێك تەرزە تێگەیتشتنێکی هونەرییە، کە ئێمەش ناتوانین خۆمان لەو راستییە بدزینەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەگەر ئێمە دەقێك بەرهەمبهێنین کەواتە ناتوانین بانگەشەی تشتێکی نوێ، یان کارێکی رەسەن و جۆرە وێنایەکی هونەری لە خۆماندا بنوێنین، کە مرۆ لە نوێگەرییدا دەیتوانی ئەوە رابگەیەنێ.

بەمجۆرە، وەك دەزانین، کە لە بەراییدا سەردەمی پاشنوێگەریی لە بواری ئەدەب و تالارسازییدا سەریهەلٌدا. بەمجۆرە متشتومڕەکانی پاشنوێگەریی لە بواری هونەردا کۆمەلٌێك پرسیاری کلاسیکی و جوانناسیی وورووژاند، بۆ نموونە پاشنوێگەریی پرسی ریالیزم، هەستێکی بالاٌی روحی لەمەڕ مانا، ئاوەزگەریی، چەمکی کولتووری توێژگەریی و پسپۆڕی هەلٌوەشاندەوە. لێرەوە دەکرێ پاشنوێگەریی لە بواری هونەردا وەك یاخیبوونێك بە دژی چەمکی یەکایەتی نوێگەریی بخوێنینەوە. پاشنوێگەرەکان پێیان وایە کە شێوەی جوانناسیی پاشنوێگەریی دلٌنەوایی و رازیکردنێك بە خوێنەر و بینەر دەبەخشێ. لێ هاوکاتیش پاشنوێگەریی لە دیمەنی خۆیدا وەك جوانناسییەکی بێ شێوە خۆی دەنوێنێ. کەواتە جوانناسی پاشنوێگەریی لە شێوە چێژدارەکەیدا دلٌنەواییەکی ناوەکیمان پێدەبەخشێ، کە ئەمەش وامانلێدەکا لە ئێستادا بژین.

پاییزی 2007
ستۆکهۆلم

سەرچاوە:

1. Steven connor, ”Postmodernist Cultur: An introduktion”, Oxford 1989, لاپەڕە 108.
2. هەمان سەچارە، ل: 6.
3. هەمان سەرچاوە، ل: 28.
4. هەمان سەرچاوە، ل: 36.
5. هەمان سەرچاوە، ل: 37.
6. هەمان سەرچاوە، ل: 127.
7. هەمان سەرچاوە، ل: 108.
8. هەمان سەرچاوە، ل: 89.
9. هەمان سەرچاوە، ل: 89– 90.

## ئاستەنگی ئاڤانتگاردیزم لە ئەدەبی کوردییدا

هەڵبەتە هەموو دیاردە نوێگەرییەکانی رۆژئاوا، لە ئەدەب، هونەر، شیعر، هزرەوە بگرە هەتا دەگاتە بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسیش خاوەن چەمکگەل یان کۆدگەلێکە، بێ فامکردن لە رەهەند و سەرچاوەکانی ئەو چەمکگەلە ئاسان نییە لەو دیاردە نوێگەرییە تێبگەین. هەر بۆیە یەکێك لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی رۆشنبیریی کوردیی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سیتەماتیکی تۆکمەوە لە بوار و ئاستە جوودایەکانی ئەدەبی، رەخنەسازیی، هزریی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ئەو دەستەواژانەی بە زمانی کوردیی پێناسە و شرۆڤە نەکردووە، بەڵکوو زمانی کوردیی تەنیا لە پاڵ وەرگێڕان و نووسیندا بە شێوەیەکی لاوەکیی و سەرپێیەوە ئەو چەمکانەی بەکارهێناوە. لەبۆیە رەنگە لە ئاکامی ئەو جۆرە بەکارهێنانە نازانستی و ئاڵۆزییەدا، رەهەندەکانی خودی نوێگەریی لە زمانی کوردییدا لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بە نیوەچڵیی و کرچ و کاڵییەوە بەکار بهێنرێن. دواجاریش بە هۆی ئەو جۆرە گواستنەوە نالەبار و رووکەشییەوە نوێگەریی نەیتوانیووە وەرچەرخێنەرانێکی بنەڕەتی یان رچەشکێنی لە پانتایی رۆشنبیریی کوردییدا دروست بکات و ئاسۆی جیهانێکی نوێ بە زمانی کوردیی ببەخشێ.

لەو روانگەیەوە دەبینین دەستەواژەیەکی وەك " Avantgarde /ئاڤانتگارد"، دەستەواژەیەکە لە ناوکۆیی ئەدەبی نوێگەریدا رەهەندی خۆی هەیە. لێ ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێ بێ ئەو دەستەواژەیە لە زمانی کوردییدا ئامادەبییەکی رۆشن یان خەملێووی نییە. بە کورتی چەمکی "ئاڤانتگارد" لە بنەڕتادا وشەیەکی دووانەیە و دەچێتەوە سەر وشەی "ئاڤانت"ی فەرەنسی، کە واتای بەرانبەر یان پێشتر دەگەیەنێ، "گارد"یش مانای پاسەوان دەگەیەنێ و لە بنەڕەتادا وەك چەمکێکی سەربازی بەو لەشکرە تایبەتییانە دەوترا کە لە بەرانبەر کەژاوەی لەشکرێکی گەورەتردا کاریان نمایشکردنی مارشی سەربازی بوو، واتا ئەو کۆمەڵە سەربازە بچووکەی کە رێگایان بۆ کەژاوەی لەشکرە گەورەکان خۆشدەکرد. بەڵام ئەو چەمکە لە بواری مێژووی هونەرییدا ئاماژەیەکە بۆ جیاکردنەوەی ئەو شێوە و چالاکییە هونەریانەی کە لە گەرمەی شەڕی یەکەمی

جیهانیدا بەناوی دادایزم، فتوریزم و سوریالیزم لە ئارادا بوون.
بەمجۆرە "ئاڤانتگارد" وەك چەمكێكی مێژوویی بە واتای نوێكردنەوە بەكار دەهێنرێ كە پرۆسەی مۆدێرنیزمی رۆژئاوا بەرهەمهێنەری بوو. ئەو چەمكە لە خودی خۆیدا وەك جیهانبینییەك خولیای دابڕانێك بوو لە روانگە باوەكانی ئەدەبدا. لەوەش زیاتر، ئەو چەمكە وەك وەرچەرخانێك لە هەوڵی ئەوە دا بوو كە بوارەكانی ئەدەب، تەكنیك و زانست بتەنێتەوە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان هەڵوەشێنێتەوە و ئاكارە باوە قەتیسماوەكان سەرەو ژێر بكاتەوە. هەر بۆیە ئەو چەمكە هەڵگری بیرۆكەی ئاییندەیەك بوو كە لەوێدا گەردوونێكی باشتر بۆ ژیان و مرۆڤ و داهێنان دەستەبەر بكات. بە واتایەكی دیكە ئەو دەستەواژەیە خەونی بە جیهانێكی نموونەییەوە دەبینی كە لەوێدا رووخسارێكی نوێ بە مرۆڤ و داهێنان ببەخشێ. لەبۆیە چەمكی "ئاڤانتگارد" كاكڵەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنییتە بەرجەستە دەكاتەوە.
وەڵێ وێڕای ئەوەی كە ئەو چەمكە بەندە بە سەدەی بیستەوە، كەچی هەتا ئەمڕۆش لە بواری هونەر و ئەدەبدا خەمەكانی بیرۆكەی "ئاڤانتگارد" لە برەو دایە. بەمجۆرە بیرۆكەی "ئاڤانتگارد" هەڵگری رەهەندێكی بێكۆتاییە" خەمی داهێنان هەمیشە رماندنی جیهانبینییە باوەكانە، یان كردەی رچەشكێنیی و نوێكردنەوەی روحی ئەفراندنە. كەواتە بەهای ئەو چەمكە لەوەدا چڕ دەبێتەوە كە هونەر و هونەرمەند" شیعر و شاعیر" ئەفراندن و ئەفرێنەر تاكوو هەمیشە ژیانێكی نوێ بە ئەفراندن ببەخشێ، ئەركی ئەوەیە هەمیشە لە شۆڕشێكی بەردەوامدا بێ. لەبۆیە لە تەواوی سەدەی بیستەم و ئێستاشدا چەمكی "ئاڤانتگارد" هەمیشە بە چەندان واتا و شێوە شرۆڤە كراوە. ئاشكرایە لەم رۆژگارەی ئێستاماندا كە بە "پۆستمۆدێرنیزم" ناودێر دەكرێ، بۆ نموونە لە زمانێكی وەك سوێدییدا، وێڕای نووسین و وەرگێڕانی وتارگەل و كتێبگەل لەمەڕ ئەو چەمكەوە، هەمیشە لە زۆربەی گۆڤارە هونەریی و ئەدەبییەكاندا ئامادەیی هەیە.
لەو ناوكۆییەوە ئێمە كاتێك سەبارەت بە چەمكی "ئاڤانتگارد" دەدوێین، ناتوانین ئاماژە بە داهێنەرێكی وەك مارسل دۆشمان نەكەین، كە وەك ئاڤانتگاردێك بەهایەكی تایبەتی خۆی هەیە. هاوكاتیش، بۆ نموونە، ئاڤانتگاردگەلێكی نوێگەریی دەستبژێری وەك (كلێمێنت گرینبارى) ئەمریكیی و سیاسییەكی ماركیستی ئاڤانتگەردی وەك (پێتەر بورگەر)، كە لە پرۆسەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتێتدا رۆڵێكی گرنگیان هەبووە. هاوكاتیش ژان فرانسوا لیۆتار و بۆدلیارد بوون وەك دوو فێلەسووفی پۆستمۆدێرنیست لە بواری فەلسەفە و هونەردا رۆڵێكی گرنگیان هەبوو لە جۆشدانی گفتوگۆیەكانی "ئاڤانتگارد".
هەڵبەتە ئەمڕۆش لە بواری گفتوگۆیەكانی "ئاڤانتگارد"دا، راڤكردنەكەی والتەر بینیامین بۆ شاعیرێكی وەك بۆدلێر، كە بە دەستپێكی پرۆسەی مۆدێرنیزم دەژمێردرێ، وەك سەرچاوەیەكی بەهادار سەیر دەكرێ. هەروا بیرۆكەكانی بێنیامین بە راڤەكردنی فۆتۆگرافییەكانی بیستەكان و شەستەكانی كولتووریی هۆمۆ (هاورەگەزبازەكان) لە سەدەی بیستەوە بە میتۆدە هەڵوەشاندنەوەگەراكەییەوە زێتر رەهەندی ئاڤانتگاردیانەی بەرجەستە كردەوە.

لێرەدا ئێمە مەبەستمان نییە تەواوی ئەو گفتوگۆ و بەرهەمە گرنگانەی ئەڤانتگاردیستەكان تاو توێ بكەین، بەڵكوو مەبەستمانە بەو دەروازە خێرایەوە سەرنجی خوێنەر و نووسەری كورد بۆ بەهای ئەو چەمكە گرنگەی پرۆسەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتەی رۆژئاوا كێش بكەین. لێرەوە بۆ ئەوەی بتوانین، بە جۆرێك لە جۆرەكان، پەیوەندییەك لە نێوان بزاڤە نوێخوازەكانی ئەدەبی كوردی و چەمكی "ئاڤانتگارد" ساز بكەین، دەكرێ ئاماژە بەو هەولگەلە شیعریی، رۆشنبیریی، سیاسیی و كۆمەڵایەتییەكانی سی و چلەكانی سەدەی بیستەم بدەین. هەروەك دەزانین شیعری كوردی لە چل و پەنجایەكانی سەدەی بیستەمدا بە گشتی لە هەوڵە شیعرییەكانی پیرەمێرد، شێخ نووری، گۆران و دواجاریش كامەران

موکرییەوە نوێکردنەوەیەکی وەرچەرخێنەری بە خۆیەوە بینی. ئەو وەرچەرخانەش لە شیعری کوردییدا دەرهاوێشتەی ئەو بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسیانە بوو کە خۆی لە چەند گۆڤار و چاپەمەنی بەرجەستە دەکردەوە. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە هەوڵە دڵسۆزانەکانی چاپەمەنی حوزنی موکریانی و پیرەمێردی نەمر بکەین. هاوکاتیش خولیایە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی دڵداری شاعیر، ئەمین زەکی بەگ، رەفیق حیلمی، ئەحمەد بەگی ساحێبقران جەمیل سائیب و چەند رۆشنبیریی کوردی ئەو سەردەمە بکەین، کە وەك پاشخانێك بۆ ئەو ئاکامگیرییە شیعریی و رۆشنبیرییە، رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە نوێکردنەوەی رۆشنبیریی کوردییدا و ئاسۆیەکی نوێیان بە روانینی بیرکردنەوەی کوردی بەخشی.

بەمجۆرە لە حەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا ئەو رەوتە نوێگەرییە لە زمانی کوردییدا لە "روانگە" و ئەو گروپانەی تر رەنگیدایەوە کە خولیای نوێکردنەوەی شیعری کوردی بوون. هاوکاتیش ئەو سەردەمە لە بوارێکی بەرتەسکدا وەك هەوڵێك بۆ گواستنەوەی شیعری سوریالی و دادابیانە لەناو شیعری کوردیدا هاتە ئارایەوە. هەڵبەتە چەمکی "ئاڤانتگارد" لە رۆژئاوادا لە بواری هونەردا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، وەلێ لە جیهانی کوردیدا، وێڕای ئەوەی کە هونەر بە گشتی و هونەری شێوەکاریش بە تایبەتی سەری هەڵدا، کەچی لە بواری رەخنەی کوردیدا بابەتی هونەر گرنگی پێنەدرا. بەمجۆرە جێگەی سەرنجە، رەخنەی کوردیی بە گشتی، وەك هاوتەریبێك لەو هەوڵە نوگەرییانەی شیعر و هونەری کوردیی، نەیتوانی ببێتە دیاردەیەك بۆ بەرجەستە کردنەوە و هاوێر کردنی ئاستە جوودایەکانی ئەو خولیایە نوێگەرایانە لە زمانی کوردییدا.

بێگومان رەنگە شەرمنی پرۆسەی ئەو "ئاڤانتگارد"ییە لە زمانی کوردییدا، بۆ ئەو دوو رووییەی کە شاعیر و هونەرمەند و رۆشنبیریی کوردی هەڵگرینە بگەڕێتەوە: شاعیر و هونەرمەندی کوردی، لەلایەکەوە، هەڵگری بانگەشەی نوێکردنەوەی شیعر و هونەری کوردیین یان خەون بە ژیانێکی نوێ دەبینن، لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی خۆ بەستنەوەیان یان وابەستەیی شاعیر و داهێنەری کوردی بە نەریتە باوە قەتیسماوەکان، ئەوکات و ئێستاش، نەیانتوانیووە دابڕانێکی وەرچەرخێنەرانە لە زمان و ئاسۆی بیرکردنەوەی کوردیدا دروست بکەن. چونکە وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، لە سەردەمی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمیشدا، خولیای سەرەکی چەمکی "ئاڤانتگارد"، دابڕاندنی جیهانبینی ئەفراندن و مرۆڤ بوو لە نەریتە باو و قەتیسماوەکاندا. هەر بۆیە بزاڤی ئاڤانتگاردگەرایی هەر لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەوە هەتا شەستەکان توانی کۆمەڵێك پرنسیپ و نەریتی باو لە بواری ئەفراندنی هونەریی و ئەدەبی بە تایبەتی و رۆشنبیریی بە گشتی هەڵوەشێنێتەوە و دواجاریش روانگەیەکی نوێ بە جیهانبینی مرۆڤی رۆژئاوایی بەخشیێ، کە هەنووکەش بە گوڕ و جۆشەوە لە نوکردنەوەدایە.

هەر چۆنێك بێ ئەو بزاڤە نوێگەرایییە لە زمانی کوردییدا بە هەمان ئاست لە هەشتایەکان، نەوەدەکان و دوای نەوەدەکانیش لە هەوڵی نوکردنەوەی زمان و جیهانبینی مرۆڤی کوردیدا بووە، لێ ئەو رەوتە هەمیشە بە ئامادەیەکی شەرمن یان پەراوێزکراوی هەبووە/هەیە.

کەواتە دەکرێ لە روانگەی چەمکی "ئاڤانتگارد"ییەوە بێژین، ئەو هۆکردە سەرەکیانەی کە وایانکردووە ئەو بزاڤە نوێگەرایانە لە زمانی کوردییدا ئەو دابڕانە وەرچەرخێنەر و رچەشکێنە لە ژیانی کورددا دروست نەکەن، نەبوونی بزاڤێکی خەملیو و تۆکمەی وەرگێڕانی ئەو سەرچاوە گرنگ و سەرەکیانەی بزاڤە شیعریی، هونەریی و رەخنەیە نوێگەرییەکانی رۆژئاوایە. بەمجۆرە زمانی کوردییی، بە هۆی وابەستە بوونی بە زمانی عەرەبی و فارسییەوە، لە ئاستێکی پچڕاو یان نیوەچڵدا ئەو بزاڤە نوێگەرایانەی ناسیووە. لێرەوە یەکێك لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بزاڤی نوێگەریی کوردی، سەرچاوەیە – هەروەك گوتاری نەتەوایەتی کوردیش دەرگیری هەمان گرفتە–. هەر بۆیە گرفتی رۆشنبیریی کوردی، بە تایبەتیش لە حەفتایەکانەوە تاکوو ئەمڕۆش، لاساییکردنەوەی رووی دەرەکی و دەستی دووەمی، نەك قووڵایی و سەرچاوەکانی، ئەو

بزاڤە رۆشنبیرانەی دەرەوەی خۆیەتی. ئەم دیاردەیەش بۆتە چەشنە نەریتێکی رەگئاژۆی نووسەری کورد. لەو روانگەیەوە، ئەگەر خوێنەری وریا سەرنج لە دۆخی رۆشنبیریی دوای نەوەدەکان و ئێستای بدا گرفتی ئەو لاسییکردنەوە و رووکەشییە بەدی دەکا. هاوکاتیش یەکێك لە نیشانەکانی لاوازی ئەو خولیایە ئەدەبی و رۆشنبیرییانە، نەبوونی رەوتێکی پوختەی رەخنەسازییە. کەواتە ئەوکاتە بزاڤی "ئاڤانتگارد"ی کوردی دەتوانێ وەرچەرخان و دابڕانێکی ریشەیی لەگەڵ نەریتە باوەکان دروست بکات، کە زمانە کوردییەکەی بوو بە سەرچاوەیەك بۆ ئەو بزاڤە ماریفیی و خولیایە نوێگەرییەکانی خۆی و رۆژئاوا. هاوکاتیش بزاڤی رەخنەسازییەکی کارا و زانستی، وەك هاوتەرییەك لەگەڵ بزاڤی ئەفراندە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە پرۆسەیەکی ئارستەکراوی سیستەماتیکیدا ئەو وەرچەرخانە سەرتاسەرییە بەرجەستە بکاتەوە.

**تێبینی**: شایەنی گوتنە، ئێمە لەم وتارەدا بە مەبەست ناوی ئەو گرووپانەی ترمان فەرامۆش نەکردووە کە لە نووسینی کوردی بە نوێخواز ناودێر دەکرێن، بەڵکوو هەوڵماندوە وەك دیاردەیەك ئاماژەیەکی خێرا بە چەند نموونەیەك بەو رەوت و دیاردە نوێخوازیانەی کوردیی بکەین. بە بۆچوونی من، ئەو رەوتە نوێخوازانەی دوای ئەزموونی گۆران، هەر لە حەفتایەکانەوە هەتا ئەمرۆش، وێڕای ئامادەیی گوڕ و جۆشی نوێخوازیی لە سەرەتای نووسینگەلێکی ئەو گرووپانەوە، لێ هیچیان رچەشکێن نەبوون/نین. ئەو نوێکارییەی کە ئەو گرووپانە لە بواری شیعر، ئەدەب بە گشتی ئەنجامیانداوە، تەنیا شێوە و رووکەشی بووە و نەبوونەتە ئاسۆیەك بۆ وەرچەرخاندنی کایەی داهێنان لە زمان و ژیانی کوردییدا. بە واتایەکی دیکە: ئەو دیاردە رۆشنبیرییانەی کە چ خودی ئەو ئەو نووسەر، شاعیرانە و چ رەخنەگرانی لایەنگر بە "داهێنانی نوێ" ناوزەدی دەکەن، لە نوێکردنەوەیەکی رووکەشییەوە نەبوونەتە نوێکردنەوەیەکی ناوەکیی. هەڵبەتە ئەوە ئەرکی لێکۆڵەرەکانی زانستگایە کە راڤەکاریی و لێکۆڵینەوەی فرە رەهەند لەسەر ئەو بابەتە بکەن. وەکی دیش ئێمە لە داهاتوودا، ئەگەر کات و گوڕاح بوارمان بدەن، دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە.

## پێڕگریی رەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵی

هەندێك جار خوێندنەوەی کتێبێك یان دەقێك سوودمەندتر و چێژدارترە لە نووسین لە بارەیەوە. هاوکاتیش دەکرێ زۆر جاران پەیوەندی لە نێوان رەخنەگر و کتێبدا بە پێچەوانەوە بێت: دەکرێ خوێندنەوەی کتێبێك بە قەد رەخنەگرتن لێی دژوار بێت. دەکرێ رەخنەگر، کە مەبەستمان خوێنەری هۆشیاریشە، توانای تێگەیشتنی لە کتێبێکدا زیاتر بێ، لێ هاوکاتیش دەکرێ راڤەکردنی رەخنەگر مەبەستی خودی نووسەری کتێبەکەش هەڵەتە بکات. لێرەوە گەمەکردن بە پەیڤ و چەمکەکان لە لایەن رەخنەگرەوە کارێکی مەتریسدارە، وەلێ هاوکاتیش دەکرێ ئەو یاریکردنە مایەی سەرنجکێشانیش بێ. چونکە خودی پرۆسەی نووسین چەشنە دۆستاییەکە لەگەڵ وشە و ئاوڵاکردنەوەی رەهەندە نادیارەکانی. لێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو یارییکردنە بێ دەستپێوەگرتنەی رەخنەگر لەگەڵ چەمکەکان و پەسندانە جەڵەبییەکەی ببێتە سەرگێژکردنی خوێنەر. رەنگە رەخنەگر لەو یاریانەدا نەتوانێ ئەو مەبەستە بەرجەستە بکاتەوە کە نووسەر گەرەکیەتی.

لەو روانگەیەوە نووسینی رەخنەیەك یان کتێبێکی چاك لەسەر بابەتێك یان دەقێك، دەبێ هەڵگری قوورسایی" واتایەکی زیندوو بێت. خوێنەری وریا، خودان چێژ، بە جۆشەوە ئەو جۆرە رەخنە و کتێبەش دەخوێنێتەوە. مەستمان لە کتێبێکی

چاکدا: له یەکاتییەکدا هەڵگری بابەتێکی دڵفڕێن“ ڕێنیشاندانی خوێنەرە بەرەو گەردوونێکی نادیاری وێناکراوی هونەری، چنینەوەی پێشهاتێکی ژیان و ڕەهەندە پەنهانەکانی مرۆڤ. هەروەك كتێبێكی خراپیش، بریتییە لە زمان، شێواز، بابەتێكی بێتام، زارقەڵبەڵغی، پێوەنانێكی بێبنەما لە وێناكردنی بابەتێكدا. بە كورتی كتێبێك كە هیچ ڕەسەنایەتییەكی تێدا نەبێ و بە زمانێكی لەرزۆك نووسرا بێ. هەڵبەتە ئێمە لە نووسینی كوردییدا ڕۆژانە ئەو تەرزە بۆچوونە دوژێن، جنێو ئامێزانە نەك هەر لە بارەی دەقی نووسەر و شاعیرە لاو و "نەناسراو"ەكاندا دەخوێنینەوە، بەڵكوو لەمەڕ دەقەكانی نووسەر و شاعیرە "ناسراو"ەكانیش دەبیستین و دەخوێنینەوە.

لێرەوە ئەركی "ڕەخنەگر"ی كوردی، (كە هەمووماں بە گومانین لە ناسنامەكەی، لێ وەك گریمانەیەك وێنەی دەكەین)، ئەوەیە نە هێندە لە ڕوانگەیەكی هەمەگیریی، گۆترەییەوە بەرهەمی ئەو نووسەرانە داپڵۆسێ، كە بە مجگێڕی خۆی یان هاوبیری خۆی نییە، نەك لە ئاستی داهێنانەوە، كە كەیفی پێنایەت، نە ئەوەندەش، بە هۆی دەروێشایەتی، هاوشاریی و هاوبیرییەوە، بە پێوەنانێكی مەیلكوژەوە بەرهەمەكانی بە "تاكە داهێنان"ی كوردیی، بنرخێنێ. دیارە ئەو دوو شێوە لێكدژە، كرۆكی ئەو بەناو ڕەخنەسازییە كوردییە پێكدەهێنن. هەر بۆیە مرۆ بە دەگمەن ڕەخنەیەك لەسەر كتێبێك، شیعرێك، ڕۆمانێك، بەرهەمێكی هونەریی دەخوێنێتەوە كە ناچاری بكات بە تاسەوە بیخوێنێتەوە. وەلێ هاوكاتیش ئێمە خوێنەر و نووسەرگەلێكمان هەیە كە شاگردێكی شەیدای ئەو دوو شێوە ڕەخنەیە دوژێن و پەسەندەرەن.

ئەمەش چونكە هێشتا دەستاوێژ و كەڵكەڵەی ئەو ڕەخنەیە، لە سەلیقە و یەكلابینی و داخراوی ڕوحی خێڵ و حیزبییەوە، خۆراك وەردەگرێ. بۆیە خوێنەر لەمدیو زۆرینەی ئەو ڕەخنەیەدا، مەیلی لایەنگیریی و خودزاڵیی یان گشتگیریی، سڕینەوە و دەڤەراندنی نووسەر دەناسێتەوە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕەخنەگرانە، وەك چەشنە هاڤرکێیەك لەگەڵ یەكتردا، تەنیا سەرقاڵن بە گەرمكردنی ئەو شەڕە ڕەخنە لێكدژە، پیاهەڵدان و لێكترازاندنی پەیوەندییە ڕۆشنبیریی و ئەو نووسەرانەی، كە وەك دوو پێڕ، هەریەكە و لە دەڤەرێكدا باڵادەستی بە هەرمێنن. لێ بە دەگمەن ئەو ڕەخنەگرە توانیوویەتی دەنگێكی نادیاری نوێ، نووسەرێكی "نەناسراو" ئاشكرا بكات، یان لەسەر دەقێك بنووسێ كە جیاوازە لەو شێوازە باو و دەقگرتووەی ئەمرۆ. ئەو قەتیسمانەی ڕەخنەگری كورد لەو سنوورە باوەدا هۆكردگەلێكی هەیە: بۆ نموونە، وێڕای ئەو فرچكگرتنە ڕەگئاژۆیەی ڕەخنەگر بە نەریتی خێڵ و ئاكار مێگەلییەی حیزبایەتییەوە، كە بریتییە لە ئاوێزان بوون بە نەگۆڕیی و پیرۆزاندنی چەند نووسەرێك، چڕكردنەوەی دەڤەرچییەتییەكی سیخناخ بە بوغز. هاوكاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بە هۆی پاشكۆیی بە ڕۆشنبیرییەكی دەڤەریی و زمانی سێیەمەوە، هەڵگری ڕۆشنبیرێكی بزۆك نییە. لەبۆیە سەرچاوە ماریفییەكانی دیاریكراوە و خولیای گەڕانیشی بە دوای كۆزانینی، ماریفەی نوێ و گەشەدان بە زانیارییەكانی كەم خەیانە. بە دیوێكی دیكەوە، ڕەخنەگری كوردی، وەك بواری سیاسییمان، بە ئاگاییەكی ڕەخنەییەوە ئیش لەسەر ئەزموونەكانی ڕابردوویەوە ناكا، بەڵكوو هەمان ناوكۆیی، نەریتە نەخۆشەكانی ئەو ئەزموونە نەریتگر و باوانەی ڕابردووە بەرهەمدەهێنێتەوە. بە دیوێكی دیكەشەوە، لە بری ئەوەی دیوە باشەكانی ئەو ئەزموونە ڕەخنەسازییەی ڕابردوو بە ڕوانگە نوێیەكانەوە بفراژێنێ، شەن و كەوی بكات، كەچی تەواو فەرامۆشی دەكا، یان بە جۆرێك ئەو پشتینە ڕەخنەییە دەسڕێتەوە، وەك ئەوەی ژیانی ئەدەبی كوردی هەر ئێستا دەستپێكرد بێ. هەر بۆیە زۆرێك لە ڕخنەگر و نووسەرانی ئەمرۆ دەخوازن بەوە ڕازیمان بكەن، كە ئەدەبیانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991ەوە "شاكار"یان بەرهەمهێناوە، نووسینەكانی ڕابردوو هیچیان "شاكار" نین. دیارە بۆ نەگبەتیمان كە كورد لە فەرامۆشكردنی یادەوەریی زۆر زرینگە، بۆیە ئەمرۆ بە دەگمەن نووسەرێك خوێندنەوەیەك یان ئاوڕێك لە بوارە جوودایەكانی ڕۆشنبیریی ڕابردووەوە دەنووسێ. بەمجۆرە ئێمە، لە جیاتی ئەوەی وەك كۆچەرێك لە

هۆبـه بـه هۆبـەی یـادەوەریی زمانەکەمانـەوە بـەرەو ئێـرە و داهـاتوو گەشـت بکـەین، کەچـی خـەریکی تـاڵانکردنی ئـەو یادەوەرییەین.

لـە ئاکـامی ئـەوەدا، ئـەو ژیانـە رۆشـنبیرییەی کـە ئـەو رەخنـەگرە تییـدا دەژی، بـە مشـەخۆریی، کاڵاگـەریی و گەنـدەڵی گەمارۆدراوە. لـەو دۆخـەدا رەخنـەگر مـەیلی گـەڕان بـە دوای دەنگـە نـوێی و دۆزینـەوەی رەهەنـدە جیاوازەکـانی ژیـانی لـە دەستداوە، خەیاڵ و ئەندێشەی بە جۆرێك گۆج بـووە کـە نـەتوانێ بـیر لـە دەرچـوون لـەو دۆخـە چـەقگرتووە بکاتـەوە. لـەو روانگەیەوە، دوور لە هەر مەبەستی تایبەتییـەوە، رێگامـان بـدەن بێـژین، کـە ئـەمڕۆ رەخنـەگری کـوردی، وەك سیاسـەتوانی کورد، تەنیا لە ئاستی دروشمدا زارگەرمە بە کۆمەڵێك چەمکی وەك: "ئازادی"، "رەخنەگرتن"، "دیمۆکراسـی"، "مـەدەنی"، "خوێندنـەوە"، "راڤـەکردن" و ئامـاژە کـردن بـۆ تیۆرییـەکان و ... تـاد، کەچـی لـە ئاسـتی کردەییـدا دوورە لـە بـەهای رەخنەگرتندا. ئەو رەخنەگرە، لە لایەك، بە هۆی باڵادەستی ئەو چـەمکانەوە، نائاگایانـە وابەسـتەی چـەمکگەلێك و دروشمـی رەخنەگرتنـە، کەچـی وەك ژیـان نـاتوانێ لـە هەمبـەر دەق و نووسـەردا ئـەو پرینسـیپ و مەرجانـەی کـە لـە پشـتەوەی ئـەو چەمکانەوەیە بێەزموونێنێ، پیادە بکات. بەمجۆرە باسی "رەخنەی ئاوەزگەریی" دەکا، کەچی لە رەخنەکەیدا سـەبارەت بـە دەقێك هەست و سۆز، لایەنگریی یان دژایەتی جڵەوی زمانی رادەکێشێ.

کەواتـە، بەشـێك لـە قەتیسـمان، پاشـاگەردانی لـە زمـان و نووسـین و بـێ کایـەی رۆشـنبیریی کوردییـدا، لـەو دوو شـێوە رەخنەگرتنەوە سەرهەڵدەگرن. چونکە ئەو رەخنەیە، لە جیاتی رەخنەگرتن دابڕان لەو دۆخە چەقگیرە و دۆزینەوەی ئاسـۆیە نوێیەکان، خەریکی قووڵکردنەوەی دیاردەی پێرگـەرایی و بـێ بـەهاکردنی زمـانی بیرکردنەوەیـە. لـە کاتێکدا ئـەرکی رەخنـە پێوانەیەکە بۆ هاوێرکردنی جوانی لە کرێتی" گۆشکردنە بـە هزرانـدن و خـەملاندنی بـەهای بیرکردنـەوە و هاوئاهـەنگی دەق و زمان" هاندانە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نادیارییەکانی ژیان و بەرهەمداری زمان.
لێرەوە مرۆ برێك جار لـە بەرانبـەر ئـەو دوو ئاراسـتە دژە، پەسـەندەرە چێژکوژ و بوغزاوییـەی رەخنـەی کوردییـدا، شـێواز و هەوڵی نووسەرانی سەدەی رابردووی، وەك عەلائـەدین سـەجادی، شـاکر فـەتاح، شـرۆڤەکانی ماڵبـاتی فـاتیح عەبدولکردیم مودەریس لە شاعیرانی وەك نالی و مەحوی، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعود محەمەد لە بارەی نالی و حـاجی قـادری کـۆیی و نووسـەرە هاووێنـەکانی ئەوانـەی بـە یـاد دێتـەوە. ئـەو نووسـەرانە لـە هەوڵـە رەخنەییەکانیانـدا بـە جۆشـێکەوە دەق و بابەتگەلێکی مێژوویی و ئەدەبییـەکان هەڵدەسـەنگاند کـە چێژیان بـە خوێنـەر دەبەخشـی و ئاسـتی زانیارییشـی لەمـەڕ ئـەو بابەتانـەوە بـەرز دەکـردەوە. بـە کـورتی ئـەو نووسـەرانە بـە رەخنـە و لێکۆڵینەوەکانیانـەوە خوێنـەریان بـە پێرگـەریی، دەروێشگەریی، شارگەریی و ... تاد فرچك نەدەدا. وەلێ هاوکاتیش ناکرێ روانگەی رەخنە و لێکۆڵینەوەکانی ئـەوان، لەگـەڵ خواسـت و پێداویسـتییەکانی ئێسـتای رەخنەسـازییدا بـەراورد بکـەین. چـونکە لـەو قۆناغـەدا ئـەرکی ئـەو نووسـەرانە، وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەو رۆژگارەی ئەدەبی و خوێنەر بووە. هەروەك، وێڕای رەچاوکردنی رۆژگـار و بێلایەنییـەوە، لە ئاستی جوانناسییدا زۆرێك لەو رەخنە و لێکۆڵینەوانەی ئەوان بۆ ئەوکات و ئێستاش جوانناسیی خۆیان هەیە. بۆیـە ئـەرکی رەخنەگری ئەمڕۆ ئەوەیە، کە ئەو ئەزموونە رەخنەیی و رۆشنبیرییانەی رابردوو تەتەڵە بکـات، دیـوە هەڵـەکانی لەگـەڵ دیـوە جوانەکانی هاوێر بکات و لەگەڵ تیۆرییە نوێیەکانی ئێستا بیخەملێنێت، تاکوو ئەو ئەزموونانـەی رابـردوو ببنـە وزە و بەهایـەك بۆ ئەرکەکانی رەخنەسازیی ئەمڕۆو داهاتوومان.

مرۆ دوای ئەزموونی ئەو نەوەی پێشوو چاوەڕێی ئـەوەی دەکـرد کـە ئـەو نـەوەی ئێسـتا بـە روانگەیـەکی سیسـتەماتیکیی و دیسـپلینێکی تۆکەمـەتر، تیـۆریی و مێتـودی بـزاو، چـڕ و خـەملیو دەقـی ئێسـتایان بخوێندبایـەوە، واتـا بـە رەچـاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەبی کوردییەوە، و ناوکۆیی ئـەو تیـۆر و میتۆدانـەی کـە لـە رۆژئـاواوە دەیانگوازێتـەوە شـرۆڤە بکات و بیانکوردێنێ. کەواتە ئـەوە ئـەرکی رەخنـەگرە کـە بـە دەسـتپێوەگرتنەوە وردبینانـە و دوور لـە پاشـکۆیی یـان رقـی کەسێتییەوە پەیامی دەق بە خوێنەر رابگەیەنێ. چونکە وەك چۆن رەخنەگر بە پەسندانێکی بێتام، کاریگـەریی لەسـەر مێشـك و چێژی خوێنەر بەجێدەهێڵێ، هاوکاتیش نووسینێکی رقهەڵگر و دوژێنیش هەمان کـار ئەنجامـدەدا. ئـەکامی ئـەو دوو شـێوە رەخنەیە، بەرهەمهێنانی پەروەردەیەکی گەندەڵانەی نەوەی ئێستا و سازکردنی نووسـەری تـاکرۆ و پیرۆزانـدنی نووسـەرە لـە شێوەی دیکتاتۆرەکـانی رۆژهەڵاتـدا. کەواتـە ئـەو رەوتـارە جەڵـەبیی و بـەرتیلخۆرەی رەخنـەگری کـورد، هـەروەك زۆرینـەی رێکخراوە بەناو "مەدەنی"یەکان، دەرهاوێشتەیەکـن لە تێگـەیشتنی چەمکـی "مـەدەنی"دا. لـە ئاکـامی ئەمەشـدا، ئەمرۆ لە کوردستاندا نووسین بە هەموو ژانرەکانییەوە، وەك ئاکاری بـاڵا، بەهایـە نیشـتمانییەکان، ئـەڤین، دۆسـتایەتیی و... تاد، بەرەو هەڵدێرانێکی خەمهێنەر دەچن و ئەو رەخنەگر و نووسەرە پێرگرەش، وەك بەرپرس و بازرگانە پێرگرەکـان، لەبـەر مەستبوونی بـە زیـاتر و زیـاتر پـارە وەرگـرتن و نووسـینی رەخنـە بـە رادانـدراوەکـەی لـە لایـەن سـەرۆك پێرەکـانی گۆڤـار و رۆژنامەکان و کۆکردنەوەی کۆی شیعرەکانیی و بۆ چەند بارە چاپکردنەوەیان، ئاگای لە هەڵدێرانی ئـەو بەهایـە رۆشـنبیریی و جڤاکییانە نەماوە. چونکە ئەو پێرانە خۆیان بەشێکن لە هەمهێنانی ئەو دۆخە دارماوە.

بـەمجۆرە کاتێـك خوێنـەرێکی وریـا ئـەو دوو شـێوە رەخنـە هزرکـوژ و بـەهاکوژە" نووسـەر پەرسـت و نووسەرداپڵۆسـێنەرە دەخوێنێتەوە، دەبێ لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ ئەو رەخنەگرە بە چاکی لەو دەقە یان کتێبە گەیتشتووە کـە باسـی چـی دەکـا؟ گەلۆ ئەو رەخنەیە لە دەقەکەیە یان هەستی نەخۆشـی رەخنـەگرە لـە نووسـەری دەقەکەیـە؟ بۆیە پێویسـتە خوێنـەری وریـا شـەقێك لـەو دوو شـێوە رەخنەگرییـە هـەڵبدا و دوای ئـەوەی خـۆی ئـەو دەقـە یـان کتێبـە بخوێنێتـەوە و دواجـار بـە خـۆی هەڵیسەنگێنێ نەك ببێتە کۆیلەی ئەو رەخنەگرە.

لەو روانگەیەوە، بە پێچەوانەی وێنەی ئەو رەخنەگرە پێرگرە، ئەرکی رەخنەگرێکی دڵسۆز ئەوەیە کـە بـە شـێوەیەکی هێـور، بە دوای مەبەستی ئەو دەقە یان کتێبەدا شۆڕ بێتەوە. کاتێك رەخنەگر دەقێکـی شـیعری یـان ئـەدەبی دەخوێنێتـەوە، دەبـێ وەك ئـەزموونێکی سـەربەخۆ، بێلایەنگرییـەکی سـۆزئامێز هەڵیسـەنگێنێ، نـەك وەك ئـەوەی ئێسـتا لـە بـواری رەخنەسـازیی کوردییدا بۆتە مۆدە کە رەخنەگر، بێ ئـەوەی شـارەزاییەکی پێویسـتی لـەو تیـۆر و رێبـازە رەخنەییانـەوە هـەبێ، بـە هانکە هەنکەوە دەقێکی شیعریی یان ئەدەبیی و هونەری دەخاتە بـەر رەحمـەتی تیۆرییەکـەوە، کـە بـە لینگاوقووچـی لـە دەسـتی سێیەم و چوارەمی وەریگرتووە، یان بـە لاسـاییکردنەوەی رەخنـەی نووسـەرێگەلێکی عـەرەبیی و فارسـی یـان بـە قرتانـدنی چەند دێرێکی وەك دێریدا، رۆلان بارت، فرۆید و... لە کتێبێکـی فارسـی یـان عەرەبییـەوە بـەر دەبێتـە گیـانی دەقێکـەوە، لـە قاڵبیدەدا، کە راستییەکەی رەنگـە دەقەکـەش فـرێ بـەو تێگەیشـتنانەوە نـەبێ، هـەڵگری خـەمێکی دیکـە بـێ. کێشـەی ئـەو رەخنـەگرەی کـورد ئەوەیـە، کـە لـە شـێوەی بەرادانـدانی جلوبەرگـدا دەقێکـی هاوڕییەکـەی لـە روانگـەی ئـەو فێلەسـووف و رەخنەگرانەوە هەڵدەسەنگێنێ، سەرنج لەوە نادا کە رەنگـە تیۆرییـەکانی ئـەو فێلەسـووفانە، نـەك هـەر لەگـەڵ نـاوکۆیی ئـەو دەقە کوردیانەوە نەسازێن، بەڵکوو رەنگە لەگەڵ یەکتریشدا جیـاواز بـن. دواجـار خوێنـەر کـە ئـەو تـەرزە رەخنـە جەڵەبییـە دەخوێنێتەوە نەك هەر لەو دەقە نزیك نابێتەوە، بەڵکوو وایلێـدەکا کـە نووسـەر و دەقەکەشـی لەبەرچـاو بکـەوێت. مـن خـۆم یەکێکم لەو خوێنەرانەی کە هەمیشە دوعای خێر بۆ ئەو چەشنە رەخنەگر و خوێنەرانـەی ئـەو دەکـەم. بـەمجۆرە بـە هـەرمێن

بوونی ئەو چەشنە رەخنەیە چێژی خوێنەر و کتێبیش دەشێوێنێ. (هەڵبەت هەمیشە ئەو رەخنە ژیاندۆست ومەیلە و هیدڵی، جددیانەمان رەچاو کردووە، کە ناشکرێ هەمیشە ئەوە جەخت بکەینەوە).

لەو روانگەیەوە دەبێ ئاگاما لەوە بێ کە رەخنەی ئەدەبی لە گشت وڵاتاندا هاوچەشن نین. مرۆ ئەگەر، بۆ نموونە، سەیری رەخنەی سوێدی بکات، (کە من بە هۆی جێنیشین بوونم لەو وڵاتەدا، کەم تا زۆر ئاگام لێیە)، بە ئاسانی ئەو جیاوازییە دەبینێت. مرۆ لێرە لە سوێددا، دەتوانێ بە شێوەیەکی گشتی بێژێ، کە رەخنەسازی سوێدیی لە روانگەگەلێکی تیۆرییەوە دەقی ئەدەبی و هونەری دەخوێنێتەوە، کە ئەو نەریتەش لە سوێددا یەکی دووری هەیە. بە کورتی لە سوێددا شتێکی ئاشکرایە کە ئەوانەی رەخنەگرن، زۆرینەیان، خاوەن کارنامەی فەلسەفە، زانستی ئەدەب، مێژووی هزر و... تاد لە زانستگایەکاندا. هەر ئەو چەشنە رەخنگەرەشن کە لە بەشی کولتووری رۆژنامە ناسراو و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا ئیشیان رانان و رەخنەگرتن، راڤەکردنی دەقی ئەدەبییە. هەڵبەتە لە بواری هونەریشدا هەر وایە. بەمجۆرە کاتێك ئەو رەخنەگرە لە بەشە کولتوورییەکاندا کتێبك دەناسێنێ، لای خوێنەر رەنگدانەوەی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە رەخنەگری سوێدیش گرفتی خۆی هەیە کە من لێرەدا باسکردنی بە پێویست نازانم. لێ بۆ نموونە، زۆر جار ئەوەندەی ناوی رەخنەگر لای خوێنەری سوێدیی گرینگە، خودی کتێبەکە هێندە گرینگ نییە. بەمجۆرە رەخنەگر بۆتە دادوەرێکی باڵادەست کە لای خوێنەر ناوی ئەو لە کتێب و نووسەرەکەش زاڵتر بێت. هاوکاتیش ئەگەر رەخنەگرێکی پسپۆڕ و بەرهەمدار لەسەر کتێبێك بنووسێ، ئیتر کتێبەکەی ئەو نووسەرە بازاڕی بە هەرمێن دەبێت. لە هەمان کاتدا دەیان کتێبی باش بڵاودەبێتەوە، لێ لەبەر هۆگەلێك، وەك چاپخانەیەکی نەناسراو، لە ئاستێکی دیاریکراودا دەناسێنرێت.
کەچی لە بواری رەخنەسازیی کوردییدا، دیاردەیەکی عەنتیکەمان هەیە: ئەمرۆ ئەوەی کە لە بواری رەخنەسازیی کوردییدا مانای نەبێت، ئەوانەن کە لە زانستگایەکانی کوردستاندا ئەدەب و بەشەکانی دیکەی رۆشنبیریان خوێندووە. بۆیە رەخنەگری کوردیی بریتین لەوانە، کە بە هۆی هاوڕێیاتیی، باڵادەست بوونیان لەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن حیزبەوە پشتیوانییەکی ئابووریی و کار ئاسانییەکی زۆریان بۆ دەکرێت، یان ئەو نووسەرانەی کە زارقەڵەباڵغن لە چەمکە باوەکانی ئێستا، کە زۆربەیان لە رێگای عارەبیی و فارسییەوە لاسایی مۆدەکانی رەخنەی فەرەنسی دەکەنەوە. بەشێکیان چەند کەسێکی ناو ئەو پێڕانانەن کە بە هۆی توانای ئابووریی و دەسەڵاتدارییەوە خۆیان کردۆتە موختاری رەخنەی کوردی. کێشە لەوەدایە، بێ ئەوەی ئەو رەخنەگرەمان بیری لەوە کردبێتەوە، کە بۆ نموونە، بزاڤگەلێکی وەك: "دادایزم"، سوریالیزم"، یان "سیمەنتیك، واتاسازیی لە زماندا، "فێنۆمێنۆلۆگی"، "مەرگی نووسەر"، "دەقئاوێزانی/ئینترتێکستوالێت، "هەڵوەشاندنەوەگەریی"، "هەرمێنتیك" و ... تاد، پەیوەندی بە تایبەتمەندی فەلسەفەی نەریتی رۆشنبیریی فەڕەنسیی لە بواری زمان و بگرە فەلسەفەی"کۆنتینێنتال–ئەلمانی و فەرەنسی"، کە ئاراستەیەکی جیاوازە لە فەلسەفەی "ئەنگلۆساسکسیك"ەوە هەیە. کەچی ئەو رەخنەگرە، بێ شیکردنەوە و وریاکردنەوەی خۆیی و خوێنەر لەو رەهەندانە، لە ئاستێکی لاساییکردنەوە، نەك بەشداریکردن و خەملاندندا، سەرگەرمە بەو بزاڤە رەخنەییانەوە. هەرچەندە زۆرێك لەو چەمك و ئاراستە رەخنەییانە لە خودی فەرەنسیشدا گۆڕانیان بەسەر داهاتووە، لك و پۆی دیکەیان لێ زاوە، کەچی ئەو رەخنەگرە پێڕگەرمە هەتا ئەوکاتەی مۆدەیەکی دیکەی رەخنە لە عارەبیی و فارسییەوە بەسەردا دەسەپێنرێ، کە رەنگە ئەو مۆدەیەش لە سەرچاوەکەیدا بەسەر چوو بێ، وەك چەشنە بروایەکی ئایینی، دەستبەرداری ئەو چەشنە رەخنەیە نیوەچڵە نابێ.

دیاره ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ڕەخنەگر دەبێ دەرچووی زانستگا بێت، لێ ڕاستییەکەی ئەگەر ڕەخنەگرێك بە شێوەیەکی سیستەماتیکی، ئەکادیمی ئەو تیۆرییانەی نەخوێند بێ، مەحاڵە بتوانێت بە شێوەیەکی درووست و قووڵ لەو چەمك و تیۆرییە ڕۆژئاواییانە تێبگا. ڕەخنەگرێك ئەوکاتە دەتوانێ بە وردی لەو چەمك و تیۆرییە ڕەخنەییانە شارەزا بێ، کە بە باشی زمانێکی ئەورووپی بزانێ، هاوکاتیش، بۆ نموونە کە لە ڕوانگەی ڕەخنەی فەڕەنسییەوە دەقی کورد دەخوێنێتەوە، دەبێ شارەزاییەکی کەم تا زۆری لەو زمانەوە هەبێ.

جێگەی سەرنجە، بۆ نموونە لە سوێددا ئەوانەی کە لە گۆڤارە تیۆرییە هونەریی و ئەدەبییەکاندا ڕەخنەگرن، زۆرینەیان ئاستی خوێندنیان لە ماجستەر کەمتر نییە. هەر بۆیە ئاسان نییە کە نووسینی ڕەخنەگرێك لەسەر تیۆرییەك یان چەمکێکی ڕەخنەسازیی بڵاوبکەنەوە، کە لەو بوارەدا پسپۆڕ نییە. بەڵام لە بواری ڕەخنەسایی کوردییدا، ڕەخنەگر ئەوەیە کە بە زمانی عارەبیی و فارسی چەند وتارێکی، بۆ نموونە، لەسەر چەمکێکی ڕەخنەیی فەرەنسی خوێندۆتەوە، دوای ئەوە هەوڵدەدا ئەو مۆدیلە لەسەر دەقێکی کوردیش پیادە بکات. دەکرێ هەندێك لەو ڕەخنەگرانە هەوڵی باشیان دابێ، بۆیە نابێ ئەو هەوڵانە فەرامۆش بکەین. لێ ناساندنی ئەو ڕەخنەگرە، وەك دەمڕاستی ڕەخنەی کوردیی، بۆ نموونە، کردنیان بە دادوەریی لێکۆڵینەوە و بڕیاردەری دەقی "باش" و "خراپ" لە "فیستیڤاڵ" و ئەو چالاکییە مینا ئاهەنگ/پرسەنامانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا، پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە. چونکە ئەو ئەرکە، وەك هەر ئەرکێکی دیکەی لەو تەرزە، کارامەیی زانستیی، ڕۆشنبیرییەکی ڕسکاو، ئاکاری بێلایەنیی، ویژدان و ... تاد گەرەکە. هاوکاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بەو زمانە فارسییەی کە لە ڕێگای "فەرهەنگی عمید یان منجد الطلاب"، بە هۆی شەیدا بوون بە دەنگی "داریوش یان کازم ساهیر" و خوێندنەوەی شیعرەکانی "فروغ و سپێهری"یەوە فێری بووە، ناتوانێ بە وردی ئەو چەمك و تیۆرییە ڕەخنەییە بیانیانە تێبگا و ڕاڤە بکات.

بەمجۆرە هەروەك پێشتر، زۆرینەی ڕەخنەگرەکانی حەفتا و هەشتاکان لە ڕوانگەی "ریالیزمی سۆسیالیستی"وە، "پاڵەوان و ترسنۆك"، "شۆڕگێڕ و خائین" و ...، هەموو دەقێکی ئەدەبیی و هونەری، جا ئەگەر ئەو دەقانە پەیوەندیشیان بەو خەسڵەتانەش نەبووایە، هەڵدەسەنگاند. دواجار هەتا بلۆکی سۆڤییەت ئاوا نەبوو، ئەو ڕەخنەگرە لەو "رایالیزمی سۆسیالیستی"یە ماڵئاوایی نەکرد. مخابن گشت ئەو بەزمانەش بە ڕێگای شارەزاییەکی کرچ و کاڵ لە زمانی عارەبیی و فارسییەوە وەردەگرین، ئەوجا دێین بە منەتەوە دەقی ئەدەبیان پێوە لە قەپاندەدەین. دواجاریش وەك پرۆسەیەك هەمیشە نەوەکانی دوای خۆمان بەو دیاردە ڕۆشنبیرییە نیوەچڵانەوە گۆشدەکەین.

ئەو دیاردەش یەکێکە لەو هۆکردە سەرەکیانەی کە وایکردووە، ڕەخنەی کوردی لە ئاستی پێڕبازییدا، قەتیس بمێنێت. هەر بۆیە ئێستا دەبینین، کە کۆمەڵێك لەو تاقمە ڕەخنەگر و شاعیرە، وەکی پێڕێکی قوماربازیان "سێکت"گەلێك لە بەشی "ئەدەب و هونەر" یان بەشی "ڕۆشنبیری" ڕۆژنامە حیزبیی و "سەربەخۆ"یەکاندا، یان لە گۆڤارە دەڤەریی و شارەکاندا کۆبنەوە و ڕۆژانە خەریکی پیاهەڵدان، وێناکردنی "داهێنان"ی بێوێنەی یەکتر بن یان بێ بەهاکردنی پێڕە دژەکەی خۆیان بن. جێگەی سەرنجە، کە پەیوەندییە پێڕگرییەکانی ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبە لێکجوودایانە لەگەڵ یەکتردا دابڕاو قەتیسماون. لە ئاکامی ئەوەشدا لە هەر یەك لەو شارانە و ناو ئەو شارانەشدا، هەر کۆمەڵە شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێك وەك یەکتر بنووسن. لێرەوە ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو دوو سێ شارەن، لە گوند و شارۆچکەکاندا دەژین، یان لە کوردستاندا نین ناچارن لە خەمی ئەوەدا بن کە چۆن یەکێك لەو پێڕانە، یان بڵاوکراوە ڕۆشنبیرییە مینا قومارخانانە پێکیان بکەن، ببنە

هاوپێریان، تاکوو جارێك دەقێکیان بۆ بڵاوبکەنەوە، بانگهێشتی "فیستیڤاڵ"ێك بکرێن، "خەڵات"ێکیان بەرکەوێ. بەمجۆرە ئەگەر نووسەرێکی لاتەریك، یان "نەناسراو" خولیای ئەو پێرپازیی و وابەستەبوونەی بەو ناوەندە رۆشنبیریانەی نەبوو، ئیتر نە کەس کتێبێکی بۆ چاپدەکا، نە بانگهێشتی بەزمی "فیستیڤاڵ"ەکان دەکرێ. بە کورتی خوێنتاڵ دەکرێ و دواجاریش یان دەبێ واز لە نووسین بێنێ، یانیش لە چاوەڕوانی گۆدۆی رەخنەگر و بڵاوکراوەکاندا بژی.

جێگەی سەرنجە، هەر پێرەو بە یاری خۆی هەڵدەڵێ، هەر پێرە و بە شێوازێکی نووسینەوە ئاوێزانە: تاقمێك لەوانە سەرگەرمن بە "مۆبایلە شیعر"، ئەویتر مەستە بە نووسینی شیعری "ئاشقانە–سکسی"، (کە بێبەرین لە چێژ و بەهاکەشی)، یەکێکی تر، کە گوایە دوا نوێگەرە، بە شیعر و رۆمانی "فەنتازیا" و "حیکاتاندنی زمان" سەرگەرمە... تاد. لێرەوە ئەگەر تۆی خوێنەر و نووسەر هاورێ و وابەستەی ئەو پێرگرییەی ئەدەیب و رەخنەگرانە نەبیت، ئیتر، وەك چۆن لە بواری ئیشکردندا ئەگەر "واسیتە"یەکی باشت لە ئاستی حیزبییدا نەبێ، کەس و کارت دەسەڵاتدار نەبێ، نەك هەر هەوڵدەدەن لە لاپەرە "رۆشنبیریی" و "فیستیڤاڵ"ەکانیان پەراوێزت بکەن، بەڵکوو بێزیشت لە کردەی نووسین و رۆشنبیرییش بێتەوە. لەو روانگەیەوە، بواری رۆشنبیرییش، وەك ئەو بوارە حیزبێنراوەکانی کوردستان: "ئیش و کار"، "تەقاویت"، "شەهیدانە"، "زەویی و خانوو وەرگرتن" و... تاد، بە مۆدەی بەرتیلخۆریی، واسیتەکاریی، واتا پێرپازییەوە تەنراوەتەوە. کەواتە ئەگەر تۆی نووسەر و شاعیر بێکەس بیت، هاوپێری ئەو رەخنەگر و نووسەرە باڵادەستانەی بواری رۆشنبیری نەبیت، ئیتر هاووڵاتییەکی سەر بەو زمانە نیت، هەر خزمەتێکت کردبێ، دەیان کتێبیشت بۆ کوردیی وەرگێڕا بێت و داتهێنابێت، ئەگەر کتێبێکی فەلسەفی وەك "کۆمار"ەکەی پلاتۆ یان "وەرزێك لە دۆژ"ەکەی ئارتور ریمبۆش بنووسی، فەرامۆشدەکرێیت.

کێشەش لەوەدایە، کە ئەو رەخنەگرە وەرزشکارە بە وشە و سەرمەستە بە چەمکبازییە، هاوکاتیش ئاکار ئێلیی و زمان خەسێنە، پێچەوانەی رەخنەگرە نەریتگر و رووخێنەرەکە، لە بری ئەوەی بە زمانێکی راستەوخۆ و خەملیو و بوێرانەوە کتێبەکانی پێرەکەییمان بۆ بناسێنێ، کە زۆر جار ئەو جۆرە رەخنانە، سەرۆکی بەشی رۆژنامە "رۆشنبیریی"یەکان بە رادانیان داون، کەچی سەرەتا بە پێشەیەکی فرەگۆ و ورێنە ئاسا دەستپێدەکا و وێجا بە زمانێکی لەچکدار و فەلسەفێنراو دێتە سەر دەقەکە. دواجار کە خوێنەر بە ناچاری تەواو دەبێ، نازانێ لە کوێوە بچێتە ناو دەقەکەوە، لە دەقەکە تێبگا و لە کام کون و دەرگای ئەو زمانە رەخنەییە قۆقزەشەوە دەرباز بێ. بۆیە زۆر جار خوێنەر کە ئەو "رەخنە"، "خوێندنەوە" کۆکتێلانە دەخوێنێتەوە، هەستدەکا کە رەخنەگر کۆمەڵێ دەستەواژە و قسە نمایش دەکا کە کەم و زۆر پەیوەندی بە دەقەکەوە نییە، هەر یەکە و بە ئاوازێك هەڵدەپەرن. بە دیوێکی دیکەشەوە، بە جۆرێك بەسەر ئەو کتێبە و نووسەرە هاورێییەکەیدا هەڵدەڵێ، کە مرۆ نەتوانێ ئەو رەخنەیە بە رەخنە ناسبکات. هەروەك رووە پێچەوانەکەی ئەو رەخنەیە، کووشتەی هەمان رەوتارە.

هەر بۆیە لەو پرۆسەیەدا بەهای ئەدەب و رەخنەگریش لە کن دەسەڵات و هاووڵاتیانی خاکیدا، نەك هەر رەنگدانەوەیەکی نییە، بەڵکوو بە سووکیش سەیر دەکرێ.
بە کورتی، هەروەك ئێمە لە وتاری "مەسعود محەمەد" ئێستێتیکای شوازاندنی هزرێکی خۆکرد" ئاماژەمان پێکردبوو، کە دۆخی رۆشنبیریی و ئەدەبیشمان، وەك دۆخی سیاسیی و بەرپرسیارانمان، کوشتەی پێرپازیی و بە هەرمێنکردنی بەهای

بەرتیلخۆریی، قۆرخکردنی بواری رۆشنبیرییە“ داهێنانی گەندەڵییە.

**ئاشکرایە کە ئەو رەخنەگر و ئەدەبییە پێرگرییە وەک دیاردەیەکی رەخنەیی هەموو بوارەکانی رۆشنبیریی قۆرخکردووە. بۆیە بە کەیفی خۆیان سامانی تەنیا خەریکی ستایشکردنی هاورێیەکانی خۆیانن. ئەو پێرەش، کە خاوەن دەزگا رۆشنبیرەکانن، ساڵانە پارە بۆ داوەتکردنی دەیان نووسەرە عەرەب و فارس بە فیرۆ دەدەن، تاکوو دوای "فیستیڤاڵە"کانیانەوە ئەو میوانە بیانییانە ناچار بکەن بە چەند نووسەرێکی پیرۆزێنراوی پێرەکانیانی خۆیان هەڵبلێن.**

مایەی سەرنجە، لەو ماوەیەدا رەخنەیەکی جینگز ئاکارم لەسەر نووسینی چەند قسەی نووسەرێکی عەرەب خوێندەوە، کە وەك پێشەکیەك بۆ شاعیرێکی کوردیی نووسیووە. بە کورتی ئەو نووسەرە دەخوازێ پێمان بڵێ، کە ئەو شاعیرە عەرەبە بێئاگایە لە شیعرە باشەکانی کوردی، بۆیە ئەو شاعیرە کوردە "ناگرینگ"ەی پەسنداوە. لێرەوە مرۆ هەستدەکات کە ئەو نارەحەتیی و جینگزییەی "رەخنەگر" لەو شاعیرە کوردەی کەو ئەو شاعیرە عەرەبە لەسەری نووسیوە، لەبەر ئەوە نییە کە شیعرەکانی "باش" نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە خۆشی ناوێ“ هاوپێر نین. لە کاتێکدا ئەو شاعیر و رەخنەگرە عەرەبە ساڵانە بۆ "فیستیڤاڵ"ەکان بانگەکرێن و شیعرو دەقە رەخنەییەکانیان کراون بە کوردیی و چاپیشکراون، ئەمەش تاکوو رۆژێك دڵی نەرم بێ و لەسەر ئەو شاعیرە ئەدیبە "مازن"انە بنووسێت، کە نموونەی ئەو رەخنەگرە تووڕەیەی کە باسمانکرد، بە داهێنەری "راستەقینە"ی شیعری کوردیان دەزانێت.

**لەوەش بترازێین، خەمی سەرەکی بەشێک لە سەرنووسەرانی ئەو رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبیانە خودی گەشەدان بە ئەدەبی کوردیی و ناساندنی رۆشنبیریی کوردی نییە بە زمانی بیانییەوە، بەڵکوو خەمی گەورەکردن و پیرۆزاندنی چەند شاعیر و نووسەرن کە بوونەتە "پسپۆر"ی بواری فەلسەفیی، ئەدەبی، تیۆریی، سیاسیی و جڤاکییەکان. هەر بۆیە بودجەی تایبەتیان بۆ وەرگێران و ناساندنی خۆیان و وەرگێرانی هاوپێرەکانیان تەرخانکردووە. ئەمەش گوایە بە وەرگێران و ناساندنی ئەو دەقانەوە، ئەدەبی کوردی دەبێتە جیهانی! هاوکاتیش ئەو بڵاوکراوە "رۆشنبیریی"یانە، کە وەک پەراوێزێکی ئەو چەند شاعیر و"تاکە داهێنەر"انە، باسی ئەم نووسەر و ئەو شاعیرانە دیکە دەکەن کە بە دڵی خۆیانە. کەواتە دیاردەی رەخنەگر و رەخنەلێگیراوەکان بە نۆرمکردنی رەخنە و رۆشنبیرییەکی نەساغ یان قووڵکردنەوەی دژە کولتووریی خوێندنەوە و رۆشنبیرییەکەی فرەرەهەندییە؛ فەرامۆشکردنی ئەرکی هزرکردنە. لە کاتێکدا دەبوو بواری رۆشنبیریمان لە خەمی ئەوە بێ کە ئەو دۆخە پاشکۆییەی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردیی وەربچەرخێنێت.**

بەهەمە حاڵ، رەخنەگری ئەمرۆی کورد وا دەزانێ کە ئەگەر لەو روانگانەی کە بوونەتە مۆدە رەخنە لە دەقێك نەگرێ، کەواتە نابێتە نوێگەر و مەعلان. لە کاتێکدا رەخنەگرێکی چاك و وردبین مەرج نییە تەنیا بەو روانگە بە هەرمێنانەی ئەمرۆوە نوێگەر بێ، بەڵکوو دەتوانێ لە روانگەی خۆیەوە جوانترین رەخنە یان خوێندنەوە لەسەر دەقێك بنووسێ. بە کورتی کێشەی رەخنەگری کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ بە گشتی لەسەر "رێسێپت"، رێنمایی و قالبێکی حازربەدەستدا، دەق بپێوێ. هەر بۆیە،

وەك پێشتر ئاماژەمان کردبوو، کە ئەرکی ڕەخنەگر لە حەفتا و هەشتاکاندا، پیاهەڵدان و گەورەکردنی چەند نووسەر و شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی "ڕیالیزمی سۆسیالیستی" بوو. ئەو ڕەخنەگرە چیرۆکنووس و شاعیری کوردی ناچار دەکرد کە هاوشێوەی ئەوانە بنووسن. هاوکاتیش ئەگەر هەر دەقێك لە دەرەوەی ئەو قالبە مینا خشتبڕییە، "ڕیالیزمی سۆسیالیستی"یە نەبووایە، ئەوە بە دەقێکی "بۆرژوازیی" و دژە "هەژاران" لە قالبدەدرا و لەبەر چاوی خوێنەردا خوێنتاڵ دەکرا. هاوکاتیش ڕەخنەگری ئەوکات ئیشی ئەوە بوو کە قسە لەسەر "شێوە و نێوەڕۆك"، "شۆڕگێڕیی و شۆڕشی کرێکاران"، "خەونی سۆسیالیزم" و ... بکات.

پاشان ڕەخنەگرانی دوای نەوەدەکان، کە بریتین لە خودی سیاسیی، شاعیر، ڕۆماننووس... ئێمەیان فێری مۆدەیەکی دیکە کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر تۆ بخوازی ببیتە چیرۆکنووس، ڕۆماننووس و شاعیرێکی بە هەڕمێن، دەبێ بۆ نموونە، وەك گارسیا مارکیز، سەلمان ڕوشدی، بۆرخیس، کافکا، ئەدۆنیس، سۆهراب سپێهری، فروغی فروخزاد و ... بنووسیت. بۆیە ئیتر زۆرینەی ڕۆمان چیرۆك، شیعری ئەو قۆناغەی ئێمە بریتین لە کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی ئەو تەرزە شاعیر و ئەدیبانە. ئەو شێوازەش بریتییە لەوەی کە ئەو دەقە دەبێ تژی بێ لە "خەیاڵبازی"، "ئەفساندنی واقیع"، "زمانی شیعرییەت"، "ئەشقبازی" و ... جا ئەو مۆدەیەش، هەتا گەردەلوولێك لە زمانی باڵادەستانەوە مۆدەیەکی دیکەمان بۆ نەهێنێ، بازاڕی گەرمە. بە کورتی ڕەخنەگری ئێمە، وەك مامۆستایەکانمان، خەریکی ئەوەن کە نووسەر لە بچمی خۆیاندا بسازێنن.

لێرەدا، بۆ ئەوەی سادەتر ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتارە خەمهێنەرەی ڕەخنەگر و ڕەوشە داهێزراوە ڕۆشنبیرییە تێبگەین، ئاماژە بە شاگردێکی عەنتیکەی ئەو پێڕگەراییەی ڕەخنەگر و ئەدیبان دەکەین. جارێکیان یەکێك لەو ئەدەبییە لاوانەی کە کە شاگردی ئەو دیاردەیە ناوبراوەیە و لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییشدا دەژی، دەیویست بە تۆبزی منی نیشمەنی سوێد ڕازی بکات، کە شیعرەکانی یەکێك لەو ئەدیبانەی کە لای ئەو کورد "داهێنەر"ی وای هەرگیز نەبووە و نابێ، دەقەکانیشی لە "جیهانی"یش جیهانیترن، ئێستا شیعرەکانی لە "مەنهەجی خوێندن"ی خوێندگایەکانی سوێد دەخوێنرێن. ئەو دەگوت، مامۆستا و خوێندکارانی سوێد گوتوویانە کە ئەو ئەدیبە کوردە لە "ئاستی خەڵاتی نۆبل"دایە! گوتم کاکە بە جۆرێك ئەو قسە جەڵەبیانە پێوەنێ کە مرۆ، لە جیاتی بێزکردنەوە لە خۆت و نووسین، بەزەیی بە خۆت و نووسین بێتەوە. (کاکە کوردۆ ئەو کۆپلەیە تووندی لە چی دایە؟ نموونەی واقیعییم هێناوەتەوە نەك تۆمەت) هەر چۆنێك بێ، کێشە لەوەیە، کە بێسوودە تۆ ڕەخنە لەو وەهمە کوشندەی ئەو تەرزە نووسەر و خوێنەرە گۆترە بێژە و دەروێشە بگری، چونکە، وەك پاشکۆیەکانی ئەو حیزبانە، بە "ئێرەیی"، "نەخوێندەوار"" قسەگەلێکی حازربەدەست و حیکاتێنراو تۆمەتبار دەکرێی. بێ لە گەمە، ئایا ئەوە نەگبەتی نییە، کە ئەو ڕەخنەگرە پێڕگەرە سازاندوویەتی؟ ئاخۆ ئەو تەرزە شاگردە خودی ئەو نووسەرەی کە کۆیلە ئاکارانە ئاوێزانییەتی، بێبەها ناکا؟ گەلۆ ئەو پەروەردە ئیفلیجە بەرهەمهێنەری بیرکردنەوە، ئاوەزی ڕەخنەییە، یان بە کۆیلەکردنی ئاوەزی خوێنەر؟ گوتمان ئەرکی ڕەخنەگر و نووسەر هاندانی کۆخوێنەرە کە بیربکاتەوە، خۆی سەرەوەری بڕیاردان بێ، فێری بکات بەرهەمهێن بێ. بەمەش کۆمەڵگا بەرەو دەستەبەکردنی ژیانێکی بەختەوەر و بزۆك ڕێبکات، نەك چەقین نەگۆڕیی، کوشتنی ئاوەزی ڕەخنەیی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕوحی پاشکۆیی و نەریتی باوکسالاریی و پیرۆزکردنی تاکەکەسە باڵادەستەکان.

لەو ڕوانگەیەوە باسکردنی نەریتی فرچکدان و پەروەردەکردنی خوێنەر بە سەربەخۆیی و بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرتن نەك ملکەچکردن لە بواری خوێندگا و ڕۆشنبیرییدا، بابەتێکی بەهادارە، لێ ئەمە ئەرکی ئەم وتارە نییە، بەو ئومێدەی لە داهاتوودا، بە گوێرەی کات و توانامان، ئەو بابەتەش بەسەر بکەینەوە.

لێرەوە رەخنەگر ئەو کەسە نییە کە دەبێ لە رەخنەکەیدا وتەگەلێك لەم و لەو نووسەرە بیانییە ناسراوانە نماییشبکات، بەڵکوو رەخنەگر دەبێ هەڵگری خەسڵەتی پەروەردەی ئازادی، چێژی جوانناسییەکی بەرهەمهێن بێ، هانی خوێنەر بدا خۆی بهزرێ. بە کورتی رەخنەگر دەبێ رۆشنگەرێکی مەیل ورووژێن و پەرۆشخۆر بێ. دەبێ شارەزای کارەکەی خۆی بێ، دەبێ پسپۆڕ بێ، مەبەستیش لەمە، تەنیا "دەرچووی زانکۆ" نییە. لێ مرۆ چۆن دەتوانێ لە پسپۆڕیش پسپۆڕتر بێ؟ بەڵێ، ئەو مرۆیە دەبێ لە خاوەن پیشەیەکی تەسکبین و باو، کاراتر و کارامەتر بێ. ئەوکاتە توانستی رەخنەگر و داهێنەر بەرجەستە دەبێتەوە، کە توانی سنوورە دیاریکراوەکانی ببەزێنێ. رەخنەگر دەبێ وەك دکتۆرێکی خاوەن ئێتیك و بە ویژدان ئەو نەخۆشە سەختەی کە لەبەر دەستیدایە بە قسەی هێور و رێزدار بیلاوێنێتەوە. بە هەمان شێوەش نووسەر کە بە گشتی کەسێکی هەستدارە، بۆیە دەبێ رەخنەگر ئەوەش لە زەین بگرێ. رەخنەگر دەبێ جوانناسانە، نەك بە پیاهەڵدانێکی تامسارد یان دژایەتییەکی خوێنتاڵەوە، دەقێك هەڵسەنگێنێ. بەمجۆرە، ئەگەر رەخنەگر بە شێوەیەکی هیدڵیی (جددی)، دادپەروەر و راستگۆیانە رەخنەکەی نووسی، ئەوکاتە هەم نووسەر و هەمیش خوێنەر سوودمەند دەبێ.

لەو روانگەیەوە رەخنەگری سەرڕاست، وەك نووسەر، خولیای هونەری خۆیەتی و بە رێگای رەخنەکانییەوە دەخوازێ بوونی خۆی دەربڕێ. رەخنەگر پێویست ناکا لە رەخنەکانیدا بە زارقەڵەباڵغیکردن لە چەمکەکان، قسەی لە قوتووکراوەوە خۆێنی خۆی تاڵ بکات و خوێنەر بێهوودە بکات. دیارە بوونی رەخنەگرێکی ئیدیالی لە زمانی کوردییدا، شتێکی ئاسان نییە. وەلێ لەو دۆخەدا دەبێ بەوەندە دڵخۆش بین کە دەمنادەم رەخنەیەکی باش، ئەو رەخنەی کە هەڵگری گەمەی جوانناسییەکی خەملیو و رۆچوونێکی کارایە بەناو دەقدا، بخوێنینەوە. ئەو رەخنەگرە هەست و ویژدان فەرامۆش ناکا، کە ئەو لەبەرانبەر خوێنەردا بەرپرسیارە کە دادپەروەر و بە ئەمەك بێ، تاکوو خوێنەر بڕوای پێ بکات. بەمجۆرە رەخنەگر دەبێتە ئەو بەرپرسیارە دڵسۆزەی کە لە ئەرکە ئەدەبییەکەیدا بەرتیلخۆریی و گەندەڵی رەتدەکاتەوە. لێرەوە دەبێ ئێمەی خوێنەریش هانی گەشەکردنی ئەو چەشنە رەخنەگرە بدەین. تاکوو بواری ئەدەبیشمان، وەك بواری سیاسی، دانەهێزرێ، بە گەندەڵی ئەو نەوەیە گۆش نەکا.

بە دیوێکی دیکەش، هۆشیاری لەوەدایە کە خەڵکی گشتی خۆی فێر ئەوە بکات، دوور لە ناساندنە باش یان خراپەکانی ئەو رەخنەگرە خاوەن "رێسێپت"، قالبە ئازادانە کتێبی باش بخوێنێتەوە.

لێ دواجار، ئاخۆ ئەوە قەدەری نووسەر و رەخنەگری کوردە، کە هەتا هاتایێ پاشکۆی ئەو مۆدە ئەدەبیی و رەخنەییانە بێت، کە بە درەنگەوە لە عارەبیی و فارسییەوە ئاوەز و ژیانمان دەتەننەوە؟ ئەرێ ئەوە قەدەری کوردە، بواری رۆشنبیرییشمان، وەك بواری سیاسی، پشت لە کۆمەڵگا و ئایندەوە خەریکی قۆرخکردنی سەکۆیە رۆشنبیریی، رەخنەی بەرتیلخۆریی، دوژێن و پیاهەڵدەریی" گەندەڵاندنی ژیانی زمان بێت؟ کەواتە چارە چییە؟

لە وتاری داهاتوودا زیاتر وردەکارییەکانی ئەو رەوشە رۆشنبیرییە ئەمڕۆ و سەرهەڵدانی ئەو رەوتە نوێیەی کە بە "شیعری گەنج" ناودەبردرێت شیدەکەمەوە...

## شیعری گەنج: بوونێكی سەرنجڕاكێشە نەك خۆكردنە بە سەرنجێكش

"كام ئاستەنگ ڕێگە لە ئێمە دەگرێت كە بە زەردەخەیەكەوە باسی هەقیقەت نەكەین".

هۆراتیۆس

(لە كتێبی: نیتشە "گرفت –ڕمانی ڤاگنەر– Fallet Wagnar")

***

شیعری كوردیی ڕابردوو، یان بە واتای تەوەرەكەی "كوردستان ڕاپۆرت" (2009.11)، كە تایبەتە بە شیعری "گەنج"، شیعری "ئەزمووندار"ەكان لەگەڵ كۆتایی هاتنی سەدەی بیستدا، گیرۆدەی تەنگژەیەكی فرەرەهەند بووە: لە رووی فۆرم و بابەتەوە چیتر ناتوانێت خواست و چێژی خوێنەری ئەمڕۆ مەیسەر بكات. بۆیە ئەو شیعرە، هەروەك شاعیرە "گەنج"ەكان لە بەشی یەكەمی تەوەری ناوبراودا ڕایەدەگەنن، مەیل و پرسیارەكانی ئەو خوێنەرە لەو سەردەمە ئێستاخواز و كاڵاساڵارە دەربڕێت. بە واتایەكی تر: وێدەچێت شیعری"ئەزمووندار"ەكان لە ئاستی بیركردنەوە و ئێستێتیكییەوە چیتر نەتوانن ئەو واقیعە نائامادەیە بۆ ئەو خوێنەر و شاعیرە پۆستكوردایەتییە ئامادە بكەن كە سۆراغی دەكەن. هاوكاتیش ئەو شاعیرە "ئەزمووندار"ە نەتوانێت ڕوحی ئەو سەردەمە بە جیهانیبوون، تەكنیكساڵار و كاڵاخوازە دەربڕێت كە ئەو خوێنەر و شاعیرەی ئەمڕۆیان كردۆتە وێنەی كاڵاكانی خۆیانەوە. بەمجۆرە ئەو شاعیرە "ئەزمووندار"ە، ناخوازێت ئەوە قەبووڵبكات یان بیر لەوە بكاتەوە كە ئەو شاعیرە "گەنج"انەی كە حەز دەكەن خۆیان بە میراتگری شیعری هاوسەردەمی كوردیی بزانن یان دەنگیان ببیسترێت، تەنیا لەبەر ئەوە نییە كە ئەو چیتر ناتوانێت "داهێنان" بكات و "داهێنەر" بێت، بەڵكوو هاوكاتیش چونكە ئەو شیعرەی وی كە خەمەكانی زیاتر شەحنكراوە بە پرسی ئازادی نەتەوایەتیی، یان بە واتای ژان فرانسوا لیۆتار، هەڵگری "داستانە مەزنەكان"ە یانیش هەڵگری زمانێكی سیمبوولیی، هاوردەیی و ئاڵۆزكاوە.

كەواتە هەموو سەردەمێك زمان و دەنگێكی تایبەت بە خۆیەوە بەرهەمدەهێنێت. بەمجۆرە ناكرێت زمان و دەنگی شیعری ڕابردووی كوردیی، دەربڕی دەنگ و زمانی شیعری ئەمڕۆش بێت. ئەگەر ئەمڕۆ لە كوردستان دیاردە و دەنگی جیاواز لە بواری ئەدەب، هونەر و بوارەكانی تری ژیاندا لە دایك نەبوو بێت، كەواتە وادیارە جڤاكی كورد لە ڕابردوودا چەقی بەستووە و لەسەر مەرگدایە.

دیارە لە ئاكامی ئەزموونی 19 ساڵەی "كوردانە"ی ئەزموونی سیاسیی كورد و باڵادەستی كاڵا هەوەسبزوێنەكانی بەجیهانیبوون و تەكنیكدا ئەو خەمە نیشتیمانیی و زمانە قورسەی لە كن

ئـەوان کرێـت و بێبەهابوونـە. بـەمجۆرە ئـەو شـاعیرەی ئـەمڕۆ بـە پێچـەوانەی شـاعیری دوێـنێ دەخوازێـت بـە زمـانێکی کۆنکرێتییەوە خەمە خودیی و ئەو ڕۆژگارە لە بێمالّیی و بێڕەچەلّەکەی خۆی دەربڕێت.

لـێ لـەو پەنابردنـەی "شـاعیری گـەنج" بـۆ شـاعیرە "ئەزموونـدار"ەکانـدا جـۆرە هاودژییـەك هەیـە“ ئـەو جـۆرە داخـوازیی و پرسیارکردنە لە "ئەزموودار"ەکان ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شاعیرە "گەنج"ە دلّنیا نییە لەو شێواز و زمانەی کە هەیەتی. بۆیە بۆ متمانە کـردن بـە خـۆیی و شـیعرەکەی پێویسـتی بـە "ئامۆژگـاری" شـاعیرە "ئەزموونـدار"ەکانـەوە هەیـە. کەواتە هەرچەند لە لایەکەوە ئەو شاعیرە نوێیە مەیلی بۆ زمانێکی تری شیعریی و ئامادەکردنی واقیعێکی نائامادە هەیـە کـە ڕۆژگاری ئێستا پەرۆشییەتی، کەچی لە لایەکی تریشـەوە وێدەچێت هێشـتا نـەیتوانیبێت لـە جیهـانی ئـەو شـیعرەی ڕابـردوو دابڕانێکـی ئێسـتێتیکیی و مـاریفی پێشکەشـبکات. لـە هەمبـەر ئەوەشـدا ئـەو شـاعیرە "ئەزموونـدار"ە، کتومـت وەك بـواری سیاسیی و جڤاکیی، بـە هـۆی ئەجێندایـە کۆنپـارێزیی، مجگێـزە خێلّەکییەکەیـەوە، چـونکە لـە تاکـە ڕوانگەیـەکی نـەریتیی و بەسەرچوودا چەقیبەستووە، هەر بۆیە هەولّدەدا بە بیانۆی نەبوونی جۆرە "ئیزافە"یەکی نـوێ لـە کـن ئـەو شـاعیرە نوێیـە و بەردەوامی "داهێنان"ی لە شیعری خۆیدا، مانەوەی خۆی وەك دەمراسـتی شـیعریی کـوردیی بپارێزێت. بەمـەش ئـەو ڕەوتـە شیعرییە وەك ئۆپۆزیسیۆنێکی تازەباو پەراوێز بکات. لێبـەلّێ، کـاتی ئـەوە نـەهاتووە لـەو شـاعیرە ڕابـردوو، "ئەزموونـدار"ە پرسـیار بکرێـت، ئـەرێ دەکـرێ پێناسـەیەکی کـۆنکرێتی ئـەو "داهێنـان"ەی خۆتمـان بـۆ بکـەیت؟ ئـاخر ئـەو شـاعیرە "ئەزموودار"ە لەو تەوەرەدا بە تەرزێك قسان هەلّدەدات، هەروەك گوایە "شاکاری" جیهانی بۆ نووسیوین. بۆیە کـاتی ئـەوە هاتووە، بە واتای نیتشەیی، کە پێویستە ئێمـە "سـاتێك هـەوا بگـۆڕین. هـەوا! ئـاو و هـەوای زیـاتر!"[(1)]، تـاکوو ئـەو کـەژ و هەوایە نەگۆڕەی بواری ڕۆشنبیرییمان لەو گێژاوە بێدار بکەینەوە.

بەمجۆرە کاتێك ئەو ڕەوتە شیعرییە نوێیە دەتوانێت لەو دۆخە ئۆپۆزیسیۆنە پەراوێزکراوەوە ڕزگار بێت کە بە زمـانێکی نـوێی شیعرییەوە سەرنجمان بۆ ئامادەکردنی ئەو واقیعە نا ئامادەیە ڕابکێشێت کە خـۆی خـەونی پێیـەوە دەبینێـت. ئامـادەکردنی واقیعێکـی نائامـادەش، بـە گەڕانـەوە بـۆ نیتشـە، بێدارکردنـەوەی "مەزنـدە، پێشهەسـتیی و گومانەکانـە... ئـەو هـزرە کەلّەکـەبووە هێشـتا لـە دایك نەبووانەیـە... ئاژاوەیـەك کـە لـە نـوێڕا تووشـمان دەبێـت... ئـاژاوە مەزنـدە، پێشهەسـتیی و گومانەکان بێدار دەکاتەوە..."[(2)]

بەلّێ، ئەم نووسینە، بە واتای ژیل دولۆزیی، وەك نمایشی پێشەنگایەك، فیلمێك و کۆپلە کۆپلەی دیمەنگەلێکی ئـەو ڕەوشـە خەمۆکـە کولتوورییـە داپۆشـراوە، قـۆرخکراوە و دەمبەسـتکراوە، دوای تووڕهەلّـدانی ئاسـتەنگەکانەوە، "بـە دەم زەردەخەنەیەکەوە هەقیقەت"ەکان پێشکەشدەکا و بە گۆ دەهێنێت. (سەبارەت بـەو شـێوازە دولۆزییـە، بڕوانـە: فەلسـەفەی کۆچەری، و. هەندرێن، چاپخانەی نما، هەولێر2005).

لێرەدا، لە کاتێکدا کە نووسەر و دەسەلاّتدارانی کورد زۆر حەز لە سوود وەرگرتن لـە ئـەزموونی جیهـانی دەکـەن، هەرچـەندە گوازتنـەوەی ئەزموونـە ڕۆشـنبیریی و سیاسـییەکانیش ڕەهەنـدی بازاڕییـان وەرگرتـووە نـە ڕەهەنـدی گـۆڕینی بیرکردنـەوەی کردەیی، بۆیە بێسوود نابێت ئەگەر سەرنج بۆ ئەزموونی ئێستای ئەدەبی سوێدیی ڕابکێشم، کە هاوینی ئەمسـالّ، 2009 لـە دەستپێکدا دەستەیەك لە شـاعیر و پەخشاننووسـی نـەوەی ئێسـتا "مانیفێسـت"ێکیـان بلاّوکـردەوە. لەوێدا ڕایانگەیاند کـە پێویستە شێواز و ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبە باوەی سـوێدیی نوێبکرێتـەوە. لـە هەمبـەر ئەوەشـدا دەسـتەیەکی تـر لـە نووسـەری

ژانرنووسی جیاواز "مانێفێست"ێکیان بە پێچەوانەی ئەو "مانێفێست"ەوە بڵاوکردنەوە. لە ئاکامی ئەو دوو "مانێفێست"ە دژ بە یەکەدا نووسەرگەلێکی "گەنج" و "پیر" بۆ چەند مانگ مشتومڕێکی فرە روانگە و رەهەندیان لە مێدیاکاندا دروستکرد. دیارە ئەو مشتومڕانە لەسەر نوێکردنەوەی زمانی ئەدەبی سوێدیی، بە رێگای چاوپێکەوتنی ناچارکراو نەبوو، بەڵکوو نووسەران خۆیان بە نووسینی وتار رای خۆیان پێشکەش دەکرد. لێ لە کن نووسەر و مێدیای کوردییدا کۆی کێشە گەورەکانمان لە ئاستی چاوپێکەوتن و پرس پێکردنی سەرپێی قەتیس دەمێنن. بۆیە دوای خەتمبوونی چاوپێکەوتنەکانەوە کێشەکان وەك خۆیان دەمێننەوە و هیچ ئاکامێکیان نابێت. ئەمەش خوێنەر لە ئاستی دەڤۆکیی و بەرتەکیی هەستەکی دەهێڵێتەوە.

پرسیار ئەوەیە: تۆ بڵێی دەقی نووسەرە "ئەزموندار"ەکانی سوێدیی "داهێنان"یان نەما بێت، بۆیە ئەو نووسەرە "گەنج"انە لە پێناو پەردەدان بە "داهێنان"ی نوێ ئەو "مانێفیست"ە یان بڵاوکردەوە؟ نەخێر، بۆ نموونە شاعیری ناسراوی سوێدیی تۆماس ترانسترۆمەر تا ئێستاش لە "داهێنان" بەردەوامە و یەکێکە لە کاندیدە نزیکەکانی"خەڵاتی نۆبل". هەروەك هێشتا چەندین شاعیر و رۆماننووسی نەوەی رابردوو سوێدییش لە ئاستی "داهێنان" جیهانیدان. بۆ نموونە، رۆماننووسی ناسراو تیسگ لارشۆن، کە لە 2004 دا مردووە، دوا کتێبی "پیاوان کە رقیان لە ژنانە"، کە جۆرە رۆمانێکی "دێکەرێ"، جۆرە رۆمانێکی ئاوێتەکراوە لە نێوان خەیاڵ و واقیع کە هەستی ترس بە خوێنەر دەبەخشێت، لە کۆی ئەو زمانە ئەوروپییانەی کە وەریان گێڕاوە، 25 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. کەچی هیچێك لەو نووسەر و شاعیرە "ئەزموندار"انەی سوێدیی بەو نووسەر و شاعیرە "گەنج"انەیان نەگوت، کە ئێمە تا ئێستا "داهێنان" دەکەین و ئێوەش "ئیزافە"یەکتان نییە. هاوکاتیش کەسێك لەو نووسەر و شاعیرە سوێدییانەی کە نوێکردنەوەی زمانی ئەدەبەکەیان بە پێویست دەزانن، وەك نووسەری کورد لەو تەوەرەی "کوردستان راپۆرت" و بواری تردا دەیبینین، تکا لە نووسەر و شاعیری "ئەزموندار" و بەناو ناسراو لێ دەمچەفت و سافیلکە لە ئاستی رەخنەدا ناکەن کە دەبێت قسان بکەن لەسەر شیعری نوێ و کۆن!

ئاخر عەنتیکەیە لەو تەوەرەی "ك. راپۆرت"دا نووسەر هەیە وەك "ئەزموندار" تکای لێکراوە لەسەر شیعری "گەنجان بوەعزێنێت، کەچی ئەو "ئەزموندار"ەش تکا لە شاعیرانێك دەکات قسان بکەن کە لە بواری رەخنەدا بێ زمانن. ئەو تەرحە لە نووسەرە تێنگات کە دەکرێت کەسێك چەند شیعری "باش" بنووسێت، یان لە کن پێرکدا شاعیرێکی تایبەت بێت، لێ مەرج نییە ببێت بە واعیزێکی شیعرناس و رەخنەگر. هەروەك دەکرێت کەسێك شیعری "خراپ" بنووسێت، لێ دەکرێت رەخنەگرێکی "باش" و داهێنەریش بێت. بەڵێ، لەم ساڵانەی دواییدا لە ناو پێڕی نووسەراندا بۆتە مۆدە، وەك خەسڵەتی قەل، عەلەشیش، ئەگەر نووسەرێکی "ناسراو" یان یەکێك لە سەرۆك پێڕەکانی ئەو نووسەرانە ناوی نووسەرێك ببات، ئیتر ئەوانیتر پێکڕا، وەك قیڕە قیڕی عەلەشیش، لە هەموو قسەیەك کە بیکەن، بێ ئان و سات، ناوی ئەو چەند نووسەرە لەسەر زارانە دەجوونەوە.

لەوەش گەڕێین، لە پەیوەندی بە مەیل و دۆخی ئەو شاعیرە "گەنج"ەدا، رەنگە دەکرێت زۆرینەی ئەو شاعیرە "گەنج"ە چێژ لە "گازێك لە هەرمی روحەوە" وەرنەگرێت کە هی بەندەیە. چونکە ئەو نەوەیەی ئەمڕۆ لە یادەوەریی زمانەکەیدا خاوەن ئەزموونێکی ئەوها نییە، تاکوو نۆستالژیا و پەرۆشییەکی بۆی هەبێت، بەڵکوو ئەو خەریکی دەستبەرکردنی ئەزموونێکە لە ئێستا و داهاتوودا. بۆیە کێشەکە لە جیاوازی رووکەشی "شیعری گەنج" و "شیعری "پیر"دا نییە، بەڵکوو لە خەمی جیاوازی شیعر و مرۆڤەکاندایە. گوتمان دیارە ئەو شیعرە، بۆ ئەوەی ئەو یادەوەریی– شوێن–چیاکان کە شوێنپێی لە

روحی مندا ریشئاژۆیە بە دەست ئەو ئەخلاقە "مێشسالاریی"، دەغەزار، دەعەجانبوونەی ژیان کە لە کوردستاندا لـە ئارادایـە نەبێت بە "مێش"، بانگی ئەو رۆحە دەکات "هەلّنێت"، چونکە "هەڵهاتن بە مێش–بوونە". ئـەو شـەڕە نـاوەکیی و پـەرۆشـی بۆ بەهای یادەوەرییە بـۆ شـاعیر و خوێنـەرێکی شـەیدای "خـاریج"، جیهـانی دیگیتـالیی و رۆژنامـەخوێن مانایـەکی ئـەوتۆیان نییە. بۆیە رەنگە زۆر ئاسان ئەو شیعرە بە شیعریش نەزانن. ئیّ کەیفی خۆیانـە، دەبـا بەرێگـەی خۆیانـدا بـڕۆن. کەواتـە ئـەو شاعیر و خوێنەرە "گەنج"انە دەخوازن شیعرێك بنووسن و بخوێننەوە کـە خەمـە "وردیلـە" خـودیی و زمـانی ئـەمڕۆی ئـەوان دەرببڕێت.

ئەگەر ژیان بریتی بێت لە سەفەرێکی هەمیشە و شیعریش سەفەرێکی ناوەکیی بێت بەناو ئەو ژیانەوە، کەواتە ئەوە ژیانە یـان زایەڵەی زمانە بە دەمڕێوە شاعیری نویّ بەرهەمدەهێنێت، تاکوو ئەودیوی ژیان، ئەو واقیعە نائامادەمان بۆ ئامـادە بکـات کـە ئەو هەستی پێدەکات و مەیلی نمایشکردنییەتی.

لەو دیدەوە ئێستا مەیلێك بۆ رەوتێکی "نویّ" شیعریی لە دایکبووە کە بـە شـیعری گـەنج" نـاودێر دەکرێـت. دیـارە مـن ئـەو بەناوکردنەی "گەنج" بە کێشە دەزانم، چونکە دەستەواژەی "گەنج" زیاتر وێنەی تەمـەنێکی فیزیکیـی دیاریکراومـان بـە یـاد دەهێنێتەوە نەك بیرکردنەوەیەکی نویّ . بۆیە لێرەدا من حەز دەکەم دەسەتەواژەی رەوتێکی شیعریی نویّ بەکار بهێـنم. ئـەو رەوتە شیعرییەش، لە پێناسەیەکی سادە و تاکڕەهەنددا، هەرچەندە دیمەنە گشتییەکەی بە منداڵێکی بـاقۆ، هـەراش نـەبووی ئەو رەوشە سیاسیی، ئابووریی و جڤاکییە گەندەڵ و بـیّ "سیاسـەتی کولتـووریی"ە دەچـێت. لـیّ بەشـێکیان هەرچـەند، بـە واتـای نیتشـەیی، "نـاتوانن ئـەو بـەها نـەریتیی و چـەقیوە شـیعرییانە تێکبشـکێنن، خـەمی بـە دیارخسـتن و بـە گۆهێنـانی واقیعێکە کە لە جیهانی شیعر–بوونایەتییەکەیدا پـەنادراوە" ئـەو واقیعـەی کـە وێدەچـێت تـەنیا دڵەخورپـەکانی زیـاتر بکـات، تاکوو هەمیشە بگەڕێت، بنووسێت. گەلۆ شاعیر لـە گـەڕانی بـەردەوامی بـۆ ئامـادەکردنی ئـەو ژیانـە نائامادەیـەدا بێجگـە لـە بەرینترکردنی تەنیایی و دڵەخورپەکان، چیتری دەستدەکەوێت؟

بەهەمـە حـاڵ، تـاکوو ئـەو گومـان و پرسـیارانە لەمـەر شـیعری "رابـردوو" و "ئـەمڕۆ"دا کـە لـە ئارادایـە بـۆ "ئـەوانیتر"–خوێنەرانیش ئاوەڵا بکەینەوە، دەکریّ بپرسین: گەلۆ ئەو شاعیرانەی کە سەرچاوەی جیهـانبینیی و نۆرمـە شـیعرییەکەیان لـە بیرکردنەوە تاکڕەهەند و باوەکـانی حـەفتا و کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـتدا ریشـئاژۆیە، کـاتی دابـڕان و "نـویّ"کردنـەوەیان نەهاتووە؟ کێن ئەوانەی کـە دەبێـت ئـەو ئەرکـە لـە ئەسـتۆ بگـرن؟ ئـەو رەوتـە شـیعرییەی کـە بـە "شـیعری گـەنج" نـاودێر دەکرێت، کە لە بزاڤێکی بەرهەڵستکاریی پەراوێزخراو دەچێت، لە چتۆ ئاست و دۆخێکدایە؟

***

دیارە لێرەدا مەیلی ئەوەم نییە کە وەك "پسپۆڕ" یـان شـاعیرێکی "ئەزموونـدار"، وەك قسـەی مـەجلیس یـان بەرتـەکێك لـە مجگێزیی خێڵەکیی بڕیار لەسەر "داهێنەر"یی و "داهێنان"ی دەقەکانی شاعیری "رابردوو" و "ئێستا" بدەم. هەڵبەتـە ئـەوە 19 دەسـەلاّتی ئـەو پێوانـە مجگێـز (میـزاج)ییـە لـە ئاسـتی سیاسـیی و رۆشـنبیرییدا ژیـان، مـاف، ئـازادیی و ئەرکـەکانمان دەقەبلێنێت. چونکە، وێڕای ئەوەی گەلحۆییە ئێمە بڕیار بدەین کە کیّ بۆی هەیە بنووسێت یان نەنووسێت.

وەکو تر، لە کن من، ئەگەر دەقێك یان ئەزموونێك دڵکێشم بکات، وەك بـاوە، لـە گفتوگۆیـەك یـان سـتوونێکی رۆژنامەوانییـدا ئاماژەی بۆ ناکەم، بەڵکوو بە گوێرەی توانا، چێژ و دۆخـی دڵنـەرمی کاتـەوە، بـە دەر لـە رەهەنـدی "پـیر" و "گـەنج"، وەك

ئەوەی خۆم ئەو دەق و ئەزموونەم بە جوانیی و ناشیرینییەکانەوە بەرهەمهێنا بێت، مشتومالّی دەکەم، دەیلاوێنمەوە و سەرکۆنەی دەکەم. ئەگەر خوێنەریش ئێتیکی نووسینی هەبێت دەبێت ئەو ئاکارەی منی لە دیاد گرتبێت، کە من، لێرەدا بیّ ئەوەی لەسەر خۆم بکەمەوە، لەسەر بەشێك لەو شیعرەم نووسیوە کە لەسەری نەنووسراوە، کە "نەناسراو" بووە و دەبوو/دەبیّ ناسبکرێت. دیار من لە گفتوگۆیەکمدا لە گۆڤاری "رامان"دا، 2005 بە چڕی ئاماژەم بە گرینگی شیعری ئەو نەوەیەی ئێستا داوە.

ئاشکرایە دەمێکە دیاردەی ئەو بۆشاییە شیعرییە لە نێوان نەوەی رابردوو و ئەمڕۆدا لە ئارادایە. هاوکاتیش دەمێکە ئەو نەوە نوێیە لە بواری جووڵای رۆشنبیریی و ئەدەبییدا ئامادەیی هەیە. وەلیّ ئەگەر لە کن ئەو شاعیر و نووسەرە "ئەزموونداری"انەوە ئەو چەند شاعیرە "گەنج"ەی، کە لە وەلامە مەیلە و لە یەکچووەکانیاندا لە تەوەرەکەی " کوردستان راپۆرت"دا ئاماژەی پێدەکەن، شیعری "جوان" دەنووسن یان داهاتووی "باش"یان هەیە، ئەی بۆچی بەر لەو تەوەرەی کە لە ماوەی مانگی 11 و 12ی 2009 لە" کوردستان راپۆرت"دا سازکراوە جارێك لە جاران لە نووسینێکیاندا ئاماژەیەکی بایەخداریان پێنەکردوون یان کۆڕێکی تایبەتیان بۆ ساز نەکردوون؟ بۆ نموونە نووسەر و شاعیرەکانی "یەکێتی نووسەرانی هەولێر"، کە لە زۆر دەزگای تریشدا کاربەدەستن، دەکرێت پێکەوە بە گوێرەی توانا، بە دەر لە بەهای ماددیی هەرنا بۆ جۆشدانی ئەو دۆخە مت و مردۆخەی رۆشنبیرییەی کە لە کوردستاندا لە ئاردایە، زنجیرە کۆڕێك یان تەرزە فیستیڤالێکی دوور لە بەهای ماددیی لە حەوشە داخراو و خەمۆکەکەی "یەکێتی نووسەرانی هەولێر" دا بۆ ئەو دەنگە شیعرییە نوێیە یان هاوبەش لە نێوان هەموو دەنگ و نەوەکاندا بسازێنن. (دەزانم ئێستا دەلّێن، ئێمە کۆشیعر و شیعرگەلی "گەنج"انمان لە گۆڤارەکانماندا چاپکردوون). کێشەی ئەو گۆڤارانە ئەوەیە، ناتوانن لەو شێوازە نەریتییە تێبپەڕن. ئەمڕۆ ئەوکاتە گۆڤارێك بە شێوەیەکی کارا دەتوانێت کاریگەریی لەسەر رۆشنبیریی کوردییدا هەبێت، کە لە ئاراستەیەکی ئامانجداردا لە روانگەی تیۆریی فرەرەهەندا تەوەر لەسەر بابەتە نوێیەکان بسازێنێت. لە کاتێکدا کە مرۆ وەك پێشنیاز بە خاوەن ئەو گۆڤارە ناوبراوانە دەلّێت، بۆ تەوەرێك لەسەر ئەو بابەتە یان ئەو نووسەرە فەرامۆشکراوە ناکەنەوە، هەمیشە وەلامیان ئەوەیە تەوەر سەختە، چونکە نووسەر نییە بنووسێت! من خۆم بەر لە چەند سالّ جارێك کە داوام لە یەکێك لەو گۆڤارانە کرد، کە بە قسەی خۆیان "باشترین گۆڤارە"، کە تەوەرێك لەسەر مەسعود محەمەد بکەنەوە، کەچی وەلامیان ئەوەبوو، کە کارێکی وا سەرناگرێت، چونکە نووسەرانێکی خاوەن توانامان بۆ تەوەر نییە جا کە رەخنەش لە ئاست و نەریتی کۆنی ئەو گۆڤارانە دەگریت، دەماریان سوار دەبێت! کەواتە ئەو قسەیەی کە دەلّیّ: هێشتا نووسەرانی رابردوو "ئیبداع"یان ماوە، مایەی گالّتەجاڕیی نییە؟

ئەگەر وانییە، دەبێت بەشێکی گرینگی ئەو بابەتە ئەدەبییانە ئەرکی "یەکێتی نووسەرانی هەولێر" و "یەکێتی نووسەرانی کورد" بێت، (نازانم هیّ لەوەی هەولێر و دهۆك، یەکێتی نووسەرانی کورد هەیە؟ دیارە ئەوەی دهۆك هیچ پەیوەندی بەوەی هەولێر و نووسین و نووسەرانی غەیرە بادینیی نییە) ، کە بە لای کەمی سالانە بە شێوەی جیاواز کۆڕگەلێکی فرەوان، فیستیڤالی ئەدەبی بکەن. هەروەك جێگەی سەرنجە، نووسەری ئەمڕۆ لە خۆی ناپرسێت: بۆچی "وەزارەتی رۆشنبیری" ، کە زیاتر خۆی بە گۆرانیی سەرقالّکردووە، ئەو هەموو بودجەی کوردستانە لە سەر حیسابی رۆشنبیریی کوردییدا لە بەرهەمهێنانی کلیپی عەنتیکە بۆ کچە گۆرانیبێژە گەنج یان بەناو نوێیەکان بە سەفەری لوبنان و میسر و تورکیا خەرجدەکات، کەچی هیچ بایەخێك بەو دەنگە شیعرییە نوێیە نادات؟ چما ئەو شاعیرە "ئەزموونداری"ە ناپرسێت: ئەو

"وەزارەتـە..." بـۆ ئاهـەنگێڕان و بەزمگـەرمکردن داوەتـی دەیـان گۆرانبێـژی بـێ "ئیزافە"ەیـەکی نـوێ دەکـات، ئـەدی بـۆ فیستیڤاڵێك بۆ ئەو دەنگە شـیعرییە نوێیـە نارەخسـێنێت، تـاکوو ئەوانـەی کـە هـەڵگری ئومێدی "ئیزافـە"یـەکی شـیعریی و ئەدەبیین بەهرەکەیان بڕسکێن ؟ تۆ بڵێی شـیعر لـە گـۆرانی گـۆتن بێبایەخـدارتر بێـت؟ ئـاخر مایـەی گاڵتـەجاڕیی نییـە، کـە نووسەرێك لەو نەوەی ئێستا ئەو بابەتانە ناوروژێنێت؟ لێرەدا مەبەستم نییە بەهای موزیك نەك "گۆرانی بـازاڕیی" لـە بـەهای شیعر بە کەمتر بزانم، بەڵکوو مەبەستم ئەو وێنە گشتییەی ئەو "وەزارەتی ڕۆشنبیری"یەیە کە تاکوو ئێستا نیشـانیداوە. (لـە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، لە وتاری "گۆرانی نوێ: هونـەرێك لـە سەرسـووڕهێنەریی و وزەیـەك بـۆ ڕسـکانی کولتـووریی"دا باس لە ڕۆڵی موزیك و کێشەکانی ئەو وەزەرەتی ڕۆشنبیرییەم کردووە). چونکە، نیتشـە واتـەنی: تـا ئـەمڕۆ ئـەو وەزارەتـە " تەنیا پارە بۆ موزیکی نەخۆش" و شتی عەنتیکە بەکار دەهێنێت. ئەوکات نیتشە دەگـوت "شـانۆیە گەورەکـەمان بـە ڤاگنـەر دەژیت."[3]

کەواتە ئەرێ جێگەی گومان و پرسیار نییە، کە ئەو وەزارەتە، بە نـاوی ڕۆشـنبیریی و لەسـەر حیسـابی بودجـەی حکومـەت و هاووڵاتیانەوە، بە ملیۆن دینار لە "فسیتیڤالی جگەرخوێن" و پەیکەرەکـەی، ڕێزلێنـان لـە هێـدیی و ... تـاد دوای بـە هـەدەر ببـات، کەچـی نـەتوانێت بـیر لـە سـازکردنی کۆڕێـك یـان یـادێکی ڕۆشـنبیریی لایەقـدار بـۆ نووسـەرگەلێکی وەك عەبـدولخالق مەعروف، مەسعود محەمەد، شوکور مستەفا و چەندین نووسەر و هونەرمەندانی بەهاداری تر بکاتەوە؟! ئامادەوەکو تـر مـن لە وتاری "بە جڤاکیکردنی سیاسەتی ڕۆشـنبیریی لـە کوردسـتاندا"، باسـم لـە ئـەرکی "وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی"ەیـەکی کـارا کردووە.[4]

***

لێـرەدا دیسـانەوە بێسـوود نابێـت، کـە وەك ئاراسـتەیەکی هاوتـەریب (پـەرەلێل) ئامـاژە بـۆ ڕۆڵـی گۆڤـار و نووسـەرە بـە "ئەزموون"ەکانی سوێد بکەین. دیارە لە سوێدیش ئەوە ئەو شاعیر و نووسەرە "ئەزموندار" انەن کە بـە ڕێگـای فیسـتیڤاڵ، گفتوگۆیی ڕەخنەیی، تەوەر کردنەوە لە گۆڤار و ناوەندە ئەدەبییەکانیانەوە، دەنگی نوێی ئـەدەبیی و هونـەریی دەرپسـکێنن. بۆ نموونە، دوو ساڵ لەمەبەر گەورەترین چاپخانەی سـوێدیی "Bonniers" کۆشـیعری "Silverfisken"، کـە ڕەنگـە بە کوردیی مانای " ماسی زیویی" بگەیەنێت، بۆ کیژە شاعیرێکی 26 ساڵە، سۆفیا ڕاپ یۆهانسۆن چاپکرد. دیارەئـەو کچـە شاعیرە لە "نەخۆشخانەی دەروونی" ئەو کۆشیعرەی نووسیبوو. شاعیر لەناو زمانێکی شیعرییدا ئەزموونی سـەختی منداڵیی و هەرزەکاریی، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ باوکیی و ژینگە منداڵییە ئازاراوییەکـەی ئاشـکرا دەکـات. لەوێدا خوێنـەر بـە هەسـتی نیگـەران و بەدەسـت مامەڵـە سێکسـییەکانی بـاوکی لەگـەڵ ئـەودا ئاشـنا دەبێـت. بـە کـورتی ئـەو کۆشـیعرە بـە شـیعراندنی ئەزموونی منداڵیی و هـەرەزەکاریی خۆیـەوە، جیهـانێکی شـاراوەمان بـۆ بـە گۆدەهێنـت کـە لەمـدیوی ئەخلاقـە بینراوەکـانی کۆمەڵگەدا لە ئارادایە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کۆشیعرە لە میدیاکانی سوێدییدا گفتوگۆیەکی گەرم لەسـەر ئـەو چـاپکردنی ئـەو کۆشـیعرە سـازبوو. چونکە بەشێك لە ڕەخنەگرە کۆنپارێزەکان پێیان وابوو کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە نەدەبوو ئەو کۆشیعرە چاپبکرێت. چـونکە، بە ڕای ئەوان، ئاشکراکردنی ئەو ڕەفتارە نائەخلاقییە کە باوکی لەگەڵیدا کردوویەتی، کاریگەریی نەرێتیی بەسـەر کۆمەڵگـەوە دەبێت. بە پێچەوانەی ئەمەش، بەشێکی تر لە ڕەخنەگرە لیبراڵـە نـوێ، ڕادیکـاڵ و چـەپڕۆکان ئـەو کۆشـیعرەیان لـە ئاسـتی شـیعریی و ئازادییـەوە، پەسـندا. دواجـار ئـەو کچـە شـاعیرە بـوو بـە شـاعیرێکی ناسـراو. هەرچـەند ئـەو کـیژە شـاعیرە لـە

"نەخۆشخانەی دەروونی– شێتخانە"یە ، کەچی خەریکی داهێنانە. ئەو شاعیرە ئەو دۆخە نەخۆشی دەروونییەی کرد بە داهێنان. ئەدی قەول هەمووومان باس لەوە ناکەین، کە کردەی شیعریی ئاشکراکردنی جیهانە نائامادە و حەشاردراوەکانە؟ کردەی شیعر، ئۆکتاڤیۆ پاز واتەنی، توانایەك بە مرۆ دەبەخشێت: " کە بتوانێ هەمیشە دەڤەرە تازەکان داگیر بکات، بەڵام کە مرۆ خۆی قاچی خستە ناو ئەو دەڤەرانە ببنە خۆڵەمێش، ئەمەش پرۆسەیەکی فراژاوە بۆ مەرگێکی تازە لە دایك بوونەوەیەکی تازەتر."(5)

بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر شاعیرێکی نەخۆش و نەناسراو کۆشیعرێکی وا بۆ چاپخانە و گۆڤارێکی کوردیی بنێرێت، چۆن دەبێت!

***

بەڵێ، ئەو رەوتە شیعرییە نوێیە نەخەملێوە، وێرای ئاستی رۆشنبیرییەکی رۆژنامەوانی و گرفتی جوانناسیی لە زمانییدا، لێ هەڵگری خەمی جیاوازی جڤاکیی، کولتووریی و زیاتر ناسنامەی خودییە، کەچی لە گفتوگۆ ئەدەبیی و بواری رەخنەدا کەم و زۆر بایەخیان پێنادەرێت. یەکێك لە هۆکردەکان ئەوەیە، کە بەناو رەخنەگر و گۆڤار و وەشانخانەکان لە سنووری بیرکردنەوەیەکی تاکڕەهەندیی و باوی ئەدەبیی و چەند شاعیری رابردوو و بە ئیدۆلکراودا چەقیان بەستووە. وەك گوتمان، سەرچاوەی ئەو بیرکردنەوەیەش لە شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو، مۆدێرنیزمدا ریشەداژۆیە، لەوێدا شیعری کوردیی شێواز و ناوەڕۆکێکی نوێ دەپۆشێت. ئەمەش لە دواجاردا بوو بە روانگەیەك کە ئەمرۆ رێگەنادا ئەو رەوتە نوێیە بە ئازادی بڕسکێت. لە ئاکامی ئەمەشدا ئەو رەوتە شیعرییە نوێیە، وەك دەنگێکی "ئۆپۆزیسۆن"، کەمبایەخکراوە.

هەموو دەزانین، وەشانخانە بوجدارەکانی وەك "ئاراس" و "سەردەم" بە تایبەتی ئەوەی دوایی حەز دەکات وەك دەزگایەکی "سەربەخۆ" بناسرێت، بگرە وەشانە بەناو "ئەهلی"یەکانیش، چۆن کۆشیعر و کتێبی شاعیر و نووسەرە "گەورە–پیر"ەکان، سەرباری دووبارە چاپکردنەوەی "کۆی بەرهەم"ە کۆنەکانیان، بە فەڕاحی چاپدەکەن، کەچی شاعیرێکی "گەنج" یان "نەناسراو" دەبێ بە تکا و واسیتە یان لە کۆڵانی حیزبییەوە ئەو چاپخانانە رازی بکات تاکوو کۆشیعرێکی بۆ چاپبکەن. بەڵێ، هۆکردێکی سەرەکی ئەو رەشە رۆشنبیرییە مردۆخ و سەقەتەی ئەمرۆ، پەیوەندی بە وابەستەبوونی کۆی دەزگا رۆشنبیریی، گۆڤار و چاپخانەکانی کوردستانە بە حیزبە باڵادەستەکانەوە.

ئەمرۆ لە ئەدەبی کوردییدا هەر تەنیا دەنگی ئەو شاعیرە "گەنج"ە نوێیە هیدلی (جددی)یە پەراوێز نەخراوە، بەڵکوو خودی کردەی شیعر، یادەوەریی زمان و کولتووریی خوێندنەوەش بێبەها کراون. ئاخر ئەوە تراژیدییە، ئەمرۆ لە کاتێکدا جڤاکی کورد لە دۆخێکی ئاڵۆزی سیاسیی و رۆشنبیرییدا دەژێت، کەچی، بۆ نموونە، لە شارێکی وەك هەولێردا کە گوایە پایتەختی کوردستانە مانگانە سێ کۆڕ و سێمیناری لە بواری جودای سیاسیی و رۆشنبیرییدا تێدا ناکرێت. لەوەش گەڕێ، کتێب خوێندنەوە مانای نەماوە. بۆ ئەوەی مرۆ لەو رەوشە رۆشنبیرییە کلۆڵەی کوردستان تێبگات، ئەوندە بەسە کە سەیری شێوازی کتێبفرۆشییەکانی کوردستان بکات، کە لەوێدا کتێب بە سووکترین شێوە نمایشدەکرێن. باسی ئەوەش ناکەین کە لە کۆی کوردستان دوو کێبخانەی رێك و پێك نییە. ئەمرۆ لە کوردستاندا ئەو کۆڕە تاك و تەرایانەی کە لە مێدیاکاندا نمایشدەکرێن، تەنێ لە هۆڵە داخراوەکانی رێکخراوە حیزبیی و بەناو "مەدەنی"یەکاندا دەگوزەرێن، تەنیا بەشێك لە ئەندامانی ئەو رێکخراوانە، لە پێناوی بەردەوامی بازاڕەکانیاندا، ئامادە دەبن. بۆیە ئەو کۆڕە مەبەست دووکاندارییانە هیچ

بەهایەکی رۆشنبیریی و کاریگەرییەکی جڤاکییان نییە.

بۆ ئەوەی ئەو دۆخە شیعریی و کولتوورییە هەرزانکراوە بگۆڕدرێن دەبێت پایەکانی ئەو نووسەر، شاعیر و ناوەندە رۆشنبیرییانەی کە بە رێگای دەسەڵاتی حیزبیی و ئابوورییەوە دەمڕاستی رۆشنبیریی و شیعریی دەکەن هەڵبوەشێنرێنەوە. بە گرینگ نەزانینی ئەو رەوتە شیعرییە نوێیە شتێکی ئاساییە، چونکە کاتێك، نە رەخنەگرێك، نە تیڤییەك، نە چاپخانەیەکی "ناسراو" و باڵادەست لەسەریان نەنووسن، دیدارێکیان لەگەڵدا نەکەن و کۆشیعرەکانیان چاپنەکەن چۆن بناسرێن؟ چۆن وزە و کێشە شیعریی و زمانەکانیان بزانێن و بزانن؟ کاتێك گۆڤار و پاشکۆیە ئەدەبییەکان کۆشیعرەکانی ئەو شاعیرە گەنجە نەناسێنێت، چۆن خوێنەر دەیکرێت؟

***

لێرەدا ناچارم راشکاوانە"بە زەردەخەنەیەکەوە" بێژم، بەشێکی زۆری ئەو پاشەگەردانییە شیعریی و پەراوێزخستنەی دەنگی گەنج پەیوەندیان بە سیاسەتی یان ، پەیوەندی بەو گوڕاو و مجگێزە خێڵەکییەی گۆڤار و پاشکۆگەلێکی بودجەدار و باڵادەستەوە هەیە ، کە وەك وزەیەکی ژیان پەرۆشخۆری ئەو دەنگە نوێیانەی ئێستا و رابردووی شیعری کوردیی نین. لە کاتێکدا دەبێت ئەوانە وەك دەزگای بوجەداری حیزبی بە دەستپێوەگرتنەوە بوار بۆ رسکان و دەرکەوتنیان بڕەخسێنرێت. بەڕای من، خەمی ئەو گۆڤار و "رەخنەی چاودێر" ە بودجەدار و دەسەڵاتدارانە زیاتر بۆ مانەوەی خۆیان، وەك بەشێك لەو توێژە ئەریستۆکراتییە تازەباوە، تەنیا لە خزمەتی پێڕێکی پەسەندەرانەی ئەو شاعیر و نووسەرە بەناو "گەورە و داهێنەرانەی"ە، تاکوو شەرعییەت بۆ قۆرغکردنی ئەبەدیی ئەو گۆڤار و پاشکۆ و دەزگا ئەدەبییانە وەرگرن. دیارە ئەو پێڕەی کە ئەو "پاشکۆ ئەدەبی" و "دەزگا رۆشنبیریی"انەی بەڕێوەدەبەن بە پاڵپشتی بودجەیەکی قەبەوە بڕیار لەسەر "داهێنەریی" و "نادادهێنەریی" شاعیر و دەق دەدەن. بە رێگای بەڕادانانی نووسین و دیداری دووبارەوە خەریکی پەسندان و بە پاڵەوانکردنی پێڕەکانی خۆیان و ئەو شیعرانەش بڵاودەکەنەوە کە خۆیان پێیان خۆشە. لە کاتێکدا ئەوە ئەرکی ئەو بڵاوکراوانەی"ە کە بە تەوەر و خوێندنەوەی جیاوازەوە ئەو دەنگە نوێیانەی ئەمڕۆ بەسەر بکەنەوە، تاکوو داهاتووی زمانی کوردیی ئاوەدان و شکۆمەند بێت.

بەڵێ، لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤار و پاشکۆ ئەدەبییانە گوایە تەنیا "شیعر و نووسینی داهێنەران" بڵاودەکەنەوە، کەچی بەشێك لەو پێڕە، کە من لە نزیکەوە دەزانم، بۆ مەیلی "ئاشقایەتی" یان خۆ شیرینکردن، شیعری هەندێ ژن و پیاو بڵاودەکەنەوە، ئەمەش دەمامکی "پسپۆڕی"یان لە شیعر لەسەر رووخساری ئەرستۆکراتییانەیان هەڵدەداتەوە. لەوەش بترازێین، هەر هەمان تاقمی "رەخنەی چاودێر" بە ناوی ئەدەب و کولتووری کوردییەوە ساڵانە بودجەیەکی بێسنوور لە سامانی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان بۆ چاپی کتێبەکانی نووسەرانی هاوپێڕەکان و داوەتکردنی نووسەرانی کورد و بێگانەی هاوپێڕی خۆیان بۆ فیستیڤالە ئەجێندا حیزبییەکانیانەوە، تەخشان و پەخشان دەکەن. چەند شاعیری گەنجیش داوەتی ئەو فیستیڤالە دەکەن، ئەمەش ئەوەندەی هاندانیانە بۆ وەرگرتنی "خەڵات"ێکی ماددیی نەك مانەویی، هێندە هاندانیان نییە بۆ خۆ پەروەردەکردن.

لەوەش بترازێین، لە ژێر سێبەری ئەو دۆخە رۆشنبیرییە ستەمگەرەیەدا وێڕای ئامادەبوونی مێگەلێك لە بەناو رۆژنامەنووس و نووسەر لەو فیستیڤالەدا، کەچی هیچیان بە ئەرکی خۆیان نەزانی قسەیەك لەسەر ئەو رەفتارە بوودەڵەیە بکەن. بەڵێ، پارسال، 2008 دوای ئەوەی کە مانگێك ئەو پێڕە نووسەرە مشخۆرەی کە ساڵانە خەریکی بازاڕی "فیستیڤالی گەلاوێژ"ن

له "رەخنەی چاودێر"دا قسەی رازاوەیان لەسەر رزگارکردنی فیستیڤالەکەیان لە پاشکۆیی حیزبیی، پێرگریی و شارچییەتی هەڵڕشت، منیش بۆ رەواندنەوەی ئەو گومانەی کە لەسەر ئەجێندا و ئاکاری دەڤەرچییەتیی و حیزبگری ئەو "فیستیڤال"ەدا هەمبوو لێکۆڵینەوەیەکم بەناوی "ئەزموونی بێمالّیی و شیعرییەتی بەرهەڵستکاریی"کرد کە لەسەر دەنگێکی "گەنج"، رابەر فاریق بوو بۆ ناردن. دیارە ئەو پێرە تەنیا لە نامەیەکی ئەلکترۆنییدا خوێنسارادانە هەواڵی گەیشتنی لێکۆڵینەوەکەیان پێڕاگەیاندم. لە کاتێکدا تاقمی "فیستیڤالی گەلاوێژ" سالآنە، بە بیانوّی سازکردنی لۆبی کوردی"وە، خەریکی گاگۆلکێ کردنن بە دوای رازیکردنی چەند نووسەری بیانی بۆ "فیستیڤاڵ"ەکەیان، یان بە رێگای بەرتیلەوە خەریکی کڕینی چەند نووسەری عەرەب و فارسن. ئاخر سەیرە "لێژنەی لێکۆڵینەوە"کەی ئەو بەناو "فیستیڤاڵە" دوای ئەو هەموو بانگەشە و پێوەنانەی، کە گوایە خەمی رۆشنبیریی کوردییەتی، وتارێك قەبووڵ بکات و "خەڵاتی دووەم"ی پێبەخشێت، کەچی لە فیستیڤالەکەیاندا نەشیخوێنێتەوە. لەوەش گەڕێ، کە داواتکردنی من پارەی تێدەچوو، یان تا ئەو پارەیەی بۆ داوەتکردنی من سەرفی دەکەن لە داوەتکردنی پێڕی خۆیان ێان لە رازیکردنی نووسەر و شاعیرێکی هەمیشە داواتکراوی عەرەبیی، فارسیی و ئەورووپیی خەرجی بکەن، لێ ئاخۆ "خەڵات"کردنی لێکۆڵینەوەیەك بێخوێندنەوە و بێ ئاگادارکردنەوەی منیش، مایەی گاڵتەجاڕیی ئەو "فیستیڤاڵ"ە نییە؟ . (بۆ پینەکردنی ئەو گەندەڵییەش، لە کن ناسیاوێك گوتبوویان وامانزانییەوە هەندرێن لە هەولێر دەژێت. ئای لەو گەمە ریسوا و سافیلکانەیە!)

لێرەدادواجار پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەو ئەجێندایەی لە پشتەوەی "فیستیڤالی گەلاوێژ" ئامادەیە، ئەجێندایەکی حیزبیی و دەڤەرییە یان رۆشنبیریی؟ "فیستیڤالی گەلاوێژ"، کە زۆر حەز دەکا وەك فیستیڤالێکی"سەربەخۆ" و لە خزمەتی "کولتووریی کوردیی"دا بیناسین، بە کام پێوانە و چۆن بەناوی هەردی شاعیر، نووسەر و هونەرمەندانێکەوە سالآنە "خەڵات" دابەشدەکات ؟! ئەدی ئەگەر ئەو فیستیڤالە بێلایەن و لە خزمەتی رۆشنبیریی کوردییە، کە مەبەستم بێبایەخکردنی ئەو ناوانەی خەڵاتیان بەناو دابەشدەکرێت نییە، بۆچی لە بواری لێکۆڵینەوە، شیعر و هونەردا "خەڵات" بە ناوی گۆران، مەسعود محەمەد، عەبدوڵخالق مەعروف، ، تایەر تۆفیق، عەلی مەردان، سەید عەلی ئەسغەریی و ... تاد دابەش ناکات؟!

***

لەوەش بترازێین، ئەگەر نووسەرێك پەرۆشخۆری رەهەندی ئێتیکی نووسین و نووسەریی بێت، دەبێت سەرنجێکی رۆشنبیریی لە ئاکاری "یەکێتی نووسەران"ی هەولێر بدات، کە مرۆ نازانێت "سۆسیال بیرۆ" یە یان مەکۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵێك نووسەری هاوڕێی هاوئامانجی ماددیی و سیاسییە. دیارە یەکێتی نووسەران" گەرەکە بۆ هەموو نووسەری پەرۆشخۆر ئاوەڵا بێت. یان سەکۆیەك بێت بۆ دەسپێوەگرتن بە کار و باری ژیان و بەرهەمی نووسەران. وەلێ "یەکێتی نووسەرانی هەولێر" کە بە "تەوافقی مسبق" سالآنە، بێ نەریتێکی ئەدەبیی و بێ ئەوەش پێشوەخت کەس بزانێت، پارە بەناوی "خەڵات"کردنەوە بەسەر نووسەری هاوپێڕ و دەسەڵاتداردا دابەشدەکا. پارساڵ ئەو "یەکێتی نووسەرانی هەولێر"ە بێ ناونیشانێك، نەریتێکی ئەدەبیی و پێوانەیەکی "داهێنەر"یی، لەسەر وەزنی ئەو قسە نەستەقەی کوردیی،"شین و شایی دەستەوایی"مەیەوە، بە ئامادەبوونی "وەزیری رۆشنبیری"ی و "پارێزگاری هەولێر" ، چەند نووسەرێکی "خەڵات"کرد. باسی ئەوەش ناکەین کە هەندێکیان زیاتر دەسەڵاتداری میدیای حیزبین نەك پیشەی نووسین. هەموو دەزانین بودجەی ئەو "یەکێتی نووسەرانی هەولێر"ە لە کوێوە دێت و ئەوانەی سوودمەندیشن کێن.

بەڵام کەس ناپیرسی: ئاخۆ جەماعەتی "یەکێتی نووسەرانی هەولێر" لە روانگەی کامە خەمی رۆشنبیرییەوە سالآنە بێ

ئـەوەی كـەس لـە هۆكـار و سەرچـاوەی ئـەو پارەیـە ئاگـادار بێـت كـە بـەناوی "خـەڵات"ەوە بەسـەر خۆیـان و كەسـانی دەسـەڵاتداری نزیـك بـە مجێگێـزی خۆیانـەوە دابەشـی دەكـەن؟ بۆچـی پارسـاڵ دوای هەفتەیـەك لـە دابەشـكردنی خەڵاتـە "تەوافق"ەكەیاندا بەسەر پێڕی خۆیانەوە، كـە گـەنجێكیان تێـدا نـەبوو، "وەزیـری ڕۆشـنبیریی" و پارێزگاری هـەولێر"یـان خەڵاتكرد؟! هەڵبەت ئەو پارە دابەشكردنەی "یـەكێتی نووسـەران" خـەڵات نییـە، بـەڵكوو كۆمەكییـە. چـونكە "خـەڵات" لـە هەموو وڵاتێكی غەیرە پاشەگەراندا مانایەكی كولتووریی هەیـە، كۆمەكییـەكی مانـەوەیی نووسـەرانە تـاكوو بـەردەوام بـن لـە نووسـیندا، هـەروەك بەشـێكی گرینگیشـە لـە "سیاسـەتی كولتـووریی" . دیـارە "یـەكێتی نووسـەرانی هـەولێر" خـاوەن ئـەو كولتوورە ئەدەبییە نییە كە "خەڵات" ببەخشێت. لێ سەیر ئەوەیە، لە كوردستاندا واتای "خەڵات" تەنیا لە بـەهای ماددییـدا كورتكراوەتەوە. بۆیە پـاش هـەر خـەڵات دابەشـكردنێك نووسـەران، لـە بـری سـازكردنی گفتوگۆیـەكی ڕۆشـنبیریی كـراوە لـە مێدیاكاندا لەسەر نادادپەروەریی ئەو "خەڵات"دابشكردنە و گەندەڵیی ئـەو "یـەكێتی نووسـەرانی هـەولێر"ە، كەچـی ئـەو لـە مەجلیس و چایخانەكانی كوردستاندا دەردە دڵ و منگە منگ دەكەن.

گەرەكە بێژم، بەشـێك لـە ئەركـە گرینگـەكانی ئـەو "یـەكێتی نووسـەرانی هـەولێر"ە كۆمـەكییكردنی ئـابووریی ئـەو شـاعیرە "گەنج" و ئامادەكردنی كۆڕ و داواتكردنی نووسەرە پەرۆشخۆرەكان بێت.

بۆ بیرهێنانەوەی ئەو شاعیرە گەنجە كە پێی وایە تەنیا ئەو بایەخی پێنادرێت، ناچـار ئامـاژە بـە حیكایـەتێكی خـۆم بكـەم. من بەهاری 2008 كە بەسەردان هاتمەوە كوردسـتان بـە نیـاز بـووم لـە ڕوانگەیـەكی "مێـژووی هزریـی"ەوە كۆڕێـك لەسـەر دیاردەی نووسینی ڕۆمان و ڕۆمـان خوێندنـەوە پێشـكەش بكـەم. بـۆ ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ بـە كـەریم دەشـتی شـاعیر و چـەند نووسـەری تـری نزیـك بـەو "یـەكێتی نووسـەران"ەم ڕاگەیانـد كـە ئەگـەر پێیـان خۆشـە ئـەو كـۆڕە لـە "یـەكێتی نووسـەرانی هەولێر"دا ئەنجامیدەدەم، كەچی وەڵامیان نـەبوو، وسـكت بـوون. لـە كاتێكـدا وێـڕای ئـەوەی كـە ئـەو بابەتـە بەهەرمێنـە لـە كوردستاندا كە كەسـێك شـتێكی ئـەوتۆی لەسـەر نـەگوتبێت كـە سـەرنجكێش بێـت، دەبـوو ئـەو بەڕێوەبـەرانی ئـەو"یـەكێتی نووسەرانی هەولێر"ە كە، هەرنا ئێوارەیەك لەو بەتاڵییەی كە ئێواران لە "حەوشە"كەیاندا بەسـەری دەبـەن بـەو كـۆڕە پڕیـان بكردباوە.

لەوەش گەڕێ، داوام لەو "یەكێتی نووسەرانی هەولێر"ە كرد كە ئەگەر دەكرێت سەبارەت بە واژووكردن و نەكردنی ئـەوان لـە تەك ئەو "داخوازینامە"ی كە بۆ بە سـتاندەردەركردنی زمـانی كـوردیی ئامادەمـان كردبـوو قسـەیان هـەبێت، كەچـی خۆیـان بێدەنگ كرد. دواجار ئاكامی ئەو بێباكییەی ئەو "یەكێتی نووسـەران"ە بابـەتی كۆڕەكـەم، وەك بێئومێدییـەكانی تـر، لەگـەڵ خۆم هێنایەوە سوێد.

كەچـی پارسـاڵ "یـەكێتی نووسـەرانی سـوێد" وەك ڕێزگرتنێـك لـە چـاپی دیوانـە وەرگێڕدراوەكـەم بـۆ زمـانی سوێدیی"سكاندیناڤیا...." و بەرهەمەكانی ترم، مەسرەفی هەموو سەفەرەكە و خانووی تایبەتی خۆیان لـە شـاری ئەسـینا بـۆ پشوودان پێبەخشیم. ( لێ بە هۆی دڵەخورپەی كاتەوە نەمتوانی ئەو سەفەرە بكەم). تـۆ بڵێـی تـاقمی "یـەكێتی نووسـەرانی هەولێر" هێندە لە مـن "ئەزموونـدار" و "خـەباتگێڕ"تـر بێـت، یـان تـاكوو ئاسـتی ئـەدەبی یەكێتییەكـەیان دانابـەزێت، بۆیـە بێدەنگیان لە سازكردنی ئەو كۆڕە كرد؟ یان تۆ بڵێی مجگێزی خێڵەكیی ئەوان لەگەڵ هەڵوێستی سیاسـی و ڕۆشـنبیریی منـدا وای لێكردبن وسوكتی بنوێنن؟! بەڵێ، ئـەو دەزگـا بـەناو ڕۆشـنبیریيانە وەفايـان بـۆ نووسـەرگەلێكی وەك مەسـعود محەمـەد نەبێت كە ئامادە نین جارێك بە چاپكردنی كتێبێكی، یان كۆڕێك لەسـەری یـادی بكەنـەوە، چۆن گرینگـی بـە شـیعری نـوێ و نووسەرێكی دوور لە دەسەڵاتی حیزبەكانیان دەدەن!

***

لەوەش زیاتر، مرۆ کاتێك لەو "تەوەرە"دا ئەو زمانە هاودژ (پـەرادۆکس)ە و خەمهێنـەرەی نووسـەران، بـە تایبـەتی شـاعیر و "پۆستئۆپۆزیسیۆن"ێکی وەك فەرهاد پیربالْ دەخوێنێتـەوە، ناتوانێـت، بـۆ ئـەوەی، خـۆی لـە "تـووڕە"یـی ئـەو نووسـەرانە بپارزێزت، بێدەنگ بێـت. دیـارە لێـرەدا لـە سـۆنگەی دەسـتپێوەگرتن بـە جۆشـدانی ئـەو بابەتـە و رێـزم بـۆ فـەرهاد و کـۆی نووسەرانەوە بە کراوەیی و کۆنکرێتی دەنووسم نـەك مەبەسـتێکی تـر. ئاماژە بـە فـەرهاد دەکـەم، چـونکە لـەناو نووسـەر و خوێنەرانی هەولێداوە خۆی وەك شاعیر و "رۆشنبیر"ێکی دژە گەندەڵیی و "شێت" یان "ئەنارشیست" بنوێنێت. فەرهاد لـەو "تەوەرە"دا، وێڕای هاودژیی لە راکانییدا، چونکە دەڵێ ئەو نەوەیە "هیچ ئیزافەی نییـە ..." و دوایـیش دەڵێـت، هەنـدێکیان "باشن". ئێ خۆ نەوەی رابردووش هەموویان داهێنەر نەبوون؟ دوایی ئـەو دەڵـێ نـاوی ئـەو شـاعیرە "گـەنج"انـە نـاهێنم کـە باشن، چونکە "تووڕە" و...تاد دەبن و ، باشە فەرهاد کە سالآنێکە بە دروشم و بانگەشە، کۆڕە شیعریی و سیاسـییەکانیەوە لەمەڕ گەندەڵیی و رۆڵی گەنج و ... تاد خـۆی کـرد بـە چەشـنە "ئیـدۆل" و رابـەرێکی "شـۆڕگێڕێکی"ی بێشـۆڕشـی گـەنجان، کەچی دواجار لە دوا رۆژی هەڵبژاردنی 2009.7، بێ گوێدانە "تووڕەبوون و رق"ی ئەو "گەنج"انە لە خۆیـەوە، وەك خـۆی دەڵێ: لە پێناو ئازادی"رای شەخسی خۆیی و مافی تاکەکەسی..." چوو لـە "زاگـرۆس تێڤـی" دەنگدانی خـۆی بـۆ سـەرۆکی هەرێم، راگەیاند.

لێرەدا مەبەستی من ئاماژە کردن نییە بە راستی و چەوتی ئەو دەنگدانەی ویی و بەرتەکی گەنجـەکانیش، بـەڵکوو مەبەسـتی من ئەوەیە: فەرهاد پیربالْ کە زیاتر حەزدەکات ئەو گەنج وەك شاعیرێکی "سوریالی" و "باوکی روحی گـەنج" بیناسـێت، کـە بە هۆی سافیلکەیی ئەو گەنجەی ئەمڕۆوە توانیشی بە رێگای خۆ بە خـاکی نوانـدن، خۆنزیکردنـەوە و گەمـەی سیاسـیی نـەك "ئەفراندنێکی نوێ"وە لە کن بەشێك لەو گەنجە خۆی سەرنجکێش بکات نەك سەرنجڕاکێش، کەچی بـۆ لـە پێنـاو دەربـڕینی هەمان ئەو"رای ئازاد"ییـەی کـە بـێ رەچـاوکردنی "تـووڕە"بـوونی ئـەو گەنجانـە دەنگـی بـە سـەرۆکی هـەرێم دا، (هەڵبەتـە تووڕەبوون، سووتاندنی کتێبەکانی لە لایەن گەنجانەوە بە هـۆی کـۆی ئـەو رەخنـە و داکۆکیکردنانـەی فـەرهاد لـەو گەنجانـە بوو)، بۆ لەو تەوەرەدا، لە پێناو بەردەوامبوون لەو "مافی دەربڕینی رای ئازاد"ەدا کە لە کـن ئـەو گرینگـە دەنگـی خـۆی بـەو شاعیرە "گەنج"انە نادات کە لە کن ئەو باشن؟! بەرسڤی ئەو پرسیارە بۆ خودی کاکە فەرهاد، خاوەن تـەوەر و ئـەو نەوەیـە بە جێدەهێڵم. لێ کاتێك ئەو رەخنەیە ئاراسـتەی فـەرهاد دەکـەین، مانـای ئـەوە نییـە کـە بەرهەمـە باشـەکانی وی فـەرامۆش بکەین. فەرهاد پیربالْ لە بواری رۆمان و لێکدانەوەی مێژووی هونەر و رۆمانی کوردییەوە هەوڵی جوانی هەیە.

بەڵێ، بەر لەوەی ئەو شاعیرە "ئەزموونـدار"و خوێنـەرانێکی دژە سیاسـەت بڵێن، نابێـت بابـەتی شـیعر و سیاسـەت تێکـەڵاو بکەین، پێویستە بزانین کە هەر هەموو ژیانی ئێمە و بگرە کۆی پەیوەندییـە مرۆڤایەتییـەکان لـە هـەموو جیهانـدا، بریتییـە لـە سیاسەت. دەزانم ئەمڕۆ سیاسەت لە کن زۆرینەی نووسەر و شاعیر و خـەڵکی کـورددا، بـە هـۆی بـە هاومانـەکردنی سیاسـەت بەرانبـەر حیـزب و پاراسـتنی بەرژەوەنـدیی ئابوورییـەوە، وشـەیەکی کرێتـە، کەچـی لـە کوردسـتاندا ئـەوە حزبایەتییـە نـەك سیاسەت وەك خۆی کە کۆی بڕیار و کار و بارەکانی ئێمە دیاریـدەکات، بگـرە ئـەوە حیزبایەتییـە کـە وادەکـات ئـەو شـاعیرە بالآدەستە، "ئەزموونداره" بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەسـەلآتدا دان بـەو رەوتـە شـیعرییە ئۆپۆزیسـۆنە نـەنێت. ئەگـەر وا نییـە، ناوی کۆی ئەو شاعیرە "ئەزموونـدار" و بێئەزموونە ریـز بکـەم کـە بـەرپرس و راوێـژکار و مووچـەخۆری حیزبـەکانن؟! بـەڵێ، سیاسەتە لە سادەترین پێناسەدا، بریتییە لە کار و باری ژیان و ریکخستنی ئەرك و مـەرجی هاووڵاتیـان، تـاکوو لـە جڤـاکێکی

دادپەروەر و ئاسوودەدا پێکڤە بژین.

وێڕای ئەمەش فەرهاد پیربالْ خاوەن گۆڤاری "وێران"ە. بە گوێرەی ئەو تاکە ژمارەیەی کە من دیومە، تازە بە درەنگییەوە ئەوەندە گرینگ بە نووسینی بەختیار عەلی و وێنەکانی دەدا، لە سەرەتای گۆڤارەکەیدا دوو وتاری بەختیار عەلی بە دوای یەکەوە بڵاودەکاتەوە، کە بۆچوونەکانی وی لەگەڵ فەرهاد و پاشخانی گۆڤارەکەیدا زۆر ناکۆکن. ئەدی بۆچی بەوجۆرە بایەخ بەو "گەنج"ە نادات کە ئەو پێی وایە لە زانکۆ دەبێت "ببێتە مەرجەع"؟ ئەها راوەستن! دەزانم ئەگەر ئەو ئاماژەکردنە بە بەختیار بۆ ئەو پێڕە بەناو شاعیر و نووسەرە پاشکۆ و ئەخلاق کۆیلەیە روون نەکەمەوە، یەکسەر چەك بە روومدا هەڵدەگرن و لە گۆڤار و رۆژنامەکانیاندا بایکۆتم دەکەن! نا، مەبەستم ئەوەیە، کە نە شێوازی شیعریی و چێژی فەرهاد و پاشخانی گۆڤارەکەی، کە گوایە بۆ "شیعری سوریالیی" و شکاندنی نەریتگەلێکی وەك "وێران تاقە گۆڤارە دژی ئیسرائیل نییە..." ، لەگەڵ شیعر و بیرکردنەوەی بەختیاردا دەگونجێت و نە بەختیاریش بەو درەنگییەوە پێویستی بە بایەخدانی فەرهادە بەو، کە دەزانم فەرهاد پێویستی بەوە، ئەوها دوو دەق لە دوای یەك و وێنەی بڵاوبکاتەوە. بە کورتی وەك چۆن فەرهاد پیربالْ بۆ خۆکردن بە یەکێك لە "رووناکبیر" انی ئەمڕۆ و بە هەرمێنکردنی بازاڕی گۆڤارەکەیەوە پەنا بۆ بەختیار عەلیی و ئەوانیتر دەبات، بە هەمان شێوەش بۆ گەنجەکانیش سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، وەك لەو تەوەرەی "کوردستان راپۆرت"دا دیارە، ناچارن پەنا بۆ ئەو و شاعیرە دەسەڵاتدارەکان ببەن.

وەلێ لە پەیوەندی بە نەبوونی "ئیزافە"یەك لە شیعری گەنجدا، بۆ جۆشدانی یادەوەریی گەنج و مشتومالْکردنی گفتوگۆکانمان، دەخوازم کۆشیعرەکەی ئێکزیل" بە یاد فەرهاد پیربالْ و خوێنەری ئەمڕۆ بهێنمەوە. ئەو کۆشیعرە، کە من لێرەدا نیازم نییە هەوڵی ئەو مەیلی "ئیزافە"کردنە لەو کۆشیعرەدا بێبایەخ بکەم، وێڕای کاریگەریی زەقی بەشێك لەو شاعیرە سوریالیی و ناسراوانەی فەرەنسی لەو کۆشعرەدا، کەچی بەشێك لە شیعرەکان کۆپیکردن و لاساییەکی راشکاوی فروغ فەروخزادن. دیارە دوای چاپکردنی ئەو کۆشیعرەوە فەرهاد هاتبوو بۆ سوێد منیش بە رێککەوت بۆ یەکەم جاریشم بوو ئەوم لە "فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان" لە ستۆکهۆڵم بینی. لەوێدا، کە هەرچەند من تازە هاتبوومە سوێد و شتێکی ئەوتۆشم لە بارەی ئەدەب نەدەزانی، ئەو لاساییکردنەوە ئاشکرایەی فروغ لە شیعرەکانی ئەوم بەو راگەیاند. وەڵامی دڵکراوەی ئەویش ئەوەبوو، کە ئەوە یەکەم ئەزموونییەتی بۆیە لەمەودوا خۆی لەو کاریگەرییانە دوور دەخاتەوە. دواجار لە نەوەدەکاندا نووسەرێکی دیوی رۆژهەڵات، فەریدوون ئەرشدیی شیعرەکانی فەرهادی لەگەڵ فروغ بەراوردکردبوو، کە بەمەش ئەو راستییە دەرکەوت. لێ جێگەی سەرنجە، لە نەوەدەکاندا، کە ئەوکات کێشەی شارچییەتی و حیزبچییەتی گەرم بوو، لە چەند دیداری فەرهاددا دەمخوێندەوە کە گوایە زۆر خوێندکار لە زانستگای سلێمانیی و هەولێر ویستویانە نامەی ماجستەر (رەنگە دۆکتۆراش؟) لەسەر ئەو کۆشیعرە بنووسن، کەچی مامۆستاکان بە هۆی شارچییەتیی و حیزبچییەتیەوە نەیانهێشتووە بنووسن. هەر ئەوکات نووسەرێکی زۆر پەسنی زۆری ئەو کۆشیعرەیان کرد. لێرەوە سەرچاوەی ئەو رەخنە و رەخنەگرە هەژەندهێنەرەی کوردییمان بۆ دەردەکەوێت. لە بری ئەوەی زانستگاکانی کوردستان رەخنەگریی زانستیمان بۆ بەرهەمبهێنن، کەچی بنووسی پەسەندەر و وابەستەمان بۆ زیاد دەکەن.

ئەو گەڕانەوەیە بۆ ئەو کۆشیعرەی فەرهاد پیربالْ بۆ ئەوەبوو بێژم، لە دەستپێکدا مەرج نییە شاعیر و نووسەران "ئیزافە"یەکی نوێ پێشکەش بە زمانەکەی بکات یان نەتوانن لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی تری خۆماڵیی و بیانییەوە رزگار بن، لێ ئەوە مانای ئەوە نییە نابێت نەنووسن یان نابێت بە هیچیان بزانین.

بەهەمەحاڵ، ئەو زمانە هەڕەمەكییە لەو ناوەندەی نووسەری كوردییدا تا حەز بكەیت قسە هەڵدەگرێت، چونكە ئەو دۆخە خەمهێنەرە سیاسیی و رۆشنبیرییە كە لە كوردستاندا لە ئارادایە، بەرهەمێكە لەو زمانە داخراو، هاودژ" داماڵراو لە ئێتیكە. بۆیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین پێناسەیەكی خەملیو و بەرهەمدار بۆ بوون و نەبوونی شیعری نوێ و بگرە كۆی پرس و كێشەكانمان بكەین، دەبێت هەر لە ئاستی دیمانە و قسەی رۆژنامەوانییەوە رانەوەستین، بەڵكوو بە شێوازی جوودا، تیۆریی فرە رەهەندو ... تاد بەڵگە و بیانۆكانمان كۆبكەینەوە. هێ لەمە ناتوانین نە بۆ خۆمان و نە بۆ خوێنەریش بسەلمێنین كە جیاوازی ئەزموون و سەرچاوەی كێشەكانمان چین.

***

كەواتە مرۆ چاوەڕوان دەكات كە دوای ئەو تەوەرە خودی كارزان رەحمان یان نووسەرێكی تر لەو شاعیرە "ئەزموونەدار"انە لە خۆی بپرسێت: ئەرێ ریزكردنی ناوی ئەو شاعیرە "گەنج" انە بە دوای یەكتردا، پەیوەندیی یان نزیكایەتیی و جیاوازییان لەگەڵ یەكترداچین؟

گریمان ئەگەر زمانی كوردیی دوای نزیك نیو سەدە هێشتا نەیتوانیبێت "ئیزافەی هەبێت" یان رەوتێكی نوێی شیعریی بەرهەمبهێنت، لێ خودی ئەو دیاردەیە مانای قەتسیمان و نەخۆشی یان رامان و پرسیار نییە؟ هەروەك مرۆ ئومێدەوارە كە لەمەودوا چیتر لە كاتی خوێندنەوەی شێوازی پرسیارەكان و وەڵامەكانی "تەوەر" و گفتۆگۆیە ئەدەبییەكان لەنێوان نووسەرێكی "گەنج" و "ئەزموونەدار"دا دیمەنی "ژنخواستن"ی نەریتیی لای خۆمانی بە یاد بێتەوە. لەوێدا كوڕەكە/ كیژەكە ناچارە باوكی یان "پیاوماقوولان"ێك بنێرێت بۆ ماڵی غەزوری كوڕ/كیژەكە تا دڵی رازی بكەن. كەواتە بۆچی ئەو شاعیرە "گەنج"ە بە ناو هێنان و نەهێنانی ئەو لە كن ئەو شاعیرە "ئەزموونەدار"ە، خەنی خۆش یان تووڕە و بوغزاوی دەبێت؟ پێی وایە كە ناوی هات ئیتر دەبێت بە شای شاعیران؟ بەڵێ، تاكەكەسگەلێك لە شاعیر ئەگەر دەزانن نوێن پێویست ناكات لە رێگای من و تۆی "ئەزموونەدار" ناویان بهێنرێت. هەروەك شیعری گەنج بە رێگای خۆ نزیكردنەوە، وەك ناز و چاوبازیی لە كن شاعیرە مێیەكان و هەڵەكسێ بۆ ئەم و ئەوی "ئەزموونەدار" سەرنجراكێش نابێت، بەڵكوو بە كردەیەك، چركردنەوەی زمانێكی نوێ سەرنجراكیش دەبێت. لە كن من، شاعیربوون، نووسەر بوون ئەوەیە، كە تۆ لەناو دەقەكەتدا خۆت بیت نەك لە دەرەوەی دەقدا ناتوانیت سەرنجی خوێنەر بۆ خۆت وەك شاعیرێك رابكێشیت.

لێرەدا ناكرێت ئاماژە بە نموونەی شاعیرێكی خاوەن زمانێكی زایەڵەدار" نیگار نادر نەكەم، كە لەو تەوەرەی "ك. راپۆرت"دا شاعیرە "ئەزموونەدار" و "گەنج"انە لە ناو ریزكردنە مجگێزییەكانیاندا فەرامۆشیان كردوو. لێ ئەگەر ئێتیكی رەخنەیی لە كن ئەو "ئەزموونەدار" و رەخنەگرە بێ چێژەی كوردییدا هەبێت، گەرەكە بزانن كە نیگار نادر، وەك باوە لە كن زۆر كیژ و كوڕی شاعیر و هونەرمەندی ئەمرۆ، بێ ئەوەی بە خۆ هەڵواسین بە پێڕی نووسەران و مجگێزی فیستیڤاڵ و بڵاوكراوە حیزبییەكانەوە خۆی بكات بە سەرنجكێش، كەچی وەك بەهرەی منداڵبوون لە كن ژندا، بە بەرهەمهێنانی منداڵێكی شیعریی لە هەناوی زماندا، بوو بە ئەزموونێكی سەرنجراكێش. شیعری وی، وەك هۆنینەوەی كەزیی و چینینەوەی خەناوكە بە مورو و مەرجان و زەنگیانەی رەنگین بە دەم دەنگی گۆرانییە روح چیایی و پێدەشتییەكانەوە، ئەو وشەگەلە لێكترازاو و لێكدابڕاوانە دەهۆنێتەوە كە زمان لە دوای خۆیدا بە جێیهێشتوون.

***

بەڵێ، تا مجگێزە گوندییە، كینەی شەخسی، پێڕی بەرژەوەندیی و ... تاد سەرچاوەی هەڵسەنگاندن بێت لە كن نووسەری

کوردییدا، ئەو پەراوێزخستن و ستەمگەرییە هەژەندهێنەرانە لە بواری رۆشنبیری و سیاسییماندا زیاتر دەبن. بۆیە ئەو نەوەی ئێستا و داهاتوو یان ئەوەی رابردوو خۆی کە خۆی بە "داهێنەر"دەزانێت گەرەکە، بە واتای نیتشەیی، ئەو بەها نەریتییە چەقبەستووانە تووڕهەڵبدەن.

دیارە زۆرێك لەو شاعیرە گەنجە لە پێناو بەرزکردنەوەی دەنگی خۆیەوە، سەرقاڵن بە داکۆکیکردن لەو نووسەر و شاعیرە "ئەزمووندار"انەوە. کە ئەرکی ئەوان نییە. هەندێ جاریش لە نووسینێکی رۆژنامەوانیدا، وەك پسپۆڕێکی شیعر و ئەدەبییش، بریاری رەها لەسەر بێوێنەیی ئەو دەقە یان تاکە پاڵەوانییەتی ئەو شاعیرە دەدەن. هاوکاتیش بە چەند قسەی سەر زارەکییەوە دەقێك یان نووسەرێك لە بنەوە دەبڕنەوە! لێ لەوەش سەرنجکێشتر، ئەو ناوەندە رۆشنبیرییە، وەك من بزانم، بەرتەکێکی راشکاوی لە هەمبەر ئەو پێوانەکارییە لەو رەخنە جەڵەبییە نەبووە، کە ئەکامەکەی بێبەهابوونی نووسینە.

لێرەوە ئاخۆ گەرەکە کە خوێنەر بپرسێت: بۆچی و چۆن زۆرێك لەو نووسەر و شاعیرە "گەنج"ە لە ئاستێکی کەمزان و دەروونێکی تەنك و زمانێکی باریکدا بە حەماسەوە پەسنی ئەو شاعیرە "ئەزموندار"انە دەدەن، کەچی ئەو شاعیرە "ئەزمووندارە" بێدەنگی دەنوێنێت؟

ئەو شاعیرە کێشەی ئەوەیە دەخوازێت، وەك گۆرانیبێژە تازەکان بە کلیپێک دەربکەوێت و ببێتە ئیدۆلی خەڵك. هەڵبەت هەندێ شاعیری کیژیش هەوڵدەدەن نەك بە نووسین لەسەر شاعیرە ناسراوەکان، بەڵکوو بە نازی جوانییەوە خودی خۆیان سەرنجکێش بکەن. دیارە ئەوە بەختی کیژانە، کە کوڕان بە هۆی نەبوونی ژنە شاعیری "ئەموندار"، ئەو بەختەیان نییە.

ئەو پێکهاتە دەروونییەی من ئاماژەی پێدەکەم، وێنەیەکی سازێنراوی من نییە، بەڵکوو ریشەی لە جڤاکی کوردییدا هەیە. بۆیە لە خۆڕا نییە کە تا ئێستاش لە جڤاکی ئێمەدا ئەوەی کە دەمڕاستی سیاسیی، داب و نەریت و کۆی بەها ئەخلاقییەکان دەکەن، بریتین لە پیاوە سیاسییە کۆنخواز، مەلا و شێخە یاریزان و نووسەرە مشەخۆرەکان. بەمجۆرە داننان بەو رەوتە شیعرییە ئۆپۆزیسیۆنە لە هەمبەر ئەو ئاوەزە گشتگیرییەی نووسەری کوردییدا، کارێکی ئاسان نییە. چونکە لە هەناوی ئەو نووسەر و سیاسییەی ئێمەدا مەیلی دەسەڵاتێکی ئەبەدیی دەژێت.

***

لەوەش بترازێین، هەرچەند ئەو شاعیرە "ئەزموندار"انە لە تەوەرەکەی "کوردستان راپۆرت"دا هەوڵدەدەن ئاماژە بە چەند شاعیری "گەنج" دەکەن، کەچی هێشتا خۆیان بە دەمڕاستی شیعری ئەمڕۆ دەزانن. ئەو پێداگرتنە لە دەمڕاستی خۆی لە کن ئەو شاعیرە "ئەزموندار"ەدا سەرچاوەی خۆی هەیە، کە لێرەدا شتێکی زۆر سەیر نییە کە بڵێم، چونکە لای ئێمە بە هۆی باڵادەستی ئاوەزی خێڵەوە عەشقی دەسەڵات و شاعیری ئەبەدیی دونیای لەسەر کاولدەکرێت، بۆیە لەو دۆخەدا تاقمێکی رۆشنبیری هاوپەیمان لەگەڵ گوتاری دەسەڵاتدا، لە لایەن حیزبە باڵادەستەکانەوە دەمڕاستی رۆشنبیری پێبەخشراوە و بەو کۆمەکییە ئابووریی، بودجە، مووچەیەی کە لە لایەن حیزبەوە بۆی مەیسەرکراوە، ناوەندە رۆشنبیرییەکانی قۆرغکردووە.

لەو دیدەوە، من لە وتاری "شیعرییەتی خود و رەوانبێژی هاودژیی لە وێناندنی ئێستادا" کە راڤەیەکە لە شیعری ئاریان ئەبوبەکردا، بەشێکی ئەو شاعیرە "ئەزموندار"ە، وەك بەشێك لەو پێڕە نووسەرە دەسەڵاتدارەی ئەمڕۆ بە کوێخا یان بە ئەریستۆکراتی تازەباو ناودێر کردووە. چونکە دوای نیشتەجێبوونی دانیشتوانی دێهاتەکان لە شارەکان، ئۆربانیزە بوون (urbanization) و رمانی رژێمی بەعسەوە خێڵ و خێڵایەتی وەك جاران نەمایەوە. بۆیە لە جڤاکی ئێمەدا سۆزێکی زۆر

بۆ ئەو تاقمە کوێخا، ئاغا و وسەرۆك خێڵ هەیە. لێرەوە حیزبەکان بە تایبەتیش پارتیی و یەکێتی، وەك نۆستالژیایەك بۆ توێژە، لە فۆرمێکی نوێدا پێویستیان بە سازکردنەوەی ئەو نەریتە ئەریستۆکراتیی، خێڵەکیی و ئاغا و کوێخایییە هەیە، لێ بە هۆی تێکچوونی ژیانی گوندەکانەوە سازکردنەوەی ئەو توێژە وەك سروشتی جارانی خۆی ئاسان نەبوو، بۆیە دوای ئەو دۆخە سیاسیی–ئابوورییەی کە دوای رمانی رژێمی بەعس لە کوردستاندا هاتە ئاراوە، پارتیی و یەکێتی لە فۆرمێکی "شارنشین"یدا، لێ بە هەمان گەوهەری "گوندنشین"ییەوە تاقمێك لەو نووسەر و شاعیرانەی حەفتا و هەشتاکانیان کرد بە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو چینە ئەریسۆکراتییەی رابردوو. ئەو تاقمە ئەریستۆکراتە یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە، کە بە لا لووتییەوە سەیری ئەو نووسەر و شاعیرانە دەکا کە لە دەرەوەی سنووره چینایەتیی و پێڕە ئەدەبییەکانی خۆییەتی. بۆیە ئەو نووسەرە ئەریستۆکراتییە تازەباوە، ئەگەرچی لە بەرانبەر بەرپرسێکی دەسەڵات زۆر بەستەزمانە، کەچی بە مجگێڕێکی خێڵەکیی، چەشنە لووتبەرزییەکی بەتاڵەوە قسە لەسەر شاعیرێکی گەنج یان "نەناسراو" دەکات.

لێرەدا چیتر لەمەڕ ئەو بابەتە ناپەیڤم، لێ لە داهاتوودا هەوڵدەدەم بگەڕێمەوە سەری.

***

بەهەمەحاڵ، من کە بە دەر لە نیازی کەسایەتی کەسەکان، لە کولانەی پەرۆشخۆرییم بۆ شیعر بە تایبەتیی و بە گشتیش چاندی کوردییەوە، ئاماژەیەکی پێویست بە کێشەی نووسەر یان گۆڤار، پاشکۆ ئەدەبیی و ئەو چەشنە فیستیڤاله، رەوشە رۆشنبیرییە خاکەسارە دەکەم، مەبەستم وروژاندنێکی رۆشنبیریی ئەو نووسەرانەیە نەك گرژاندنی هەستەکیی.

وەکو تر، من کە، بە واتای نیتشەیی، خوازیارم بەهایە نەریتییەکانی ئەو ناوەندە رۆشنبیرییە ستەمگەرە تێکبشکێنم، لەوە بە ئاگام کە لە هەموو ژیانمدا پاداشتی ئەو رەخنانەی من لەو ناوەندە رۆشنبیریی و سیاسییە باڵادەستەدا، لەوە زیاتر نابن کە تا ئێستا دەستەبەرم کردوون!

لێرەدا گەرەکە دەست خۆشی لەو دەستپێشخەرییەی کارزان رەحمان و رابەر فاریق و سۆران عەزیز – بەشی رۆشنبیریی"کوردستان راپۆرت" بکەین کە توانیان، لە ئاستی گەنجانەی خۆیاندا، ئەو بێدەنگییە بە دەنگبێنن کە دواجار رەنگە ئەو شاعیرە "ئەزموودار"انەش هانبدات کە لە بوار و گۆڤارەکانی خۆیاندا زیاتر بایەخ بە دەقی ئەو رەوتە نوێیە و خەمە رۆسنبیرییەکان بدەن. لێ دەبوو ، بە هۆی ئەوەی کەبانگەشەیەکی زۆر بۆ ئامادەیی دەنگی ژن دەکرێت، لەو تەوەرەدا ژنە شاعیرێکی "ئەزموودار" و "گەنج"یش ئامادە بن، یان من نەمدیوە؟!

دەکرێ ئەو تەرزە هەوڵانە هێور هێور باڵادەستی ئەو رۆشنبیرییە ئاکار ئەرستۆکراتییە تازەباوە کاڵبکاتەوە و دواجاریش، بە پێچەوانەی بواری سیاسییەوە، دەکرێ شاعیری نوێ و گەنج بێنە سەر سەکۆی رۆشنبیریی کوردییەوە. کۆلانەی پەرۆشەوە بۆ دەڵێم، ئەگەر نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ بخوازن بە بوونی زمانەکەیەوە سەرنجراکێش بێت نە خۆی بکات بە سەرنجکێش، دەبێت هەوڵبدەن چالاکتر ئەو ویستی دابڕانە رۆشنبیرییە خەملێوە دەستەبەربکەن، تاکوو بتوانن لە ئاراستەیەکی هاوئاهەنگ و رادیکالدا بەرەو سازکردنی کولتوورێکی نوێ، دوور لە پێڕگەریی و حیزبایەتی بسازێنن. بەمەش دەتوانن بوار بۆ کوولتووری فرەڕەهەندیی و بزۆك، توانا و ئەزموونی نوێ لە ناو ئەو نەوە و نەوەکانی تردا برەخسێنن. بەمجۆرە دەکرێت ئەو دەنگە نوێیە لە هەموو بوارەکانی کولتووریدا برسکێت. ئەوکات ئەو رەوتە شیعرییە نوێیەش دەتوانێت لە بری ئەوەی بە واسیتە یان بە چاوبازیی یان بە پەسندان و شەڕەنگێزیی دژی ئەم و ئەو نووسەرە باڵادەستە خۆی بکا بە سەرنجێکش، دەکارێت بە

کردەی شیعریی و لەناو زمانەکەیدا سەرنجراکێش بێت.

لە وتاری داهاتوو راڤەیەك بۆ ئەو زمانی تەکنۆکراتییە باڵادەستە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەقی شیعر و بیرکردنەوەی ئەو نەوەیەدا پێشکەش دەکەم.

2009.12.9

ستۆکهۆلم

سەرچاوە:

(1) Nietzsche Friedrich,”Fallet Wgner”, Bokfö rlag Symposion, Stockholm 1992, Översä ttning: Ingemar Johansson, p.24.

(2) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: 28.

(3) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: 26.

(4) بۆ خوێندنەوەی ئەو وتارە لەسەر "وەزارەتی رۆشنبیری"، بڕوانە: هەندرێن "خامەیەکی رۆشنبیریی لە پشت گوێی زماندا"، لە بڵاوکراوەکانی هەنار، سلێمانی 2008.

(5) بڕوانە: ئۆکتاڤیۆ پاز،"چامە" و. هەندرێن، گۆڤاری "هەنار"، یان: http://web.comhem.se/handren/images/tolk/chama.pdf

## دۆخی تەکنۆکراتیی، روکەشاندنی زمان

ئەڵبەتە سەرچاوەی ئەو دۆخە شیعریی و رەخنە بێبەرهەمەی کوردیی و رێگاچارەکردنی، ئاخاوتنی زۆر هەڵدەگرێ، لێ لێرەدا هەوڵدەدەم دوای گەڕانەوەیەك بۆ یادەوەریی زمان، ئەزموونی رۆشنبیریی و رەخنەیی رابردووی کوردیی و ئەزموونی رەخنەی ئەدەبی جیهانیی و بە تایبەتیش رەخنەی کۆمەڵناسیی، ئاماژەیەکی خێراش بە کۆمەڵێ رەهەند و بەڵگە دەدەم و لەوێشەوە پێشنیازێکی سووکەڵە بۆ ورووژاندنی ئەو کۆئاگاییە دەکەم، کە، بە لای کەمییەوە، هانمانبدات لەو دۆخە تەکنۆکراتییەی ئێستای زمان و کولتووریی تێبگەین یانیش بەرەو گومان و بیرکردنەوەمان پەلکێش بکات.

دیارە لە هەر قۆناغ و رۆژگارێکدا، وەك دەرهاوێشتەیەك لەو گۆڕان و پرسیارانەی کە لە جڤاکە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەدەن، رەخنەی ئەدەبیی و لەوانەش شیعر ئاراستەی تیۆریی و میتۆدی جیاواز دەگرێتەبەر. لێ لێرەدا دەخوازێ بپرسین: گەلۆ ئەو "توێژینەوانە" ی کە لە رابردوو و ئێستادا لە "رەخنەی کوردیی"دا لەو نموونە باوانەی کە بۆ خوێنەر ئاشکران و سەرچاوەیەکی خۆماڵییان هەبووە و هەیە“ ئەو جۆرە رەخنانە دەرهاوێشتەیەکن بوونە لە پرۆسەی ئەو گۆڕان و پرسیارە جڤاکیی، رۆشنبیریی، ئابووریی و ... تاد؟ بە واتایەکی وردتر: ئاخۆ ئەو "توێژینەوە"ی کە ئەمڕۆ لە بواری"رەخنە"ی کوردییدا لە ئارادایە، دەرهاوێشتەی گۆڕانێکی بونیادیی کولتووریی کوردییە؟ گەلۆ ئەو تیۆریی و میتۆدە تایبەتمەندییانە کامانەن کە "رەخنەگریی کوردیی" لە رابردوو و ئێستادا بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو و کارا پیادەی کردبێت و بکا؟ بەمجۆرە ئەم تەرزە پرسیارە ناچارمان دەکا ئەمانە و پرسیارگەلێکی تری لەو تەرزانە ئاراستەی خۆمان بکەین، کە لە تاکە

وتار، لێکۆڵینەوە و روانگەیەکەوە ناتوانین بەرسڤێکی فرەی چاوەڕوانکراویان بدەینەوە.
بە تێگەیشتنی من، "رەخنەگریی کوردیی"، بە گشتی، چ لە رابردوو و چ لە ئێستاشدا داهێنەری روانگە، تیۆریی و میتۆدێکی خۆیەکی نەبووە و نییە. دیارە مەبەستم لەو چەشنە شێواز و روانگە رەخنانەیە کە دوێنێ و ئەمڕۆ لە بواری رەخنەی کوردییدا باون. هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوە جەختبکەینەوە، کە لە سەدەی رابردوودا، بە تایبەتیش لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لە بواری رەخنەی کوردییدا چەند هەوڵێکی رەخنەی رەسەنی کوردییمان هەیە، کە مخابن بە هۆی ئەو شێوازە رەخنەیەی کە سەرچاوەکەی ئایدیۆلۆژییەکی تەسکبین بوو ، مەبەستم ئەو چەشنە رەخنەیە کە بە "ریالیزمی سۆسیالیستی" باو بوو، ئەو چەشنە رەخنە رەسەنەی کە سەرچاوەکەی لە ناوکۆیی دەقی کوردییدا، پەیوەندییە جڤاکیی و رۆشنبیرییەکانی هەناوی جڤاکیی کوردییدا هەڵقووڵابوو، نەك هەر بە هۆی باڵادەستی ئەو ئایدیۆلۆژییە وشکەڕۆیەی کە لە بواری سیاسییدا باڵادەستبوو، نەبووە سەرچاوەیەك، بۆ فراژانی رەخنەی ئەمڕۆی کوردیی، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ باڵادەستی رەهای ئەو ئایدیۆلۆژییە پەراوێزکرا. مەبەستم لە نموونەی ئەو رەخنە رەسەنە یان هزراندنی دەقیی کوردییەش، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعود محەمەدە لە جیهانی شیعری نالی، "چەپکێك لە گوڵزاری نالی"، سێ بەرگی "حاجی قادری کۆیێ" و زیندووکردنەوە و شرۆڤەکردنی هۆنراوەکانی شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردیی بوو لە لایەن ماڵباتی مەلا عەبدولکەریم مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم و چەند خەمخۆری تر . (لێرەدا داوای لێبووردن لەوانی تر دەکەم کە کەم و زۆر هەوڵی جوانیان داوە و لێرەدا ناویانم نەهێناوە). دیارە بە گشتی ئەو تەرزە رەخنەیەی سەدەی رابردوو گرینگی بە رەهەندی واتاسازیی، ئاهەنگسازیی، مانا و شوێنکاتی شیعر دەدا.
لێرەوە سەرچاوەی کێشەی ئەو چەشنە رەخنە رووکەش و ئایدیۆلژییە بەردەوامییەکە لەو پاشخانە رەخنەییەی کە لەسەر وابەستەبوون و چاولێکەریی دەرەکیی و دواجاریش مجگێزی گوندیی قەتیسماوە. دەخوازم بڵێم، ئەو دیمەنەی کە ئەمڕۆ بەناوی رەخنەوە لە بواری ئەدەبی کوردییدا لە ئارادایە، روانگەیەکی خۆکرد نییە، بەڵکوو بە بیکردنەوەیەکی پاشکۆییەوە گواستنەوە کۆمەڵێ وتەی هەڵبزڕکاو و بیرلێنەکراون نەك کۆنتێکست "ناوکۆیی" کە بە هۆی وابەستەیی نووسەری کوردیی بە زمانی عەرەبیی و فارسیی و ئەو چەشنە وەرگێڕانە پاشاگەردانەی کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردییدا لە ئارادایە بوونەتە مۆدە لە بواری رەخنەی کوردییدا.
لەوەش بترازێین، بە کورتی رەخنەگری کارای ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی ئەکادیمییدا، کار لەگەڵ راڤەکردن، گفتوگۆکردن لەگەڵ دەق و کردەی ئەدەبییدا دەکا. بە واتایەکی روونتر: بەر لە سەرهەڵدانی رەخنەی کۆمەڵناسیی ئەرکی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی ئەوەبوو کە شاعیر و دەق لە شوێن و رۆژگارەکەی خۆیدا پۆلێنبکات.
لێرەوە ئەرکی سەرەکی رەخنەی کۆمەڵناسیی، کە لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا لە رۆژئاوادا هاتە ئارەوە و ئێستاش لک و پۆی جیاوازی لێبۆتەوە، کارکردنە لەگەڵ دیاردە و ناسنامەی گروهە جیاوازەکان و نامۆبوونیان لە جڤاك و ئاوڕدانەوەیە لە ئەدەبی گشتی و کاریگەرییەکانی لەسەر جڤاکدا. لێرەوە دەستەواژەی "رەخنەی کۆمەڵناسیی"، کە یەکەم جار لە سەدەی رابردوودا لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و پاشانیش لە ئینگلستاندا هاتە کایەوە. لە سەرەتادا کۆمەڵناسیی و مارکسیزم کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە هەبوو. ئەو رەخنە کۆمەڵناسییە کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا زیاتر ئاوڕی لە رەفتاری و ئاکاری مرۆڤ و نەریتی خوێندنەوەی لای خوێنەر دەدایەوە. لێ لەو پەیوەندییەدا رەخنەکانی هۆرکهیمەر و ئەدۆرنۆ سەبارەت بە کولتووری کارگەسازییەوە، رۆڵێکی گرینگی هەیە لە بواری ئەدەبی کۆمەڵناسییەوە. ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر جەختیان لەوە دەکردەوە، کە کولتووری کارکەگەسازیی توانی ئاگایی و غەریزە و هەستی مرۆڤ لە قاڵب بدا. ئەو

دوو کۆمەڵناسە مارکسیستە ڕۆژئاواییە، کە دیارترین بونیاتنەرانی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" بوون، وایاندەبینی کە کولتووری کارگەسازیی لە سەرەوەڕا ئاپۆرەی خەڵك مشتومالّ دەکا. بۆیە پەیوەندی نێوان کولتووری کەرگەسازیی و کڕیارەکانی ئەو کولتوورە، پەیوەندییەکی نادیمۆکراتییە، کە ئەمەش ئالۆگۆڕییەکی ساختەکارانەیە، چونکە کارگە کولتوورییەکان ئەو کولتوورەی کە خۆیان بەرهەمهێنەرینە بەسەر خوێنەردا دەسپێنێت.

بەهەمە حاڵ، لێرەدا بوارمان نییە باس لە وردەکارییەکانی رەخنەی کۆمەڵناسیی ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر بکەین کە لە 30ەکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا و لە 50 و 60 ەکاندا بە شێوەیەکی بەرفرە تەنییەوە بۆ زۆر بواری هونەریی، مێدیا و ئەدەب و ... تاد، هەروەك لە حەفتاکان بە دواوە ئەو روانگە رەخنە کۆمەڵناسییە، بە رەخنەی ئێستێتیکی "پۆست ئەدۆرنۆ" ئاقارێکی تری گرتەبەر. دیارە ئەو تەرزە رەخنەیە لەمڕۆی کوردستاندا گرینگی خۆی هەیە، چونکە هاوکات لەگەڵ بەهەرمێنبوونی مەسمیدیا و سەرهەڵدانی تۆڕێك لە بلاڤۆك و بلاوکراوەی کارگەیی– یان بە واتای ئەدۆرنۆیی، هاتنەکایەوەی ئەدەبێکی کارگەیی لە کوردستاندا، ئەو تەرزە رەخنەیە بەهای خۆی هەیە. هەڵبەت مەبەست لە بەهای ئەو رەخنەیە، گواستنەوەی لینگاوقووچی ئەو روانگانەی ئەدۆرنۆ و دۆرکهیمەر نییە، بەڵکوو بە خەمڵاندنی کوردییانەی ئەو روانگەیە.

دیارە رەخنەی کۆمەڵناسیی، هەوڵدەدا بە رێگای زمان، بابەت و رەهەندە جووداکانی دەقەوە، چەشنە خوێندنەوەیەکی هزرووروژێن فەراهەم بکات. بەمجۆرە ئەو رەخنە کۆمەڵناسییە هەوڵدەدا خوێنەر هەمیشە ئەو دەقەی کە دەیخوێنێتەوە وەك بابەتێك بۆ فێربوون، فرچکدان و سەرچاوەیەك بۆ بیرکردنەو و تێڕامان سەیر بکات. دیارە ئەو چەشنە خوێندنەوەیە پەیوەندی بە بوونی توێژێکی بە ئاگا هەیە لە جڤاکدا. مەبەست لەو توێژە خوێنەرە، خوێنەرێکی کارای بێدەنگە، کە دواجار خودی ئەو خوێنەرە لە ژیانی جڤاکییدا دەبێتە رەخنەگرێکی ئەدەبی. ئەو جۆرە رەخنەگرە کۆمەڵناسییە دەقی ئەدەبی تەنیا لە شێواز و چەمکگەلێکدا کورت ناکاتەوە، بەڵکوو دەقی ئەدەبی وەك ئاوێنەیەك لە ژیانی ناوەکی تاکەکەسەکانی جڤاکدا سەیر دەکا. بەمجۆرە دەقی ئەدەبی دەبێتە سەکۆیەك بۆ نمایشکردن و بە گۆهێنانی بوونی دەنگە جیاواز و تایبەتەکانی تاکەکەس و گروهەکانی ناو جڤاك. لێرەوە رەخنەی کۆمەڵناسیی تەنیا بە دوای رەهەندی ئێستێتیکییەوە سەرقاڵمان ناکات، بەڵکوو خوێنەر بەو دیاردە و رەوت و ئەو جیهانە جیاواز و نەگوتراوانەی کە دەقی ئەدەبی بەرجەستەیان دەکاتەوە ئاشنا دەکا و فێری رەخنەگرتن و بیرکردنەوەمان دەکا. کەواتە رەخنەی کۆمەڵناسیی بە خوێندنەوەی دەقێك، جیهانە نادیارەکانی ناوەوەی دەقێك بە گۆدەهێنێ. لەو دیدەوە، کردەی رەخنەگری کۆمەڵناس ئەوەیە، کە بە خوێندنەوەی دەقێك فێری گفتوگۆمان دەکا، گفتوگۆیەك کە هانماندەدا بهزرین. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو رەخنەگرە پێویستی بە فێربوونی بیرکردنەوە نییە، نەخێر. رەخنەگر بە خوێندنەوەی دەقێکەوە هەم خۆی فێری بیرکردنەوە دەکا و هەمیش خوێنەر و مرۆڤەکان. بەمجۆرە ئەو چەشنە خوێندنەوە دەبێتە پەیڤین و رەفتارێکی جڤاکیی. بە کورتی رەخنەی کۆمەڵناسیی هەوڵدەدا بە رێگای خوێندنەوەی دەقەوە کاریگەرییەك لەسەر ئاگایی خوێنەر، جڤاکدا بسازێنێت و بەمەش هانییدا بیربکاتەوە تاکوو گۆڕانێك لە ژیانەکەیدا فەراهەم بکات و ببێت بە مرۆڤێکی کارا و ئازاد یان جڤاکێکی بەرهەمهێن و نوێ. بە دەربڕینێکی چڕتر، لە کن من، رەخنەی کۆمەڵناسی ئارمانجی ئەوەیە مرۆڤ بەرەو هزراندن و بە ئاگابوون هانبدا. دەکرێ ئەو تەرزە رەخنەیەش بە هیچ ئایدیۆلۆژییەکەوە نەبەسترێتەوە، یان بە ئاوێتەکردنێك لە دیدی ئێستێتیکیی و ناوەڕۆکەوە، دەق وەك جیهانێك لە دیاردەکانی جڤاك، روانگە جیاوازەکان، مەیلی تاکەکەسەکان، رەوتە نوێیەکان، تەنگژە دەروونیی و هزرییەکانی جڤاك و ... پێناسەبکرێت. مخابن ئەمڕۆ بە دەگمەن ئەو چەشنە خوێندنەوانە لە بواری رەخنەی

کوردییدا بەرچاو دەکەون. کەواتە ئەوەندەی من تێبگەم، ئەو رەخنە رووکەشە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و شێواز و بابەتێکی بینراوی ئامانجە، کە خودی دەق هەڵگریەتی.

دیارە رەخنەی کۆمەڵناسیی، هاوتەرییە لەگەڵ بزاڤە جڤاکییەکان لە دەستپێکی سەدەی رابردوودا. لەوێ لە سەدەی بیستەوە لەگەڵ دەرکەوتنی چینی بۆرژوازییدا ئاخاوتن لەمەڕ "ئەدەبێکی نوێ" دێتە ئاراوە. مەبەست لەو ئەدەبە نوێیەش، سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ نەبوو لە بواری ئەدەبییدا، بەڵکوو مەبەست لە سەرهەڵدانی چینێکی نوێش بوو کە لە بواری سیاسییدا دەسەڵاتی هەبوو. هاوکاتیش ئەو ئەدەبە نوێیە بە روانگە و مشتومڕە وەرچەرخێنەرانەی ئەو چینە بۆرژوازییەوە دەبەسترایەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە بە هەرمێن بوو. ئەو ئەدەبە نوێیەش تەنیا لە ئاستێکی رۆشنبیرییدا نەبوو، بەڵکوو پەیوەندیشی بە پرسی جیهانبینی، شێوەی سەیرکردنی مرۆڤەکان بە ئایینەوە هەبوو. بەمجۆرە لەوێدا ئەو چینە بۆرژوازییەوە ئەو نووسەرە نوێیە بە هۆی گەشەسەندنی رۆژنامە، بزاڤەکانی خەڵك و بزاڤی سیاسیی کرێکارانەوە گوزارەی لە سیاسەتی ئەو چینە بۆرژوازییە دەکرد کە وەك هێزێکی دەسەڵاتدار بەرهەمهێنەری ئەو گەشەکردنە بوو. هاوشان لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو ئەدەبەی چینی بۆرژوازییەوە ئەو نووسەرانەی کە سەر بە چینەکانی تر بوون بە خۆ کەوتن. بە کورتی لەو رۆژگارەدا ئەو بزاڤە ئەدەبیی و جڤاکییانە بە "پرۆسە بە دیمۆکراتیزەکردن" ناودێر دەکرێت. بە واتایەکی روونتر، دەکرێ بێژین کۆی ئەو بزاڤانە ئارمانجیان بە مەدەنیکردنی جڤاك و دوورخستنەوەی رۆڵی ئایین بوو لە سیاسەت و کاروباری جڤاکدا. هەر بۆیە ئەو ئەدەبە نوێیە وەك ئەدەبێکی وشیارکردنەوەش دەناسرێتەوە. لەوێدا ئەو بزاڤە جڤاکییانە کاریگەرییەکی فرە لە ئەدەب دەکەن. لەوێدا پەخشانی کورت دێتە ئاراوە، کە بە "پەخشانی کرێکار" ناودێر دەکرا. ئەو بابەتانەی کە ئەو ئەدەبە نوێیە کاری لەسەر دەکرد، کاریگەریی بێکاریی بوو لەسەر خێزاندا. وردەکارییەکانی ئەو ئەدەبە گرینگی بە پرسی ئەلکهولویستبوو، زۆر خواردنەوەی ئەلکەهول، رمانی نەریت، دیاردەی بە تەنیا ژیانی ژن، دایکە تەنیا و منداڵ لەباربردن دەدا، کە ئەمەش، بە جۆرێك لە جۆرەکان، لە رەوشی ئێستای جڤاکی کوردیی دەچێت. هەڵبەتە ئەو ئەدەبە ئەو دارمانە ناوەکییەی جڤاك وەك دەرهاوێشتەیەك لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە سەیر دەکرد و هاوکاتیش جەختی ئەوەی دەکردەوە، کە ئەوە ئەرکی تاکەکەسەکانە کە رووبەڕووی ئەو دۆخە دارماوە جڤاکییە ببنەوە. لەوێدا روانگەی چین بنەمایەکی مۆڕالی هەبوو کە رووخساری ئەو ئەو ئەدەبەی دەچنییەوە. بۆیە لەو ئەدەبەدا دەستپێوەگرتن بە پەیوەندییەکی تۆکمەی خێزان وەك کرۆکی مۆڕالێکی جڤاکیی و هاریکاریی چینەکان هەمیشە ئامادەیی هەبوو.
لێرەوە سەرچاوەی ئەو بیرکردنەوەی لۆژیکیی و ئەدەبی کۆمەڵناسیی پەیوەندی بە بونیاتنانی ئەو کولتووورە بۆرژوازییەوە هەبوو کە لە سەدەی نۆزدەدا دەستی بە فراژان و رسکان کرد و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا گەیشتە لووتکە. بۆیە لێکۆڵەرەوانی رۆژئاوایی ئەو قۆناغە بە قۆناغی لە دایکبوون و فراژووتنی کولتووری بۆرژوازیی لە رۆژئاوادا ناودێر دەکەن. دیارە ئەو چینە بۆرژوازییە نوێیە بوو کە رووبەڕووی شێوەی ژیان و کولتووری دەربەگایەتی و ئەریستۆکراتی بووەوە کە تا ئەوکات بەسەر هزر و رەفتارەکانی جڤاکدا باڵادەستبوو. چەمکی تاکەکەس (ئینیدیڤید)یش بەرهەمێك بوو لە دەسەڵاتی ئەو چینە بۆرژوازیە. بۆیە لەوێدا چەمکی تاکەکەس (ئینیدیڤید) بوو بە بناغەی بابەتی کولتووری ئەو چینە بۆرژوازییە.

بەڵێ، لە ئاستی مەیلی گشتیی و رووکاریی زماندا، کردەی شیعر و شاعیربوونیش، وەك هەر کردەیەکی دیکەی کولتووریی جڤاکێك، ئاوێنەبوونەوە یان شەبەنگی ئەمدیوی بوونی ئەو مرۆڤەیە کە زمانەکەی رایدەگەیەنێت. لێ لە ئاستیی ناوەکیی و گەوهەریی زماندا، کردەی شیعر و شاعیربوون، وەك دڵێك لە زمان، خستنە ژێر پرسیار و چرپاندنی گومانە لەو دۆخە رووکەش و جێکەوت و خودووگرتووەی مرۆڤ، زماندا.

لێرەوە، ئەو رەوشە تەکنۆکرات، رۆبۆتیی، دیگیتالیی، پچڕ پچڕ و مۆدە بێکاکڵانەی کە جڤاکی کوردیی جڵەوکردووە، شیعر، زمانیشی تەنیوەتەوە. چارەسەرکردنی ئەو زمان و مۆدە بە ئەشق بۆیەکراو، حیکایەت ئامێزی وابەستەیەی شیعر بە ویست و خواستی دەرەوەی خۆیەوە، پەیوەندی بە بوونی گومانێکی بە کۆمەڵی رەخنەگر، خوێنەریی کوردیی و ناوەندە رۆشنبیرییی و جڤاکییەکانەوە هەیە. لە جڤاکێکی وەك کوردستاندا کە کۆی کردەی نووسین، پەیامی مێدیا و سیاسەتی کولتووریی کە ئەمانەش چالاکیی زمانیی کوردین، رووکەشێنراو، بێکاکڵە کرابن، ناکرێ چاوەڕوانی بەرهەمهێنانی ئاگاییەکی کولتووریی و زمانێکی شکۆمەندیی نووسین و ئاخاوتن بکەین. بە کورتی کاتێك ئێمە گەوهەری زمانمان بۆ ئاستی ئاخاوتنی سەر زارەکیی نەك هزریی یان هۆشەکیی کورتبکەینەوە، ئەوکاتە ناتوانین بە تەنیا شیعری کوردیی ئەمڕۆ بۆ ئەو خۆکردییە، هەڵگریی یادەوەریی زمانی خۆیی، نەریتی رەسەنی خۆیی و ئامادەبوونی ئەو خودەی بە جیهانێکی گۆڕاو لە ئێستادا بگەڕێنینەوە.

ئەمڕۆ زمانی کوردیی، بە تایبەتیی لە باشووردا، لە رەوشێکی سەرگێژدا دەژێت: لە لایەك روحی زمانی کوردیی، شیعر تا هەنووکەش بە برینی گۆڕان و دارمانە قووڵەکانی نەوەدەکاندا دەناڵێنێ، لافاوی ئازادیی زمان دوای نەمانی رژێمی بەعس، نغرۆبوونی ئەو ماوە کورتە لە ئازادییە بە شەڕی نێوان حیزبەکان، کە لەوێدا قووڵترین برین لە روحی زمان، شیعردا درا. دواجاریش دوا رمانی سەدام و رژێمەکەیی و نقوومبوونی زمان، بوونی کورد لەناو ئاومالکی کاڵا هەمەجۆرەکاندا، لەوانە ئینتەرنێت، مۆبایل، سەتەلایت و تیڤییە داگیرکراوەکان بە ریکلام، کلیپی پەڕپوتی ستران، دیمەنە رووکەشەکانی رۆژئاوا و ... تاد، بە گواستنەوەی نووسینی کوردیی بۆ ئاستی رۆژنامەگەریی، واتا ئاستی زمانیی هەواڵیی، ریکلامیی، کە ئەمەش بەرهەمێکی گەندەڵیی و ئاکامی هاتنی ئەو ژیانە تەکنۆکراتییە بوو کە تەکنیك سەرچاوەیەتی. لێرەوە ئیتر زمانی کوردیی، روحی کوردیی، بێ هیچ بنەمایەکی ئاگایی، کەوتە ژێر رکێفی باڵادەستی ئەو مۆدە تەکنۆکراتییەوە. لەوێدا وەك ئێستا لە ئارادایە، مرۆی کورد وەك ئامێرێك، بۆتە دیلی ئەو وێنە بزۆك و جیهانە دیگیتالەی شاشەکانی تیڤیی، ڤیدیۆ، مۆبایل و دیمەنە جەنجاڵەکانی ماسمێدیا و ریکلامە هەست ورووژێنەرەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکان. هاوکاتیش رۆژنامەکانی کوردیی، کە هاوکات لەگەڵ ئەو رەوشە تەکنۆکراتییەوە، بوون بە رووبەری ئەو ریکلام و نووسینە تەکنۆکراتییەکان. بە هۆی نەبوون یان پەرواوێزاندنی "سیاسەتی کولتووریی" وە لە کۆی رۆژنامە کوردییەکاندا بوو بە مۆدە، بێ ئەوەی خوێنەر بپرسێت و رۆژنامەکانیش رایبگەیەنن، کە لاپەڕەی دواوە بە جەستەی سەیر و سێکسی و ریکلامیی وێنەیی پڕ بکرێنەوە. لە دووتۆوی رۆژنامەکاندا ریکلامکردن بۆ کۆمپانییە بازرگانییەکان لە نووسێك زیاتر قەبارەکان داگیر دەکا و گرینگی پێدەدرێن. چاپکردنی رۆمانە خەیاڵاوییەکان، کۆشیعری بەرگ رازەوەی بە وێنەی کچێکی مەیلەو رووت و ... تاد، دواجاریش زەقکردنەوەی ئەو تەرزە کتێبە بەرگ سێکسیی و ناونیشان زەقانە لە لایەن کتێبفرۆشەکانی سەر شەقام و نمایشکردنیان بۆ خەڵك، هاوکاتیش گرینگدانی رۆژنامە و گۆڤارەکان بەو تەرزە کۆشیعرە سێکس ورووژێنەر و رۆمانە وەرگێڕدراو و خۆماڵییە تژیی لە زارقەڵەباڵغیی و وڕێنانەوە، خوێنەر و نووسەریی بەو ئاستە رۆشنبیرییە رووکەش و ترسناکە، کە وێنەیەکن لەو ژیانە

سێکسێنرا و تەکنۆکراتییە، فرچکدا.

ئێستا ئەو خوێنەر و رۆشنبیرییە بۆش و رووخۆکە، کە دەسەلاتێکی تەکنۆکراتیی، پچڕ پچڕ و سێکسی و رووکەش ئاراستەی دەکا، زمان ئاراستە دەکا، بۆتە مۆدەیەکی بە هەرمێن. بۆیە دەلێم، بە هەرمێنبوونی شیعری "ئاشق"انە، کە سێکساندنێکی پۆرنۆگرافیی یان لەش رووتکردنەوەیە، شاعیری بە رووکەش "ئاشق"، بەرهەمێکە لەو جیهانە دیگیتالیی، تەکنۆکراتیی، سێکسیی، فیلمی هیندییە ئاسایەی کە بە هۆی شاشەی ماسمێدیا بینراوەکانەوە حکومی هەست، ئاگایی، دڵ و دەروونی جڤاك بە گشتیی و نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ بێ ئاگا، مۆدەخواز دەکەن. بەمجۆرە وەك چۆن ئەو جیهانە سێکسیی و سیخناخ بە خەیاڵەی ئەو جیهانە دیگیتال، تەکنۆکراتییە بنەمایەکی نییە، تژییە لە ساختە، بە هەمان شێوەش کۆی ئەو هەموو شیعرە بە ناوی "ئاشقانە"، "دلداریی"، "یار" و شاعیرە بە قسە "ئاشق" و "سۆفی" و ... تاد، راستیی نین، بەڵکوو هەموو جیهانێکی دەرکیی و سازکراون. ئەوەی هەیە لاساییکردنەوە، یان بەرهەمێکە لەو جیهانە دیگیتالیی، تەکنۆکراتییەی کە لە هەولێ ئەوە دام پێناسەی بۆ بکەم.

لێ، لەوەش مەترسیدارتر خودی ئەو جیهان، کولتوورە رووکەشەی دیگتالیی، تەکنۆکراتییە نییە کە جڵەوی ئاگایی، روح، زمانی کوردیی کردووە، بەڵکوو هەستنەکردن و بێئاگایی مرۆی کورد، شاعیر و نووسەرانە لە هەمبەر تەشەنەکردنی ئەو مەترسییەوە.

کەواتە ئەوەی دەتوانێ زمانی کوردیی، شیعریی کوردیی لەو ژیانە تەکنۆکراتییە، بێ ئامانجە روحیی و رووخۆکە رزگار بکا، سیاسەتێکی کولتوورییە کە بتوانێ بە رێگای نەخشەیەکی رۆشنبیریی، چاپکردنی زنجیرە کتێبی هەمەجۆری بالا، ماسمێدیایەکی بینراو و خوێنەراوە و بیستراوی زانینیی نەك رووکەشیی، کۆڕ و دانووساندنێکی بەردەوامەوە، ئاگایەکی تۆکمە و چێژێکی ئێستێتیکیی رۆشنبیرییەکی رەنگاورەنگ لە روحی خوێنەر و جڤاکدا بچێنێت. لە تەك ئەمەش سازکردنی بزاڤێکی رەخنەیی رەسەن و کارا، ماریفیی و ئێستێتکیی، خاوەن رۆشنبیرییەکی نەریتیی و نوێباو، هەڵکۆڵێنەر، نەك وەك ئەو رەخنە مجگێزخواز و رووکەشەی ئەمڕۆمان، دەتوانێ ئاسۆیەکی تر بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە مردۆخەی شیعریی کوردیی ئاوەلابکاتەوە، بەمەش ئەو ویستە بۆ شیعریی کوردی بگەڕێنێتەوە کە بتوانێ بۆ ناو زمان، یادەوەریی کوردیی رۆبچێ و هاوکاتیش روحێکی نوێ بەو زمانە شیعرییە ببەخشێت کە ئەو روحە نوێیە، جیهانە نوێیە لە ناو خودی زمانیی کوردییدا ئامادەیی هەیە.

گەلۆ لەو دۆخەی کە نووسەر، شاعیر، رەخنەگر و خوێنەرانی بەختەوەرن بەو زمانە تەکنۆکراتییە، بینراوە پچڕ پچڕ و هەوەسە سێکسییەی ژیانەوە، دەکرێ ئەو بزاڤە لە دایك بێت؟

راستییەکەی دەکرێ نەخشەی پرۆژەیەکی بزۆکی رۆشنبیریی و رێگا و میتۆدگەلی جیاواز بۆ دابڕان لەو رەوشە کلۆلەدا دابڕێژم و پێشکەشی ئەو هەموو ناوەندە رۆشنبیریی و هونەرییانەی بکەم کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە ناوی مجگێزخۆشکەر و دلکێش قووتکراونەتەوە. لێ گەلۆ ئەو هێزە مایەکیی، ویست و ئامادەییە بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژەیە لەناو ئەو ناوەندە رۆشنبیریی و هونەرییە هەیە؟ دیارە وەرامی ئەوە ئەگەر نەخێریش نەبێت، لێوانڕێژە لە گومان. چونکە لەو دۆخەی ئێستای کوردستاندا هاوشان لەگەل رەوتی جیهانگیرییدا، زمانێك لە نووسینی کالاگریی و کالا بەرهەمهێنا و کالاسازیی بەرهەمدەهێنێت. وەك دەرهاوێشتەیەك لە ئاوابوونی پەرۆشی رۆشنبیریی و ئامانجی روحی ئەدەبیی و هونەریی لە بواری زماندا، ئەدەب و هونەر، کۆی کردەی رۆشنبیریی بوو بە ئامرازێك بۆ گوتنەوەی حیکایەتە تڕوهات، رووکەش، وێکچوو، دیگیتالیی، مۆدەخوازیی و ... تاد. ئەو تەرزە مۆدەیەی نووسین هاوشان لەگەل لافاوی کالاخوازیی، تێرنەبوون لە کالاکرین

و فرۆشتن، زمان و ئاخێوەر و نووسەری کوردییشی تەنییەوە. بەمجۆرە وەك چۆن دیمەنی ناوەکی شار، بێ بوونی زەمینە و ئاگاییەکی تۆکمەی جڤاکیی، شەقام، کۆڵان، گەڕەك و پارك و گۆشە، ماڵ و دائیرەکان بوون بە شانۆگەلی بازاڕی کاڵای تەکنیکی هەمەجۆر، ئامێریی رۆبۆتیی، مۆبایل، خواردنی لە قووتووکراو، مۆدە زۆرەکانی جل و بەرگ، خواردنی بەسەرچوو و ... تاد، بە هەمان شێوەش، رووبەری بڵاوکراوەکان، دەم و زار، مێشکی مرۆی کوردیی، بێ بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی و ئاگاییەکی تۆکمە لە سیاسەتی کولتووریی بوون بە عەمبار و تاقیگەی وتەی لێکترازاو، چەمك و تیۆریی و هزرە رۆژئاواییەکان و هەندێ مۆدەی رۆشنبیریی عەرەبیی و فارسیی، بێ ئەوەی نووسەری کورد و ناوەندە رۆشنبیرییەکانی ناوکۆیی (کۆنتێکست) و سەرچاوەکانی ئەو وتە، چەمك، تیۆریی و هزرانە لەبەرچاو بگرن. بەمجۆرە وەك چۆن کاڵای تەکنیکیی، مۆبایل، سەتەلایت، ئوتۆمبێل و کۆمپیوتەر مرۆی چەپێنراوی کورد دەغەزار و دەعەجانکرد، بە هەمان شێوەش، ئەو تەرزە رۆشنبیرە رۆشنبیریی و هونەریی کوردیی تووشی بارێکی رووکەش و هەلەکسێ و بێ ئاراستە کرد. بە واتایەکی تر: زمانی کوردیی کرد بە کاڵایەك بۆ بەرهەمهێنانەوەی کاڵاسازیی.

بەمجۆرە لەو رەوشەدا بۆ ئەوەی زمانی کوردیی و روحی کوردیی لەو خودفەرامۆشییە رزگار بکرێت، دەبێت بە رۆشنبیرییەك فرچکبدرێت کە هەم روحی بەرهەڵستکاریی تێدا زیندوو بکاتەوە و هەمیش روحی نوێکردنەوەی زمانەکەی، یادەوەریی رۆشنبیرییەکەی. رزگار بوون لەو رۆشنبیریی و هونەرە بە کاڵاکراو و رووکەشە و بە گەڕخستنی ئەو رەوتە، دۆزینەوەی ئەو ئاراستەیە بەرەو ئامانجێکی هاوبەشی داهێنەر و مرۆڤخوازە، دەخوازێ هەر لە سیستەمی پەروەردەوە لە خوێندگا سەرەتاییەکانەوە تا دەگاتە زانستگاکان و "وەزارەتی رۆشنبیری"ی و یەکە یەکەی گۆڤار و وەشانخانەکان و ... تاد هەڵبوەشێنەوە و بە بەرنامە و نەخشەی رۆشنبیرییەکی کارای بیرلێکراوە سازبکرێنەوە. دیارە ئەمەش دەستەمایەکی ئابووری کراوە و هێزێکی مرۆیی و رۆشنبیریی: تیۆر و مێتودیی تەتەڵەکراو و کوردێنراوی فرە رەهەند و فرە دەنگ و پسپۆریی دڵسۆز و ئیدیالیی، مامۆستای لەخۆبوورد و لێبووردە و ئەڤینداری زانین، زمانناسیی زمانخواز نەك دەڤەرخواز و توێژەریی کارا، راوێژکاریی زرینگ و سەرراست و نووسەری فرەزان و ... تاد گەرەکە. ئەگەر کۆی ئەو توانا مانەویی مادییە فەراهەم نەبن، دەبێ هەوڵدەین مەیسەریان بکەین، کە ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییە.

بەڵێ، بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانە بنەچەکییە بەسەر پێی خۆی بکەوێ، دەبێ لە بنڕا، ئەو سیستەمە پەرتەوازە، رۆشنبیرییە گشتێنراوە، سوومبۆلپەرست و تاکەنووسەر پەرستە رووکەش و بێ شوێنپێیە، ئەو دیدە ئاسۆییەی رۆشنبیرییە کوردییە، کە رەگەکەی لە ئەقڵی خێڵەوە داکوتاوە و خۆی بە فۆرمە رووکەش، چەمك و ناوە زلەکانی ئەمرۆدا شاردۆتەوە، هەڵوەشێنرێنەوە و پاشان دووبارە لەسەر بنەمایەکی فرەرەهەندیی، بزۆك، هەمیشە شیاو بۆ نوێبوونەوە سازبکرێتەوە. بەمجۆرە پێویستە زمانی کوردیی، رۆشنبیریی و هونەریی کوردیی لە بری قەتیسمان لە سازکردنی یەك دوو پاڵەوان و کردنی بە بوونەوەرێکی پیرۆز، پەرستگایەك و دوا داهێنەری سەر زەویی بە پەسندانە بێتامە رۆژانەییەکانی، خۆیی و خوێنەر و کۆی جڤاك بە مەیلی کولتوور و دیدی بە هەند وەرگرتنی توانایە رۆشنبیریی و هونەرییەکانی تاکەکەسە جیاواز و بێلایەنەکان فرچك بدەن. رۆشنبیریی، هزر و هونەرێکی کارا و بەرهەمهێن، بە پیرۆزکردن و پەرستنی تاکە نووسەرێك یان شاعیر یان هونەرمەندێك لە دایك نابێ، بەڵکوو بە بیرکردنەوە لە کۆی هێز و توانای تاکەکەسە جیاوازەکانەوە بەرهەمدێت. ئەو دیدە گشتگیر و نووسەر پەرست و دەروێشایەتییەش کە وێنەیەکی باوە لە ژیانی نووسینی کوردییدا، یەکێکە لە ئاستەنگەکانی ئەو بزاڤە چاوەڕوانکراوەی کە ئێمە پەرۆشخۆرینە.

## تەوەرە ئەدەبییەکان: بە کاڵاکردنی تەنگژە ئەدەبییەکان

## ئامادەکردنی: زانا سامان

ئەمڕۆ زۆرێك لە رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکان، تەوەر لەمەڕ مەسەلە گرینگەکانی ناو ژانرە ئەدەبییەکان دەکەنەوە، ئایا ئەو تەوارانە تونیوویانە ئامانجی خۆیان بپێکن، یان تەنها قسە لەسەر کردێنکە و خودی مەبەستەکە لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە؟

هەندرێن: راستییەکەی دوای دەمێکی درێژ لەو بەناو" تەوەر"انەی کە گۆڤارەکان خۆیان و ئێمەی خوێنەریشیان بە خۆیانەوە خەریك کردووە، وێدەچێ ئاکامەکەی هێندەی رەوایەتی دان بەو بە کاڵاکردنەی ئەدەب و بەو بێبەهاکردنی بەهای بیرکردنەوە و نووسین بێت، ئەوەندە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی ئاراستەیەك بەرەو ئاسۆی ئەفراندنی زمانێکی وەرچەرخێنەر لەو رەوشە گەندەڵێنراوە رۆشنبیریی و قەتیسمانە لەو نەریتەدا پاشکۆییەدا نەبێت.
دیارە خوێندنەوەی رەهەندەگەلی ئەو پرسیارەی تۆ جێگەی سەرنجە، چونکە ئەو مۆدەیە خەریکە، وەك مۆدەی قسە کردن لەسەر بێکارەبایی، کەرکوك، سەروەریی نەتەوایەتیی، گەندەڵیی و ... تاد، بە حیکایەت دەکرێت. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بە رامانگەلێکی جیاواز لەو پرسیارە، ئاراستەیەك بەرەو خەملاندنی پێناسەیەك یان ئاسۆیەك بۆ دابڕان لەو بەکاڵاکردن و بێبهاکردنەی زمان و پرسە رۆشنبیرییەکانمان بگرینە بەر.

کەواتە پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ ئەو "تەوار"انە لەمەڕ تەنگژەی بەهای ئەدەب، نەبوونی رەخنەیی، خوێندنەوە، شیعری رابردوو و ئێستا، رۆمان، وەرگێڕان، هەروەك بە دیوەکەی تریش، ئاخاوتنەکانمان لەمەڕ تەنگژە سیاسیی و جڤاکییەکان، بەڕاستی هەڵگری خەمی ئەفراندنی زمانێکی ئامانجدارن، ویستیان ئاوەڵاکردنەوەی گۆڕان و چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانەیە یان بە کاڵاکردنی نووسین، یان بەباوکردنی ئەو بابەتانەیە، سەرگەرمکردنی خوێنەر و نووسەرە بە حیکایەتاندنی کێشەکانە

یان بەردەوامییەکن لەو مۆدەی رەخنەگرتن و بێباکییەی کە زمانی کوردیی تەنیوەتەوە؟ ئایا خودی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە و زۆرینەی بەڕێوەبەرەکانیان، سەرچاوەی سەرەکی ئەو تەنگژە ئەدەبیی و رۆشنبیرییانە نین؟ گەلۆ ئاخێوەرانی ئەو "تەوەر"انە پسپۆریان لەو بابەتانەوە هەیە کە باسیان دەکەن" واتا دەکرێ چیرۆکنووس، شاعیرێك، رۆماننووسێك و رۆژنامەنووسێك، کە وتارێکی رەخنەیی و تیۆریی لەسەر ئەو پرسە تیۆرییانەوە نەنووسیووە یان کاری رەخنە و تیۆریی نییە، رایەکانیان بکرێتە بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە؟ ئایا خودی ئەو "تەوەر"انە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، فرەوانکردنی ئەو مۆدەی سازاندنی پێرگری نییە کە نووسەر و رۆژنامە خاوەن گۆڤار رۆژنامەکان بەرهەمیانهێناوە؟ ئەڵبەتە ئەو بابەتە رووبەڕووی ئەمانە چەندان پرسیاری ترمان دەکەنەوە.

بەڵام لێرەوە ئێمە هەوڵدەدەین تێڕامانگەلێك لەو پرسیارانە جۆرە خوێندنەوەیەك لەو خوێندنەوانە ئەنجامبدەین. دەکرێ ئەوانیتریش جۆرە خوێندنەوەکانی دیکە بە ئەرکی خۆیان بزانن.

بەڵی، مۆدەی ئەو "تەوەر"انە لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا، سەرچاوەکەی لەو بانگەشە و دروشمە بە رووکەش رازاوە و بە نێوەرۆك کلۆڵە سیاسیانەوە هەڵدەقووڵێن، **کە دەمێکە لە میدیای کوردییدا بوونەتە** مۆدە. هاوکاتیش، بە مۆدەبوونی "تەوەر"، دەرهاوێشتەیەکە لە دیاردەی زۆریی و بۆریی گۆڤار و رۆژنامەکاندا. ئەو پاشەگەردانییە لە گۆڤار و رۆژنامە دەرکردنە نەك هەر کار لە گۆڤار و رۆژنامە بەڕێوەبردنی کردۆتە ئەرك و پیشەیەکی ساختە، بەڵکوو نیگەرانیی و ناڕەزاییبوونی خوێنەرانی لە بەرانبەر لاوازبوون و بێبەهابوونی ئەدەب و رۆشنبیریی و گەندەڵی نووسەرانیشی زیاتر کردووە. چونکە بوونی زۆرینەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە، ئەوەندەی هۆکردی ئەو بۆشاییە ئەدەبیی و رۆشنبیرییەن، هێندە هەوڵیان نەداوە بە رێگای دەسەڵاتیان لەو گۆڤار و رۆژنامانەوە ئەو بۆشاییانە دیاریی بکەن و دابڕانێك لەو تەنگژانە بسازێنن.
کەواتە ئەو "تەوار"انە بەردەوامییەکن لەو نەریتە چەواشەکارەی کە میدیا و ناوەندە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی حیزب کاری لەسەر دەکەن و هەموو خەمە جڤاکیی و نەتەوایەتییەکانیان بە فرە قسەکردن بێ بەها کردووە.
یەکێك لەو هۆکردانەی زەمینەی بۆ ئەو رۆشنبیرییە بێبنەمایەی سازاندووە، کلۆڵی بەشی زانستە مرۆییەکان و بە تایبەتیش هەژاری ئەو بەشەیە کە ناوی ئەدەب و زمانی کوردییە لە زانستگایەکانی کوردستاندا. لە ئاکامی دەستکورتی زانستگایەکانی کوردستان لە بەرهەم هێنانی رەخنەگر و پسپۆڕی زمانی کوردییەوە، تا دێ بۆشایی و پاشەگەردانی ژانرەکانی ئەدەبی فرەتر دەبن. لێرەوە رۆشنبیریی کوردیی لە بری ئەوەی بەرەو رۆشنبیرییەکی تیۆریی و هەمەڕەنگ بفراژێ، ئەو رۆشنبیرییە جەڵەبی و سەرگەردانە رووکەشەی، کە رەگەکەی لە خاکی رۆشنبیریی گوندیی داکوتاوە، بەرهەمدەهێنێتەوە. بەمجۆرە کاتێك تەنگژە لە ئاستی قسەکردنێکی بێ ئامانج کورتدەکرێتەوە، ئیتر خودی تەنگژە دەبێتە نۆرمێکی رەوا. لە ئاکامی داڕمانی ئەو ئێتیکییە رۆشنبیریی و سیاسیانەدا، وەك چۆن ئەمڕۆ میدیاکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و خودی نووسەرە دەسەڵاتدارەکان باس لە چارەسەریی دیاردەی گەندەڵیی و تەنگژە سیاسیی، رەشەکوژیی ژن، بێکارەبایی، نەمانی ویستی نەتەوایەتی، پاشەگەردانی، نایەکسانی و ... تاد دەکەن، کە راستییەکەی سەرچاوەی سەرەکی ئەو کێشە و تەنگژانە خودی خۆیانن، هاوکاتیش بەشێکی زۆر لە بەڕێوەبەران و بەشداربووانی ئەو "تەوار"انە بەردەوامییەکن یان بەرهەمێکن لەو بانگەشە و پەیمانە بێ ئێتیکیی و نامۆراڵییانەی کە لە بواری سیاسییدا لە ئارادان. بە واتایەکی روونتر: "تەوەر"کردنەوە مۆدەیەکە، وەك چۆن ئەمڕۆ دەسەڵاتدارە گەندەڵکارەکان باسی ئەو گرفتانە دەکەن کە خۆیان داهێنەرینە، هاوکاتیش ئەو

گۆڤار و بڵاوکراوانەش دەخوازن قسە لەسەر گرفتێك بکەن کە خۆیان سەرچاوەکەین. بەمجۆرە ئەو گۆڤار و رۆژنامانە دەخوازن بەو یارییە خۆیان وەك "رچەشکێن" نیشانبدەن. گۆڤار و بڵاوکراوانی ئەمڕۆ خۆیان سازێنەری ئەو "بۆشایی"، گەندەڵکارییە ئەدەبیی و رۆشنبیرییانەن، کەچی، وەك دەسەڵاتداران، هەوڵدەدەن بەو "تەوەر"انەوە خۆشیان بکەن بە خەمخۆری ئەو بابەتە ئەدەبیی و رۆشنبیرییانە. لێرەوە سازێنەرانی ئەو تەوەرانە، دەیانەوێ ئەو بێزار بوونەی خوێنەر لە ئاستی لاوازی رۆشنبیریی و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردستاندا بیقۆزنەوە و خۆیان بکەن بە ورووژێنەرییان“ واتا لە بری رەخنەی خوێنەر، دەخوازن خۆیان رۆڵی دڵسۆزییەکی داهێنەر و خوێنەری بێزاریش ببینن. ئەمەش گەمەیەکە ماوەیەکە دەسەڵاتدارانی حیزبەکان دەیکەن. بۆ نموونە، رێکخراوەکانی ژن سالأنە دەیان کۆنفرانس لە ژێر چەتری چارەسەرکردنی یەکسانی و داکۆکیکردن کێشەی ژن ساز دەکەن و ژنگەلێك بە ناوی رێکخراوی ژن/ئافرەت رەوانەی رۆژئاوا دەکەن، کەچی هاوکات دوای ئەو کۆنفرانس و گەشت و گوزارەی نوێنەرانی رێکخراوەکانی ژن/ئافرەتان، رەشەکوژیی ژن زیاتر دەبێ. ئەمە و چەندان نموونەی تر. بەمجۆرە بە تایبەتی دوای نەمانی رژێمی بەعس، ئەگەر نووسەرگەلێك رەخنە لە گەندەڵییەکی زەبەلاح بگرن یان باس لە گرفتێکی جڤاکیی و سیاسیی بکەن، ئیتر دوای ئەو نووسینانە دەسەڵاتدار و مێدیای حیزبە حکومڕانەکان ئەو کێشەیە دەکەن بە بابەت و لەسەری دەنووسن یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بە قسە بیانۆی جیاواز دیزە بە دەرخۆنەی دەکەن. لێرەوە بەشێك لە مەبەستی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە لە کردنەوەی ئەو "تەوەر"انەدا، هەمان دیاردەن کە لە بواری رێکخراوەکانی ژن و مەدەنییەکان و مێدیاکانی حیزب بە هەرمێنن. هاوکاتیش بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە دەخوازن وا نیشانبدەن کە کارا و نوێخوازن و بەو رەوشە نالەبارەی ئەدەب، رەخنە و ئەو ئاستە رۆشنبیرییەی کە هەیە نیگەرانن. لە ئاکامی ئەو خەمساردییەی کە گۆڤار و ناوەندە رۆشنبیرییەکاندا، خوێنەر و رەخنەی کوردیی ویستی بە دوا چوونی دەقی کوردی لا نەماوە، بەمەش نووسەر و شاعیری کورد لە بەرانبەر بەهای نووسیندا، تووشی بێهوودەیی بووە. بۆیە ئێستا نووسەر و شاعیری کورد ناچار بوونە بۆ خوێندنەوە و ئاوڕدانەوە لێیان، دەقەکانیان بۆ هاوڕێیانیان بنێرێن. ئەمەش بەشێکە لەو تراژدییایەی کە مرۆڤی کورد تێیدا دەژێت.

لەوەش بترازێین، بە دیوێکی دیکەوە دەکرێ دیاردەی بێئومێدبوونی هاووڵاتیان بە گشتیی لە هەمبەر چارەسەر نەبوونی ئەو گەندەڵییە سیاسیی و بێئەخلاقییەی کە لە جڤاکدا بۆتە کارێکی رەوا و بە تایبەتیش رەخنەی نووسەران لەو بە کاڵاکردنەی بەهای ئەدەبییە، کارێکی رەوا بێ. لێ ئەگەر ئێمە، خوێنەر و نووسەران، رەخنە لە خودی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە، یان رەخنەگرانی بەشدار لەو "تەوەر"انە بگرین ئەوکاتە ئەوانە دەست دەکەن بە هێرشبردن و تۆمەتبارکردنی ئەم و ئەو، یان ئاستی لاوازی رۆشنبیریی خوێنەر و نووسەرانی کورد. لێرەوە گرفتی ئەو رەخنەگرتنانەی نووسەر لەوانیتر دەردەکەوێ.

لەوەش بگوزەرێین، رەهەندێکی دیکەی لە کایە و ئامانجەکانی کردنەوەی ئەو "تەوەر"انەوە، کە تۆ لات بۆتە پرسیار، کە خۆی پرسیارێکی سەرنجکێشە. چونکە دیاردەی ئەو "تەوەر"انە لەمەڕ ئاستەنگەکانی ئەمڕۆی ئەدەب و رەخنەی کوردییدا، لە جیاتی ئەوەی ویستی ورووژاندن و دابڕان لەو ئاستەنگانە بسازێنن، کەچی ئەو ئاستەنگانە و خودی دیاردەی "تەوەر"کردنەوەشیان، وەك ئەو بە کاڵاکردنەی کە لە جڤاکی کوردستاندا لە ئارادایە، کردۆتە مۆدە، کاڵاسازیی. ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لەو گۆڤار و رۆژنامانەی کوردستان، بە دیوێکەوە دیاردە رۆشنبیرییەکانی دەرەکیی فشاریان بۆ دروستکردوون، کە دەبێ ئەوانیش خۆیان بە نووسەری نوێخواز بنوێنن و هاوڕەوتی ئەو دیاردە رۆشنبیرییە جیهانیانە بن یان ئەوانیش لەگەڵ بزۆکی مۆدە رۆشنبیرییەکان، بزۆك بن.

بە دیوێکی دیکەشەوە بە هۆی ئەوەی کە ئەو گۆڤار و رۆژنامانە بوونەتە سەرچاوەی ئابووریی بۆ بەڕێوەبەر و بەشێك لە

نووسەرانیان، بۆیە دەبێ، وەك "راوێژكار" یان "سەرپەرشتكار" یان "ئامادەكار" یان "بەرپرس"ی بە شێك لە لاپەڕەكانی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە، هەوڵبدەن مانگانە یان رۆژانە ئەو لاپەڕانەی خۆیان پڕ بكەنەوە. لێرەوە شێوازی "تەوەر" ئاسانترین ئەركە كە بەڕێوەبەران بۆ پڕكردنەوەی ئەو مەرج و ئەرك و فشارانە پیادەی بكەن. چونكە زۆربەی بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە، جا بە هۆی تەمبەڵی یان كات بەسەر بردن یان نەتوانین بێ، خۆ ماندوو ناكەن بە كردنەوەی "تەوەر" گەلێك لەمەڕ بابەتی تیۆریی و هزریی باڵاوە، بۆیە داڕشتنی چەند پرسیارێك و ناردنی بۆ چەند نووسەری هاوڕێ و ... تاد ئاسانە و بەمەش خەمی پڕكردنەوەی لاپەڕەی گۆڤار یان رۆژنامەكەیان لە كۆڵ خۆیان دەكەنەوە. بەمجۆرە ئەوانە بەو تەرزە "تەوەر"ە بێ پاشخانە رۆشنبیریی و بێ شەونخوونییە، پێیان وایە ئیتر هەم دەستپشخەرن لە ورووژاندنی كێشە و داخوازییە هاودەمییەكانی ئێستای رۆشنبیریی و هەمیش مووچەكە بۆ خۆیان و بودجەكەش بۆ گۆڤار یان رۆژنامەكەیان مسۆگەر دەكەن. ئەگەر كەسێك بە وردی سەرنج لە میكانیزمی ئیشكردن و خۆ گونجاندن لە هەموو بوارەكانی ئیشكردن لەو سیستەمەی كوردستان بدات، دەتوانێ لە كۆی ئەو دیاردانە تێبگا. چونكە ئەمڕۆ لە كوردستاندا بە هۆی باوبوونی واسیتەكاریی، پێڕگری لە دەزگا و ناوەندە رۆشنبیریی، سیاسیی و ... تاد هەموو پرس و ئەركەكان رووكەشێنراون، بنەمای دڵسۆزیی و ئێتیكی كراون بە قسە و دروشم و لە كردەوەشدا ئەو بەهایانە تورهەڵدراون. تۆ دەتوانێ بە چوونە پاڵ بەرپرسێكی دەوڵەمەندی حیزب، بودجەیەك مسۆگەر بكەیت و پاشان بە كۆكردنەوەی چەند هاوڕێ لە دەوری خۆتدا، گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك وەدەرنێی و دەست بكەی بەو چەشنە "تەوەر"انەی، كە ئێمە لێرەدا خەریكین لێیان تێبگەین و ئامانجەكانیان بزانین.

وێڕای ئەمانەش، رەهەندێكی دیكە لە پشت ئەو "تەوار"انەوە هەیە: ئەمڕۆ بە هۆی بێئومێد بوون بەرانبەر بەو گەندەڵیی و تالانكارییەی كە كوردستاندا باڵادەستە، بێباكیی، بێمتمانەیی و رەخنەگرتن بۆتە جۆرە بڕوا و ئایدیۆلۆگییەك، كە ئەمەش كایەی هزركردنەوەی كلۆڵكردووە یان فەرامۆشكردووە و هاوكاتیش هەموو پێوانەكانی نووسین و ئەركەكانی بێبەها كردووە. بۆیە دەبینین دیاردەی رەخنەی رووخێنەرانە نەك بونیاتنەرانە بۆتە جۆرە هونەرێك. هەرچی دەیبینی لە بەختی خۆی، لە رەوشی ئەدەبی، رەخنە، دەسەلات، كورد، مووچەكەی، تەقاویتەكەی و ... تاد رازیی نییە و هەمیشە دەمی لە رەخنە گرتن گەرمە. كەچی كە دیارە زۆرێك لەوانە خۆیان گەندەڵترین كەسن. چەندان مووچەیان هەیە، كەچی خۆیان بە غەدرلێكراوتر لە من نمایش دەكەن، منێك/تۆیەك/ئێوەیەك كە هیچ پایە و دەستكەوتێكمان نییە. نووسەر و شاعیر هەن چەندان كتێبیان بە خۆڕا و قازانجیشەوە بۆ چاپكراوە، كەچی، لای منێك كە زۆربەی كتێبەكانی لەسەر ئەركی خۆی چاپكردووە، ئەوانەی كە خۆشم چاپم نەكردوون، تا بۆم چاپكراون كتێبم لەبەر چاوكەوتووە)، وا دەدوێ كە گوایە كەس لەو زیاتر لە بواری ئەدەبییەوە غەدری لێنەكراوە. هەروەك زۆرێك لە نووسەر و خەڵكی ئاسایی هەن كە لە ژیانیان ئازاریان بە دەست رژێمی بەعس نەدیوە، كەچی خۆیان دەكەن بە شۆڕشگێڕ و قوربانی تاقانە. خەڵك هەیە جاش بووە و ئێستاش دەسەلاتدار و خاوەن مووچەیە، كەچی گازاندەی لە كورد و دەسەلات هەیە كە مافیان خواردووە... تاد. هەڵبەت ئەمساڵ، بەهاری 2008، كە بە میوانی چوومەوە كوردستان، چەندان نووسەر و خەڵكی ئاسایی لەو جۆرانەی كە ئاماژەم پێكردن بینیووە. لەوەدا مەبستمە بڵێم، ئەو روحی پەسیڤیی، رێسێنتمێنت، خۆ بە قوربانی دانانە، ناڵە ناڵەی نووسەر و سیاسەتوانی دەسەلاتدار و بێدەسەلاتانە لە بواری رەخنەگرتندا سنوورێكی لە نێوان راستیی و ناڕاستیی بەها و ئاستی مرۆڤی كورد و كێشەكاندا نەهێتشتۆتەوە" واتا رەوایەتی بە ژیانی بێبنەمایی و روحی نەهێلیستی داوە . بۆیە زۆر جاران كە تۆ دەتەوێ

رەخنە لە زۆر دیاردەی سیاسیی، جڤاکیی و رۆشنبریی بگریت، کەچی تووشی بێهوودەیی دەبیت. چونکە هەموو کەسەکان رەخنەگر و ناڕازیین، تەنانەت سیاسیی و نووسەرە خاوەن دەسەڵاتە سیاسیی و ئابوورییەکانیش. ئەمەش مانای مەرگی پێوانە، بەها و بنەمای ژیانە.

لەو دیدەوە مۆدەی "تەوەر" کردنەوە لە بڵاوکراوەکاندا، بەشیکی زۆریان، تەنیا و تەنیا دەرهاوێشتەیەکن لەو روحە رێسێنتمێنت، خۆ بە قوربانیزانەی کە باسمان کرد. لەو روانگەوە، ئەمڕۆ دیاردەی رەخنەگرن و ناڕازیبوون بۆتە رێگایەك بۆ خۆ دەرخستن و پاڵەوانی. وەك دەزانین، زۆر نووسەر و رۆژنامەوانی کوردیی هەن بە چەند رەخنەی ئاسایی، خۆشداکەنە بە دژی دەسەڵات یان نووسەرێك یانیش دیاردەیەکی گەندەڵی، بوون بە ئەستێرە و کەوتوونەتە سەر زاران. راستییەکەی وێدەچیٚ ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بێجگە لە خۆنواندن و کاسبی رەخنەگرتن، هیچ خەونێکی دیکەمان نەمابیٚ، یان کاسبییەکی دیکەمان بۆ نەمابێتەوە. کەواتە بەشێك لە موتیڤەکانی مۆدەی "تەوەر"کردنەوە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا، هەڵبەت بە دەستپێوەگرتن لەوانەی پەرۆشخۆرن بەرانبەر پرسەکان، لە پێناو مەیسەرکردنی ناوبانگ، جەختکردنەوە لە مەیلە خۆویستییەکان و خوێن شیرین کردنە. ئەمڕۆ هەرچی بیگری حەز دەکا بناسریٚ. نووسەر و رۆژنامەنووس هەن دەخوازن بە نووسینی ستوونێك یان رەخنەیەکی پیاهەڵدەرانە یان لەمەڕ نووسەرێکی دەسەڵاتدار یان ناسراو، پسووڵەی نووسەری "باش"، "ئازا" و ... تاد وەربگرن. راستییەکەی ئەمەش ئاسانە، بۆیە زۆر کەس لە خۆڕا بیٚ ماندوو بوون، لە بواری سیاسیی، جڤاکیی و رۆشنبیریدا بووە بە ئەستێرە. چونکە ئەمڕۆ رەخنەیەکی توند یان پەلاماردانی ژیانی تایبەتی کەسەکان دەتکا بە عەنتەر و هەموو خەڵك باست دەکەن. ئەمەش چونکە ئێتیك، بەها و بنەما جڤاکیی و مرڤایەتییەکان لە ژیانی ئێمەدا نەماون" ئەو پێوانە ئێتیکیی و مۆراڵیانەی کە پێشتر بنەمای پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی کوردی پێکەوە دەبەستەوە، ئاوا بوون. ئەمڕۆ هەموو تەڵەکەبازییەك لە پێناو پارە پەیداکردن و خۆ گونجاندن لە پێناو بەرژەوەندییە خودییەکان، رەوایەتی هەیە: سووکی بۆتە زرینگی، دزین و بە تاڵانبردنی ماڧ خەڵك بۆتە ئازایەتی و... تاد. ئەمڕۆ تۆ بە جدی بنووسی دەسەڵاتداری سیاسیی، نووسەری لە ماددە و بەرژەوەندی سەرمەستبوو، تاقەتی نییە بتخوێنێتەوە. بۆیە رەخنەگرتنێکی بێکردە، بیٚ ئامانج" قسە بۆ قسەکردن و بازاڕ گەرم کردن، بۆتە باو. لێرەوە مرۆڤی نووسەر ئەرکێکی دیکەی نەماوە، تەنیا رەخنەگرتن و دەستکەوتێکی ماددی یان خۆدەرخستن نەبیٚ. هەر بۆیە تاوانبار و گەندەڵەکانیش رەخنە لە هەموو شتێك دەگرن.

لێرەوە پرسیارێك سەرهەڵدەدا، گەلۆ سەرچاوەی ئەو مۆدەی رەخنەگرتنە تەنیا لە تەنگژەی بە تۆرمبوونی گەندەڵی سیاسیی و رۆشنبیرییەوە هاتووە یان سەرچاوەی ئەو دیاردەی رەخنەگرتن و بێبنەماییە لە کاریگەریی رۆشنبیرییەکی دەرەکییەوە هاتووە؟

دەکریٚ ئەو پرسیارە لە زۆر رەهەندەوە راڤە بکەین، وەلیٚ لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەو سەرچاوە رۆشنبیرییانە دەکەین کە سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئەو بە مۆدەبوونەی رەخنەگرتن و "تەوەر"بازییە. دیارە سەبارەت بە کێشەی وەرگێران، لە وتاری "کردەی وەرگێران: ئامادەبوونە لە جیهاندا" زیاتر باسی ئەو گرفتە دەکەم. لیٚ بە رای من، بە هەرمێنبوونی مۆدەی رەخنەگرن و نەمانی پێوانەیەك لای نووسەری کورد، دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی لەرزۆك و تاکرەهەندی لە دیاردەی پۆستمۆدێرنیزم/ مۆدێرنیتە، بە تایبەتیش لە هزری رەخنەیی هزرڤانگەلێکی وەك نیتشە، دێریدا، فۆکۆ، رۆلان بارت، دۆلوز...تاد. لێرەوە ئەو مۆدەی "تەوەر"کردنەوە و رەخنەگرتنە لای نووسەری کورد، بە شێوەیەك لە

شێوەکان پەیوەندی هەیە بە کاریگەریی تیۆریی رەخنەگرتن لە نۆرمە باوەکان، وەك لای نیتشە دەبینرێ، مێتودی هەڵوەشانەوەگرییەکەی دێریدا و تیۆری پەیوەندیی دەسەڵات لای فۆکۆ، بانگەشەی "مەرگی نووسەر"ی رۆلان بارت و ... تاد.

وەك دەزانین، ئێستا زۆرینەی نووسەر و رۆژنامەوانی کورد بوونەتە "پسپۆڕ" لە فەلسەفەی نیتشە، نەك نیچە، فۆکۆ، دێریدا، بارت و هاووێنەکانیان. بە کورتی زۆرینەی رۆژنامەنووس و نووسەر، شاعیر و رۆماننووس، سیاسییە پاشخانە مەیلەو خوێندەوارەکانی کورد بوونەتە رەخنەگریی نیتشەیی، هەڵوەشانەوەگەریی، یاخیگەریی فۆکۆیی و ئاوێزان بوون بە "مەرگی نووسەر"ی بارت ەوە. ئێوە سەرنجبدەن، یان رەنگە سەرنجتان لەوە دابێت، زۆرێك لەو نووسەر و شاعیرانەی نەك رەخنەگرانەی کە لەو "تەوەر"انەی کە لەسەر نەبوونی رەخنەی کوردیی و تەنگژە رۆشنبیرییەکانی کوردیی بەشداریان کردووە، کە مەسەلە دێتە سەر هەڵوێستی نووسەر خۆی، بۆ ئەوەی خۆیان لە هەڵوێستی کردەیی بدزنەوە، تەنیا ناونیشان نەك نێوەڕۆکی کتێبەی رۆلان بارت، "مەرگی نووسەر" دەجوونەوە و هاوکاتیش وتەکانی هەرچی نووسەری جیهان هەیە دەڵێنەوە و تێکەڵی یەکتریان دەکەن. لێرەوە نووسەری کورد تەنیا لە ئاستی وتەیەك یان دەقێکدا لە رۆشنبیریی و هزری رۆژئاوا گەیتشتووە نەك ناوکۆیی (کۆنتێکست) و پاشخانەکانی ئەو هزر و تیۆرییانە. هەر بۆیە ئەو ناوکۆییە رۆشنبیرییەی کە بارت "مەرگی نووسەر"ی تێدا رادەگەیەنێ، لەو ناوکۆییە رۆشنبیرییەی کورد، لە زۆر ئاستدا، جیاوازە، کە ئێمە لە زۆر وتاردا باسمان لە گرنگی ئەو ناوکۆییەی تیۆرییە رۆژئاواییانەوە کردووە. لێرەوە ئەو پەنا بردنەی نووسەری کورد لە پێناو داکۆکیکردن لە خۆی بۆ ناونیشانی کتێبەکەی بارت، "مەرگی نووسەر"، شێوازێکی چەواشەکارانە و ساوفیلکەیانەشە. بەمجۆرە ئەو نووسەرانەی کە گوایە بەڕێوەبەرانی ئەو "تەوەر"انە وەك پسپۆڕ لەمەڕ نەبوونی رەخنەی کوردیی دەیاندوێنن، لە بنەڕتدا خۆیان بەشێکن لەو "مەرگی رەخنە"ی کوردییە. هاوکاتیش ئەو بەناو رەخنەگرانەی کە رەخنە لە نەبوونی رەخنە دەگرن، هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بەناو رەخنەگرەکانی کوردیی بڵێن، ئەگەر رەخنەمان لێدەگرن، ئاکاری ئێمەتان بۆ گرنگ نەبێ، بەڵکوو تەنیا لەسەر "دەق نەمر"ەکانمان بنووسن. لێرەوە، وەك ئەزموونی ژیان فێری کردووم نەك هەر لێکدانەوەیەکی سۆبێکتیڤانە، ئەو نووسەرانەی زۆر بەو "مەرگی نووسەر"ەی بارت ئاوێزانن، ئەو نووسەرانەن کە هەرگیز ئامادە نەبوونە و نین لە پێناوی بەها و خەمی مرۆڤەکاندا واز لە بچووکترن بەرژەوەندی خۆیان بێنن. بە کورتی زۆرینەی ئەوانە هەست بە لاوازی هەڵوێستی کردەیی خۆیان بەرانبەر بە ئەرکە ئێتیکییەکان دەکەن یانیش دەخوازن بە هێنانەوەی وتەی ئەو نووسەر و فێلەسووفانەوە خۆیان بە نوێخواز و هاوسەردەم نیشانبدەن و بەمەش بەگەڵ ئەو مۆدانەوە بکەون ، بۆیە بە تێکەڵییەکی خراپ لەو وتانەوە پەنا بۆ ئەو جۆرە وتە بەڵگەی نووسەر و هزرڤانە لێکجیاوازنەوە دەبەن.

لێرەدا ئێمە نیازمان نییە تاکە پێوانەیەکی راستی بۆ ئەو بەزمانە پێشنیاز بکەین، بەڵام هاوکاتش دەخوازین بڵێین، کە ئەو پاساوانەش بۆ فەرامۆشکردنی ئاکاری کردەیی نووسەر، راستییەکی رەها نین. هەروەك ئەو چەشنە وەرگرتن و گواستنەوەی نووسەری کورد لە تیۆرییەکانی نیتشە، دێریدا، فۆکۆ، بارت و ئەوانیتر، لە ئاستێکی زۆر رووکەشدان و لێوانڕێژن لە ناهاوسەنگیی، چونکە نووسەری کورد، وەك من دەیبینم، تەنیا بە چنینەوەی وتەیەك، دەقێکی ئەو نووسەر و فێلەسووفانەوە سەرقاڵە نەك کۆی ناوکۆیی و پاشخانی ئەو فێلەسووف و تیۆرییانە. دیارە ئەوەی پەرۆشخۆرانە ئاگای لە تیۆرییەکانی ئەو فێلەسووف و رەخنەگرانەی رۆژئاوا بێ، دەزانێ کە هەر یەك لەو تیۆرییەکانی ئەو رەخنەگر و هزرڤانانەی رۆژئاوا لێکتر جیاوازن.

هەرچۆنێك بێ، لە ئاستی رۆشنبیرییدا، لە ژێر کاریگەریی ئەو فێلەسووف و تیۆرییانەدا، بەڕێوەبەران و نووسەرانی ئەو "تەوەر"انە هەوڵدەدەن خۆیان لە پێشەوە، دواجاریش شیعر، ئەدەب و رەخنەی کوردیی وەك قوربانییەك نیشانبدەن. هەروەك ئێمە/ئەوان نەبین کە سەرچاوەی ئەو بێبەهابوونەی رۆشنبیریی و سیاسییەی کوردین. دیارە کاتێك کۆمەڵگا بە گشتیی و بە تایبەتیش نووسەر و سیاسەتوان خۆی وەك قوربانییەك نمایشکرد، ئیتر ژیان دەبێتە هەژەند. بەمجۆرە وەك پێتشتیریش وتمان، سیاسییەکی گەندەڵ یان بازرگانێکی تاڵانکار کە خەڵکی کوردی بە خواردنی گەنیوی تورکیی و ئێرانیی و دەرمانی لە کارکەوتوو و بکوژیی چینی و نازانم کوێ قڕ دەکا، کەچی ئەوانەش لە تیڤیێ و چاوپێکەوتنەکاندا خۆیان وەك قوربانیی دەنوێنن! هەروەك کۆنە جاشێك، هەمان حیکاتمان بۆ دەگێڕتەوە. بەمجۆرە نووسەر و رەخنەگر و بەرپرسی گۆڤار و رۆژنامەکان، کە خۆیان بەرپرسیاریی سەرەکی ئەو دۆخە پاشەگەردان و گرفتە ئەدەبیی و رۆشنبیرییەن، کەچی بە رێگای "تەوەر" و لێدوانەکانی دیکەوە، خۆیان و ئەدەبی کوردیی وەك قوربانیی نمایشدەکەن! لێرەوە ئەگەر تاوانباری سەرەکیی لەو گەندەڵکارییەی کوردستان سیاسییەکان نەبن، هەروەك ئەگەر نووسەر و رۆژنامەنووس و بەرێوەبەرانی گۆڤارەکان سەرچاوەی ئەو کلۆڵبوونەی رۆشنبیریی کوردیی و بەناو رەخنە بە راداندرا و پێڕگەرییە نەبن، ئیتر مرۆ چۆن دۆشدانەمێنێ؟ تۆ بڵێی ئێمە هەموو وەك یەك قوربانی بین؟ کەواتە کێ تاوانبارەکەیە؟!

لێرەوە ئێمە دەبێ بزانین کە رەخنەگرتن کارێکی گرنگە، بەڵام وەك ئەوەی کە ئێستا لە پشتەوەی مۆدەی ئەو "تەوار"انە و رەخنەگرتنە دەیخوێنینەوە، خاڵییە لە داهێنانی جوانناسییەکی ئێتیکی. بۆیە ئەو "تەوەر"انە نەك هەر ئەو "بۆشایی"انە چارەسەر ناکەن، بەڵکوو دەیکەن بە بنەمایەك بۆ قسەکردنێکی بێکردە" بابەتێك کە لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکانیان پڕ بکەنەوە و هاوکاتیش نووسەر لە خۆیان کۆبکەنەوە و خۆشیان ببن بە ئەستێرەی رۆشنبیریی یانیش رۆڵی خۆیان لە تاوانبارییەوە بکەن بە قوربانی.

دیارە هەموو دەزانین، ئەوە هەر ئەو گۆڤار و ناوەندە رۆشنبیرییەن کە لە رێگای پەیوەندییە وابەستەکارییەکانیانەوە، رەخنەگری بەرتیلخۆریان بە رەواجکرد. دواجاریش لە نێوان نووسەرانی خاوەن دەزگا و گۆڤار و لاپەڕە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکاندا، رەخنە بوو بە واسیتەکاریی یان مۆدەی "سولحی عەشایری"!

کاتێك ئەو "تەوەر"انە لەسەر بنەمای ئێتیکیی و گەڕان بە دوای چارەسەرییەك دروست نەبن، ناتوانن بەهایەك بەرهەمبهێنن. بێ بوونی ئەو بەهایە، ئەو بۆشاییانە دەبنە نۆرمێکی باو. بەمجۆرە لە ئاکامی نەبوونی ئەو ئێتیکەدا لە پشتەوەی ئەو "تەوەر"انەوە، تەنیا بەهای نووسینە دەبێتە قوربانی.

لەو دیدەوە، بە رای من، بەشێك لە سەرچاوەی ئەو بێبەها بوونە رۆشنبیریی بە گشتی و لەوانەش دیاردەی کردنەوەی "تەوەر" و رەخنەگرتنە بێ ئامانجە جوانناسیی و ئەفراندنە، بەندە بە سیاسەتی گەندەڵیی و تێگەیشتن و کاریگەریی رووکەشانەی ئەو تیۆرییە پۆستمۆدێرنیستیانەوە کە دەمێکە، وەك مۆدەی مۆبایل و ئوتۆمبیل، بوونەتە مۆدەی نوێی نووسەرانی کورد. بۆیە نووسەری کورد، وەك سیاسییەکان، تەنیا لە ئاستێکی رووکەشدا، بێ ئەوەی ویستێکی روحی هەبێ بۆ دابڕانێك لەو تەنگژانە یان ئامانجی لەو رەخنەگرتن و "تەوار"انە بەرهەمهێنانی بەهایەکی رۆشنبیریی و رەهەندێکی نوێی ئێستێتکی بێ، رەخنە دەگرێ. بەمەش خۆی و زمانەکەی وەك قوربانییەك نیشاندەدا، کە ئەمەش دوورە لە گەوهەری ئەدەب. ئەو سیاسییە بێباکانەش هەموو بەهایەکی داهێنان و سیاسییان بێبەها کردووە. ئەمەش چونکە وێڕای ئەو هەموو نادادپەروەریی و پاشاگەردانییەی کە ئەو سیاسییانە کردوویانە و دەیکەن، کەچی هەمیشە سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەوان

راستن، نکووڵی لەو هەموو ڕەفتارە سیاسی، ئابووریی و مۆراڵییە دزێوانە دەکەن و هاوکاتیش خۆیان ڕەخنەدەگرن و خۆیان قوربانییەکیش وەك دەنوێنن.

## کردەی وەرگێڕان، ئامادەبوونە لە جیهاندا

1

دیارە ئەمڕۆ بە هەرمێنبوونی دیاردەی وەرگێڕان، هەم وەك بەشێك لە پێداویستییەکی ڕۆشنبیریی و هەمیش وەك کاسبییەك، لە لایەکەوە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەر و خوێنەری کوردیی پێویستیان بە ئەزموونی ڕۆشنبیریی زمانەکانی دیکەوە هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، پەیوەندی بە مەیل و هەوەسێکی چەپێنراوی نووسەری کورد بۆ دەوڵەمەندبوون هەیە. لێرەوە کردنی بەهای وەرگێڕان بە مۆدەیەك لە تاڵانکردنی ئەزموونی ڕۆشنبیریی بیانیی و سەرچاوەی ئابووری کوردستان، بە دوور نییە لە کۆی ئەو دۆخە گەندەڵێنراوەی کە وەك مێردەزمەیەك بوونی کوردی دەعەجان کردووە.
لێ وێڕای بە هەرمێنبوونی دیاردەی کاسبیکردن بە وەرگێڕانەوە، کەچی هەمیشە دەبیسین کە ئەو دیاردەی وەرگێڕانەی کە لە ئارادایە، لە ئاستێکی خراپدایە. چونکە زۆرینەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە جێگەی متمانە نین و وەرگێڕەکانیش شارەزاییەکی باشیان نە لە زمانی دایك نە لەو زمانانەی کە لێیوە وەریدەگێڕن نییە. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن کە نووسەری کورد دەستکورتە لە بەرهەمهێنانی ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هاوزمانەکەی گەرەکییەتی. لەبۆیە ئەمڕۆ ئێمە نازانین، ئاخۆ وەرگێڕەکان توانیوویانە بەشێك لەو داخوازییە ڕۆشنبیرییەی کە لە زمانی کوردییدا هەیە مەیسەر بکەن، یان ئەو داخوازییەی ئاڵۆز و دەردەدار کردووە؟
دیارە بە گوێرەی ئەو نووسین و بە تایبەتیش ئەو ئاخاوتنانەی کە نووسەرانی کورد لە پشت مێز و لەناو مەحشەرەکانیاندا دەریدەبڕن، وێدەچێ ئەو چەشنە وەرگێڕانەی کە لە ئارادایە، لە بری ئەوەی وەڵامی بەشێك لە داخوازییە ڕۆسنبیرییەکانی خوێنەری دابێتەوە، کەچی لە ئاراستە بێ ئامانجەکانیدا سەرگەردانی کردبێ.

2

لەوەش بترازێین، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە گواستنەوەی ئەزموونی ڕۆشنبیریی ئەوانیتر، چتۆ کاریگەرییەك لەسەر بابەتی وەرگێران دروست دەکا، خودی وەرگێڕان دەبێتە بابەتێکی سەرنجکێش. کەواتە پێویستە بپرسێن: ئایا کاتێك وەرگێڕی کوردیی دەقێکی بیانی دەکوردێنێ، چەند ئاگایانە ڕەهەندە جیاوازەکانی کولتووریی ئەو زمانە بیانییە ڕەچاو دەکا؟ ئایا بە هەند وەرگرتنی ڕەهەندی کولتووریی لە وەرگێڕاندا، مانای گونجانە لەگەڵ کولتووری ئەویتر یان مانای ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکانە؟
مەبەستمان لەو پرسیارانە ئەوەیە تاکوو بڵێین، کە ئەمڕۆ نووسەری کورد لە ڕۆژگارێکدا دەژی دەبێ کاری وەرگێڕان وەك کردەیەك لە پێناو ئامادەبوونی لە جیهاندا تێبگا.
لێ لێرەدا ئەم نووسینە نیازی نییە کۆی ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ ئاراستە بکرێن و ڕەهەندگەلی خودی هونەری

وەرگێڕانیش ڕاڤە بکات، بەڵکوو ئەرکی ئەم نووسینە تەنیا نمایشکردنی بیرۆکەگەلێکی جیاوازە لەمەڕ ڕەهەندی وەرگێڕانەوە، کە دواجاریش خوێنەر یان نووسەر دەتوانێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە گفتوگۆ و ڕاڤەی خۆی لەسەریان بکات.
سەرەتا دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، سەیرکردنی کاری وەرگێڕان واتا و ڕەهەندگەلی جیاوازی هەیە. بەڵام وێدەچێ تا ئەمڕۆش نووسەری کورد لە تاکە ڕەهەندێکەوە سەیری وەرگێڕانی کرد بێ. ئەوەندەی ئێمە بیزانین، نووسەری کورد لای وایە زمانەکەی خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هەژارە، بۆیە دەبێ پەنا بۆ وەرگێڕان ببا. لێرەوە ڕیشەی ئەو تێگەیشتنە، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بۆ هەستی وابەستەبوونی نووسەری کورد بە ڕۆشنبیریی ئەویتر، وەك توێژێك لە جڤاکی بندەستی کوردیی، دەگەڕێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوە، پێویستە نووسەری کورد کاری وەرگێڕان وەك پردێك لە نێوان جیهانی خۆیی و جیهانەکانی دیکە، خود بەرهەمهێنان و ئامادەبوون لە جیهاندا سەیر بکات. وەرگێڕان لە هەموو زمانەکاندا، نەك هەر لە ئاستی ڕۆشنبیرییدا، بەڵکوو لە ئاستی جڤاکییشدا پێویستییەکی ڕۆژانەیە. ڕۆژانە مرۆڤە ئاساییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، نوێنەرە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتان لە سەردان و دانووساندنی بەردەوامدان، ئەو پێداویستییانەی مرۆڤەکانیش بە یەکتر، گرنگی ئەرکی وەرگێڕ و وەرگێڕان جەختدەکەنەوە.

3

لەو ڕوانگەیەوە وەرگێڕان هەمیشە چەشنە تێگەیشتنێك، گۆڕانێك، گومانێك، جوڵەیەك و ... تاد لە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەسازێنێ. کەواتە ئەگەر ئەفراندن بریتی بێ لە دۆزینەوەی جیهانێکی نادیار یان گۆڕانێك لە ئەزموونی مرۆڤ، ئەوە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا جۆرە داهێنانێکی ترە لەو زمانەی کە وەرگێڕ دەیگوازێتەوە. هاوکاتیش وەرگێڕان جۆرە تێگەیشتنێك لەوانیتر بە ئێمە دەبەخشێ. بۆیە ڕاستییەکەی وەرگێڕانێکی کت و مت بوونی نییە. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە وەرگێڕ بە کەیفی خۆی دەقێك وەربگێڕێت. وەرگێڕێکی باش ئەوەندەی لە توانایدا بێ، هەوڵدەدا بە جوانی دەقێك بگوازێتەوە سەر زمانەکەی. لێ وێڕای ئەمەش، ڕوونی لە وەرگێڕاندا یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی وەرگێڕ.
جێگەی سەرنجە، سەبارەت بە بەهای وەرگێڕان لە زمانی سوێدیدا، شاعیر و وەرگێڕی سوێدی، خاتوو بیرگیتە ترۆتزیگ دەڵێ: "دەقە ورگێڕدراوەکان نیوەی ئەدەبی نیتشتمانیمان پێکدەهێنن." (بەشی کولتووری ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن، 97.7.22 ، ستۆکهۆلم).
جێگەی وەبیر هێنانەوەیە، کە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دەقگەلێکی وەك ڕۆمانی "دایك"ی مەکسیم گۆرکی، ڕۆمانی "حەمەدۆك"، "کاریتە" و ... تاد، یەشار کەمال، "داغستانی من"ی ڕەسوڵ هەمزاتۆف، شیعرگەلی لۆرکا، نیرۆدا، مایاکۆفسکی، یان "ماتریالیزمی دیالێکتیك" و ... تاد، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خوێنەری کوردییدا هەبوو. ئێمەی خوێنەر ئەوکات و ئێستاش بە هۆی ئەو بەرهەمانەوە شوکور مستەفا، عەزیز گەردیی و ئەوانیتر دەناسینەوە و خۆشمان دەوێن. چونکە ئەوانە بوون، وێڕای جیاوازی بیرکردنەوەی ئێستاشمان لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەوە، ئاشنای ئەو ئەزموونە ڕۆشنبیرییە بیانیانەیان کردین، کە بۆ ئەوکات بۆ ئێمە نائاشنا بوون. دیارە هێندەی ڕۆمانی "دایك" و پەخشانە دڵبزوێنەکەی "داغستانی من" گەنجی حەفتاکانی کورد بۆ نیتشتمانپەروەریی و پێشمەرگایەتی جۆشدەدا، ڕەنگە ئەوەندە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردیی ئەو کاریگەرییەیان نەبوو.
هەروەك ئاشکرایە، بۆ نموونە، هەر لە نەوەدەکانەوە تا ئێستا، ئەوەندەی شیعرە وەرگێڕدراوەکانی سوهراب سپێهریی، فرۆغ فەرۆخزاد و ئەدۆنیس کاریگەری لەسەر شیعری ئێستای کوردییدا داناوە، هێندە شیعری شاعیرێکی کورد نەیتوانیووە ئەو

کاریگەرییەی هەبێ. هەر بۆیە خەریکە ئەمڕۆ زۆرینەی شیعری کوردیی دەبێتە زمانێك لە سوهراب و فرۆغ!

4

وێڕای ئەمەش، وێدەچێ ئێمە بە وردی بیر لەوە نەکەینەوە کە وەرگێڕان ڕۆڵێکی چەند گرنگی لە گۆڕین و سازاندنی کولتووری ئێمەدا هەیە. ئەگەر لە ئاستێکی جیهانیدا ئاوڕێك لە مێژووی وەرگێڕان بدەینەوە، بۆ نموونە، دەبینین دوای ئاوابوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی و سەرەتای ڕێنسانسدا گەڕانەوە بۆ میراتی کولتووریی و فەلسەفەیی گریکی کۆن، بە تایبەتی لە ناوەندە ئەکادیمیی و ڕۆشنبیرییەکانی ئیتالیی و فەرەنسیی و بە گشتیش ڕۆژئاوادا، دەبێتە سەرەکیترین پرسی ڕۆشنبیریی. لەوێدا وەرگێڕان و تێبینییەکانی فێلەسووفی عەرەب، ئیبن روشد لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ، دەبێتە گرنگترین سەرچاوە بۆ گەڕانەوە و زیندووکردنەوەی فەلسەفەی گریکیی. ئەمەش لە بواری بۆ لە دایکبوونی ڕەوتێکی نوێی فەلسەفیی، ناسنامەی نەتەوایەتیی و گۆڕانی ئەو سیستەمە نەریتییەی پادشا و کلێسەدا" وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە جیهانبینی و هزری ڕۆژئاواییەکاندا دەسازێنێ.

هەروەك لە ئاستی ڕۆشنبیریی کوردییدا ئاشنابوونی نووسەرانی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و بیستدا بە دەقە وەرگێڕدراوەکانی ڕۆژئاوا بە هۆی زمانەکانی عەرەبیی و فارسیی تورکییەوە، بزاڤێکی ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتی نوێی کارا لە دایك بوون. هەروەك لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا، کۆی بزاڤە ئەدەبیی و سیاسییەکانی کوردیی، لەوانە شیعری نوێی کوردیی و بزاڤە جڤاکیی و سیاسییەکان، لە ژێر کاریگەریی وەرگێڕانەوە لە دایك بوون.

لەو ڕوانگەیەوە، کردەی وەرگێڕان نەك هەر جیهانبینی خودی وەرگێڕ دەگۆڕێت، بەڵکوو شێوازی تێگەیشتنی کۆخوێنەریش سەبارەت بە خودی خۆی دەگۆڕێت. لێرەوە وەرگێڕان دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی مرۆ زیاتر خۆی و ئەوانیتر، ئەزموونی ژیان و کولتوورەکانی ئەوانیتریش وردتر و قووڵتر بناسێت. بەمجۆرە ئەرکی وەرگێڕان ئەوەیە ئەو ئەزموونی ژیان ڕۆشنبیریانەی ئەوانیتر، کە ئێمە ئاشنایان نین، تێبگا و بیانگوازێتەوە بۆ سەر زمانەکەی. ئەڵبەتە ڕۆژئاواییەکان هەر لە دوای سەدەی چواردەوە تا ئەمڕۆش بە ڕێگای وەرگێڕانەوە توانیوویانە نەتەوە و کولتوورە نامۆکان بدۆزنەوە. بۆیە ئێمە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ، هەمیشە ئەزموونگەلێکی نامۆ بە ئێمە لە دەرەوەی زمانی کوردیی و سنوورەکانی کوردستاندا هەیە، کە ئەرکی وەرگێڕەکانی کوردە ئەو ئەزموونگەلە نەناسراوانە بە خوێنەر، مرۆی کورد بناسێنن.

بەمجۆرە هەموو چەشنە بیرکردنەوەیەکی ئازادانەی ئێمە، پەیوەندی بە ڕسکان و باڵاکردنی زمانەکەمانەوە هەیە. بۆیە زمانی کوردیی، بێ کاریگەریی زمانەکانی دیکەوە، ناتوانێ بفراژێت. لێرەوە وەرگێڕان ڕۆڵێکی سەرەکی لە گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی زمان یان وزەیەك بۆ خەمەڵاندنی زمانی یەکگرتووی کوردیی، بیرکردنەوە، کولتوورەکەمان دەبینێ.

5

ئەڵبەتە بە هەرمێنبوونی بازاڕی کاری وەرگێڕان لە کوردستاندا، وەك گوتمان، وێڕای بوونی بە بەشێك لە کاسبیکردن و پارە هەڵووشین نەك خەمی ڕۆشنبیریی، بە تایبەتیش دوای نەمانی ڕژێمی بەعس و قووتبوونەوەی ڕێکخراو، چاپخانە و دەزگای بەناو وەرگێڕان، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خوێنەر و نووسەریی کورد پێویستیان بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەوانیترەوە هەیە. لێ بە کاسبیکردنی وەرگێڕان، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئاستی ڕۆشنبیریی کورد دەخوازێ بەشدار بێ لە گفتوگۆکردن و ئامادە بوون لە ئەدەب و ڕۆشنبیرییەکانی جیهانیدا. هاوکاتیش بە هۆی فشاری ئەو ڕۆشنبیرییە جیهانیانەوە،

وێدەچێ نووسەر و خوێنەری کورد هەست بە هەژاریی ڕۆشنبیریی کوردییەکەیان بکەن، بۆیە پێویستیان بە تێگەیشتن لەو ڕۆشنبیرییە دەرەکییانەوە هەیە. لێ ئاخۆ ئامانجی ئەو وەرگێڕانە، مەیسەرکردنی ئەو پێویستییە ڕۆشنبیرییانەن کە لە زمانی کوردییدا هەن چاوەشەکردن و بە بازرگانیکردنە بەو داخوازییە ڕۆشنبیرییەیانەی خوێنەر؟

وێڕای ئەو وەرگێڕانەی کە لە کوردستاندا لە ئارادایە، لێ بە هۆی لاوازی ئاستی ڕۆشنبیریی ئاگایی خودی نووسەر و خوێنەران لە ڕێبازە ئەدەبیی، هزریی، فەلسەفەیی و ڕەخنەییەکانەوە، وێدەچێ ئەو چەشنە وەرگێڕانە نەیتوانی بێ ئاسۆیەك بۆ کۆزانین و فەلسەفیی بۆ خوێنەر و نووسەری کورد ئاوەڵا بکات کە بتوانن ئاگایانە لە فشارەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە دەرکییانە تێبگەن" لە بری سەرگێژ بوون و وابەستەبوونی خوێنەر و نووسەری کورد بەو فشارانەوە، بیکەنە بوارێك بۆ بەشداربوون و خۆناسین. لە ئاکامی ئەمەشدا، ئەو وەرگێڕانە نەیتوانیووە داپڕانێکی بنەمایی لەو جیهانبییە نەریتگرانەی کە ئێستا لە ئاستی بیرکردنەوەی کوردییدا کاران ساز بکات.

لێرەوە پەنا بردنی نووسەر و وەرگێڕی کورد بۆ پاساوگەلێك، کە گوایە زمانی کوردییی لاوازە یان هێشتا زمانێکی گوندیی، شارستانی نییە، بۆیە ناتوانێ دەقگەلی فەلسەفیی و تیۆریی، چەمکگەلی فەلسەفیی و زانستیی بگوازێتەوە، تێگەیشتنێکە ئەوەندەی مانای کڵۆڵی زمان و ئاستی ڕۆشنبیریی ئەوانە دەگەیەنێ، هێندە مانای تێگەیتشتن لە خەمی وەرگێڕان ناگەیەنێ. چونکە، ئێمە گوتمان، ئەوە کایەی وەرگێڕانە کە بە ئەزموونی کولتوورییەکانی دیکەمان ئاشنا دەکا کە لە بیرکردنەوەی ئێمەدا ناناشنان، هاوکاتیش هەر خودی وەرگێڕانە کە زمانەکەمان دەڕسکێنێ و دەوڵەمەندی دەکا. بۆیە بێ گفتوگۆکردن و تێکەڵبوونی زمانی کوردیی لەگەڵ ئەزموونی زمانەکانی دیکەدا، ناتوانێ لەو ئاستە لاوازییەوە بەرەو باڵاکردن گەشە بکات.

لێرەوە ڕەنگە بە هۆی ئەو تێگەیشتنە باڵادەستەی وەرگێڕ و نووسەری کوردەوە بێ کە هێشتا وەرگێڕان لە زمانی کوردییدا نەبووبێتە بنەمای ئەو هێزە ڕۆشنبیرییەی کە بتوانێت خوێنەر یان مرۆی کورد لەو سەرگەردانیی و دڕدۆنگییەی کە لە ژێر کایەی ئەو ڕۆشنبیرییە جیهانیانەوە تووشی بووە ڕزگار بکات و بەرەو ئامانجی تێگەیشتن و ئامادەبوونی لەو ڕۆشنبیرییە جیهانییەدا ئاراستەی بکات. چونکە ئەگەر وەرگێڕان لە پێناو گۆڕینی تێگەیشتنی جڤاکیی و گەڕان بە دوای ژیانێکی بەختەوەر سەیر بکەین" هەوڵێکی ئاگایانە بێ بۆ تێگەیشتن و گوازتنەوەی ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکانی ئەوانیتر، کەچی ئاستی وەرگێڕانی کوردیی، هێشتا نەیتوانیووە ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ. چونکە ئەو چەشنە وەرگێڕان و کاریگەرییەکانی ئەوەندەی بۆتە کاسبیی و برەودان بە نەریتە کۆنخواز و چەواشەکردنی ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکانی ئەویتر، هێندە نەبۆتە ئاسۆیەکی نوێی بیکردنەوە، دۆزینەوەی زمانێك بۆ گۆڕانی بیرکردنەوەی خوێنەر و نووسەری کورد.

## 6

لەوەش زیاتر، بە تایبەتی بە هەرمێنبوونی وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەو ئەزموونە تیۆریی و فەلسەفییە ڕۆژئاواییانە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕی کوردییەوە، بێ بوونی بنەمایەکی هزریی و هاوئاهەنگییەك لە نێوان ئەو تیۆریی و هزرە جیاوازانە و خواستەکانی جڤاکی کوردیی" بێ بوونی سیاسەتێکی ڕۆشنبیریی تۆکمە و هاوئاهەنگ" بێ بوونی ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان کۆی وەرگێڕ و دەزگاکان لەسەر داڕشتنی پرۆژەیەکی و ئاگایانەی ڕۆشنبیریی، هەم ئەو تیۆریی و هزرە ڕۆژئاواییانەی چەواشەکردووە و هەمیش بواری بۆ توێژێك لە نووسەر و سیاسیی ڕەخساندووە کە بتوانن بە لینگاوقووچکردنەوەی ئەو تیۆریی و هزرە بیانیانەوە، ڕەوایەتی بە جیهانبییە باوەکانیان بدەن. بەمجۆرە نووسەرگەل و ساسییگەلی کورد بە زارقەڵەباڵغیکردن لەو چەمك و تیۆرییانەی کە لە ئاستێکی دەق نەك ناوکۆییدا گوازراوەنەتەوە، هەوڵدەدەن جیهانبییە

نەریتیی و کۆنخوازەکانیان بشارنەوە یان بە بەرگی نوێوە پەرەیان پێبدەن.

7

وێڕای ئەمەش، خودی هونەری وەگێڕان بابەتێکی سەرنجکێشە، تاکوو هەوڵبدەین لەوە تێبگەین کە ئەو دیاردەیە لە زمانی کوردییدا چ کاریگەرییەك لەسەر خودی هونەری وەرگێڕاندا دادەنێ.

ئێمە لە دەستپێکدا لە دووتوویی پرسیارێکدا ئاماژەمان بەوە کرد، کاتێك وەرگێڕی کوردیی دەقێك لە زمانێکی بیانیی بۆ زمانی دایکی دەگوازێتەوە، دەبێ چەند ئاگایانە ڕەهەندی گونجانی کولتووریی، بونیات و پاشخان و پەیوەندییە مێژوویی، سیاسیی و کولتوورییەکانی ئەو دەقە و کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتردا، لە زەین بگرێ. مەبەستمان لەوەدا ئەوەبوو، ئەمڕۆ نووسەری کورد لە ڕۆژگارێکدا دەژی، ناچارە بە خۆیی و زمانەکەی لە جیهانی ئەمڕۆدا ئامادە بێ. چونکە نەمانی سنووره داخراوەکان لە نێوان جیاوازی کولتووری نەتەوەکان، مرۆی کوردیش ناچار دەکا پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا هەبێ. بە واتایەکی دیکە، ئەمڕۆ وەرگێڕان ڕەهەندێکی گرنگی بە جیهانیبوونە.

8

لێرەدا ئەم نووسینە مەبەستی نییە لە ڕەهەندی بە جیهانیبوون لە بێ شوێنی مرۆڤ" ڕەهەندی پۆستمۆدێرنیزم لە سازاندنی بێبنەمایی و ڕەوایەتیدان بە سازاندنی کۆمەڵێك ڕاستیی و بێباکبوونی مرۆ لە هەمبەر بەهایە ئێتیکییەکان، بدوێ، بەڵکوو مەبەستی ئەم نووسینە تەنیا ئاوەڵاکردنەوەی ڕەهەندە گرنگەکانی وەرگێڕانە لەم ڕۆژگارەدا.

بەمجۆرە پێویستە وەرگێڕی کورد، تەنیا لە تاکە ڕەهەندێکەوە سەیری ڕوانگەی وەرگێڕان نەکا، بەڵکوو دەبێ بە جۆرێك سەیری بکات، کە ڕۆڵی ئەو لەو کارەدا چالاکییەکە بۆ کۆکردنەوەی کۆی ئەزموونی کولتووریی جیهانی لە یەکێتیەکیی هاوبەشدا، تاکوو خۆیی و زمانەکەی تێیدا ئامادە بکات. بە واتایەکی دیکە: نووسەر و وەرگێڕی کورد پێویستە واز لەوە بێنێ، کە چونکە کورد ڕۆشنبیرییەکی هەژاری هەیە بۆیە زمانەکانی تر، ڕۆشنبیریی ئەوانیتر، پێویستیان بە ئەزموونی ڕۆشنبیریی ئێمەوە نییە، بەڵکوو لە بری ئەوە پێویستە بەهای ئەزموونی ڕۆشنبیریی جیهانیی وەك یەکێتییەك لە کۆی ئەزموونە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی سەیر بکەن. بەمجۆرە دەکرێ جیاوازییە ڕۆشنبیرییەکان، تا ئەو ئاستەی دەشێ، لێك نزیك بکرێنەوە، لێکبترنجێنرێن. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە ئێمە ئاست و پێداویستییە ڕۆشنبیرییەکان و جیاوازی مێژوو و ژیانی جڤاکی کوردیی و ئەوانیتر فەرامۆشبکەین. بە دیوێکی دیکەشەوە، دەکرێ وەرگێڕی کورد ئەزموونە جیاوازە ڕۆشنبیرییەکان وەك ناوکۆییەك لە زمانە جیاوازەکان و هاندانێك بۆ ئاوەڵاکردنەوەی بیرکردنەوە فامبکات.

بەمجۆرە هەر کاتێك وەرگێڕی کوردیی توانی لەو ئاستەدا لە ڕەهەندی وەرگێڕان بهزرێ، ئەوکاتە دەشتوانێ لەو ئاستە وابەستەییەدا ڕزگار بێ و خەملێوتر مامەڵە لەگەڵ دەق و ئەزموونە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانی جیهان بکات. یەکێك لە ئاستەنگەکانی و نووسەری کورد ئەوەیە، وێڕای ئەوەی هەموو سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی لە ڕۆشنبیریی ئەویدیکەوە وەردەگرێ، کەچی بە هۆی ئەو هەستی وابەستەییەوە، نەیتوانیوە بە سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە، ناسنامەی خودی خۆی و زمانەکەشی بخەملێنێ و لە جیهاندا ئامادەی بکات.

دیارە زۆرێك لە ئێمە بە شێوەی جوودا بڕوامان وایە، کە هەر وڵاتە و ئەزموونی ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە ڕەنگە زۆرێك لە ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکانی ئەوانیتر لەگەڵ ڕۆشنبیریی و خواستەکانی ئێمەدا نەگونجێن. لێ وێڕای ئەمەش،

ئاڵوگۆڕی لە نێوان ئەزموونی رۆشنبیرییە جیاوازەکان هەمیشە برەویان هەیە. ئەمەش ئەوەمان بۆ جەختدەکاتەوە کە ئەزموونی رۆشنبیریی جڤاکە جیاوازەکان ناتوانن دابڕاو لە یەکتر بفرازێن. کەواتە سەیرکردنی رۆشنبیریی جیهانی وەك ئەزموونگەلێك لە مرۆڤایەتی، واتای ئامادەبوونمانە لەو جیهانە مرۆڤایەتییەدا.

9

لەو روانگەیەوە ئەگەر نووسەری کورد بە بیانۆی نەگونجان و جیاوازی رۆشنبیریی ئەوانیتر لەگەڵ رۆشنبیریی خۆی یان بە بیانۆی بێ توانایی زمان کوردیی لە وەرگێڕانی دەقە تیۆریی و زانستییەکانەوە، هەوڵویستی دژایەتیکردن لە هەمبەر رۆشنبیریی ئەوانیتر و رۆڵی وەرگێڕان بگرێتەبەر، نەك هەر ناتوانێ ناسنامەکەی خۆیی و داهاتووی نەتەوەکەی دەوڵەمەند و ئازادتر بکات، بەڵکوو هەمیشەش لە ئاستی گۆشەگیریی و ونبووندا دەمێنێتەوە. ئەگەر وانییە، ئەدی ئێمە چۆن پەیامە سیاسیی و رەوایەتیی مافە نەتەوایەتییەکانمان بە جیهان بگەیەنین؟ ئەدی چۆن بێ وەرگێڕانی ئەزموونی مێژوو و رۆشنبیرییەکانمان، سەرنجی ئەوانیتر بۆ خۆمان کێش بکەین" هێزگەلێك لە جیهاندا بۆ پشتگیریی کردن لە ئامانجە نیشتمانیی و کولتوورییەکانمان سازبکەین؟ لەوەش زیاتر، بێ بوونی بزاڤێکی نەخشە بۆ کێشراوی کردەیی لە وەرگێڕان، نەك خزم خزمێنە و خەمی خۆوسیتیی، لە ئاستی سیاسەتی کولتووریدا، چۆن رەهەند و بەهای چەمکگەلی وەك دێمۆکراتی، کۆمەڵگای مەدەنی، بەهای تاکەکەس، مافی ژن و ... تاد چۆن کۆئاگایەکی جڤاکیی لە سیستەمی کوردستاندا لە ئاستێکی کارا و کردەیی نەك بانگەشە و قسەی سەرزاران، بەرجەستە بکەینەوە؟
لەوەش بترازێین، ئەمڕۆ لە ئاستی پەیوەندییە رۆژانەییەکاندا، بە هۆی کرانەوەی فرە پەیوەندیی نێوان کوردستان و جیهانی دەرەوەی خۆیەوە، وەرگێڕان بۆتە یەکێك لە گرنگترین رێگا بۆ تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤی کورد و بیانییدا. لێرەوە ئەمڕۆ بێ بوونی وەرگێڕ نە مرۆی کورد و نە مرۆی بیانیش ناتوانن، پەیام و ئەرکە سیاسیی، ئابووریی، رۆژانەیی و ئامانجە ستراتیژییەکانیان راپەڕێنن.

10

لێ وێڕای ئەو راستییانەی ئاماژەمان پێکردن، کەچی لە روانگەی تیۆرییەکانی وەرگێڕانەوە هێشتا گرفتی سەرچاوە، جیاوازیی و تایبەتمەندی زمانەکان، رەهەندی ناوکۆیی (کۆنتێکست) و پاشخانە کولتوورییەکان نەبڕاونەتەوە. ئەو گرفتانەش لەوەدایە، کە مرۆ لە وەرگێڕانی دەقێکدا چۆن ئاماژە و هێماکانی ئەو زمانەی کە دەیگوازێتەوە، بێ ئەوەی پاشخان و مەبەست یان ناوکۆیی ئەو ئاماژانە فەرامۆش بکات، وەربگێڕێت. دیارە هەموو زمانێك هەڵگری هێماگەل و ئاماژەگەلێکی جیاوازن و هەر یەك لەو هێماگەل ئاماژانەش هەڵگری رەهەندگەلی کولتوورییێن. لێرەوە ئەرکی وەرگێڕی کوردیی ئەوەیە کە هەوڵبدا بە شێوەیەکی ئاگایانە، دوور لە شێواندن یان لە بیرکردنی رەهەندگەلی ئەو هێما و ئاماژانە، مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە بکات، لە ناو زمانی کوردییدا بیانخەملێنێ، بیانکوردێنێ. چونکە خوێنەری کوردیی بێ بوونی ئەو هێماگەل، ئاماژەگەلە و ناوکۆییەی کە ئەو دەقەیان بەرهەمهێناوە، ناتوانێ لە نێوەڕۆك و ئامانجی ئەو دەقەوە تێبگا. بۆیە، بە گشتی، یەکێك لە کێشەکانی وەرگێڕیی کوردیی، گرفتی بە دەستکورت و رووکەش مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو هێماگەل و ئاماژەگەل و ناوکۆییەی کە لە دەقی بیانییدا رۆڵی گرنگیان هەن. ئەمەش، بە رای من، یەکێکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی دەقە وەرگێڕدراوەکانی کوردیی.

لەو روانگەیەوە، بۆ نموونە، دەکرێ دەقێکی شیعریی تەنیا هەڵگری تاکە واتایەك نەبێ، بەڵکوو لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ زمانێکی دیکەوە، واتاکەشی بگۆڕێت. رەنگە یەکێك لەو هۆکردانەی کە ئەزموونە ئەدەبیی و هزرییە رۆژئاواییەکان نەیانتوانی بێ کایەی وەرچەرخێنەریان لە ئەزموونی ئەدەبیی و رۆشنبیریی کوردییدا هەبێ، بۆ ئەو تێگەیشتنە رووکەشە لە بەهای ئەو هێماگەل و ئاماژەگەل، ناوکۆیی و رەهەندی واتاکانی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە یان خوێنراوانەوە بگەڕێتەوە. لە ئاکامی ئەوە ئەو تێگەیشتنە رووکەشانەشەوەیە کە ئەزموونە رۆشنبیرییەکانی رۆژئاوا لە بنەماوە کاریگەری خراپیان لە خەملاندنی پێکهاتەی پێناسەی رۆشنبیریی کوردییدا دانا بێ، هەر بۆیە ئەو ئەزموونە رۆشنبیریی و ئەدەبیانەی رۆژئاوا بۆ ماوەیەکی کورت لە ئاستێکی رووکەشدا وزەی بە رۆشنبیریی کوردیی بەخشیوە و دواجاریش ئەو وزەیە کۆتایی هاتووە. بەمجۆرە ئەو بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسیانەی کوردیی نەیانتوانیوە دابڕانێك لەو جیهانبینییە نەریتخواز و باوەی جڤاکیی کوردیی بسازێنن. هاوکاتیش دەکرێ یەکێك لە هۆکردەکانی لە دایك نەبوونی تاکەسگەلی ئازاد، خاوەن پرۆژەی رۆشنبیریی بەردەوام، نوێخواز، بزاڤێکی ئەدەبی یان سیاسیی خاوەن ئامانجێکی ستراتیژیی، پەیوەندی بە گرفتی ئەو گواستنەوە و تێگەیشتنە رووکەشە، کاڵ تێگەیشتنە لە رەهەندی ئەو ئاماژەگەل و ناوکۆییەی ئەزموونی رۆشنبیرییەکانی رۆژئاوا لە لایەن وەرگێڕ و نووسەر و سیاسیی کوردەوە هەبێ. بۆیە وەك دەبینین، نووسەر و سیاسەتوانی کورد ماوەیەك بە هۆی کاریگەریی ئەزموونێکی رۆشنبیریی رۆژئاواییەوە خۆیان وەك کەسگەل یان هێزی نوێخواز و شۆڕگێڕ، دژ بە نەریتە باوەکانی جڤاکی کوردییەوە نیشاندەدەن، کەچی دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە ژێر باڵی هەمان ئەو نەریتە باوانە و دەبنەوە هاوپەیمانی کەس و لایەنگرانی نەریتە کۆنخوازەکانی کورد.

لێرەوە جیاوازی لە تێگەیشتن یان کایەی ئاستی وەرگێڕاندا دێتە کایەوە.

هەر چۆنێك بێ، دەکرێ وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، واتایەکی دیکەی نوێ ببەخشێ یان رەهەندێکی دیکە لە واتا بەرهەمبهێنێتەوە. هەر بۆیە دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی تیۆریی ئاسانترە. چونکە دەقی تیۆریی هەڵگری ئەو فرە واتایە نییە یان ناکرێ وەك دەقێکی ئەدەبی، راڤەی جیاوازی لێ بکەین. هاوکاتیش ئەوە بەو مانایە نییە، کە دەقێکی ئەدەبی رۆژئاوایی بە دەر بێ لە ئاماژەگەل و ناوکۆیی ئەزموونە رۆشنبیرییەکانی رۆژئاوا یان زمانەکەی. بەمجۆرە ئەگەر دەقێکی ئەدەبی هەڵگری فرە مانایی بێ، کەچی دەقێکی تیۆریی فرە چەمکییە. ئەو چەمکانەش مانای لۆژیکیی، دیاریکراو و پێناسەکراوی خۆیان هەیە، بۆیە وەرگێڕ، ئەگەر لەو بوارە شارەزا بێ، دەبێ هەمان مانای ئەو چەمکانە بگوازێتەوە ناو زمانەکەی خۆیەوە. لێرەوە دیسان گرفتی ئەو وەرگێڕە باوەی کوردیی قووتدەبێتەوە. زۆرینەی وەرگێڕیی ئێمە، بۆ نموونە، بابەتی کشتوکاڵ یان ئامادەیی تەواو نەکردووە، کەچی دەقێکی فەلسەفی یان تیۆریی سەخت وەردەگێڕێت. بە هەمان شێوەش، وەرگێڕمان هەیە، بۆ نموونە، بە وردی دوو کتێبی هێگل یان کانت یان هابرماسی نەخوێندۆتەوە، کەچی هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی وتارێك لەسەر یەکێك لەو فێلەسووفانە. لەوەش زیاتر، وەرگێڕمان هەیە کە خۆی هیچ پەیوەندییەك یان رۆشنبیرییەکی وردی، بۆ نموونە، لەمەڕ سوریالیزم، سیمبولیزم، پۆستمۆدێرنیزم و ... تاد نییە، کەچی هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی وتارێك سەبارەت بەو رێبازە ئەدەبییانە یان دەقێك لە شیعری شاعیرانی سەر بەو رێبازانە دەکوردێنێ. وەرگێڕمان هەیە فڕی بە رەهەندی فەلسەفیی ئێتیکەوە نییە، کەچی وتارێك لەسەر ئێتیك لای پلاتۆ و ئەریستۆ دەکوردێنێ... تاد. راستە لە سەدەی رابردوودا وەرگێڕی وامان هەبوو کە رەنگە ئاست و بواری خوێندنی لە بابەتی تیۆریی، مێژوویی و فەلسەفییەوە نزیك نەبوو بێ، بەڵام ئەوان بە دڵسۆزیی و شەونخوونییەوە دەستیان بۆ ئەو کارە دەبرد. لێرەوە وێدەچێ یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەو پاشەگەرانییە لە وەرگێڕاندا، بۆ نەگبەتی زانستگاکانی کوردستان بگەڕێتەوە.

لێرەوە جیاوازی لە ئاستی وەرگێڕاندا سەرهەڵدەدا، کە بەهای خۆی هەیە. دیارە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی وەرگێڕی کورد، پەیوەندی بە ئاستی رۆشنبیریی و مەبەست و خواستی لە پیشەی وەرگێڕاندا هەیە. وەرگێڕانێکی کارامە یان لاواز، بە شێوەیەکی گشتی، بۆ ئاستی رۆشنبیریی و مەبەستی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە. ئەگەر خودی وەرگێڕ لە وەرگێڕانی دەقێکی بواری ئەدەبی یان تیۆریی یانیش فەلسەفییدا دەستڕەنگین نەبوو، نەتوانێ بە شێوەیەکی کارا و خەملێو ئەو هێماگەل و ئاماژەگەلەی لەو دەقە ئەدەبییە یان مانایە هزرییانەی کە لەو دەقە هزریی و فەلسەفییەدا هەیە بگوازێتەوە ناو زمانەکەی. ئەو جۆرە وەرگێڕەش زۆرینەی وەرگێڕی کوردیی پێکدەهێنن. هەر بۆیە خوێنەر پتشت بە دەقەکانیان نابەستێ و ئەو هەموو کتێبە وەرگێڕدراوانەش هەم زیانی ئابووریان هەیە و هەمیش رۆشنبیریی. لێرەدا دەبێ ئاماژەو بەوە بکەین، کە ئەمڕۆ ئەو خاوەن چاپخانە و یانە ئەدەبییانەی کە گوایە خۆیان وەرگێڕن و بڕیار لەسەر دەقە وەرگێڕدراوەکانی تر دەدەن، هۆکردی سەرەکیی ئەو پاشاگەردانیەن کە ئاماژەمان پێکرد. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی بزاڤە ئەدەبیی و هزرییەکان بە درەنگەوە یان بە نیوەچڵیوە بێنە ناو زمانی کوردیییەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، ئەگەر وەرگێڕێك خۆی لە بواری ئەدەبی یان تیۆریی لێهاتوو بێ، هەوڵدەدا رەسەنایەتی، ئاماژەگەل و ناوکۆیی ئەو دەقەی کە وەریدەگێڕێت، بۆ ناو زمانەکەی خۆی بگوازێتەوە و لە زمانە کوردییەکەیدا بیانخەملێنێت. دیارە ئێمە وەرگێڕ و بگرە نووسەری لەو تەرزەمان دەگمەنن، بۆیە کاریگەریان بەسەر ئاراستەی رۆشنبیریی کوردییەوە نییە. بەمجۆرە هەمیشە گومانمان لە وەرگێڕە باو و رەخنەگرە رووکەشەکانی کوردییەوە هەیە.

بەڵام یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە ڕێگەی لە گەشەکردنی رەهەندی وەرگێڕان و ئەو وەرگێڕە چاوەڕوانکراوە گرتووە کە ئەمڕۆ یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی رۆشنبیریی کوردیی، کردنی کردەی وەرگێڕانە بە کاسبی، پارە کۆکردنەوە و کاری جەڵەبیی. لەوەش بەدتر، مۆدەی دروستکردنی وەرگێڕگەلێکی پارەخواز و جەڵەبیی لە لایەن نووسەرانی خاوەن دەسەڵاتی ئابووریی، ئەمەش تاکوو، بە هەر چەشن و نرخێك بێ، بەرهەمەکانی خۆیان و هاوڕییەکانیان بکەن بە زمانی فارسیی یان عەرەبیی و دواجاریش زمانە رۆژئاواییەکان. خوێنەری وریا بە سەرنجدان لە هەوڵەکانی ئەو نووسەرگەلە بەرتیلخۆر و پێڕگرەی کە ئەمڕۆ بە هۆی تالانکردنی سامانی خەڵکەوە، خۆیان کردۆتە دەمڕاستی رۆشنبیریی کوردیی، دەتوانێ لە هەوەسەکانی ئەمدیو ئەو وەرگێڕە سازێنراوانە تێبگا. ئەوەتا هەر رۆژە دەبیسین، کتێبێکی شاعیری "گەورە"، تاکە رۆماننووسی "ناوداری گەلەکەمان" و گەوەرە و ناودارەکانی تری کورد دەکرێنە عەرەبیی و فارسیی و ئێنگلیزیی، هەروەك کورد بەوەندە دەقەی ئەو شاعیر یان ئەو رۆماننووسە "گەورە" و "ناودار"نەوە لە جیهانی دەرەو هی خۆیدا خوێن شیرین دەبێ و دەبێتە دەوڵەت. ئاگاتان لەو هەموو فیستیڤالانەیە کە چۆن لەوێدا هەوڵدەدرێ تەنیا شیعر و رۆمانی چەند ئەدیبی "گەوەرە" و "ناوداری گەلەکەمان" بکرێنە عەرەبیی یان فارسیی؟

لێرەوە ئەو نووسەرە خاوەن ئابوورییە بەرتیلساز و پێڕگرە هێندەی لە خەونی بەرژەوەندیی تایبەتیی و مەیلی پاڵەواندنی خۆیی و پێڕەکەیەتی ، ئەوەندە لە خەونی ئامادەبوون و بەشداریکردنی ناسنامەی زمانەکەی، ئامادەبوون و پایەی زمان، ناسنامەی نیشتمانەکەیدا نییە. هەر بۆیە وەرگێڕان بۆتە کارێك بۆ تالانکردنی بواری ئابووریی و رۆشنبیرییمان. لەوەش خەمینتر ئەو تەرزە جیهانبینییە، وەك چۆن ئاوەز و روحی کوردی گۆجکردووە، بە هەمان شێوەش بەردەوام وەچەکانی خۆی بەو زمانە وابەستە و پیرۆزاندنەی نووسەر گۆشدەکاتەوە.

## له مەیلی خەیاڵاندنەوە بۆ زمانی بەرهەڵستکاریی
## تێخوێندنەوەی کتێبی "خەیاڵی زمان"

ئەرێ بۆ زمانی کوردیی لە نەبوونی رەخنەی کوردییدا هەمیشە لە خۆی دەپرسێت؟ ئەوەندەی ئەم زمانە کوردییە بە گوتنەوەی ئەو "نەبوون"ەی رەخنە، چیرۆك و ... تاد، خۆی سەرقاڵکردووە، بۆ هێندە بە جوڵاندنی هۆکارەکان، یان بەجێهێشتنی ئەو "نەبوون"ەی رەخنە و ژانرەکانی تر سەرقاڵ نابێت، کە دەنگێکە لە گیانی/ماڵی خۆیدا هەیە؟ یان تۆ بڵێی زمانی کوردیی لە "خەیاڵ"ی رەخنەدا بێ بەری بێ؟ بەڵام خودی ئەم پرسیارە وەڵام ئامێزەش تووشی گومانمان دەکات، ئەویش: ئەگەر زمانی کوردی لە خەیاڵی رەخنە بێ ئاگایە، ئەی مەیلی سەرقاڵبوونی ئەو زمانە بە پرسیاری بوون و نەبوونی رەخنە و ژانرەکانی دیکە لە کێڕا سەرچاوە هەڵدەگرێ؟ گەلۆ کتێبی "خەیاڵی زمان" چتۆ پێشنیازێکمان بۆ تێگەیشتن لە رەخنە ئاراستە دەکا؟

لێرەوە تاکوو بۆ دەستەبەر کردنی راڤەیەك بۆ ئەو پرسیارانەی سەرێ رێگایەکی دوورمان نەکەوێتە پێش، کتێبی "خەیاڵی زمان"، نووسەر و شاعیر عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا،( بڵاو کراوەکانی دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم 2004)، دەبێتە خاکێك بۆ سەفەرێکی هەشتاو و خێرا، تاکو بتوانین بۆ ئەو پرسیارانە سۆراغێك لە سۆراغگەلێ، دەستگیر بکەین. وەلێ لێرەدا دەبێ بە خوێنەر بێژم، کە پرسیارگەلێکی وا راڤەیەکی فرەی گەرەکە، کە لەم نووسینەدا مەیسەر نابێ. بۆیە ئەم نووسینە، لە مەڕ ئەو کتێبەوە، تەنیا گوزەرێکی خێرایە لە نمایشکردنی ئاراستەی پرسیارەکاندا.
هەڵبەت، موتەلیب لە" خەیاڵی زمانی" خۆیەوە فرە دەق و پرسیارگەلێ بەسەر دەکاتەوە، کە رەنگە بەشێکی گرینگ لە جەستەی زمانی کوردیی پێکبێنن. نووسەر بۆ ئەوەی گفتوگۆی "خەیاڵی زمان" لەگەل ئێمەدا مشتوماڵ بکات، سێ بەش دەکاتە بابەت یان پێکهاتەی گفتوگۆیەکەی، وێڕای ئەمەش، دەکرێ "دەروازەیەك" کە لە کتێبەکەدا کەوتۆتە دەرەوەی هەر سێ بەشەکان، ئێمە بە ئاکامگیریەك لەم کتێبەدا ناودێری بکەین: موتەلیب لەو دەروازیەدا مەیلی رزگارکردنی زمان لە تێگەیشتنە باوەکان بەرجەستە دەکاتەوە، کە ئەم مەیلەش لە تەواوی کتێبەکەیدا، لەسەر تەواوی دەقی ئەو چیرۆکانەی بەشی یەکەم و پرسی مێدیای کوردی و مەسەلەی وەرگێڕان ...، لە بەشی دووەم و تێخوێندنەوەی دەقە شیعرەکانی بەشی

سێیەمدا، خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. یان ئەو مەیلەی خەیاڵاندنی زمان، کە نووسەری ئەم کتێبە بە "نادیار" ناودێر دەکا، بە هۆی ئەو وزەیەی کە لە ناو خودی خۆیدا هەیە، کە ئەمەش وادەکات لە کردەی ئەفراندندا شوێنکات و بەهای خۆی دامەزرێنێ، چونکە "کاتێك نادیار لە واقیعدا دەخەملێ و بە پرۆسەی بە عەقلبووندا گوزەر دەکات، ئیتر دەبێتە وزەی عەقڵ و بە دیوەکەی دیکەش ئاستەکانی عەقڵ بەرزدەکاتەوە..."(ل13). لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە خەیاڵ وەك پرۆسەی وزەیەکی نادیار، بۆ ئەوەی خاوەن ژیانێك بێ و مەیلەکانی بە گۆ بێنێ، لە پرۆسەکەیدا خۆی "دەئاوەزێنێ"، لە ئاوەز دەخەملێ، تاکوو لە پرۆسەی ئەفراندندا ژیانی خۆی برازێنێتەوە و خودی خۆشی رابگەیەنێ. بەڵام هاوکاتیش موتەلیب نایەوێ پایە و رۆڵی زمان بکاتە سێنتەرێك بۆ ئەو مەیلە وزەدارە، یان ئەو "نادیارە"، لە ئەفراندندا، بەڵکو زمان لەو پرۆسەیەدا، بۆ ئەوەی هەمیشە خۆی بخەملێنێ، خۆی رووبەرووی داهێنان دەکاتەوە. لێرەدا پرسیارێك خۆی قووتدەکاتەوە، ئەویش: ئەگەر زمان لە ئاگایی خۆیدا هەڵگری گشت پرۆسەکانی وەك کردە و چالاکییەك نەبووایە، چۆن دەمانتوانی پەی بە نادیار بەرین، یان چۆن مەیلەکان، خەیاڵاندنەکان لە شێوە نادیاریەکانیاندا، بە دیارکراو دەکران؟ کتێبی "خەیاڵی زمان"، لە روانگەی فرە دەنگیەکانەوە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە، بەمەش دەیەوێ، لە دابەشکردنی رۆڵەکاندا رەوایەتییەك بە وەڵامەکانی ببەخشێ، کە دەڵێ: "... کاتێك زمان وەك سێنتەر خۆی بەرجەستە دەکات، هەموو پەیوەندییەکان دەبنە پەیوەندی دیاریکراو و بنبەستوو و لاوەکی، یان بە مانەیەکی دیکە خودی سێنتەر ئاراستەکانیان دیاری دەکات و وەزیفەی دیارکیراویان پێ دەبەخشێ، ئەو دیارکردنەش بە دیوەکەی دیکە دەلالەت لە فەرامۆشکردنی پەیوەندییە هەرەمەکیەکان دەکات،..." (ل13). بەهەمەحاڵ، هەڵبژاردنی ئەو روانگەیە بۆ رەچاو کردنی "پەیوەندیەکان" و دەستنیشانکردنی "سێنتەر"، کە رۆڵەکانی تر "دیاریکراو و بنەستوو و لاوەکی..." دەکات، رووبەرووی کۆمەڵێ تێڕوانینمان دەکاتەوە، کە بواری ئەو نووسینە نییە. بەڵام دەکرێ بپرسین: گەلۆ ئەی خودی زمان نییە کە زیاڵەی ئەو نادیارانە، لە ژیانی ئێمەدا پەرژوبڵاو دەکاتەوە؟ ئەدی ئەوە زمان نییە کە پرۆسەی ئەفراندن بەرهەمدێنێ و جەستەی رەنگینیان پێدەبەخشێ؟ لێرەدا کە گەر دەمانەوێ پایەی سێنتەر بە زمان دەبەخشین، مەبەستمان نییە پەیوەندییەکانی دیکەش فەرامۆش بکەین، بەڵکوو دەمانەوێ ئەو مافە بدەینەوە زمان کە هی خۆیەتی، بەو مانایەی کە خودی زمان لە خۆی دەپرسێ و دواجاریش بەو پرسیارە خەیاڵ و مەیلە نادیارەکانی ئێمە و خودی خۆی بە جوڵە و گۆ دەخات. بە واتایەکی تر، زمان کە ئەو پرسیارە لە خۆی دەکا، ئەوکاتە پەیوەندی، مەیل و خەیاڵە متبووەکانی ئێمە بانگهێشتن دەکات. بۆیە لێرەڕا واتای "سێنتەر"، نابێتە دیاریکردنی ئاراستەکانی خەیاڵ، بەڵکوو دەبێتە کۆمەکی کاریان.

بەڵام هاوکاتیش ئەو کتێبە، دەسنیشانکردنێکی تر، یان رەهەندێکی تر بە زمان دەبەخشێ، ئەویش "بەرهەڵستکاری"یە. کەچی ئەو چەمکە لە کتێبی ناوبراو رەهەندێکی تر بەخۆوە دەگرێ، "خەیاڵی زمان" بەرهەمهێنەریەتی. بۆ ئەوەی ئەو واتایە تازەیەی بەرهەڵستکاری لە واتا باوەکەی جودا بکەینەوە، موتەلیب لە ئەتمۆسفێرێکی جۆشدارەوە رەهەندە تازەکەی بەرهاڵستکاریمان بۆ راڤە دەکات. نووسەر ئەو راڤە کردنەی خەیاڵی زمان لە دوو خاڵدا چڕ دەکاتەوە: "یەکەمیان دووبارە بونیادنانەوەیە، کە راستەخۆ بە ئەزموون و یادوەرییەوە بەندە، هەمیشە دەکەوێتە سەر راستکردنەوە، دووەمیان تەقینەوەی زمان بەرێوەی دەبا و راستەوخۆ بە چەمکی بەرهەڵستکارییەوە دەلکێ و لە چێژی وێناکردندا خۆی هەڵدەگرێتەوە، یەکەمیان بە خەیاڵی نووسەرەوە بەندە، دووەمیان بە خەیاڵی زمانەوە". (ل18) بۆیە بەو روانگەیە زمان لەگەڵ دەقەکانی ئەو کتێبە دەدوێ. بە واتایەکی تر، ئەو روانگەیە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ تێخوێندنەوە و بەرهەمهێنانەوەی دەق و پرسیارەکانی ناو ئەو کتێبە.

له بەشی یەکەمدا، نووسەر بە خوێندنەوەی "بەهەشتی ئەوبەر پردەکە"، کە نوڤیلێتێکی ڕێبوار ڕەحیمە، "چەمکی ونبوون" لە یادەوەری چیرۆکی کوردی، یان وەك کۆنتێکستێك لە چیرۆکی کوردیدا تاووتۆ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە موتەلیب بەدوای خەیاڵێکە کە لە پرۆسەی چیرۆکی کوردیدا، ئێستایەك لە دابڕان دەستنیشان بکا. دواجار ئەو خوێندنەوەیە بە دۆزینەوەی خاکێك بە چیرۆکی "بەهەشتی ئەوبەر پردەکە"،ڕێگایەك بۆ مەیلی خەیاڵاندنی سەفەری دابڕان لەبەردەم زمانی کوردی پێشنیاز دەکا. بە واتایەکی تر: بە دیدی ئەو کتێبە، چیرۆکی ناوبراو سەرەتایەکی تر، یان ئەزموونێکی تر لە چیرۆکی کوردییدا بەرجەستە دەکاتەوە. لەوەش دوورتر، لەم کتێبەدا زمانی کوردی خۆی بە سەرقاڵکردنی پرسیار لە "نەبوون"ی وزەی خۆی سەرقاڵ ناکات، بەڵکوو لە جێگەی ئەمە بازنەی پرسیارە چەقگیرەکان جێدەهێڵێ و لەگەڵ جوڵە و ئاراستەکان بەرەو پرسیارە تازە و ژیانە تازەکان ... تاد، بەلەدیمان دەکات. کەواتە بە ڕوانگەی ئەو کتێبە، "بەهەشتی ئەوبەر پردەکە"، دەبێتە ئاسۆیەکی تازە لە چیرۆکی کوردیدا. یان بە وتەی نووسەر: "... بە شێوەی تەکنیکی گێڕانەوەی نوێ و مۆنۆلۆژی گونجاو هەوڵدەدات کاتی ڕابردوو لە دووتوێی کاتی ئێستا بچووك بکاتەوە.... دەشێ "ڕێبوار" ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو خەونەشەوە هەبێ و لەوێوە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی دەق خۆی دژ بکاتەوە...". (ل32)
لێرەوە ئەوەی کە دەمانەوێ ڕایبگەیەنین، کە ئیتر زمانی کوردی بازنەی پرسیار لە نەبوونی مەیلی خەیاڵی جوڵاو ئەفرێنەر بەجێدەهێڵێ و بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو ئاسۆیە تازەی چیرۆکی کوردی بانگهێشتنمان دەکات.

بەڵام پرسیارێك لێرەدا بۆ مەزەندە کردنێکی ئاوەڵا خۆی قووتدەکاتەوە، ئەویش: ئاخۆ ئەو تەرزە شێوازە چیرۆکانە بەرهەمی "خەیاڵی زمان"ی کوردین، یان لە بونیاتەکانی دەرەکی ئەو زمانە کوردیە دەستەوا کراوە؟ لێرەدا پێم وایە ئەمڕۆ گفتوگۆکردن لەسەر گواستنەوەی ئەو هەموو بیرۆکە و شێوازانەی کە خەیاڵی زمانی کوردی سەرقاڵکردووە، (ڕەنگە هەر تەنیا بەلای منەوە وابێ، یان؟) جێگەی سەرنجە. ئەمەش نەك بەو مانایەی کە من دژی دۆستایەتی دەستەوایی و ئاڵوگۆڕی زمانی کوردی بم لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە، کە ئەو زمانەی کوردیی چەندێك چالاك و بەشدارە لەو پرسیارەدا. بەهەمەحاڵ.
وێڕای خوێندنەوەی چیرۆکی ناوبراو، ئەو بەشە سێ دەقی تر دەکاتە خاکی تێخوێندنەوەکانی، ئەمانیش: ڕۆمانی"تەونی جاڵجاڵۆکە"ی حەکیم کاکە وەیس، ڕۆمانی "چناری شیر"ی جەبار جەمال غەریب و ڕۆمانی "نەخۆشە ئینگلیزەکە"ی مایکل ئۆنداتشیە. هەرچەندە ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆمانەی دوایی بۆ ئێمە جێگەی پرسیار بێ، کە لەناو ئەو کتێبەدا بۆ تەنیا ئەو دەقە بیانییە، یان ئاخۆ گەر ئەو کتێبە تەرخان بێ بۆ پرسی ڕەخنە و کێشەی ئەفراندنی کوردی، وێڕای نەبوونی ئەو ڕۆمانە بە کوردی، چ مەبەستێك هەیە لەمدیوی ئەو هەڵبژاردنە؟ هەڵبەت مانای ئەوە نییە هەبوونی ئەو ڕۆمانە بیانییە کێشەیەکی گەورە بێ لە پرۆسەی گفتوگۆیەکانی ئەو کتێبەدا، بەڵکوو کێشەکە لێرەدا بەندە بەو مەیلەی زمانی کوردی، کە من/ئێمە خۆمان پێ سەرقاڵکردووە.
لە خوێندنەوەی ئەو سێ دەقەدا، موتەلیب ڕوانگە و ڕەهەندە ڕەخنەییەکانی خۆی تاقیدەکاتەوە. هەروەك مەبەستمان بوو ئاماژە بەوە بکەین، کە "خەیاڵی زمان" هەر لە دەستپێکی کتێبەکەدا تا دەگاتە چاوپێکەوتنەکەی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لەگەڵ نووسەری ئەو کتێبە، سەرقاڵە بە گرفت و پرسی دیار و نادیار، هاوکاتیش بەهای خەیاڵ لە پرۆسە و چالاکیاکانیدا بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی ئەفراندن. بەڵام ئامادە بوونی چەمکگەلێکی وەك "ناشعور، چەپێنراو، پاڵنەر، ئاگایی و

نائاگایی"، وامانلێدەکا هەمیشە تیۆری دەروناسی فرۆید و دەروونشیکاری لە زەینمان بگرین. لێرەدا دیسانەوە نیاز لە جەختکردنەوەی ئەو ئاماژەیە، مانای بەدحاڵی بوون نییە، بەڵکوو فرەوانکردنی ئاراستەکانی مەیلی زمانە بۆ بەرزەفتکردنی بنەچەکەی پرسیارە فرەکانی. رەواشە ئەوەمان لە بیر بێ کە نووسەر لە پرۆسەی جڵەوکردنی ئەو چەمکگەلە ناوبراوانەدا خەیاڵی زمانی خۆی، زمانی تێخوێندنەوەکانی رەنگین و چالاك دەکا، بە واتایەکی تر بە بەکارهێنانی ئەو چەمکگەلە، خەیاڵی زمانی کوردیی بە بەشداریکردن دەخەملێنێ، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دەستەواژەی "بەرهەڵستکاری" بکەین، کە لە زمانی کوردیدا مانایەکی سیاسی و یەك رەهەندی هەیە، بەڵام لە کتێبی "خەیاڵی زمان"دا رەهەندی جوانناسی و ئەفراندن وەردەگرێت. کەچی لە دیوەکەی تریدا، دیسان بۆ ئەو چەمکانە روانگەیەکی دیاریکراو ئامادەیە، کە گوتمان دەروونناسی و فرۆیدزمە.

بەشی دەووەمی کتێبی ناوبراو پرسی مێدیای کوردی، وەرگێڕان و کێشەی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدەرنیزم لە کۆمەڵگای کوردییدا راڤە دەکات. رەنگە ئەو بەشە بە چێژترین باس بێ بۆ ئەمڕۆی پانتایی رۆشنبیریی کوردی، چونکە ئەو سێ بابەتە، هەم چالاکترین بەشن لە ئەرکی خەیاڵی زمانی کوردی و هەمیش گرفتێکی هەنووکەیی باری رۆناکبیریمانن. وێڕای ئەمەش مێدیای کوردی ئەمڕۆ بە کێشەکانی خۆیەوە تەواوی جوڵەی زمانی کوردی داگیر کردووە. لێرەوە بە هۆی باڵادەستی و فۆرمە سواوەکەی مێدیای کوردی، باری رۆشنبیریی کورد و زمانەکەی کردۆتە شێوەی رۆژنامەگەریی. کە ئەمەش بەرهەمهێنانی رۆشنبیرییەکی فۆرمی و رووکەشانەیە، کە خەیاڵ یان مەیلی زمان سست و بێ چێژ دەکا. لە هەمان کاتیشدا، مێدیای کوردی، لێرە مەبەستمان تەلەڤیزیۆن و رۆژنامە و ئامرەزەکانی بینینە، بەو مێتودە رووکەشانە، کە تەکنیك بەرهەمهێنەریەتی، دیمەنەکانی مۆدێرنیزم و پۆستەکەی نمایشدەکات. هەر بۆیە لەو بەشەدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە لە نێوان هەرسێ بابەتەی ئەو بەشەدا، ئەویش ئەوەیە کە مێدیا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕی لە چۆنایەتی نمایشکردنی ئەو مۆدێرنیتەدا، هەروا بە هەڕمێن بوونی وەرگێڕانیش لەمڕۆی پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا، کە مخابن زۆریان بێ بەرنامە و جەڵەبین، دیسان پەیوەستدارە بە مێدیا و کاریگەرییەکانی مۆدێرنیزم و پۆستەکەی.

دەقی شیعر مەکۆی گفتوگۆی بەشی سێیەمی ئەو کتێبەیە. لەو بەشەدا گفتوگۆی نووسەر لەگەڵ دەقی "تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوە" کاکڵەی تەواوی ئەو بەشە بەرجەستە دەکاتەوە. بە تایبەتی ئامادە بوونی خودی دەقەکە، یان هەردوو لایەن لە گفتوگۆیەکەدا، خوێنەر داوتادەکا بۆ بەشداریکردنی هەردوو دونیای زماندا، هاوکاتیش خوێنەر دەتوانێ بە ئازادی خەیاڵێکی تر و داهێنانێکی تر ببەخشێتە هەردوو دەق. ماوەتەوە بە هێمنی بڵێم، خۆزگە لە داهاتوودا موتەلیب لە بەکارهێنانی وشەگەلێکی عەرەبی وەك "نەزعە، ئیبداع، تەعبیر،سیاق، شعور، فەراغ، مومارەسە... تاد" وازی دەهێنا، چونکە ئەو وشەگەلە نەك لەبەر ئەوەی تەنیا عەرەبیین بۆیە لەسەریان دەوەستین، بەڵکوو ئاهەنگی گفتوگۆ کردن و چێژی بیستن و گوتن لە بەکارهێنانی زمان لاسەنگ دەکا، کە ئەمەش کێشەیەکە لە مێدیای کوردیی و زمانی ئێمەدا. هاوکاتیش لە پانتایی کتێبەکەدا زۆر جار وشەگەلی کوردی کە هاومانای ئەو وشەگەلەی عەرەبیە بەکار هێنراون، کە ئەمەش جۆرێك لە لێکدژی لە تێگەیشتنی مانا دروست دەکات. بەهەمەحاڵ، لە زۆرینەی دەقی کوردییدا ئەو لاسەنگیە لە بەکارهێنانی چەمکگەل و پەیڤەکان بەدیدەکرێ.

ئەوەی کە جێگە سەرنجە، نووسەر پێی وایە شیعری "کلاسیك"ی کوردی، یان نالی و مەحوی و ... تاد، بە شێوە و هونەرەکانیانەوە "دەچێتە خزمەتی روئیای عەرەبی و زمانی عەرەبی و بونیادی هونەری و رەگەزەکانی ئەو بونیادەوە، لە

بری ئەوەی بچێتە خزمەتی بەرفرەوانکردنی زمان و رۆئیای کوردییەوە..." (ل198). ئـەوە راڤەیـەکی وروژێنـەرە، چـونکە ئەوکاتە دەتوانین بڵێین، کە تەواوی شیعری مۆدێرنی عـەرەبی و کـوردی خزمـەتی زمـانی ئـەوروپی دەکـەن. لـەوەش زیـاتر تەواوی تیۆریی و مێتودەکانی ئەو کتێبە لە یادەوەریی زمـانی کوردییـدا بێبەشـن. دواجـاریش ئـەو راڤەیـەی نووسـەر، وێـڕای گرفتەکانی، بەڵام جێگەی گفتوگۆ کردنە، کە لە لایەکـەوە، هـەم هاودژییـەك (پـەرادۆکس) لـە روانگـەی نووسـەر بەرهەمـدێنێ وﻟە لایەکی تریشەوە، هەمیش دەکرێ لـە بـری سـەرقاڵبوونی زمـانی کـوردی بـە پرسـیارە گوتراوەکـانی، ئاسـۆیەکی تـر بـۆ خەیاڵی زمانی کوردی ئاوەڵا بکاتەوە.

رەنگە بێ سود نەبێ گەر لە خەیاڵی زمانی کوردی بپرسین، کە تەواوی شیعری فۆلکلۆری کوردی و ئاهەنگی کوردی لـە وەزن و قافییە و ... تاد پێکهاتوون، کە ئەمەش سروشتی خودی ژیان و پێداویستیەکانی رۆحی کوردی بەرهـەمی هێنـاون؟ هـەروا، ئەی بەر لە بـوونی شـیعری کلاسـیکی عـەرەبی،هۆنراوە lyrik ی گرێکـی وەك سەرچـاوەیەکی کۆنینـە نـەبوو بـە شـێواز بـۆ تەواوی شیعری ئەورپایی؟ بە دیوێکی تر ناکرێ بڵێین شیعری خانی و نالی و مـەحوی و مەولـەوی و... تـاد، رێچـکە هـەڵگری شیعری دەڤۆکی و فۆلکلۆری کوردین؟ دەکرێ بڕێکی زۆر لەو پرسیارگەلە جێگەی گفتوگۆی ئێمـە بـێ، وەلـێ ئـەو نووسـینە، بەهۆی بێکاتی، بواری هەناسەیەکی درێژ مەیسەر ناکات.

کۆتایی ئەو کتێبە بە چاوپێکەوتنەکەی خۆی کۆتایی دێت، کە دەکـرێ بێـژین بۆچـوونەکانی موتـەلیب، دەبێـە کۆکردنـەوە و نمایشکردنی تەواوی ئەو بیرۆکـە و پرسـیارانەی کـە لـە سـەفەری کتێبەکەیـدا، لـە گفتوگۆیـەکانی لەگـەڵ دەقەکانـدا پیـادەی کردوون. بە دیوێکی تریش ئەو چاوپێکەوتنە بەرجەستەکردنەوەی مەیلی خەیاڵی زمانە لە دۆزینـەوەی ئاسـۆیەکانی ئەفراندن پرسـیارەکان، کـە خـودی ئـەو مەیلـە لـە رێگـەی ئـاخێوەر زمـان، نووسـەری ئـەو کتێبـە، ویسـتی بەرهەڵسـتکاری خـۆی رادەگەیەنێ،بۆ ئەوەی لە سەرقاڵبوون بە پرسیاری "نەبوون"ەوە، بۆ سۆراخی ئەفراندن، بـەرەو جیهـانی تونـاوتوون سـەفەر بکات.

(ئەم دیدارە لە ژمارە 176 و 177، 2007ی رۆژنامەی "کوردستان راپۆرت"دا بڵاوکراوەتەوە.

ڤینۆس فایەق ئایا باوەڕت وایە نووسینی ژن لاساییکردنەوەی نووسینی پیاوە؟ بەواتایەکی تر ، ئایا دەقە ئەدەبیەکانی ژن هیچ خەسڵەتی ژنانەیان هەڵگرتووە ، یان هەموویان یان هەندێکیان لەژێر کاریگەری دەقە پیاوانەکاندا نووسراون؟

هەندرێن: سەرەتا خودی "لاسایی"کردنەوە، دیاردەیەکی فرە رەهەندە: مرۆڤەکان، بە ژن و پیاوەوە، لە هەموو رۆژگار و کۆمەڵگایەکاندا، بە جۆرێك لە جۆرەکان، لاسایی شێوازی ژیان و کردەوەکانی دەورووبەری خۆیان دەکەنەوە. بە واتایەکی گشتی سەرتاپای پرۆسەی رۆشنبیریی و هزر بریتییە لە پرۆسەی کارلێکردن، لاساییکردنەوە و تاو و توێ کردن" گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ یەکتردا. لێ هاوکاتیش چەشنێك لە "لاسایی"کردنەوە هەیە ئاگاییەکی هەڵبژێردراوی لە پشتەوەیە و هەندێکیشیان بەندە بە پەیوەندیی دەسەڵات و کایەکانییەوە هەیە. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەو لاساییکردنەوەیە کە دەبێە جۆرێك لە وابەستەیی. کێشەی ئەو لاساییکردنەوەیە ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی، زۆرینەی کۆمەڵگا کۆنباو، دەستکورت و بندەستەکان لاسایی کولتوور و ژیانی نەتەوە باڵادەستەکان دەکەنەوە. گرفتی ئەو لاساییکردنەوە ئەوەیە کە نائاگایی دەتەنێتەوە. دوجاریش مرۆڤ دەبێە پاشکۆ. ئەوکاتەی مرۆڤ بە هۆی پرۆسەی سەرکوتکردنەوە ویستی سەربەخۆیی لە دەستدەکا، ئەوە ژیان و کردەکانی لە لاساییکردنەوەیەکی نائاگاییەوە دەبێتە جۆرە ژیانێکی ئاگایی. بە رای من، گرفتی دیاردەی کۆمەڵگای بندەست بە گشتی و گرفتی زۆرینەی ژنی کورد. بۆ نموونە لە ئاستی رووکەشیدا سەرتاپای کۆمەڵگایەکانی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی بە راشکاوی لە ژێر کاریگەریی کولتوور و زمانی ئینگلیزیی و کولتوورەکانی تری رۆژئاوادا دەتلێنەوە. جا نەگبەتی لەوەدایە نەتەوەیەکی ژێر دەستی وەك کورد لە جیهانی ئیسلامیدا بە دەست لاساییکردنەوەی کولتوور و زمانی عارەبی، فارسی و تورکیدا دەتلێتەوە. ئەو لاساییکردنەوەش، هێمن موکریانی واتەنی: " بەدەستی دیلەوە دیلە"" واتا عارەب، فارس و تورك خۆیان دیلی کولتوور و زمانی باڵادەستی رۆژئاواین و ئێمەی کوردیش دیلی کلتوور و زمانی ئەوانین. لێرەوە بەشێك لە لاساییکردنەوەی تاکەکەس، کۆمەڵگا و نەتەوە ستەمدیدەکان بە یاریی پەیوەندییەکانی باڵادەستی دەسەڵاتەوە گرێدراە. کولتوور و زمانی نەتەوەی باڵادەست یان رەگەزی نێر نۆرم و راستیی خۆی بەرهەمدەهێنێ و لە رێگای دەسەڵاتەکەیەوە بەسەر رەگەزی بندەستی خۆی دەیسەپێنێ . بەمجۆرە پرسی "لاسایی"کردنەوە، زۆر رەهەندی دیکەشی هەیە کە پێویست ناکا بە دوایاندا بڕۆین.

هەر چۆنێك بێ بە بۆچوونی من، زۆرینەی ژنە نووسەرەکان، نەك هەموو، بەختەوەرن بە پیاهەڵدان و "لاسایی"کردنەوەی نووسەرە پیاوەکان. کێشەی ژنی کورد ئەوەیە، بە هۆی سنوورداری ژیانی ئازادییەوە، لاسایی پیاوگەلێك دەکاتەوە نەك هەر خۆیان لاساییکەرەوەن، بەڵکوو بڕواشیان بە ژن نییە و لە بەرهەمەکانیاندا ژن وەك بابەتێکی چێژبەخش وێنا دەکەن. وێڕای ئەمەش، تۆ پێم بڵێ، نووسەرە ژنەکانی کورد چەند لێکۆڵینەوە و راڤەکاریان لەسەر ئەزموونی خەبات و داهێنانی قۆناغە جیاوازەکانی دەستەخوشکەکانیان نووسیوە؟ ئاخۆ ئاوڕنەدانەوەی ژنی نووسەری کوردی ئەمڕۆ، بۆ نموونە، لە ئەزموونی ژنگەلێکی کارای وەك مەستوورەی ئەردەلانی و عادیلە خانم، حەپسە خان، لەیلا قاسم و ئامادەیی ئەو هەموو کیژ و ژنەی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ریزی پێشمەرگەی "پکك" و عاسێ بوونیان لە چیای قەندیل، لە رۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا، جێگەی پرسیار نین؟ ئایا ژنی کورد توانیوویەتی لە سەرچاوە و بنەما کوردییەکانەوە زمانێك بۆ پرسی ژنی کورد دابهێنێ؟ بە بڕوای من، ئەمڕۆ ژنی نووسەری کورد کەمتەرخەمە لە بەردەم کۆمەڵێك رۆڵی کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیرییدا. کە ئەرکی ئەوە

بەرجەستەیان بکاتتەوە.

لێرەدا ئەمن مەبەستم ئەوە نییە کە نابێ ژنە نووسەرێك "لاسایی" پیاوان بکاتەوە یان لەسەر پیاوان بنووسێ، یان هەموو کەمتەرخەمن لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا.

لەو روانگەیەوە هەتا ئێستاش دیاردەی نووسینی ژنی کورد لە ژێر کاریگەریی دەقی پیاودا دەخولێتەوە. هۆکردی ئەمەش پاشخان و پێکهاتی کۆمەڵگای کوردییە، نەك لاوازییەکی گەوهەریی و ئاوەزیی ژن. ئێوە دەزانن خامەی پیاو لە مێژووی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردییدا، بێجگە لە مەستوورە، تەواو بەسەر زمانی کوردییدا زاڵە. لە حەفتایەکانی سەدەی رابردووەوە ناوی ژن لە جیهانی زمانی کوردییدا لەوێ و لێرە دەردەکەوێ. هەر بۆیە هەموو دەزانین ئەمرۆشی لەگەڵ دابێ زۆر جار بە بیانۆی جوودا پیاوان بە ناوی ژنان بابەتیان بڵاوکردۆتەوە یان لە شانۆ وبوارەکانی تردا رۆڵێ ژنیان بینیووە و دەبینن. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئامادەیی کاڵی ژن لە ژیانی رۆشنبیریی کوردییدا. وەك وتمان هۆکردی ئەمە تاوانی ژن نییە وەك مرۆڤێك، بەڵکوو پێکهاتی کۆمەڵگای کوردییە، کە نەریتە کۆنباوەکان بەسەریدا باڵادەستە. ئەم نەریتەش بە هەموو جۆرێك ژنی دەمکوتکردووە. ئەو کێشەیەش هەر تەنیا تایبەت نییە بە ژنی کوردەوە، بەڵکوو ژن لە گشت کۆمەڵگایەکانی وەك کورد بەو کێشەیە دەتلێنەوە. لێرەدا بواری ئەوەمان نییە دەیان نموونەی ئەو کیژ و ژنە شاعیرانەی کورد بخەینەڕوو، کە زۆر ئاشکرا لاسایی شاعیرە پیاوەکان دەکەنەوە. لەوەش زیاتر هەندێك لەو ژنە شاعیرانە، بە خۆیان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو دێڕە هی فلان شاعیری "ناودار، ناسراو و گەورە"یە، یانیش، بەشێك لەوانە، بێجگە لە شیعر، لە وتار و نووسین، لە دیدار و وتارەکانیاندا هەر بە شاعیرە پیاوەکاندا هەڵدەڵێن، ئەمڕۆش ژنانی نووسەر هەن وەك جۆرە خۆبەستانەوەیەك دێڕێك لە نووسینی ئەو پیاوە نووسەرە خاوەن دەروێشانە دەخەنە ناو نووسینەکانیانەوە کە ئەو دێڕە هەندێ جار نەك هەر گوتراوە، بەڵکوو هی ئەو نووسەرە کوردەش نییە. کەچی ئەو ژنە نووسەرانە بە دەگمەن باسی شاعیر و نووسەرێکی ژن دەکەن. ئاخۆ ئێوە سەرنجی ئەو دیاردە سەرنجکێشەتان نەداوە؟ ئایا ئەو وێناندنەی ژنی کورد بوختانێکی پیاوسالارییە یان دیاردەیەکی سروشتییە؟

لێرەدا دەبێ ئەوەش جەخت بکەینەوە، ئەوە هەر ژنان نین "لاسایی" پیاوان دەکەنەوە، بەڵکوو زۆرێك لە پیاوە قسەنووسەکانیش، جا بە هەر هۆیەك بێت، لاسایی پیاوە نووسەرە باڵادەستەکان دەکەنەوە، کە زۆر جار ئەو پیاوانە بەهۆی زۆر هۆکارەوە، بێ ئەوەی هێندە گرنگیش بن، "گەورە" دەکرێنەوە. هەر بۆیە خەڵکی ئاسایی و زۆرێك لە نووسەرە لاوەکان، بە هۆی ئەو نەریتە باوە هەرارکییەی کە حوکمی کۆمەڵگای کورد دەکا، شەیدای ئەو ناوانە دەبن و وزە و توانستی خۆیان فەرامۆش دەکەن. ئەو دیاردەیەش لە هەموو کۆمەڵگایەکاندا، بە ئاستی جوودا و کەم و زۆر، بوونی هەیە. بەڵام کورد هێشتا ژنگەلێکی نووسەری بەرهەمداری وەرچەرخێنەری نییە تاکوو ببنە سەرچاوەی بەهرە وەرگرتنی نووسەری پیاو و ژن. ئەمەش قەدەری مێژووی جیهانە.

سەبارەت بە پرسیاری خاسڵەتی ژنانە لە دەقەکانی ژنی کورددا، بە رای من، زۆرێك لە دەقی ژن لێوانڕێژە لە تایبەتمەندیی و جیهانبینی، ئازار، نەوا، شادی ... تاد" رەوانبێژی ژنانە. هەڵبەتە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە ئاماژە بە کۆی ئەو دەقانە بکەین .ئێمە بەشێك لە نووسەری ژنمان هەیە هەر لە سەرەتاوە بە ئامادەییەك لە خۆ خەملاندن بە ئازادی بیرکردنەوەو هاتۆتە ناو نووسینەوە. بەڵام هاوکاتیش زۆرێك لە ژنمان هەیە، هەروەك لە پیاوانیش، خاوەنی هیچ قسەیەکی خۆیان نین. ئەو دیاردەیەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ خوێنەرێکی باش زۆر بەرچاوە. بەمجۆرە پرسی لاساییکردنەوەی پیاوانی باڵادەست لە لایەن بەشێکی ژنانی نووسەرەوە، پەیوەندی بە خودی رێژەی ئامادەیی ژن و پێکهاتی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە.

کاتێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئازادییە سەرەتاییەکانی ژن وەک بوونەوەرێك هێشتا بە دەست بڕیار و ویستی پیاوانی باڵادەستەوە بن، ئەی چۆن نووسینەکانیان بێبەری دەبن لە لاساییکردنەوەی پیاوانی باڵادەستی نووسەر؟

لە رووەیەکی دیکەشەوە، وەك خۆتشتان دەزانن، بە هۆی بندەستی ژن، لە تەواوی رەوتی مێژوودا، زۆر لە ژنە نووسەرە ناسراوەکانی جیهانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هزرڤان و شاعیرە پیاوەکان. ئێوە دەزانن، سیمۆند دیَ بۆڤوار، وێڕای یاخی بوون و بەهای نووسینەکانیشی، لیَ سەرچاوەی بیرۆکەکانی ئەو لە بوونگەرایی ژان پۆل سارتەرەوە هەڵقووڵا بوون. هەنا ئارێند، وێڕای رەسنی هزرەکانیشی، لیَ سەرچاوەی جیهانبینییەکانی دەگەڕێنەوە بۆ هایدگەر و ئەرستۆ. هاوکاتیش بزاڤی فێمێنیزمەکانی ئەمڕۆ، بە تایبەتی سەرچاوەی تیۆریی و هزرەکانی ئەو فێمێنیستانەی، کە بە فێمێنیستە ئاکادیمییەکان یان ئیلیت/دەستبژێرەکان ناسراون، لە تیۆرییەکانی فۆکۆ، دێریدا و...تاد هەڵقووڵاون. بۆ نموونە، بنەمای هزرە فێمێنیزمەکەی یودیت باتلەر، کە یەکێکە لە فێمێنیستە ئەکادیمییە ناسراوەکانی ئەمریکا و کاریگەریشی لەسەر زۆر لە فێمێنیستەکانی جیهانی رۆژئاوادا هەیە، پەیوەندی بە بیرۆکەی پەیوەندی دەسەڵات"ی فۆکۆوە هەیە.
کەواتە ئەگەر ژنانی جیهان ئەوە رەوشیان بیَ، ئەی دەبیَ ژنانی کورد چۆن بن؟. کۆڵەکانی ئەو گۆشکردنە وابەستەییەش، هەر تەنیا ماسوولکە و داب و نەریتی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی و باوکسالاری کورد نییە، بەڵکوو ئاینیش، لە رێگای حیکایەتە مێتافیزیکییەکانییەوە، خۆیان لە "هەقیقەت"ێکی رەهادا دەبیننەوە، رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە مانەوەی ئەو رەوشەی ژنی کورد.

ڤینۆس: باشە دەنگێگ هەیە پێی ئەوترێت دەنگی ژن لە ناو ئەدەبی مرۆڤایەتیدا ، ئایا ئەمە ئەبێتە بەهانەی ئەوەی ئەدەبێك جویَ بکرێتەوە بەنێوی (ئەدەبی ژن) ، واتا لە خانەیەکی تایبەتدا پۆلین بکرێت؟

هەندرێن: وێدەچی سەبارەت بە دەستەواژەی "ئەدەبی ژن" ئاڵۆزییەك یان قەتیسمانێکی ئایدیۆلۆژی لە پێناسە یان فامکردنییدا هەبیَ. هەرچەندە من لە پەراوێزی گفتوگۆیەکانی تۆ و رێکپۆش و بۆ کردنەوەی ئاسۆیەك بۆ تێهزرینێکی کراوەتر، دیدارێکی ژنە نووسەر و فێمێنسیتی فەرەنسی هێلێنا سیکسوسیَ بەناوی "شاعیرە مەزنەکان شاعیریشن" کرد بە کوردی و لە سایتی "دەنگەکان" بڵاومکردەوە. لیَ وێڕای ئەمەش لێردە هەوڵدەدەین لە روانگەی خۆمانەوە بە شێوەیەکی گشتی و سادە بەشێك لە بۆچوونەکانی خۆمان بۆ وروژاندنی ئەو بابەتە بخەینە روو. ئەمەش مانای ئەوە نییە بۆچوونەکانی ئێمە دوا راستییە. چونکە ئامادەیی ئەو دەستەواژەیە لە زمانی کوردیی و زمانی نەتەوەکانی دیکەدا بیَ بنەما نییە. لەبۆیە ئاخاوتن لەسەر دەنگێك بە ناوی دەنگی ژن لە ناو ئەدەبدا، نە بە مانای پۆلێنکردنێکی ئایدیۆلۆژییە و نە کەمکردنەوەشە لە بەها و پایەی ژن وەك مرۆڤێك، بەڵکوو رەهەندێکی جوانناسی یان شیعریانەی رەگەزیی هەیە. ئەرکی ئەدەب سازاندنی جیهانێك نییە لە بۆتەی دۆگماگەراییدا، بەڵکوو لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەدەب وروژاندنی پرسیار و خولیا دەمبەستکراوەکان و دۆزینەوەی جیهانە نەبینراوەکانە. هاوکاتیش مەیلی ئەدەب دەستپێوەگرتن و خەم خواردنی دیوە جوانناسییەکانی ژیانی مرۆڤ و جیهانەکەیەتی. کۆی ئەمانەش لای من "ئەدەبی ژن" رەهەندێکە بۆ داوەتکردنی رەگەزەکەی تر لە پێناو شکۆمەند کردن و بەرهەمدارکردنی بەهای رەگەزە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیی و هاوژیانیاندا. لەبۆیە، بە دیدی من، دەستەواژەی "ئەدەبی ژن" رەهەندێکی جوانناسیی و شیعرییەتی هەیە و ئەمەش وادەکا ئاسۆیەکانی ئەدەب هەمیشە تاسە و مەیلی

لێچڕاژان و بەناو یەکتر وەربوونیان گەرمتر بێ. بە واتایەکی تر، ناودێرکردنی "ئەدەبی ژن" ، پۆلێنکردنێکی مرۆڤانەی نییە، بەڵکوو روانگەیەکی شیعرییانەی هەیە. کەواتە بوونی جۆرە دەقێك بە ناوی "ئەدەبی ژن" مانای رەنگینی جیهانی ئەدەبە نەك "پۆلێنکردن و جوودا کردنەوە". بە دیوێکی دیکەشەوە، سەیر کردنی ئەو ئەدەبە لە روانگەیەکی جوانناسییەوە جۆشدانی پرسی ژن و بیرکردنەوەیە لەو دۆخەی کە نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا و نێرسالاری رەگڕێژی کردووە و بە دەسەڵاتەکەشیەوە رەوایەتی بەو پەراوێزکردنەی ژن داوە.

بە دەر لەمانەی کە وتمان، ئەمڕۆ لە روانگەی تیۆرییەکانەوە دۆخی ئازادیی ژنی رۆژئاوا لە هی ژنی جیهانی ئیسلامی و کوردیش زۆر باشترە، کەچی دەربڕینی "پرسیارێکی ژنانە"، "شێوازێکی ژنانە"، "زمانێکی ژنانە" و ... تاد لە پانتایی نووسین و ئاخاوتنی ئەدەبی، رۆشنبیریی و هونەریدا زۆر بە فرەوانی بەکار دەهێنرێ. لەوەش زیاتر، ئەمڕۆ لە ئاستی زانستگایەکانی رۆژئاوا، بۆ نموونە لە سوێددا بەشێکی تایبەت بە "جەندەر" یان فێمێنیزم هەیە کە دەقە ئەدەبییە کۆن و نوێیەکانی پیاو و ژن دەکەنە سەرچاوەی خوێندن و بنەمای دارشتنی کۆمەڵگایە پیاوسالارەکان و وێناندنی ژن.

بەڵام لە کاتێکدا پرسی ژن لە زمانی کوردییدا بۆتە بابەتێکی بە هەرمێن. ژنانی نووسەر رێکخراویان هەیە بەناوی رێکخراوی بەرگیریکردن لە ژن و ماڤ ژن، شەڕێکی زۆر لەسەر دەستووری کوردستان و پەرلەمانی کورد دەکرێ کە گوایە وەك پێویست ژن تیایاندا، بە هۆی پیاوە کۆنپارێزە دەسەڵاتدارەکانەوە، جوان ئاوڕ لە ژن نەدراوەتەوە. ژنان رۆژانە بە دەست پیاوی ماڵ و کۆمەڵگاوە بە پشتیوانی نەریت و دەسەڵاتەوە هەتکدەکرێ. باشە بۆ هەبوونی ئەو هەموو قسە و رێکخراو و ناونیشانانە بەناوی ژنەوە رەوایە، بۆ هەبوونی "ئەدەبی ژن" ئاسایی نەبێ؟ ئەی ئەگەر ژن لە روانگەی تایبەتمەندیانەی خۆیەوە لە داهێنانەکەیدا گوزارە لە خەم و مافە مرۆڤایەتییەکانی خۆیەوە نەکا، ئەی باسی چی بکات؟ دەمەوێ بڵێم لەو قۆناغەدا کە ژنی کورد هێشتا خاوەنی هیچ مافێکی بنەڕەتی خۆی نییە و هیچ قانوونێکی کاراش نییە بە کردەوەیی داکۆکی لێ بکات، بۆیە بوونی ئەدەبێك بەناوی ژن جۆرە کردەیەکی جوانناسیانەیە بۆ ئاوەڵاکردنەوەی بەشێك لەو جیهانە مرۆڤایەتییەی کە چاوەشەکراوە. من پێم وایە ژن بە داهێنانی زمانێك تایبەت بە خۆی، وێڕای شێوازەکانی تری خۆ جەختکردنەوە، دەتوانێ ئەو ستراکتوورە داڕێژراوەی کۆمەڵگای کوردی هەڵوەشێنێتەوە و هاوکاتیش دەتوانێ خۆی لەو پەراوێزکردن رزگار بکات و ئەو لاسەنگییە نامرۆڤایەتییەش هاوسەنگ بکات کە نەریتی باوی پیاو بە دژی ئەو دایهێناوە. بە کوردی دەکرێ بڵێین دەستەواژەی "ئەدەبی ژن" لە قۆناغێکی وەك ئێستای کوردستاندا، وەك جۆرە جوانناسیی و جەختکردنەوەیەك لە ئامادەیی بەهای ژن لە زمانی کوردییدا فامبکەین. لە کاتێکدا هێشتا کۆمەڵگای کوردی پیاو بەڕێوەی حوکمی دەکا و ژنیش هێشتا وەك رەگەزێکی شووم و بوونەوەرێکی نائاسایی وێنا دەکرێ، دەکرێ داهێنانی ژنانە ببێە وزەیەك بۆ جێڵەقکردنی ئەو بونیاتە داڕێژراوە. بەمجۆرە بوونی ئەو دەستەواژەیە دابڕاندنی ژن نییە لە واتای مرۆڤ بوونی، بەڵکوو ئاوەڵاکردنەوە و ئامادەکردنی ئەو دەنگە مرڤایەتییەیە کە پیاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنیا بە هی خۆی زانیووە.

ڤینۆس: باشە ئەگەر وایە سیفەت و خەسڵەتەکانی ئەو ئەدەبە چین؟ بۆ دەبێ ئەدەبی ژنان لە خانەیەکی جیادا پۆلین کرێت، بەمانایەکی تر بۆ ئەبێ ئەدەبی مرۆڤایەتی لەتکەین و بەسەر رەگەزدا دابەشی بکەین؟

هەندرێن: نەك لە پێوانەی ئیدیۆلۆژییەکانەوە، بەڵکوو لە پێوانەیەکی شیعریانە و جوانناسییەوە، خەسڵەتەکانی "ئەدەبی ژن" بریتییە لە گوزارەکردنێکی هێورانە لە جیهانی مرۆڤ" جۆرێك لە پەیوەندییەکی هۆگریانە و گەرم و گووڕانە لەگەڵ

ڕەهەندەکانی ژیان“ ئامادەیی زمانێکی ناسکوێژانە لە وێناکردنی جیهانە نادیارەکانی مرۆڤ و مەیلی دۆزینەوەیان“ بوونی وردەکاریی و دیقتادانێکی زیاتر لە پیاو لە مامەڵەکردن و تێڕوانین لە بەهای ئەڤینداریی و هاوژیانی مرۆڤەکان و ... تاد. بە واتایەکی ڕوونتر، پیاو لە دەقەکانیدا، تاکگەرایانە بیر دەکاتەوە و بڕیار لەسەر وێناکردنی ژیان دەدا، کەچی ژن لە دەقەکانیدا بە کۆمەڵی و وردەکارانەتر بیر دەکاتەوە و بڕیار لەسەر ڕەهەندەکانی ژیان دەدا. پیاو لە دەقەکانیدا، یەك لایەنانەی وێنای پەیوەندییە ئیرۆتیتییەکانی لەگەڵ ڕەگەزی مێ دەکا، کەچی ژن هاوبەشانە و بە دەربڕینێك لە دەستپێوەگرتنەوە ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ ڕەگەزی نێر وێنا دەکا. پیاو بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و بڕیاردەرانەی زاڵەوە گوزارە لە کێشەکان دەکا، کەچی ژن ناڕاستەوخۆ و بە ڕەچاوکردنی زۆر ئەگەرەوە گوزارە لە خواستەکانی دەکا. لە دەقی پیاودا لایەنی ماددی زیاتر جەختدەکرێتەوە، کەچی لە دەقی ژندا لایەنی وردەکاریی و جوانناسییەکان. پیاو کە دەئاخڤێ هەڵوەستە لەسەر وردەکاریی ڕەهەندەکانی ژیان ناکا، کەچی لە ئاخاوتنی ژندا ئەو وردەکارییانە گەوهەرین. پیاو بە زمانێکی ڕووت دوا ئامانجی خۆی رادەگەیەنێ، کەچی ژن دەخوازێ گفتوگۆ بکات و ... تاد، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەدەبی ژن لە هی پیاو مرۆڤانەترە یان ڕاسترە، بە پێچەوانەشەوە. سەبارەت بە زمانی ژنی کورد ڕەنگە قوورسایی چەوساندنەوەی دوو قاتی ئەو بە دەستی داگیرکردنی دەرەکی و ناوەکی“ نەتەوەی باڵادەست و نەریتی خێڵسالاری کورد، بە گشتی کاریگەریی هەبێ لە دیارییکردنی ئاراستەی دەقەکانی... لێرەوە بوونی ئەو خەسڵەتانە لە دەقی ژنی کورد، هەروەك لە شێوازێکی دیکە لە دەقی پیاودا، شتێکی سروشتین. ئەمانە بەشێکن لە زمانی جیاوازی نێوان ژن و پیاو. لە کن من ئەو خەسڵەتانەی زمانی ژن دوورن لە ڕوانینە ئیدیۆلۆژی و پیاوسالارییەکان، بەڵکوو بە تێگەیشتن و ڕەچاوکردنی کۆمەڵێك هۆکردی لۆژیکی، فیزیکی، ڕوحی و زانستی. لەوانە ڕێژەی هۆرمۆن و دابەشکردنی هەست و ئاوەز لە نێوان چەپ و ڕاستی مرۆڤدا، ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە نەرم و زبری هەستی مرۆڤ و ئاکارەکانی. هەروا فاکتەری منداڵدان و توانای منداڵ دروستکردن لای ژن بێگومان کاریگەریی لەسەر هەسداری هەست و جیهانبینی ژندا دادەنێ.

لێ سەبارەت بە دوولەتکردن کە لە پرسیارەکەتدایە، ئەمە ڕوانگەیەکی ئۆتۆپیانەیە. ئەگەر مرۆڤایەتی سێنتەری هەموو ڕوانگەکانی مرۆڤ بێ، ئەی باشە بۆ جیاوازی لە نێوان نەتەوە، کۆمەڵگا، وڵات و ... تاد لە ئارادایە. واتا ئەگەر مرۆڤایەتی بریتییە لە یەکاتی گەوهەرێك ئەی ئەو هەموو کێشمە کێش و شەڕە چییە لە نێوان مرۆڤەکاندا؟ بۆ نموونە، بۆ نەتەوە باڵادەست و زلهێزەکانی جیهان دان بە ڕەوایەتی سەربەخۆیی کورد نانێن؟ وەك گوتمان گوازەرەکردن لە زمانی ژن، بە تایبەتی لە قۆناغێکدا کە ژن لە کۆمەڵگای کوردییدا دان بە توانا، بەهرەداری و بەهایەکانی نانرێ، دەبێ لە ڕەهەندێکی شیعریانە و ڕەهەندێکی جوانناسییانەی خەفەکراوەوە سەیری بکەین نەك لە ڕوانگەیەکی ئۆتۆپیانەوە. چونکە ئەو "دوولەتکردن"ەی تۆ باسی دەکەی لە ڕوانگەی وشکەڕۆ و فۆندەمێنتالی کۆمۆنیستە باوەکان دەچێ، نەك ڕەهەندێکی ئەدەبی و جوانناسیانە یان ئیدیالانە. کۆمۆنیستە فۆندەمێنتالەکانیش پێیان وایە مرۆڤ بێ نیشتمانە و زمان و کولتوور و جیاوازی پێویست نییە. لای ئەوان کرێکار بێ وڵاتە و دەبێ لە جیهاندا نیشمەن بێ. لێرەوە ئەو ڕوانگەیە لە ڕەهەندێکی جیهانگەرایی و میتافیزکییەوە سەیری مرۆڤ دەکا، نەك ئیدیالی. لێ ڕەهەندی ئیدیالی ئێمە ئەوەیە، کە ژن بە خەملاندنی زمانێکی تایبەت بە خۆی دەتوانێ ڕەهەندی جیاوازی خۆی وەك جۆرە ئاسۆیەکی جوانناسیانەی نادیار ئاوەڵا بکاتەوە. لە ڕێگای ئەو جیاوازییە دەتوانێ ڕەوایەتی بوونی خۆی وەك مرۆڤ جەختبکاتەوە. چونکە ئەوە جیاوازیی "ئەویتر"ی پیاوە کە ناسنامەی ژنی ڕەتکردۆتەوە. بەمجۆرە بە جۆشدانی ئەو زمانە ئێستێتیکییەی ژن دەتوانێ گفتوگۆیەکی دڵکێش و کارا بەرهەمبهێنێ و بەمەش مرۆڤایەتییەکی بە نێرسالاریی تەنراو ناچار بکات دان بە بەها و گرنگی ئەودا بنێ. ئێمە بەوەندە

هەوڵماندا رەهەندەکانی ئەو جیاوازییە روونبکەینەوە. دەکرێ خوێندنەوەکانی دیکە بۆ روانگە جیاوازەکانی دیکە بەجێبهێڵێن. لێ دەبێ ئێمە ورووژاندنی رەهەندی"ئەدەبی ژن" وەك بەهای جیاوازیی و دیدێکی جوانناسیانەی ئیدیالی بخوێنێنەوە کە ئەمەش دۆزینەوەی دوورگە نادیارییەکانی مرۆڤە، نەك ئایدیۆلۆژییەکی ئۆتۆپی کە ئەمەیان تواندنەوەی فرە رەهەندی و جیاوازییەکانی مرۆڤە.

ڤینۆس: ئەڵێن هەموو دەقێکی ژنانە دەستی پیاوێکی لە پشتەوەیە، نمونەی زۆرمان هەن لە ژنی نووسەر و شاعیر کە لە قۆناغێکی تایبەتی ژیانیاندا هەمیشە بەوە تاونبار کراون گوایا خۆیان نانووسن، پیاوێك بۆیان دەنووسێت، ئایا ئەمە راستە؟ ئەگەر راستە چۆن؟ ئەگەر نا، چۆن؟ واتا کێ دەنووسێت؟ یان کێ بۆ کێ دەنووسێت؟

هەندرێن: هەڵبەتە بە دواچوونی ئەو هەموو "ئەڵێن"ەی تۆ ئاماژەیان پێدەکەی، پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی وەك کۆمەڵناسی، ئەدەبناسی، رەگەزناسی، ئامارگیری و ... تاد هەیە. ئێوەش دەزانن، دەبێ ئەو بانگەشە و بۆچوونانەی جڤاکیی، مێژوویی و ئەدەبیان هەبێ. ئەو بۆچوونانە سەرچاوەیان لە کوێن؟ ئایا پیاو بۆ کەمکردنەوە لە توانای ژن سازێنەری ئەو بانگەشانەیە یان ئەو بانگەشانە زەمینەیەکی جڤاکیی و ئەدەبییانەی هەیە؟ راستییەکەی هەر یەك لە نووسەری کورد، کەم تا زۆر، دەبێ ئەزموونێکی لەو چەشنەی هەبێ. واتا دەکرێ بە هۆی ئەو ژیانە تەنگەبەرەی ژن، ژن ناچار بووبێ بۆ چاککردن و مشتومڵکردنی دەقەکانی پەنای بۆ پیاوەکەی یان هاوڕێیەکی نووسەری پیاو بردبێ. دەکرێ ژنگەلێك لە پیاو زیاتر بۆ دڵنیا بوون لە دەقەکانیان هانا بۆ پیاوان بەرن تاکوو بۆیان بڵاو بکەنەوە. ئێوە دەزانن هەتا ئەمڕۆش پیاوان زاڵن بەسەر گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کوردییدا. لەبۆیە دواجار ژنی نووسەر ناچار بووە بۆ زامنکردن و رێگەدانی نووسینەکانیان خۆیان لەگەڵ پیاوە نووسەرە باڵادەستەکاندا باسازێنن. بە کورتی باڵادەستی پیاو بەسەر پانتایی نووسینی کوردی، شتێکی روونە. هەر بۆیە هەبوونی ئەو دیاردەیە شتێکی سەیر و سەمەرە نییە. بێگومان راستییەك لەو وێناکردنەدا هەیە، کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی. بەهەمە حاڵ، ئەوە ئەرکی نووسەری ژنانە کە ئەو ئاڵۆزیانە بۆخۆیان روونبکەنەوە. من شایەدحاڵی نموونەگەلێك لە نووسەری ژنی کوردم، کە بۆ نووسینی پێشەکی یان دەستکاری دەقەکانی هانای بۆ جۆرە نووسەرێکی پیاو بردووە، کە بۆ من مایەی بەزەیی بوونە. هەندێ جاریش من خۆم ئەو بۆچوونەم بەو ژنانە راگەیاندووە، بەڵام ئەو ژنانە چونکە هەستیان کردووە ئەو نووسەرانە لەناو خەڵکدا ناسراون و هەستیان داوێنگیریی ئەوانە بووە، نەیانتوانییووە گوێ لە من بگرن. ئەو راستیانە شتگەلێك دروستکراو نین لە ژیانی جڤاکیی و ئەدەبی ئێمەدا. ئێمە رۆژانە دەیبینین و لەگەڵیاندا دەژین. بۆیە ژن نابێ بە شێوەیەکی هەستەکی بەرتەکی ئەو بۆچوونانە بداتەوە، بەڵکوو دەبێ ئەو گرفت و ئەزموونانە ببنە هاندانێك بۆ بیرکردنەوە لە بە ئاگا هێنانی ویست و توانای خۆیان، بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو واقیعەی کە لەوێدا زمانی پیاو بڕیاردەر و سەرچاوەی باشی و خراپی دەقی ژن دیاریدەکا. ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ، ئەمەش دوورە لە سازاندنی راستییەکی چاوەشەکارانە، زۆرێك لەو ژنانە هەوڵێکی زۆر دەدەن ئەو پیاوانە دەقەکانیان بخوێننەوە کە بوونەتە پاڵەوانی ئەدەبی کوردی. هاوکاتیش زۆرێك لەو ژنانە هەوڵدەدەن کتومت وەك ئەو نووسەرە پیاوانە بنووسن کە گوایە پێوانەی دەقی باڵا و جەماوەرین. هەندێکیان هەر لەناونیشانی دەقەکانیانەوە هەتا کۆتایی دەقەکەشیان بریتیین لە کۆپیکردن و وەرگرتنی دێڕی ئەو پیاوانەی کە خەڵکی دیکە دەقی ئەو پیاوانەیان بەسەر ئاگای ئەواندا سەپاندووە. ئەمانە و چەندان گرفتی تر بەشێك لە سەرچاوەی ئەو تۆمەتبارکردنانەی دەقی ژنن کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەی.

دواجار مەرج نییە ئەو وێنایە بۆ ئەزموون و دەقی هەموو ژنی کورد راست بێ. ئەمڕۆ چەند ژنە نووسەر هەن بە زمانێك لە خۆکرد و رۆشنبیرییەکی تۆکمەی خۆیانەوە دەنووسن. لەبۆیە کەس ناتوانێ بە ئاسانی تانە لە ئەزموونی ئەوانە بدا. بەڵام بە دیوێکی دیکەشەوە، بە هۆی باڵادەستی نووسەری پیاو و پاشخانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کۆمەڵگای ئێمەوە، ئاسانە رێگا بۆ ئەو وێناندنە گشتگیرییەی ژن خۆشبکرێ.

ڤینۆس: هەندێ رەخنەگر هەن ژنی نووسەر بەوە تاونبار دەکەن گوایا هێندەی ئەکەوێتە ژێر کاریگەری نووسەرێکی پیاوەوە، ناکەوێتە ژێر کاریگەری نووسەرێکی ژنەوە، من بۆخۆم وەکوو ژن هێندەی نەوال سەعداوی و غادەالسەمان و بەم دواییە ئەحلام مستەغانمی و پێشتر لمیعە عەباس عمارە و می زیادە و بۆ زۆر ژنی ترم خوێندۆتەوە، هەر ئەوەندەش بۆ پیاوەکانم خوێندۆتەوە، باشە بۆ هەمیشە تۆمەتە ئامادەکراوەکانی لەو چەشنە هەن بۆ ژن؟

هەندرێن: ئەو "هەندێ رەخنەگر"ە ژنی نووسەری "تاوانبار" نەکردووە، بەڵکوو ئەو دیاردەیە لای ژن و پیاویش لە ئاردایە.. شتێك بوونی هەبێ ناکرێ بە "تاوانبارکردن" ناودێر بکرێ. "تاوانبار کردن" کارێکە کە هەڵبەستراوە و دوورە لە راستی. تۆ پێم بڵێ، ئەوەندەی ژنی نووسەری کورد لە ژێر کاریگەری نووسەرانی پیاواندان هێندە لە ژێر کاریگەری ژنانی نووسەری کوردن؟ تۆ خۆت لە کۆی ئەو ناوانەدا، ناوی ژنێکی کوردت نەهێناوە. ئایا ئەمە مایەی پرسیار نییە؟ ئاخۆ تۆ دەزانی نووسەرێکی ژنی وەك ئەحلام مەنسوور، یەکێکە لە جەربەزەترین ژنە نووسەری کورد؟ بە رای من، لە حەفتاکانەوە، ئەحلام مەنسوور هاورۆژگاری نەوال سەعداوی لە چیرۆك و نووسینەکانی، بۆ نموونە، لە کۆچیرۆکی "پرد" دا ئەو پرسیارانەی وروژاندووە کە هەتا ئەمڕۆش لە ئارادان. هەر بۆیە بە بەراورد لەگەڵ رەوشی کۆمەڵگای میسر، ئەحلام مەنسوور زۆر جەربەزەترە لە نەوال سەعداوی. چونکە ئەحلام لە حەفتایەکاندا کاتێك باسی ئازادی ژن و لەوانەش ئازادی سێکسی ورووژاند نووسەرە ژنەکان لە پەنجەی دەستێك تێنەدەپەڕین. هاوکاتیش ئەو هیچ پشتیوانییەکی نە لە رووی قانوونی هەبوو نە لەناو نووسەرانیش. لەوەش زیاتر، وێڕای ئەوەی ئەحلام رچەشکێن بوو، ئەو پرسیارانەی ئێستا ژنی کورد سەرقاڵە پێیانەوە، ئەو لە حەفتا و هەشتاکاندا وروژاندبووی، کەچی ئێستا ژنێك نییە لەو ژنە نووسەرانەی کە بەختەوەرن بە لاساییکردنەوە و پەسندانی پیاوە باڵادەستەکان، نەك هەر بە وتارێك ستایشی ئەحلام بکەن، بەڵکوو بەشداریشن لە ناوزڕاندن و فەرامۆشکردنی. من دەزانم نەوەی داهاتوو لە بەهای ئەو ژنە تێدەگەن. دەشزانم ژنە خاوەن رێکخراو و نازگیراوەکان لای حیزبی کوردی، حەز ناکەن دان بە دەستپێشخەریی و رچەشکێنی ئەحلام مەنسوور بنێن. دەخوازم ژن خۆیان ببنە خاوەن ئەو کارە. لێرەوە لە جیاتی ژنی کورد، ستاییش و سڵاو بۆ ئەحلام دەنێرم. بڕواشم وایە پەخشان و نووسینەکانی ئەحلام لە حەفتایەکان و ئێستاشدا، دابڕانێکە لە نووسینی مێینەی کوردی. بە کورتی هەموو ئەو نووسینانەی ئەمڕۆی ژنی کورد کە بە بەشێکی زۆریان بە بەراورد لەگەڵ ئەو ستەمەی لێیان دەکرێ، هێشتا لە زمانە خورت و جەربەزەکەی ئەحلام تێپەڕیان نەکردووە. لێرەدا بوارمان نییە لەوە زێتر لەسەر ئەحلامی سەرنجکێش، ژنێکی بە کردە بوێر، ناوێزە بدوێین، لێ ئەرکی ئاوڕدانەوە لە بەهای نووسین و شێوازی تێهزرینی ئەحلام بۆ دەستە خوشکە بە ئەمەکەکانی ئەو جێدەهێڵم.

بەهەمە حاڵ، ئەو نووسەرە ناوبراوانە بە جۆرێك لە جۆرەکان یان لاسایی ژنانی رۆژئاوایان کردۆتەوە یانیش لاسایی پیاوان. واتە سەرچاوەی بۆچوونەکانی ژنە نووسەرێکی وەك نەوال سەعداوی، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ روانگەی بزاڤی فێمێنیستە چەپڕۆیەکانی رۆژئاوا و کۆمەڵگا دیموکراتییەکان. میسر هەتا ئەمڕۆش ئەو کۆمەڵگایە نییە بنەما سەرەتاییەکانی مافی ژنی دەستەبەر کردبێ. لەوەش زیاتر، لە هەشتاکاندا نەوال سعداوی بە راشکاوی داکۆکی لە سیاسەتی رژێمێکی دیکتاتۆری وەك

سەدام دەكرد. ئەمەش بە بيانۆی دەستێوەردانی دەسەڵاتی رۆژئاوا و ئەمریكا بوو لە كارە ملهوڕییەكانی رژێمەكەی سەدامدا. دەمەوێ بڵێم نەواليش وەك پياوە رۆشنبيرييە باڵادەستەكانی جيهانی عەرەب لە پێناو "عروبە"دا بە ئاگا و بێئاگا كەوتە داوی پشتيوانيكردنی رژێمەكەی سەدام.

هەرچۆنێ بێ، وەك لە وەڵامی پرسياری پێشوودا وتمان، بوونی ئەو وێنايە لەسەر ژن، كە بە گشتی لاسايی يان دەكەوێتە ژێر كاريگەريی نووسەرانی پياوەوە، دياردەيەكە بوونی هەيە. هاوكاتيش بەشێك لە رەواجی ئەو "تۆمەتبار"كردنەی ژن دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی ئەو جيهانبينييەی كە بڕوای بە توانستی داهێنان و سەربەخۆيی ژنی كورد نييە. ئەمە راستييەكە دەبێ ناوەندی رۆشنبيريی كوردی بە ژن و پياوەوە گفتوگۆی ئاوەڵا و هەمە رەهەندی بۆ بكات. هاوكاتيش بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە سستی كار و توانای جۆشدان و خۆ كۆكردنەوەی ژنی كورد لە بزاڤێكی خاوەن بەرنامە و ئامانجدا. لێ كێشەيەك لە زمانی رۆشنبيريی كورديیدا هەيە، بە زمانێكی راشكاو و بەڵگەدار و ئاوەڵا گۆ ناكا، بەڵكوو هەميشە بۆ خۆی دەپەيڤێ، بە پێچ و پەنا و خود/سۆبژەيی دەپەيڤێ. نووسەری كورد بە زمانێك دەدوێ، كە زمانێكی قاوغدارە. بە تانە و تەشەر باسی بابەتەكان دەكا" هێندەی گشتگيرە هێندە بە وردی پەنجە ناخاتە سەر سەرچاوەكان. ئەو زمانە هەڵگری دەستنيشانكردنی ئاراستە و ئاكامگيرييەكی بەرهەمداری نييە. ئەو زمانە راستەخۆ لەسەر بنەمايەكی لۆگيكی ناپەيڤێ، بەڵكوو دۆگمايی بۆ خۆی دەدوێ" ئەو زمانە هەڵگری مەيلی گفتوگۆ و گوێگرتن لەگەڵ بەرانبەرەكەی نييە، بەڵكوو تەنيا گوێی لە خۆيەتی و هەوڵدەدا خۆی بەسەر بەرانبەردا بسەپێنێ. لەبۆيە ئەو "تۆمەتبار"كردنانە لەسەر ژن گشتگيرين. تا ئێستا نە نووسەرانی ژن و نە نووسەرانی پياويش وتار و لێكۆڵينەوەيەكی ميتۆديكی و زانستی سوودمەندی لەسەر دياردەی لاساييكردنەوە و كاريگەری دەقی پياو بەسەر نووسينی ژنەوە نەنووسيوە. ئەوەی هەيە تەنيا لە ئاستی گازاندە و قسە گۆڕينەوە لە نێوان نووسەری كورد لە دانيشتنەكاندا تێپەڕی نەكردووە. ئەو ئاستەنگەش هەر تەنيا بەند نييە بە پرسی لاساييكردنەوەی ژن، بەڵكوو لاوازييە كۆی ئاستەنگەكانی ديكەی رۆشنبيريی كوردی دەگرێتەوە. دواجار دەكرێ بپرسين: ئايا ژن ئەوەندەی سوودی لە دەقەكانی پياوان وەرگرتووە، هێندە سوودی لە دەقەكانی ئەو نووسەرە ژنانەی كە ئاماژەتان پێكردووە وەرگرتووە؟ يان ئێوە چەند نووسينتان لەسەر بەهرە و بەرهەمی نووسەری كارای ژنی كورد نووسيوە؟ يانيش ئێوە خۆتان چەند لێكۆڵينەوەی سەرنج كێشتان خوێندۆتەوە كە ژنە نووسەرێكی كورد لەسەر ژنە نووسەرێكی كوردی نووسی بێت؟ دواجار ئاخۆ ئەو "تاوانبار"كردنەی ژن بە لاساييكردنەوە يان كاريگەر بوونی بە پياو، تەنيا هەڵبەستن و بەردەوامی دەمكوتكردنی ژنە، بە واتايەكی تر، ئەو دياردەيە بەشێكی لە راستی تێدا نييە؟

ڤينۆس: يەكێ لەو تاوانانەی تر گوايا هيچ ژنێك هەتا ئێستا نەچووە لەسەر ژنێكی نووسەر يان شاعير بنووسێت، مەهاباد كتێبێكی لەسەر شێركۆ نووسيوە، پێی ئەڵێن بۆ نەچووە لەسەر ژنێك بنووسێت؟ واتا ژن نييە لەسەر ژن بنووسێت! بۆ؟

هەندرێن: هۆكردی نەبوونی دياردەی كەمی نووسينی ژنی كورد لەسەر دەستە خوشكەكانيان، بەشێكيان بۆ ئەو فاكتەر و لەمپەرانە دەگەڕێنەوە كە لە بەرسڤی پرسيارەكانی پێشوودا، بە كورتی، نمايشمان كردن. لێ هاوكاتيش نووسين لەسەر نووسەرێكی باڵادەست و ناسراو، بە تايبەتيش لە ژيانی كورديیدا، ئەگەر هەڵگری بەديار خستنی هيچ نادياريیەك نەبێت لە دەقی ئەو نووسەرانەدا، بێجگە لە هەوڵی خۆناساندن و خۆشيرين كردن، هيچ بەهايەكی ديكەی بۆ زمانی كورديی نييە. ئێوە دەبێ لەوە بە ئاگا بن، دياردەيەك هەيە لای نووسەری ژن و پياوی كورد، ئەويش ئەوەيە تەنيا لەسەر ئەو نووسەرانە دەنووسن كە پێشوەخت پسووڵەی "گەورە" و "تاكە داهێنەر"يان پێدراوە. جا زۆرينەی ئەو نووسينانەش تەنيا پەسندان و دووبارەكردنەوەی ئەو قسانەن كە پێشتر گوتراون. واتا گوتنەوەی ئەو شتانەن كە گوتراون" نمايشكردنەوەی ئەو شتانەن

که پێشتر به بێتامییەوە نمایشکراون. به کورتی دۆزینەوەی هیچ نهێنییەکی دیکه نین. ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردییدا درێژەدانێکه لە نەریتی خێڵ. نەریتی خێڵ ئەوەیە لە خۆیەوە بە سەرۆك خێڵەکەی هەڵدەدا. ئەو زمانە توانای نییە روانگەکانی بگۆڕێ" بۆ خۆی بوێری نییە لە دەقی نووسەرێکی نەناسراودا جیهانێك بدۆزێتەوە کە رەنگە زۆر نوێتر و بەهاتر بێ لە دەقی ئەو نووسەرە باوە. ئەو جۆرە نەریتە لە زمان، مەیلی وابەستەیی وایلێدەکا جیهانەکانی دیکە فەرامۆشبکات. لێرەوە کاتێك ژنێك بەناوی وشیاریی و لێکۆڵینەوە لەسەر دەقی ئەو نووسەرە "ناسراو"انە دەنووسێ، خۆی لە خۆیدا ئەو ژنە دەبێتە بەرهەمهێنەری هەمان ئەو نەریتە بە ئۆبژەکراوەی ژن. بە کورتی بەشداری دەکا لە ئاودانی ئەو باخچەیەی کە شیعری کوردی وەك هاوردە/میتافۆرێك لەسەر ژن دایهێناوە. بەمجۆرە ئەمڕۆ، بۆ نموونە، نووسین لەسەر دەقێکی شێرکۆ بێکەس، ئەگەر نووسەرێك خاوەنی بێبەری بێ لە رامانێکی تایبەت و جیاواز و نەگوتراو، بێجگە لە کەڵەکەکردنی گوتراوەکان" لە خۆ نمایشکردن" لە داڕشتنی ئەو شێوازە چەقیوە، هیچ بەهایەکی تری نابێ. با ئەوەش بە راشکاوی بڵێم، ژن لە دەقی بەرهەمی شێرکۆ بێکەس و هاوێنەکانییەوە، زۆر راشکاوانە درێژدانی نەریتێکی باوی شیعری کوردییە" واتا بە زمانێکی نوێ جۆرە بەردەوامییەکە لە نەریتی شیعری فۆلکلۆری و زەرەکی کوردی" لەو نەریتەدا ژن وەك هاوردەیەك وێنای گوڵ و گوڵزاری باخچە" میوە و میوەجاتی بە چێژ و رەنگاورەنگ وێنادەکرێ. ئەم تێگەیشتنەی منیش تانە و تەشەر نییە لە دەق و خودی شێرکۆ بێکەس و هاوێنەکانی، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە، ئەوە جیهانبینییەکی سروشتییە کە لە ژیانی کۆمەڵگای کوردییدا زاڵە. لەو کۆمەڵگایەدا کە هەتا ئێستا ژن و پیاو هاوێر کراون و هاوڕێیاتیەکی ئازاد و بەرابەریی دەگمەنە و ژن بوونەوەرێکی نائامادەیە لەسەر سەکۆی ژیان و ... تاد، ئیتر بوونی ئەو وێناندنە دەبێتە شتێکی زۆر ئاسایی. مرۆڤیش کە نەیتوانی بە ئازادی بچێتە ناو جیهانی یەکترەوە، پیاو و ژن نەتوانن بە ئاوەڵایی گفتوگۆ بکەن و تێکەڵ بن، ئیتر ناتوانن لە غەریزەکانی رزگار بن.

لێ رەنگە کەمی ئەزموونی دەقی ژن و باڵادەستی فرەی دەقی پیاو لە زمانی کوردییدا و چەندان فاکتەری تری لەم چەشنانە، هۆکردێك بن بۆ ئەوەی ژن لەسەر ژن نانووسن. ئەوەشمان لە یاد نەچێ، نووسەری ژنی کورد، وەك پیاو، زۆر کەیفیان بە یەکتر نایێ. ئەو خەسڵەتەش لە بنەڕەتدا هی نووسەری پیاوە و ژنیش لەبەرانبەر یەکتردا درێژەی پێدەدەن. وەك من بزانم، زۆرێك لە ژنی کورد رکەبەرایەتی لەگەڵ ئەو ژنانە دەکەن کە هەستدەکەن کارا و بەرچاون یان جۆرە روحییەتێکی دیکتاتۆریان هەیە، هەرەوەك پیاوەکان، حەز دەکەن بەس خۆیان ببنە پاڵەوان و سەرۆکی خەبات و بەرهەمی ژن" سیمبوولی رچەشکێنی. کاتێك ژنێکی تر دەردەکەوێ دەست دەکەن بە رکەبەرایەتی لەگەڵیدا. ئەوەش "تاوانبارکردن" نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی باوی ناو نووسەری کوردە. بەمجۆرە ئەو هۆکارانەن وادەکەن ژن کەم ژن بنووسێ. ئەمەش وەك گوتمان، خەسڵەتی کۆمەڵگایەکی نەگبەتی وەك کوردستانە، کە بەهایە جوانەکانی خۆی هەرزانفرۆشکردووە و توانای داهێنانی ئێتیکێکی بە کۆمەڵی نەتەوایەتی و بەهاگەلێکی جوانی نوێشی نییە.

ڤینۆس: زۆر لە رەخنەگران ژنی نووسەری کوردو بەتایبەت شاعیر بەوە تاوانبار دەکەن کە گوایا خاوەنی کەسایەتی ئەدەبی سەربەخۆی خۆی نییە، باشە تۆ بڵێی ئەوە پەیوەندی بە سیتەمی کۆمەڵایەتی سەقەتەوە نەبێ، تۆ بڵێیت بنەمایەکی پەروەردەیی ئایینی و کۆمەڵایەتی دواکەوتووی نەبێ؟ یان پێت وایە ژنی شاعیری کورد خاوەنی ئەو کەسایەتیە بێ، تۆ خۆت هەست ئەکەیت ئەو کەسایەتیە سەربەخۆیەت هەیە وەکوو ژنە شاعیرێکی کورد؟ خەسڵەتەکانی ئەو کەسایەتیە چین؟

ئەگەر ژن تەواو ژنانەش بنووسێت، بەو شێوەیەی بیەوێت وەکوو ئادەمیزاد گوزارشت لە خۆی بکات، هەر بەوە تاوانباری

دەکەن کەوا لاسایی پیاو دەکاتەوە، ئایا ئەمە کێشەی موتەلەقیە، یان رەخنەگر یان کێشە هێشتا لای ژنە؟

هەندرێن: لە یەکاتدا ئەو وێناکردنەی لەسەر ژنی شاعیر هەیە، پەیوەندی بە گشت ئەو هۆکرد و فاکتەرانەوە هەیە کە تۆ ئاماژەت پێکردوون. لە لایەکەوە، هێزێکی کارای نەریت و ئایینی هەیە هێشتا بە پێوانە قەتیسماوەکانەوە لە ژن دەڕوانێت، بەمەش لە هەموو توانایەکی سەربەخۆ و دەهێنەرانەی ژن بە گومانە. لەبۆیە کاتێك ژنێك دەردەکەوێ زوو بەو حوکمە حازر بەدەستانە گەمارۆی دەدا. تۆش دەزانی ئەو حوکمانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا پشتیوانییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیی و ئایینی و سیاسیشی هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە، هۆکردێکی گرنگ لە مانەوە و باڵادەستی ئەو "تاوانبار"کردنانە پەیوەندی بە ئاستی چالاکی و کردەی بە کۆمەڵی ژنی کوردەوە هەیە. ئێوە دەزانن کولتووری کاری بە کۆمەڵی و لاوازی لە ئۆرگانیزەکردنی وزە و توانای مرۆڤگەل لای مرۆڤی کورد دیاردەیەکی زۆر بەرچاوە. ئەمڕۆ ژنی کورد، کتومت وەك پیاوە نووسەر و سیاسییەکان، پەرش و بڵاون، هەر یەکە و بە شێوەیەك پاڵیان بەو حیزبانە داوە و خەریکی کۆنفرانس و خۆ نمایشکردنن لە تیڤییەکانی حیزبدا. هاوکاتیش هەتا دێ زەبر و زەنگ لە دژی ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئاڵۆزتر و درندانەتر دەبێ. لێرەوە ژنان خۆیان بەشێکن لە پەرەدان بەو رەخنانەی کە لێیان دەگیرێ. هەندێك جار ژن لە پیاوان باشتر تۆمەت بۆ دەستە خوشکەکانیان دروست دەکەن. لەوەش زیاتر، ئێوە سەرنجتان داوە، ئەمڕۆ ژن خۆی ئەو دابەشکارییەی لە نێوان "ئافرەت" و "ژن" "بەختەوەر"انە پیادە دەکا! باشە کێ ئەو دابەشکارییەی لە نێوان چەمك و وشەکان دروستکرد و کێش تاوانبارە لە بە سیاسەتکردن و بەردەوامدانی؟ ئاخۆ ئەو "تاوان"ەش هەموو خەتای پیاوە؟ ئەی ئەوە نییە ژنە دەمڕاستەکانی کێشەی ژن خۆیان بە ئازادی ئەو دابەشکارییە قووڵدەکەنەوە؟ خۆشی لەوەدایە هەندێ ژن هەتا لە ئەورووپا بوون و مجگێری سیاسییان بە لای حیزبی سەوزدا دەشکایەوە، هەر دەستەواژەی ژنیان بەکارد دەبرد، کەچی کاتێك چوونەوە و لای حیزبی زەرد، بە کۆمەڵێ مەرجەوە، سووکەڵە ئیشێکیان دەستکەوت، ئیتر نەك هەر دەستەواژەی ژنیان لە نووسین و ئاخاوتنەکانیان تووڕهەڵدا، بەڵکوو دەستیان کرد بە تیۆراندی دەستەواژەی ئافرەت. بە پێچەوانەشەوە. هەروەك کێشەی ژن بریتی بێ لە دەستەواژەکان. ئەمە خۆی تراژیایەکە لە تراژیدیاکانی ژیانی ژنی کورد. ئەو نموونانەش دابڕاو نین لەو وێناکردن و رەخنانەی کە لەسەر ژنی شاعیردا هەیە. بە دیاردە بوونی کێشەیەك یان تەنگژەیەك، بنەما و هۆکردی بەهێزی هەیە لە کۆمەڵگایەکاندا. چارەکردن و دابڕان لەو کێشە یان تەنگژانە، بێ لێکۆڵینەوە، گفتوگۆ، خەباتی فرە چەشن مەیسەر نابن. لێ ئەوە لای ئێمە زۆر سەختە ئەو پرینسیپە بەنەڕەتیانەیە" تۆ ناتوانی گفتوگۆیەکی بەڵگەدار و ئاوەڵا و هێور لەسەر کێشە چارەنووسازەکانی ژیان و ئایندەی کورد بکەی. هەر چەند بکۆشی، دواجار خۆت لە شەڕدا دەبینییەوە.

لێرەوە مانەوەی ئەو گرفتە نەگۆڕانە پەیوەندی بە نەبوونی هێزێکی کارای رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی خاوەن گۆڕان هەیە. تۆ پێم بڵێ، ئەمڕۆ ئەو هەموو رێکخراوەی ژنان/ئافرەتان هەیە، ئەی بۆ ناتوانن زنجیرەیەك تەوەری فرە رەهەند و تۆکمە لەسەر ئەو پرسە بنەڕەتیانەی ژن بکەنەوە؟ ئایا نەبوونی ئەو ئەو چالاکییە گرنگانە، خەتای پیاوانە، یان کەمتەرخەمی و پەرت و بڵاوی ژنە نووسەر و رێکخراوەکانیان؟ تۆ بینیوتە لە کۆمەڵگایەکی وەك کوردستاندا کە رۆژانە دەیان تاوان و هەتکردن بە ژن و مرۆڤی کورد دەکرێ، کەچی ژنی کورد نەیتوانیووە دوو خۆپیشاندانی بوێرانە و رچەشکێن راپەڕێنێ؟ تۆ لە وتارێکتدا باسی ئەوە دەکەی، کە گوایە لە ئەورووپادا بزوتنەوەی فێمێنیستی بەرەو نەمان دەچێ یان وەك پێشان نییە، تۆ دەزانی لە وڵاتێکی وەك سوێددا، لە ماوەی ساڵێکدا چالاکی و نارەزاییەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتیی و ژنان لە بواریی ئامادەیی ژن لە ئاستی بەڕێوەبەر لە کۆمپانیا بازرگانیی، بەڕێوەبردنی شانۆ و تیڤی و چەندان بواری تردا زۆر گۆڕانکاریان دروستکرد. لەوەش زیاتر ئەوە خەباتی ژنانی سۆسیال دیمۆکراتەکان بوو کە ئەمساڵ حیزبەکەیان ناچار کرد مۆنا سالین بکەنە سەرۆکی

حیزبەکـەیان. لـە ئـەورووپا ژن بەردەوامـە لـە خـەبات و سـاڵانە کـەم و زۆر ڕیفـۆرمی بـاش لـە ئاسـتی دەسـەڵات و مافـە مرۆڤایەتییـەکان دەسـتەبەر دەکـەن. لـێ لای ئێمـە هـەر قسـە و زۆرکردنـی ڕێکخـراوی سـەیری بـێ بەرنامەیـە. ئـەو کـارە رووکەشانەش ناتوانن بەشێك لەو وێنا نێگەتیڤانە لەسەر ژن سووك بکەنەوە.

ڤینۆس: جوانترین شاکارەکانی نزار قەبانی ئەوانەن لەسەر زمانی ژن نووسیونی، جوانترین دوو کتێبی (ئەحلام مستەغانمی) (بیرەوەری جەستە) (شلەژانی هەستەکان) کە لە هەردووکیدا لەسەر زاری پاڵەوانێکی پیاوەوە قسە دەکات، باشە بۆچی بۆ نزار قەبانی ئەوتریٚ داهێنانی کردووە، کەچی لەوانەیە بە (ئـەحلام مسـتەغانمی) بـوتریٚ لاسـایی پیـاو ئەکاتـەوە، یـان ئـەوە بابەتێکی ترە؟

هەندرێن: ڕاستت دەویٚ من نە ئەو کتێبەی نزار قەبانیم خوێندۆتەوە و نە هی ئـەحلام مسـتەغانمیش. لەبۆیـە لـە بارمـدا نییـە بەرِەڤانییەك یان ڕایەك سەبارەت بە گرنگی و ناگرینگی ئـەو دوو کتێبـە دەربـبڕم. هاوکـاتیش مـن نـازانم خوێنـەرانی عـەرەب سەبارەت بەو دوو بەرهەمە چتۆ هەڵسەنگاندنێکیان هەبووە و هەیە. تۆش دەبێژی "لەوانەیە بـە (ئـەلام مسـتەغانمی) بـوتریٚ لاسایی پیاو ئە (دە)کاتەوە". کەواتە ئێمە ناتوانین لەسەر ڕایەك بپەیڤین کە دڵنیانین یان لەسەر "لەوانەیـە" پشـت ئەسـتوور بین. لێ من لە خەمی تۆ فامدەکەم. وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێکـرد، ئـەو تێڕامانـە لەسـەر داهێنـانی ژن ئامادەییـەکی زاڵـی هەیە. ئەو گرفت و بۆشاییەش هەر لە زمانی کوردییدا نییـە، بـەڵکوو لـە زمـانی عـارەبیی و بگـرە زمانـە جیهانییەکانیشدا لـە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەوە لە ئاستی جـوودادا ئامـادەیی هـەبووە و هەیـە. بـە بۆچـوونی مـن، بەشـێك لـەو خەسـڵەتی تۆمەتبار کردنە لە لای ڕەگەز، نەتەوە، و گرووپی باڵادەستەکانەوە جۆرێکە لە مەیلی ڕەگەزپەرسـتیی یـان بـوون بـە خـاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها. هاوکاتیش گرفتی ڕەتکردنەوەی ڕەگەزە جوودایەکان یان قەدەر نـەیارەکان لـە لایـەن هاومرۆڤەکانییـەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی تـرس لەبەرانبـەر جیاوازییـەکانی ئـەوایتر یـان ترسـی فـرە دەنگیـی و فـرە ڕەهەنـدی ژیـان. مـرۆڤیش بوونەوەرێکە بە نەریت و شێوازەکان خدوو دەگرن" واتـا پیـاو ڕاهـاتووە بـەوەی کـە ژن لـە بندەسـتی ئـەودا بـێ" ژن نەبێتـە خاوەن بەهایەکی وەك خۆی. چونکە لە یادەوەرییەکی دووری پیاودا ژن موڵکی ئەو بووە. هەروەك مرۆڤایـەتی بـەوە خـدووی گرتووە گیانەوەر و باڵندەکان لە ماڵەکەیدا ماڵی بکات.

II

## چەمکی کولتوور و کولتووری کوردیی

**ئامادەکردنی: ئەرسەلان مەحمود**
**ئەم دیدارە لە گۆڤاری "هەنار" بڵاوکراوەتەوە.**

مەبەست لەکولتور چییە، کولتوری کوردەواری چجۆرە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر ئاڵوگۆڕە مەعنەویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبووە و هەیە، کوولتور چ ڕۆل و کاریگەریەك لەچەپاندن و سەرکوتکردنی کەسێتی تاك یان بەپێچەوانەوە دەگێڕێت، ئەمانە و چەند لایەنێکی تری پەیوەندیدار بەو بوارە با لە هزر و خوێندنەوەی هەندرێن–ەوە بڕوانین و بزانین ئاخۆ وێڕای خستنە ڕووی ئەو پرسیارگەلەی سەرەوە ئاخۆ کورد خاوەنی کولتوورێکی هاوبەش و جێگیرن یا ئاڵۆز و فرەچەشن؟

هەندرێن: بەر لەوەی لەمەڕ پرسی کولتووری کوردییدا بپەیڤین، بە پێویستی دەزانم، بپرسین: ئاخۆ مەبەستمان لە کولتوور چییە؟ گەلۆ خودی کورد، چ لە رابردوو و چ لە ئێستادا، لە ئاستی زانستییەوە، بۆ نموونە، لە روانگەی جڤاکناسیی (سۆسیۆلۆژیی)، کولتوورناسیی، خەڵکناسیی (ئەنترۆپۆلۆژیی) و... تاد پێناسەگەلێکی بۆ کولتووری خۆی کردووە، تاکوو لە دیدی ئەو خوێندنەوانەوە بتوانین راڤەیەك پێشەکەش بکەینەوە؟ ئایا کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا "کولتوور"ێکی هاوبەشی هەیە؟ بەمجۆرە من کە رووبەڕووی ئەو پرسیارە ئێوە دەبمەوە، یەکسەر ئەو پرسیارانە و پرسیارگەلێکی لەو چەشنانەم لە لا دروست دەبن. چونکە ئەوەندەی من بزانم، لە بواریی رۆشنبیریی کوردیی و بە تایبەتیش لە بواری زانستگادا راڤەگەلێکی ئەوتۆمان نییە کە لە روانگە و میتۆدە جیاوازەکانەوە کولتووری کوردیان پێناسە کرد بێت. ئاشکرایە لە ئاستی زانستە مرۆییەکانی رۆژئاوادا لە هەر یەك لە قۆناغە جیاوازەکان، پێناسە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ کولتوور کراوە.

لەو روانگەیەوە ناچارین ئاماژەیەکی چڕ و خێرا بەو پێناسە و راڤە جیاوازانە بکەین کە لە بواری زانستگا و رۆشنبیریی رۆژئاوادا لە ئارادان.

ڕەنگە چەمکی "کولتوور" یەکێك بێت لەو چەمکە سەختانەی زمان، چونکە ئەو چەمکە هەڵگری واتاگەل و پێناسەگەلێکە،

بۆیە لە هەر یەك لە سەردەمەكاندا پێناسەگەلی جیاوازی بۆ كراوە و بۆ مەستی جیاوازیش راڤە كراوە. لێ لەگەڵ دەستپێكی سەدەی بیستەمدا، چەمكی "كولتوور" بە واتای "كولتووری نەتەوەكان"، "كولتووری خەڵك"، " كولتووره بۆ ماوەكان" و ... تاد پێناسە دەكرا. لەوێدا نووسەر و ئەكادیمییە بۆرژوازییەكان باسیان لە فراژان و رسكانی كولتووری ژیاریی دەكرد و بەمەش هەوڵیاندەدا كولتووری جڤاك و نەتەوە بیانییەكان، غەیرە رۆژئاواییەكان بە دواكەوتوو سەرەتایی پێناسە بكەن. بە كورتی رووناكبیرە بۆرژوازییەكانی رۆژئاوا، جەختیان لە جڤاكە خاوەن كولتووره مۆدێرن و دەوڵەمەندەكان و جڤاكە خاوەن كولتووره كۆن و لاوازەكان دەكردەوە. دەبینی لەگەڵ لە دایكبوون و باڵادەستبوونی چینی بۆرژوازیی لە رۆژئاوادا، كولتوورێكی دیكە و پێناسەیەكی دیكەی جیاواز بۆ چەمكی كولتوور هاتە كایەوە. پاشان كولتوور لە ئاستێكی بەرتەسكتردا چڕكرایەوە، لێ ئەو ناڕۆكەی جارانی هەر مایەوە. لەوێدا كولتوور وەك نەریتێكی باڵا و جوان و چاندن وێنە دەكرا. بە واتایەكی دیكە: كولتوور لە ناوڕاستی سەدە بیستەمەوە بە ئەدەب، شانۆ، مۆسیك، هونەر پێناسە دەكرا. هەڵبەتە لە روانگەی زانستییشەوە هەروا بوو.

هاوكاتیش سەیر كردنی كولتوور، وەك شتێكی "بێگەرد"، وەك وێنەیەكی جیاواز بەرانبەر "بێكولتوور"یی، "كولتووریی خەڵك" پۆلێنكرا. چونكە ئەو كولتووره بۆرژوازییە ئەو جۆرە كولتووره گشتیی و كۆنەی وەك هەڕەشەیەك بە دژی كولتووری خۆی سەیر دەكرد.

دوا بە دوای ئەمەش، دوای بە هەرمێنبوونی پۆستمۆدێرنیزم، پێناسەگەلێكی نوێ لە چەمكی كولتوور هاتە كایەوە. ئەو پێناسانە لەو پێناسانەی كە نووسەر و ئەكادیمییە بۆرژوازییەكان دەیانكرد جیاواز بوو. بۆیە پێناسەگەلێكی وەك: "كولتووری باڵا"، "كولتووری رۆژانە"، "كولتووری كرێكار"، "كولتووری ژن"، "كولتووری منداڵ"، "كولتووری پەنابەران" و ... لە دایكبوون. ئەو پێناسەگەلە بۆ كولتوور بە زانستیی ئەنترۆپۆلۆژیی و ئێتنۆلۆگییەوە بەسترایەوە. چونكە ئەنترۆپۆلۆژ و ئێتنۆلۆژەكان لە راڤەكانیاندا، بە تایبەتی لە مەڕ شێوازی ژیانی ئەو نەتەوە و گرووپە جیاوازانەی كە نیشتەجێی وڵاتانی رۆژئاوان و بە گشتیش دەرەوەی رۆژئاوادا، ئەو چەمكگەلەیان لە كولتوور داهێنا.

بەم شێوە، وەك دەبینین، ئاسان نییە لە روانگەیەكی زانستییەوە هەروا بە ئاسانی بتوانین پێناسەیەكی كولتووری كوردیی بكەین و پاشان بزانین ئەو شێوە كولتووره چتۆ كاریگەرییەكی لەسەر دەمبەستكردن و سازاندنی كەسایەتیی كوردییدا هەبووە و هەیە.

لەوەش بترازێین، كاتێ ئێمە بە گشتی باسی "كولتوور" دەكەین، مەبەستمان كۆئاگایی و ئەو پەیوەندییانەیە كە كولتووری نەتەوەیەك، بۆ نموونە، كورد دەردەبڕێ. هاوكاتیش كولتوور بریتییە لە رۆشنبیریی گشتیی، چۆنییەتی پێوانەكردنی بەهایەكان، ئەزموون و بیركردنەوەیەكی دیاریكراوی هاوبەشانەی كوردیی كە كەسایەتیی" رەفتار و جیهانبینی كورد وێنە دەكا. بەڵام لە بیرمان نەچێ، كولتوور تەنیا لە ناخ و زەینی خەڵكدا خۆی دەرنابڕێ، بەڵكو كولتوور لە پرۆسەی پەیوەندییە جڤاكییەكاندا وەك كۆئاگاییەك لە زمانێكی هاوبەش، كۆدگەلێك و بەهاگەلێكیشەوە خۆی دەردەبڕێ. بەمەش كۆی نەتەوە پێكەوە گرێدەدا.

بەمجۆرە كولتووری كوردیی، وەك نەتەوەیەكی بندەست، كولتوورێكی ئاڵۆزە، بۆیە پێناسەكردنی ئەو كولتووره، بە تایبەتیش لە دەرفەتێكی رۆژنامەوانییدا، كە كەسایەتی كورد دەسازێنێ یان پەیوەندییە جڤاكییەكان پێكەوە گرێدەدا و دەردەبڕێ یان لە زمانی كوردییەوە خۆی دەردەبڕێ و ... تاد، كارێكی ئاسان نییە. چونكە، بە رای من، ئەو وێنە

کولتوورییە نەریتییەی کورد، بە تایبەتی ئەو کولتووره لە سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆش، لە ناوەڕۆکەوە هەمان کولتووره خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەوەی کە گۆڕانی بەسەر داهاتووە، تەنیا لە ئاستی رووکەشیدایە نەك ناوەڕۆکەوە. چونکە لە جڤاکیی کوردییدا، ئەوەی کە باڵادەستە بەسەر پەیوەندییە جڤاکیی، ئابووریی و سیاسییەکانەوە بریتین لە هێزە کۆنپارێزە یەك لە دوای یەکەکان. ئەو هێزە کۆنپارێزانەش بە هۆی ئەوەی خۆیان هەڵگری ئەو کولتووره نەریتییە خێڵەکییەن، بۆیە لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتیی خۆیانەوە، هەوڵیانداوە ئەو کولتووره نەریتیی، هارارکییە" واتا خێڵەکیی و بۆ ماوەیە بپارێزن. دیارە ئەو هێزە کۆنپارێزانە، وەك توێژێك لە دەسەلات، لە هەموو قۆناغەکاندا بە هۆی پایەی ئایینیی، سیاسیی، رۆشنبیریی و خێڵەکییەوە هەوڵیانداوە هەمیشە ئەو توێژە بچووکە نووسەر و تاکەکەسە پیشە جیاوازانەی کە هەڵگری ئاگایی و زمانی کولتوورێکی ئیدیالین، نوێخوازن، دەمکوت بکەن.

لەو روانگەیەوە، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بە هۆی کاریگەریی ئەو رۆشنبیرییە نوێیە دەرەکییانەوە، ئەو توێژە نوێخوازە لە جڤاکی کوردییدا هەوڵیانداوە ئەو دەسەڵاتە رەهایەی هێزە کۆنپارێزەکانی کورد وەرچەرخێنن و کولتوورێکی نوێ لە ژیانی کورددا بچێنن. بەمەش ئەو کولتووره نوێیە وەك کۆئاگاییەك لە زمانی کوردییدا خۆی دەربڕێ. لێ ئەو بزاڤانە لە دواجاردا بە هۆی ئەو بونیاتە جڤاکییەی کە زۆرینەی نەخوێندەوارن و جووتیار و کاسبکارن، بۆیە دواجار ئەو هێزە کۆنپارێزەی بە سوود وەرگرتن لەو هێزە فرە نەخوێندەوار و نائاگایەوە، ئەو بزاڤە نوێخوازانە تێکبشکێنێ.

دیارە بندەستی کورد کاریگەرییەکی سەرەکی هەبووە لە سوورانەوەی ئەو دۆخە سیاسیی و کولتووره نەگۆڕەی کورد. چونکە لە لایەکەوە داگیرکارانی کورد هەمیشە لە رووی ئابوورییەوە هەوڵیانداوە ژێرخانی ئابووی کوردستان لەو دۆخە وابەستەییەدا بمێنێتەوە. بۆیە دەبینین ئەو پەیوەندییە هارارکییە لە کوردستاندا کۆی پەیوەندییە ئابووریی، کولتووریی و سیاسییەکانی جڵەو کردووە. وێڕای ئەمەش، کورد بە هۆی ئەوەی کە هەمیشە لە شەڕ و ژیانێکی ناسەقامگیرییدا ژیاوە، بۆیە ئەو توێژە نووسەر و خوێنەرە لە ئاستێکی لاوازدا قەتیسماوە و بواری ئەوەی نەبووە لە ئاستی ئەکادیمییدا ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی رۆشنبیریی و ئابووریی. بەمجۆرە ئەو دۆخە راڕا و ناسەقامگیرە زەمینەی بۆ لە دایکبوونی چینێکی بۆرژوازی تۆکمە نەسازاندووە. هەر بۆیە ئەو توێژە خوێندکارە ساوایەی کە لە قۆناغە جووداکاندا لە دایکبووە، بە هۆی ئەو شەڕ و ململانێیەی کە دەسەڵاتی نەتەوەکانی عەرەب، تورك و فارس بەسەر کوردیان سەپاندووە، رێگربووە لەبەردەم ئەو توێژە خوێندکار و خاوەن پێشە مامناوەندییەی کورد کە بەرەو چینێکی بۆرژوا گەشە بکا و بەمەش کولتوورێکی نوێ دابهێنێ و بەسەر پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردستاندا باڵادەست بێت. چونکە ئەو توێژە هەمیشە بە دەم رێگای گەشەکردنەوە ناچار بووە بچێتە رێزی خەباتی سیاسییەوە. ژینگەی ئەو خەباتەش، وەك دەزانین، لە دێهات و شاخەکانەوە بووە. بۆیە دواجار بە هۆی مەرجەکانی پێشمەرگایەتیی و ئەو کولتووره باوەی دێهاتەکان، ئەو توێژە نووسەر و خوێندکارە یان مەیلە و وردە بۆرژوازییە رۆڵی خۆی لە دەستداوە، ناچار بووە دەست و پەنجەی لەگەڵ هەل و مەرجی ئەو ژینگە نەرمبکاتەوە.

لە ناوکۆییەوە ئەو دۆخە هەمیشە نیگەران و لێوانڕێژ لە ململانێیە لە نێوان رژێمە داگیرکارەکان و بزاڤی کوردییدا، هەمیشە هەوڵیداوە ئەو هێزە کۆنپارێزانەی کورد بە هێز بکەن. بۆ نموونە، رژێمی بەعس بە رێگای پارە و دەسەڵاتدان بە سەرۆك خێڵەکان، توانی سوود لەو پێکهاتە هارارکییەی خێڵەکان وەربگرێ و لە رێگای ئەو سەرۆك خێڵانەوە زۆرینەی کورد بکاتە جاش و لە دژی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد بەکاریان بهێنێ. رژێمی بەعس توانی بە سوود وەرگرتن لەو کولتووره نەریتییەی خێڵ کە باڵادەستە بەسەر جڤاکیی کوردییدا، ئەو کولتووره زیاتر بشێوێنێ و هاوکاتیش ئەو پایەی دەسەڵاتی ئەو هێزە

کۆنپارێزە بە هێزتر بکا.
دەمەوێ بڵێم، ئەو کولتووره نەریتییەی کە کەسایەتی کورد بەرهەمدەهێنێ، خۆراکی خۆی لەو پێکهاتە خێڵەکییەوە وەردەگرێ. ئەو پێکهاتەش، وەك زۆرینەك لە جڤاکی کوردییدا، بە خێڵ و جوتیارەوە ئاستی ئاگایی و خوێندەواری زۆر لاوازە، بۆیە ملکەچە بەرانبەر هەموو پەیام و پێوانەیەك کە سەرۆك خێڵەکانیان ئاراستەیان دەکەن. ئەو خێڵانەش بۆ ئەوەی ئەو باڵادەستییە سیاسیی و ئابوورییەی خۆیان بپارێزن، هەوڵیانداوە بەو کۆدە کولتووریانەوە، رێگە نەدەن ئەو ئاگاییە لاوازە گۆڕانی بەسەر دابێ و بەمەش ئەو هارارکییە بەرهەمبهێننەوە. هەڵبەتە دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، کە رۆڵی ئایینی ئیسلام لە رەوایەتی دان بەو کولتووره باڵادەستەی خێڵ، زۆر بە هێزە. بۆیە ئەو دەسەڵاتدارە ئایینیانە، دیارە مەبەستم لەو مەلا و مامۆستا ئایینیە دەگمەنانە نییە کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا رۆڵی رۆشنگەریی کوردییان بینیوە، پەیوەندییە رەگئاژۆیەکانیان بە سەرۆك و خێڵی کورد و دەسەڵاتی رژێمە داگیرکارەکانەوە، توانیوویانە بە بیانۆی و دەمامکی ئیسلامییەوە بە کەیفی خۆیان ئەو رێژە بەرزە لە نەخوێندەواری کورد بە کۆیلە بکەن و بە کاریان بهێنن. دیارە بە هۆی ئاستی دواکەوتووی بزاڤی کوردییەوە، پایەی ئەو سەرۆك خێڵانە هەمیشە پارێزراوە. وەك دەبینین ئێستا، وێڕای ئەو هەموو زارقەڵەباڵغییەی کە دەمڕاستەکانی حکومەتە حیزبییەکەی کوردستان لەمەڕ "کۆمەڵگای مەدەنیی"، "دێمۆکراتیی" و ... تاد، کەچی هاوکاتیش پایە و دەسەڵاتی سەرۆك خێڵەکان و سەرۆك جاشەکان، نەك هەر لاواز نەبوونە، بەڵکو دەسەڵاتیان لە سەردەمی بەعسدا باشترە و بگرە ئێستا پایەی خێڵێك لای حیزب و حکومەتەکەی کوردستان لە نووسەر، خوێندکارێکی زانستگا، مامۆستا، دکتۆرێکی بواری زانستی و ... تاد زۆر باڵاترە. دەبینی ئەو دیاردانە لە خۆڕا ساز نەبوونە، بەڵکو بەرهەمی ئەو کۆئاگاییانەی پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردن. ئەو کولتوورەی باشووری کوردستان، بە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، بە جیاوازییەکی رووکەشەوە، هەمان کولتووره.
لێرەوە دەخوازم بێژم، دەکرێ کولتووری باڵادەستی کوردیی لەو پەیوەندییە هاراکیی و ئاڵۆزانەوە پێناسە بکەین. دیارە، وەك وتم، لەناو جیهانی ئەو کولتووره ئاڵۆزەدا، تەرزە کولتوورێکی یان چەندان وێنەی دیکەی کولتووریی کراوەی کوردیمان هەیە، لێ ئەو کولتووره چونکە لە سنوور و ئاستێکی چکۆڵەدا دەژی، بۆیە نەك هەر کاریگەرییەکی بەرچەستەی لە بەرهەمهێنانی کەسایەتیی کوردیی نییە، بەڵکو ئەو کولتووره کراوەیە بە هۆی بەردەوامی پرۆسەی ئەو کولتووره نەریتییە باڵادەستەوە، لە دواجاردا ناچار دەبێ لەگەڵ ئەو کولتووره باڵادەستەوە سازش بکا یانیش خۆی رادەستی ئەو کولتووره باوە بکا.
لێرەوە بە کورتیی و بە کوردیی ئەو کولتووره باڵادەستەی کوردیی بریتییە لە کولتوورێکی دڕدۆنگ، دووڕوو (دۆبل مۆراڵ)، داخراو، بێگانە پەرست، شەرمنۆك، کولتوورێکی ویستکوژی تاکەکەسە ئازادیخواز و جیاوازەکانە، کولتوورێکە سیخناخ بە سۆز و مەیلی فریخواردن، وابەستەیی و ... تاد. ئەو خەسڵەتانەش پێکهاتەی کەسایەتی کوردیی و بگرە بزاڤە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کوردی ئاراستە دەکەن. لەو روانگەیەوە یەکێك لە هۆکردە سەرەکییەکانی مانەوەی کورد لە ژێر دەستی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەو کولتووره لەرزۆك و پەڕپووتە باڵادەستەی خێڵە بەسەر ویستی کوردییدا. رازیبوونی کوردی باشوور بەو عێراقە گەڕەلاوژە فیدرالییە، دەسەڵاتی ئەو کولتووره دووڕووەیە لە ناخی دەمڕاستە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کورد. هاوکاتیش ئەو نەتکردنەی ژن کە ئەمڕۆ بە شێوەی جیاواز بۆتە دیاردەیەکی رەوا، دەرهاوێشتەیەکە لەو چەپاندنەی کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەو کولتووره نەریتیی و خێڵەکییەی کورد.
لەو ناکۆییەوە دەکرێ لەو کاتەی کە کورد لە باشووردا خۆی حوکمڕانی خۆی دەکا، بە هۆی ئەو کولتووره نوێیەی

(هەرچەندە ئەو كولتووره نوێیە هێشتا لە ئاستی رووكەش و مۆدەبازییدایە، كە رەنگە لەوەش زیاتر تێنەپەڕێ!) كە بە رێگای دیاردەی بە جیهانیبوون، مێدیا و تەكنیكەوە هاتۆتە كوردستانەوە گۆڕانێك لەو كولتوور و هێزە كۆنخوازە باڵادەستە دروستبكا. چونكە ئەو كولتووره نوێیە جڤاكی كوردیی تووشی كێشمەكێشیكی دژواری ناوەكی كردووە و بەمەش ئەو كولتووره باوە و هێزە كۆنخوازەی كورد تووشی فشارێكی سەخت بووە. بۆیە ئەگەر هێزێكی كارای رۆشنبیریی و سیاسیی لە كوردستاندا لە دایك بێ و بەرەو ئامانجی گۆڕینی ئەو كولتووره دەمكوتكەرە، بە ویستێكی راستگۆیانە كار بۆ داڕشتنی پرۆژەیەكی رۆشنبیریی، ئابووریی، سیاسیی كارا بكا، رەنگە لە داهاتوویەكی نزیكدا بتوانرێ ئەو كولتووره كۆنباوە و هێزە كۆنخوازە پەراوێز بخرێ و كولتوورێكی نوێی، كۆ ئاگاییەكی كارا و بەرهەمدار لە زمانی كوردییدا خۆی رابگەیەنێ و پەیوەندییەكی نوێی جڤاكیش بەرهەمبهێنێ.

هەرچەندە ئێستا لە كوردستاندا بە هۆی بوونی حیزب بە سەرچاوەی بازرگانیی دەسەڵات، ئەو هێزە كۆنخوازە لە پاڵ توێژێكی حیزبییەوە بە تاڵانكردنی سەروەت و سامانی كوردستان خۆی كردۆتە بە چینێكی سەرمایەداریی شێواو و قۆقز، بەمەش توانیوویەتی ئەو كولتووره كۆنە بپارێزێ و بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆی بەكاری بهێنێ. بۆیە چاوەڕوانكردنی لە دایكبوونی ئەو چینە بۆرژوازییە رەسەنە، خاوەن كولتووە مۆدێرنە، بیركەرەوەش ساویلەكانەیە.

وێڕای ئەمەش، ئەگەر ئەو بزاڤە ئیدیالییە چاوگەكەی لە ئاستی زانستگایەكانی كوردستاندا نەبێ" واتا بەشی زانستە مرۆییەكان نەتوانێ راڤەگەلێك لە روانگەی جووداوە بۆ پاشاخان و مێژووی ئەو كولتووره باڵادەستەی كورد نەكا و راڤەكانیشیان لە لایەن دەسەڵاتدارە سیاسییەكان و ئەو حكومەتە لە گەندەڵیی رۆچووەی كوردستان بە هەند وەرنەگیرێ و لە ئاستی دام و دەزگا و ژیانی جڤاكیی بە گشتیی و بە تایبەتیش ئاستی پەروەردەدا پیادە نەكرێ، هەر لەسەر دروشم یان وەك باوە بە خەڵك رابوواردن بمێنێتەوە... تاد، ئەو هێزە كۆنخواز و كولتووره كۆنباوە دەتوانێ بە فێڵ و گۆڕینی دەمامكەكان خۆی بە هێزتر بكا و رەوایەتییەكی بەردەوام بێت.

## گۆرانی نوێ: هونەرێك لە سەرسووڕهێنەریی
## و
## وزەیەك بۆ رسكانی كولتووریی

دوای راونانی دەسەڵاتی سوپا و ئەمنی رژێمی بەعس ( نەك ئاوەز و قانوونەكانی) لە 1991 لە كوردستان بە گشتی و بە تایبەتیش پاش رووخاندنی ئەو رژێمە لە 2003 دا لە لایەن دەسەڵاتی ئەمێریكاوە، هونەر، ستران و موزیك، وەك كۆی بوارە ئەدەبیی، رۆژنامەوانیی، جڤاكیی و سیاسییەكانی كوردیی، وێڕای ئازادبوون لە سانسۆر و روانگە ئایدۆلۆژیی و گۆڕانكارییەكانیشیان، لە سایەی پاشاگەردانیی بەناو دەزگا هونەریی و رۆشنبیرییەكانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە گیرۆدەی ئاراستەیەكی سەرگەردان بوون. لەبۆیە ماوەیەكە لە بواری هونەر، موزیكی كوردییدا مشتومڕ یان زیاتر شەڕە قسەیەكی پەرتەوازە لە ئارادایە. لە نێوان ئەو مشتومڕەدا هەندێك هەوڵ، گفتوگۆی وردبین و دڵسۆزانە، وێڕای كەمی كاریگەرییشان، هەن. لە نێو ئەو مشتومڕ، دردە دڵە هیدڵیی (جدیی) و شەڕە قسانەدا، بەشێك لەو هونەرمەند، گۆرانیبێژ،

موزیکەوان و گوێگرانەی کە لایەنگریی ستران، ئاواز و موزیکی بە رەچەڵەك کوردیین یان دەستەگەریی یان کولتوورییەکی ئێستێتیکین، ئەو جۆرە گۆرانییە " نوێ"یە کلیپیی و ئاهەنگییەی کە ئەمڕۆ بازاڕی مشەیە، بە ئاواز، موزیك، گۆرانیی و دیمەنی کوردیی ناسناکەن، بەڵکوو بە لاساییکردنەوەیەکی ئاواز ، ریتم و کلیپی تورکیی و عەرەبیی و فارسیی“ ناڕەسەن دەزانن. ئەوانە ئەو دیاردە گۆرانییە بەناو نوێیەی کە دەزگایەکی وەك "وەزارەتی رۆشنبیری– هونەرییەکەی" پشتیوان و سازێنەرینە، وەك شێواندنی هونەر، موزیك و گۆرانی کوردیی ناودێر دەکەن. راستت دەوێ، ئەو شێوازە گۆرانییە "نوێ"یانە، نەك گشتیان، نە داهێنانێکی هونەریی نوێ، سەرسووڕهێنەرە و نە لە بنەڕەتا سەربەخۆشە، بەڵکوو دەمێکە لە پێشدا دیاردەیەکی باوی جیهانی رۆژئاوایی و پاشانیش رۆژهەڵاتییە. هاوکاتیش ئەو شێوازە لە گۆرانییە "نوێ"یەی کە لە لایەن دەزگا حیزبییەکان کۆمەکیی و دەکرێت و زیاتر بازاڕییە. لە ئاستی هونەرییشەوە رووکەش و چێژکوژە، هی ئەوە نییە نەك هەر چێژێکی ئێستێتیکی هونەریی باڵا بە مرۆڤ ببەخشێت، بەڵکوو روحێکی نوێش بە کولتووریی کوردیی ببەخشێت. بە کورتی ئەو تەرزە گۆرانییە بە ناو نوێیە هێشتا لە لاساییکردنەوە و پاشکۆییدا دەخوولێتەوە. کەواتە ئەگەر گۆرانی سەرچاوەیەك بێت بۆ باڵاکردنی کولتووری نەتەوەیەك، کەچی ئەو شێوازە لە گۆرانییە بە رووکەش نوێیە نەك هەر خۆراکێك نییە بۆ رسکانی کولتوور و بازاڕێکی باشی کوردیی، بەڵکوو رووکەشکردن، کاڵکردنەوەی کولتوور و بازاڕێکی کاتیشن. چونکە ئەو گۆرانییە کلیپیی و بازاڕییە لاساییەکی رووکەش و بگرە ساختەی ئەو دیاردە گۆرانییە کلیپیی و بازاڕییەیە کە لە جیهانی رۆژئاوەوە هات بۆ جیهانی ئیسلامیی و لەگەڵ برەوسەندنی تەکنۆلۆژیی و مێدیای دیگیتالییدا بە هەرمێن بوو. ساختەیە بەو مانایەی زۆرێك لەو دیمەنە مەیلە و سێکسیی یان مینا فیلمی هیندیی و بەزمانەی کە ئەو جۆرە گۆرانییە کلیپییە پێکدەهێنێت، نە لە گەڵ ژیانی کوردستاندا هاوئاهەنگە و نە هەڵگری ئەو هونەرەشە کە گۆرانی کوردیی نوێبکاتەوە. لەبۆیە دواجار مێلۆدی، دیمەن، وێنە و نمایشە ناساز و لاساییکەرەوەکانی ئەو گۆرانییە کلیپانە نەك هەر نزیك نین لە ژیانی راستی گۆرانیبێژ و بینەری کورد، بەڵکوو بینەری چەپێنراو و سیخناخ بە خەونی رۆژئاوای کوردییش گیرۆدەی دۆخێکی ساختە یان دوور لە راستییەوە دەکەن. گوتنێکی عەنتیکە نییە کە بڵێین، لە کوردستانێکدا کە نووسەر، خوێندەوارە نێر و مێ، ئەڤیندارە ئازادەکانی نەتوانن لە شەقام و ژیانی گشتیدا یەکتر ماچ بکەن، لە زۆرینەی ئەو ژن و کیژە خەمینانەش گەڕێین کە لە ژوور و حەوشەی ماڵە داخراوەکانیاندا بە دیار دیمەنی ئەو کلیپانەوە هەوەس و خەیاڵیان باڵەفڕی دەکەن و ئاسمانێکیشیان بۆ هەڵفڕین و ئازادکردنی ئەو حەز و خەیاڵانە نییە، ئاخۆ دەبێ ئەو کلیپانە تووشی چتۆ واقیعێکی ساختە و ژانێکی دەروونییان بکەن؟ ئاخر ئەو هەموو وێنە رۆمانتیکییە پلاستیکیی، یان هێمنی شاعیر واتەنی "ماچی سینمایی"“ ساختە، وێنەی کچ و کوڕە قژکاڵانەی ناو کەشتی، ژوانی سەر زەریا، سەمای ناو دیسکۆ و ... تاد کە لەو گۆرانییە کلیپییانەوە نمایشدەکرێن، چتۆ پەیوەندییەکیان بە ژیان و سرووشتی کوردستانەوە هەیە؟ ئەدی هونەر بە گشتی و گۆرانییش بە تایبەتی ئاوێنەیەك نییە لە روح و واقیعی جڤاکەکەی خۆی؟ ئەوانەی دەڵێن گوایە ئەو شێوازە لە گۆرانییە کولتووری کوردیی نوێ دەکاتەوە، ئەوانە بەهای هونەر و گۆڕان و نوێکردنەوەی کولتوور تەنیا لە رووکەشدا دەبینن. ئەو جۆرە گۆڕانەش دۆخێکی شێواو دەسازێنێت و لە دواجاریشدا لەگەڵ خۆیدا بەرتەك (رێیەکشۆن)ێکی دژ بەو دیاردەیە، واقیعە ساختە و شێواوە بەرهەمدەهێنێت. بۆ نموونە، لە رۆژگاری دەسەڵاتی شای ئێراندا، ژنە گۆرانیبێژەکان بە رووکەش ئازاد بوون و لە بواری گۆرانیی ئاهەنگیی و کات بەسەر بردن بازاڕیان بە هەرمێن بوو. لێ ئاکامی ئەو هونەر و ئازادییە رووکەشە، ئەو رژێمە فۆندەمێنتالە ئیسلامییەی لە ئێراندا بەرهەمهێنا کە ئێستا دەیبینین.

بەڵێ، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە بەو تەرزە گۆرانییە "نوێ"یە نیگەرانن، ئەو گۆرانیبێژ، گوێگر، لایەنگر، خاوەن دەسەڵاتە

سیاسی و هونەرییانەی وەك هەڵكەوت زاهیر و هاووێنەكانی، كە وێدەچێت سازێنەری سەرەكی ئەو گۆرانیبێژ و گۆرانییە تازە بابەتەوە بن، بانگەشەی ئەوە دەكەن كە دەبێت گۆرانی كوردیی نوێبكرێتەوە، بۆیە بە لای ئەوانەوە، ئاوازی ئەو شێوازە گۆرانییە نەك تەنیا لاساییكردنەوەی ئاوازی توركیی و عەرەبیی و فارسیی نییە، بەڵكوو هونەرێكی "نوێ" و هاوسەردەمیشە. ئەوانە هەر بانگەشەی "نوێ" بوونی ئەو چەشنە گۆرانییە ناكەن، بەڵكوو ئەو تەرزە گۆرانییە مێلۆدیی ناوڕەسەن، وێنە ساختە، ئاهەنگ بزۆك و دیمەن ختۆكەدەرانە بە نوێباو و بگرە جیهانیش پێناسە دەكەن. لەوەش خۆشتر، گوایە ئەوانە بەو تەرزە گۆرانییە كلیپیی و دیمەنە خەیاڵ خەپێنەر، نا كوردییانەوە دڵی گەنجی كورد ئاو دەدەن و كێشەكانیان كەمدەكەنەوەو... تاد.

لێرەدا كە وێنەیەكی گشتی بەو جۆرە گۆرانییەی كە بە "نوێ" ناودێر دەكرێت دەبەخشم، مانای ئەوە نییە كە لە نێو ئەوانەشدا چەندان كلیپ و گۆرانی دڵڕفێن و بە پێز نین، كە دەكرێ لە دواجاردا نموونەی ئەو گۆرانییە هونەرییانە لە تەك شێوازەگەلی تر ببنە هاندەرێك بۆ ئەو رەوتە نوێیەی كە گۆرانی كوردیی، وەك هەموو بوارەكانی تر، چاوەڕیی دەكات. لەبۆیە مەبەستی ئەو نووسینە زیاتر ئەو جۆرە گۆرانییە ناساز، ساختە، نائازاد و بازاڕێنراوەیە كە هەوڵدەدرێ چێژی گوێگر و جەماوەریی پێ گۆشبكرێت، گشتگیر و بە "ئیدۆل"ی گەنجی كورد بكرێت. بەمەش نەك ئاواز و چێژی گوێگر بشوێنرێت، بەڵكوو بەهای رسكانی شێوازەكانی تر گۆرانی و موزیكی نەرم– ناسكوێژییش، كولتووریی كاڵبكرێتەوە" واتا بەهای هونەرێكی نوێ، نێوەڕۆك باڵا پەراوێز بخرێت.

بە واتایەكی روونتر، كێشەكە لە بوونی ئەو جۆرە گۆرانییە كات بەڕێكەر و ئاهەنگییە نییە، بەڵكوو كێشەكە لەو بە سەیر و سەمەركردن، پەسندانی بێتام و خۆڕنینەوە بێ بنەمایەدایە كە لایەنگر و نەیارانی ئەو شێوازە گۆرانییە رووكەشە دەیكەن. بەمجۆرە دەكرێ ئەو جۆرە گۆرانییە وەك بەردەوامییەك لەو شێوە گۆرانییە ئاهەنگیی و گشتیانە سەیر بكەین كە پێشتر گۆرانیبێژە مللییەكان، بۆ نموونە دۆمەكان، كە كاتی خۆی بە ئاواز و شیعرە فۆلكلۆرییەكانەوە كاریان گەرمكردنی ئاهەنگە گشتی و زەماوەندەكان بوو. بۆیە ئەو جۆرە گۆرانییەی كە ئەمڕۆ لە لایەن دەزگا و مێدیاكانی حیزبەوە بازاڕی گەرمكراوە، بە زیادكردنی ئامێرگەل وێنەگەلی كلیپییەوە، بەردەوامییەكە لە نەریتی گۆرانیبێژە دۆم و فۆلكلۆرییەكان. لێ نابێت ئەوە لە یاد بكەین، ئاواز و دەقەكانی ئەو گۆرانییانەی كە كاتی خۆی گۆرانیبێژە دۆم و مللییەكان لە شایی و بۆنە گشتیەكاندا دەیانچڕی، خۆماڵیی بوون" ئەو جۆرە گۆرانییە مللیانە گوزارەیان لە نەریتی زەماوەند و بۆنە گشتیەكانی كورد دەكرد. لێرەوە گرفتەكە بریتییە لەوەی كە ئەو دەزگا و مێدیا حیزبییانە خەریكن لە ژێر بانگەشەی "نوێ"كردنەوەی گۆرانیی كوردییەوە، ئەو گۆرانییە ئاهەنگیی و گشتیە بەسەر كۆی شێوازەكانی تری گۆرانیی و چێژی جەماوەر بسەپێنن.

هەر چۆنێك بێت، من كە لێرەدا نیازم نییە وەك پسپۆڕێكی مۆزیك باس لە وردەكاری هونەری گۆرانیی و موزیك بكەم، بەڵكوو ئەم نووسینە لە گۆشەنیگای هزری كولتوورییەوە لە هونەری گۆرانیی و رۆڵی لەسەر كولتووردا دەپەیڤێت. بەمجۆرە ئەم نووسینە، هێ لە ئامازەیەكی چڕ بە جیهانبینی سیاسیی و كولتووریی حكومەتی كوردستان، باسكردنی كۆی كێشە و پاشخانی ئەو گۆرانیبێژ و دەزگایانە نین كە بەرهەمهێنەری ئەو شوازە لە موزیكەن، بەڵكوو بە ئاوڕدانەوەیەك لە بەها و رۆڵی هونەر و موزیك لەسەر رسكاندنی كولتووردا، رۆشناییەك دەخەینە سەر جیاوازی لە نێوان هونەر و گۆرانی بازاڕیی و هونەر و موزیكی ئێستێتیكیی یان كولتوورییدا.

دیاره لێرەدا بۆ ئەوەی لەو دیاردە گۆرانییە باوەی ئەمڕۆ تێبگەین، دەبێت بە خێرایی هەڵوەستەیەك لە هەمبەر پاشخانی سیاسیی، ئابووریی و کولتووریی، جیهانبینی ئەو دەسەڵاتە کوردیی و دۆخە بەجیهانیبوونەش بکەین کە بەرهەمهێنەری ئەو گۆرانە بازاڕیی و کولتووری بەرخۆرییەن. چونکە ئەو شێوازێکی بە رەواجی گۆرانیی و دیاردەکانی تر لە کوردستاندا، بێبەریی نییە لەو سیاسەتی ئەو دەسەڵاتەی کە کۆی ژیانی جڤاکیی قۆرخکردووە. بەڵێ ، رەنگە بەشێك لە هۆکانی ئەو جۆرە نیگەرانیی و پەسندانانەی کە ئەمڕۆ لە لایەن لایەنگران و نەیارانی رەوشی گۆرانیی و موزیکی کوردییەوە دەبینرێن، وەك هەموو مشتومڕەکانی تر لەمەڕ کێشەکانی جڤاکی کوردییدا، نەتوانن بگەن بە ئەکامگیرییەك یان چارەسەرییەك بۆ ئەو دۆخە ئاڵۆزەی هونەری کوردیی بدۆزنەوە. چونکە هەموو سەرچاوە ئابووریی و دەزگا هونەرییەکان هی هاووڵاتیانی کوردستانن. بە کورتی ئەو تەرزە گۆرانییە، وەك زۆر لە بوارەکانی تری رۆشنبیریی، هونەرێکی ئازاد نییە، بەڵکوو بەرهەمی ئەو بە کاڵاکردنەی گەوهەری هونەرە کە ئەمڕۆ ژیانی کوردستانی تەنیوەتەوە. بۆیە ئەو سەرچاوە و دەزگایانەش، وەك هەوەسێك لە سروشتی دەسەڵاتە گشتگرە ، دەخوازن بە رێگای سازکردن و بە هەرمێنکردنی ئەو جۆرە گۆرانیی و مۆزیکەوە، خولیا سیاسییەکانیان بخەنە رۆژەڤێ و بەمەش هێزە جیاوزەکان گۆجبکەن. بەمجۆرە ئەو دەزگا و مێدیا حیزبییانە نەك هەر بەهای هونەر و کولتوور و رۆڵیان لەسەر بیرکردنەوە مرۆ و ئایندەی کولتووریی کوردییەوە بەلاوە گرنگ نییە یان ئارمانج نییە، بەڵکوو ئەوانە بەرژەوەندیی حیزبیی و تاکەکەسییان بۆ گرنگە. لێرەوە نەبوونی دەزگا و ئاکادیمیایەکی کارا و پسپۆڕ" واتا نەبوونی سەرچاوە (رێفرێنس) و کۆمۆزیکناس و کۆمۆزکەوانێکی کارامە و ئازاد لە کوردستاندا، وەك کۆی بوارەکانی تر، هۆکردی سەرەکیین بۆ ئەو تەنگژەیەی کە هونەری گۆرانی گیرۆدەی بووە.

هەڵبەتە بۆ ئەوەی ژیانی موزیك و گۆرانی کوردیی، وەك هەر بوارێکی تری داهێنان، هەمیشە زیندوو و گەشاوە بن، دەبێت دەزگا و پسپۆڕگەلێکی سەربەخۆ و دڵسۆز بڕیاردەر بن نەك دەنگبێژ، دەزگا و مێدیا حیزبییەکان.

لێرەوە ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، چۆنییەتی یان گەوهەری بیرکردنەوە و رەوتاری ئەو دەسەڵاتە سیاسیی و رۆشنبیریی‌یەی لە هەمبەر کولتووردا. بە دەربڕینێکی روونتر، کاتێك دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا و بە سەرگەرمییەوە لە بواری ئابووریی و تەلارسازییەوە مۆدێلی حکومەتەکانی کەنداو زیاتریش دوبەی بکات بە سەرچاوەی مۆدێلی تەلارسازیی، نەك هەر نابێت چاوەڕێی هونەر، گۆرانی، موزیك، شانۆ، سینەما و تەلارسازییەکی کوالیتێت باش و ئێستێتیکیی و چێژ بالای لێ بکرێت، بەڵکوو ناکرێت چاوەڕێی سیاسەتێکی نوێباوی‌شی لێ بکرێت. چونکە لە هەمووممان روونە، مۆدێلی دوبەی بریتییە لە دەسەڵاتێکی خێڵێ، خێزانیی، میرنشینیی" بازاڕێك لە کۆمپانیای بازرگانیی و گەشتێت و گوزار. لە کاتێکدا تەلارسازیی تورکیی لە کوردستاندا بازاڕی بە هەرەمێنە، کەچی ئەگەر دەسەڵاتی تورکیی دیمۆکرات بێت، هەشتا ساڵە سادەترین بنەماکانی دیمۆکراتی لە ژێر پێی نەدەنا، بە ملهوڕترین شێوە دژی مافە بنەڕەتییەکانی 20 ملیۆن کورد و نەتەوەکانی تری نەدەوەستایەوە. لەو دیدەوە دەخوازم بڵێم بە هەرمێنکردنی ئەو شێوازە گۆرانییە بازاڕیی، مێلۆدیی و کلیپ ساختە و ناساز و بە "ئیدۆل"کردنی ئەو نموونە لە بەناو گۆرانیبێژە دەنگ زڕ و مەرام بازرگانە لە لایەن ئەو دەزگا هونەر، مێدیا و پیاوە بەناو هونەرکارە دەسەڵاتە حیزبییەوە، بەشێکن **لەو شێوە تالارەسازییە بازاڕییە. (لە وتاری داهاتوو: تەلارسازیی شار: ئاوێنەیەک لە جەستەگەڵ)، باسی تەلارسازیی دەکەم. لەوەش زیاتر، سازکردنی ئەو شێوازە لە گۆرانییە، لە ژێر بانگەشەی نوێکردنەوەدا، بەردەوامییەکە لە قووتکردنەوەی ئەو بازاڕگا، هوتێل و خانووە بەرز و قۆقزانە لەبەردەمی قەڵای هەولێردا، بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەوە بکرێت کە ئەو کارانە**

کوشتنی وێنەی ئەو قەڵاتەیە. بە هەمان شێوەیش ئەو سیاسەتە بازرگانیی و رووکەشە لە لایەن ئەو بازرگانانەوە لە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستاندا، رەنگدانەوەی هەمان سیاسەتە. هەروەک هاندان و سازاندنی ئەو تەرزە گۆرانیی، هونەر و تەلارسازییە لە لایەن دەسەڵاتدارە هونەرییەکانەوە، بەشێکە لەو بازاڕە تاڵانخوازییەی کە لە هێنانی ئەو هەموو خواردن، کاڵا و دەرمانە بۆگەن و پەڕپووتانەوە بۆ کوردستان بەرجەستە دەبێتەوە.

بە کورتی و بە کوردیی، ئەو دیاردیە لە موزیک و تەلارسازییەی کە لە کوردستاندا بۆتە باو، بەردەوامییەکە لە دیاردەی رووکەشی مۆدێرن"یی ، "کۆمەڵگای مەدەنی" و بانگەشە رازەکانی تر. بە هەمان شێوەش تێگەیشتنی ئەو حکومەتە کوردییە لە "سیاسەتی کولتووریی"دا" لە بەهای هونەر، موزیك، سینەما، تەلارسازیی، شانۆ، ئەدەب، زمانی کوردیی، رۆژنامەوانی، چاپەمەنی و ... تاد، رووکەشە و لە بازاڕیدا کۆدەبێتەوە. شتێکی نوێ نییە کە دەڵێین، مۆدێرنیزمیی و بە مۆدێرنکردنی جڤاکێك لە سازکردنی خانووی بەرز و پلاستیکیی، شەقامی قۆقز، بازاڕێکی قۆرخکراو لە لایەن دەسەلاتی حیزبیی، دروشتمی ساختە، کاری رووکەشیی، کولتووری بازاڕیی" واتا تەنیا لە بازاڕ، بازرگانیی، رازانەوەی ستودیۆی تیڤێکان، دیمەنە رووکەش و دەرەکییەکاندا کورتناکرێنەوە، بەڵکوو رەهەندی مۆدێرنیزمیی و بە مۆدێرنکردنی جڤاکێك ئیشکردنە لە هەڵوەشاندنەوە، مشتومالکردن و بونیاتنانەوەی ناوەکیی" لە نوێکردنەوەی کۆی جومگەکانی ئەو جڤاکە و سیاسەتی فێرکارییەکی مۆدێرندا بەرجەستە دەبێتەوە. دیارە یەکێك لە رەهەندە سەرەکییەکانی ئەو پرۆسەی بە مۆدێرنکردنە تێگەیشتن و ئیشکردنە لە بەهای "سیاسەتی کولتووریی"، زمانێکی ستاندەرد و پەروەردەییەکی تۆکمەدا.

بە دەربڕینێکی روونتر، گواستنەوەی سەرۆك خێڵ لە ژیانی ژێر رەشماڵ و پەزدارییەوە بۆ ژیان و سیستەمێکی "مۆدێرن" و "مەدەنیی"، بریتیی نییە لە دروشمی ساختە و جەڵەبیی، جێنشینبوون لە تەلاری مۆدێرن و خاوەن ئوتۆمبیلی "مۆنیکا"، "لەیلا عەلەوی" و ... تاد، بەڵکوو وەرچاخانە لە بونیاتی ئاوەزی ئەو سەرۆك خێڵە و سیستەمە کۆیلەدارییەکەی. ئەدی ئەوە نییە سەرۆك خێڵ و خەڵکی دوبە و سعودییە و میرنشینەکانی کەنداو نوێترین کاڵاکانی تەکنۆلۆژیی بەکار دەهێنن، کەچی لە ئاستی ئاوەز، بیرکردنەوەدا هەمان ئەو جڤاکە خێڵەکییەی ژێر رەشماڵانەی رابردوون.

لە روانگەیەوە راست نییە وابزانین کە دەزگا هونەریی و مێدیاکانی کوردستان لە نەزانیی و نائاگاییەوەیە کە ئەو کولتوورە رووکەشە دەسازێنن و کۆمەکی ئەو جۆرە دەنگبێژە بەتاڵ لە توانا هونەرییەوە دەکەن. کەواتە کەمزانییە ئەگەر پێمان وابێت کە کۆمپانیا بەناو هونەریی و بازرگانییە وابەستەکانیان لە نەزانییەوەیە کە پارەیەکی بێڕادە لە سامانی ئەو خەڵکە نەگبەتەی کورد بۆ ئەو هونەر، و موزیکە ئاواز تورکیی و عەرەبیی و فارسیی یان مێلۆدیی ناڕەسەن، بازاڕییە خەرج دەکەن. بۆیە خەرجکردنی بە دەیان و سەدان هەزار دۆلار بۆ دەرکردنی کلیپی گۆرانبێژێکی بێهونەر، بێسەرسووڕهێنەریی و تەرخانکردنی هەزاران دۆلار بۆ داوەتکردنی گۆرانبێژگەلێکی بێگانە و بوودەڵەی وەك کازم ساهیر، ئیبراهیم تاتلز، شوهرە و ... تاد، مەرامێکی سیاسیی و تەرزە تێگەیشتنێکی لە هونەر لە پشتەوە ئامادەیە. لەوەش عەنتیکەتر، بەخشینی 200 مەتر زەوی، (ئەگەر هەڵە نەبم!) بۆ رۆژنامەوانەکەی "الشرق الاوسط" (کە ناوی لە یاد نییە) لە هەولێر و سەدان کرداری لەو تەرزە بەرتیل و تەخشان و پەخشانکردنی سامانی هاووڵاتییانی کورد بۆ ئەو دیاردە هونەر و کولتوورە بازاڕییە حیزبییانەوە، مۆرالی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەرجەستە دەکەنەوە.

بەمجۆرە خەمی بازرگان و دەزگا حیزبییەکان بۆ کێشە نەتەوایەتیی و جڤاکییەکان نییە، بەڵکوو مەیلی ئەوانە هەر تەنیا بە

ئاهەنگکردن و بەزمسازیی، کەیف و سەفای خۆیانە" لە هەوڵی ئەوەدان جەماوەرییش بەرەو ئەو ئاستە رووکەش، هەڵپەرکێ، سەرگەرمکردن و رابواردنەوە جۆشبدەن کە خۆیان خوازیارییینە. لێرەوە خولیای ئەو بازرگانە هونەریی و کەسە پارەدارانەی دەسەڵات مێگەلاندنی هونەر و دەنگە هونەرییەکانە، تاکوو بەو رێگایەوە تاکەکەس و وزە جیاوازەکانی جڤاکی کوردی لە خۆیان کۆبکەنەوە، دواجاریش بەوە هونەر و بەهاکانی بە حیزبەکانیان و دەسەڵاتی تاکەکەسی خۆیانەوە گرێبدەنەوە. بەمجۆرە ئەو سیاسەتە حیزبییە هەر تەنیا نەریتی وابەستەیی و پاشکۆیی هونەر و هونەرمەند بە هەرمێن ناکات، بەڵکوو شێوازێکی سازێنراو، بێناوەرۆك، بازاڕیی، ساختە و بەزم سازێن لە موزیك، سترانبێژ و هونەریش بەرهەمدەهێنێت. دواجاریش ئەوە بەهای کولتووریش کاڵدەکاتەوە.

جێگەی سەرنجە، بەشێکی زۆر لەو گۆرانیبێژ و هونەرمەندانەی کە بەو دیاردەی گۆرانی و موزیکە تازە بابەتەوە نارازین، بە دەست پێوەگرتن بە چەند هونەرمەندی دەگمەنی وەك مەزهەری خالقی نەبێت، هێندەی خەمخۆریی پەراوێزکردن، گریان بۆ بەختی خۆیان، خەمی پارە وەرنەگرتن و داوات نەکردنن لە لایەن دەزگا هونەرییەکان و بە گشتی و هەڵکەوت زاهیریشن بە تایبەتی، ئەوەندە پەرۆشخۆری گەوهەری چەمکی هونەر و بەهاکانی لە بواری کولتووریی و ئاستەنگی ئەو تەرزە گۆرانییە "کلیپ"ییە بازرگانیی و گۆرانیبێژ یان شایەر و چاوەش سازێنەرانە نین کە لە لایەن ئەو دەزگا هونەرییە بازاڕیی، وەزەرەتە رۆشنبیریی و مێدیا حیزبییەکانەوە پشتیوانی دەکرێن. هەروەك ئەوانە هەوڵنادەن سەرنجمان بۆ ئەوە بکێشن، کە ئەو دیاردە لە گۆرانییە "کلیپ"یی، ئاوێتەکراوە لە دیمەن و ئاماژەی مەیلەو سێکسیی، روح بەتاڵکەرە رەنگدانەوەیەکە لەو کاریگەریی مێدیای دیجیتالیی و ئەو دۆخە گەندەڵسالارییە حیزبییەی کە وەك دوو ئاراستەی هاوتەریب، روح و چێژی کوردیی گۆجکردووە. هەر بۆیە ئەو تەرزە گۆرانییە تێکەڵاوە لە دیمەنی ساختە ، مەیلەو سێکسیی و رۆمانتیکییە مینا فیلمی هیندییە پێشوازییەکی گەرمی لە هەمبەر ئەو توێژە سیاسی، نووسەر، هونەرمەند، گەنجانەی کە بەرهەمی ئەو دۆخە گەندەڵسالار و دیجیتالییەن لێدەکرێت.

بە کورتی بەشێك لەو هۆکارانەی کە ئەو دەزگا هونەرییە بوجدار و تاکەکەسە باڵادەستانە گوێ لە رەخنەی ئەو گۆرانیبێژە، بەناو هونەر، موزیکناسانە ناگرن، بۆ تێگەیشتن لە مەبەست یان نەبوونی سەرراستی ئەوانەدا دەگەڕێنەوە. چونکە ئەو بازرگان و دەسەڵاتدارە هونەرییە بازگـانیی‌انە بە گشتی لەوە حاڵین(هەر خۆشیان سازێنەری ئەو مۆراڵەن) کە بەشێکی زۆرینەی ئەوانەی کە رەخنە لە گەندەڵیی، نادادپەروەریی، کێشەی موزیکی کوردیی، حیزبسالاری و ... تاد دەگرن لە خەمخۆرییانەوە نییە، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی خۆیانە. ئەو چەند هونەرمەندە کەمەی وەك مەزهەری خالقیی و هونەر دۆست و موزیکوانانەش، چونکە زۆرینە نین و خۆشیان لە لایەن ئەو دەزگا حیزبییانەوە کۆمەکی دەکرێن، بۆیە کاریگەرییان نییە یان جێگەی بایەخی ئەو دەسەڵاتە هونەریی و مێدیا حیزبییانە نین، کە وەك بەشێك لە سیاسەتی گشتیان، بەردەوامن لە بە رەواجکردنی ئەو جۆرە گۆرانییە بازاڕیی و خانم و کاکە گۆرانیبێژانەی کە هاورازی خۆیانن. ئەو هونەرمەند و رەخنەگرانە لەو دیاردەی گۆرانییە ئاهەنگیی و ناهاوئاهەنگە بە موزیکی کوردیی و ژیانەکەی ئەوە فەرامۆشدەکەن کە مێدیا و دەزگا هونەرییەکانیانی حیزب بۆ خواست و مەبەستی خۆیان وەك چۆن کۆمەکی ئەو جۆرە گۆرانییە بەناو "نوێ"یە دەکەن، بە هەمان شێوە یارمەتی ئەوانیش دەدەن. هەر بۆ نموونە، مەزهەر خالقی لە "کوردستان"دا لە دیمانەیەکی لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەددا رەخنەی لە مێدیاکانی حیزب و دەسەڵاتداران دەگرت کە هۆکارن لە کاڵکردنەوە و تێکدان هونەری کوردیی و بە رەواجکردنی ئەو شێوازە گۆرانییە، کەچی هاوکاتیش خالقی سوپاسی سەرۆکی حکومەتی کوردستانی دەکرد کە کۆمەکیی کردووە لەو پرۆژەی کە هەیەتی، بێ ئەوەی هەوادارانی هونەر و گۆرانی بەرهەمگەلێکی

نایابیان لەو پرۆژەی خالقیش بینیبێت. لێ مەزهەر خالقی، وێڕای ئەزموومی خۆی لە هونەر و ژیاندا، لە خۆیی و بینەرانی نەپرسی: گەلۆ **بەرپرسێکی سیاسیی ئەرکی** ئەوەیە یارمەتی ئەو هەموو هونەرمەند و نووسەرانە بدات؟! ئاخر بەرپرسە حیزبییەکان خاوەن کۆمپانیان یان کارمەندی سیاسیی؟ ئاخۆ ئەو هەموو پارەی کە ئەو دەسەلاتدارە حیزبییانە، وەك بەخشیش، بەو گۆرانیبێژ، نووسەر ، ڕۆژنامەوان و دەبەخشن، هی خۆیانە یان سامانی هاوولاتیان و حوکمەت؟

لەوەش بترازێین، ئاخۆ هونەر و کولتوورێك دەزگایەکی هونەری ئازاد کۆمەکی نەکات، چۆن گەشە دەسێنێت؟ بەڵێ، دەبێت مەزهەر و ئەوانەی کە هاوکات داوای کۆمەکی لەو دەسەلاتدارە سیاسیی، دەزگا و مێدیا حیزبییانە دەکەن بزانن کە ڕەخنەکانیان جێگەی بایەخ نابن. چونکە ئەوە ئاکاری حیزب و حکومەتی دروشمخواز و گەندەڵیی لەو جۆرەی کوردستانە کە خۆی بکات بە خاوەن هەموو تشتێك. هیچ کاتیش ئەو تەرزە حکومەت و دەسەلاتدارە حیزبییانە جیاوازی لە نێوان هونەری خراپ و چاکیشیان بۆ گرنگ نییە. ئەگەر سەرنج بدەین، ئەو دەسەلاتدارانەی حیزب و حکومەت هەر کەسێك بە هۆی نووسی یان هەر کارێکی ترەوە کەمێك ناسرا یان بوو بە ناو، یەکسەر بە ڕێگای خەلات بەخشینەوە دەقۆزنەوە. ئەگەریش لە ڕۆژئاوا بژیت، داوەتێکی باشی شیراتۆنی دەکەن و بە ئاشکرا و نائاشکرا لە ژێر ناوێکی سازێنراوەوە مووچەیەکی پێدەبەخشن، لە مێدیاکانیاندا دەیکەن بە ئەستێرە و ... تاد. بۆ نموونە، لە کاتێکدا لە ژێر سایەی ئەو حکومەتەدا ژنکوژیی و هەتکردنی کیژان بوو بە دیاردە و لە ڕۆژئاواشدا کورد بوو بە هێمای ژنکوژیی، کەچی سەرۆکی ئەو حکومەتە کوردییەمان دەستبەجێ خەلاتێکی بە خاوەن کتێبی "ئۆقیانووسێك لە تاوان" بەخشی. ئاشکرایە ئەو کتێبە وێڕای گرفتی زمان، تیۆریی، میتۆدیکیی و تێکەڵکردنی پێناسەکان، چونکە بەشێکی زۆری پەیوەندی بەبەرپرسیارانی حیزبە دەسەلاتدارەکانەوە هەبوو، بۆیە بە ڕێگای ئەو خەلاتەوە کاریگەریی ئەو کتێبە ماناى نەمایەوە. شایەنی گوتنە، خاوەنی ئەو کتێبە لە کۆڕێکی کە لە ستۆکهۆلم پێشکەشی کرد، زۆر دەڤرپەرستیی و ڕاسیستانە باسی گەنجێکی دەڤەری بادینانی کرد کە ڕەخنەی لە کتێبەکەی گرتبوو! لەوەش گەڕێین، نووسەری ئەو کتێبە، ئازادیی و ئەڤینداری لە دیتنی کچ و کوڕێکی سوێدی کۆکردەوە کە لە ناو میترۆ یەکتریان ماچکردبوو.

بەهەمە حاڵ، ئەو جۆرە حکومەت و دەزگا حیزبییانەی کوردستان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەوڵدەدەن حەشاماتی خەڵك بە تایبەتیش گۆرانیبێژ و نووسەری ئاکار چاوەش، هەڵەپاس و زارقەڵەباڵغ کە لەوێ و لێرە خاوەن گوێگری و خوێنەری سافیلکە و خێڵن، بێ ئەوەی خەمیان ناوەڕۆك بێت، لە خۆیان کۆبکەنەوە. ئەو دەسەلاتە بەو ڕێگانەوە هەوڵدەدا کاریگەری ئەو کتێب یان نووسەر یان گۆرانبێژ و ... تاد کاڵبکاتەوە، یان تاکوو خۆی دڵسۆز و جوان نیشانبدا، هەوڵدەدا بە ڕێگای خەلات و داوەتکردنەوە ئەو کار و بەرهەمانە دەکات بە بەشێك لە کارەکانی خۆی. بەڵێ، ئاماژە کردن بەو کارانەش داهێنانێکی نوێی من نین، بەڵکوو ئەو کارانە لە لایەن دەسەلاتدارانی ئەمڕۆی کوردستاندا زۆر ئاشکران. بەمجۆرە گەرەکە ئەوانەی کە خۆیان کۆمەکی لەو دەزگا هونەریی، ڕۆشنبیریی و مێدیایانەی حیزبەوە وەردەگرن و نارازییشن لەوەی کە ئەو دەزگایانە کۆمەکی ئەو جۆرە گۆرانیبێژ و گۆرانییە ئاهەنگیانە بکەن، هەڵوێستەکانیان تژییە لە هاودژیی (پەرادۆکس).

دیارە ئێمە ڕۆژانە لە مێدیا بنیراو و خوێنەراو و بیسراوەکاندا منگە منگ و گازاندەی ئەو نووسەر، هونەرمەند، گۆرانیبێژ و ... تاد دەبینین، دەخوێنیەوە و سەیر دەکەین، کە سەرەتا و کۆتایی ئاوازی گریانی ئەمانە بۆ بەختی خۆیانە. هەر یەك لە ئێمەش کەم و زۆر ئاشنای ئەو دیمەنانەین، کە چۆن ئەمانە دوای وەرگرتنی پاداشت، کۆمەکیکردن و داوەتکران، نقەیان تێدا نامێنێت! مرۆ بە خوێندنەوەی ڕۆژانەی هەواڵ و ڕوونکردنەوە عەنتیکەکانی ئەو گۆرانیبێژ و هونەرمەندانەوە، کە باس

لە تتشتگەلی ساختە و وەرگرتن و نەگرتنی پارە پوول دەکەن، تێدەگات هونەری گۆرانیی و دۆخی ئەو گۆرانبێژانە کوشتەی هەمان بەزمی ئەو گەندەڵسالارییە کە کۆی جڤاکی کوردیی هەلا هەلا کردووە. بۆیە مرۆی ئەمرۆی کورد، بە گشتی، لەو رەفتارە بنکۆلانە، بێزارە وەستایە.

لەو ناوکۆییەوە یەکێك لەو گرفتانەی ئەمرۆی بواری رۆشنبیریی و هونەریی لە کوردستاندا، بە گشتیکردن و تێکەلاوکردنی چەمکەکانە. ئەمرۆ ئەو دەزگا و مێدیا حیزب و غەیرە حیزبیانە ئەو تەرزە گۆرانیی و گۆرانبێژانە نەك هەر بە "هونەر" و "هونەرمەند" ناو زەد دەکەن، بەڵکوو بە مانای کولتوور و "ئیدۆل"ی کوردییش ناودێر دەکەن. لەوەش خراپتر، خاوەن ئەو دەزگا هونەریی و مێدیا کوردییانە ئەو جۆرە گۆرانیی یان موزیکەی کە لە لوبنان و تورکیا و میسر دەسازێنرێت وەك هاوواتایەك (سینۆنیم) بۆ واتای"هونەر" پێناسە دەکەن. لە کاتێکدا زۆرینەی ئەو خاوەن کلیپ و گۆرانییانە بریتین لە وێنەی دیجیتالیی، کۆلاژ و دەنگ" هونەرێکی نوێی سەرسوورهێنەرییان تێدا نییە. هەندێك لەو گۆرانبێژانە لە دەنگ خۆشیی و وێنەی هەوەسی سێکسبزوێن زیاتر، کە گوتمان **بەشێکی زۆری** ئەو جۆرە گۆرانییە بە زیادکردنی وێنە و ئامێری موزیکی نویٚ" واتا نوێکارییەکی رووکەشەوە بەردەوامییەکە لەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی کە دۆمەکان لە شایی و بۆنە گشتیەکان دەیانگوت، خاوەنی هیچ بەهرەیەکی تری هونەریی، جوانبەخشیی و توانایەکی موزیکیی خۆکرد نین. هەر لەو چەند ساڵەدا لەبەر چاومانە چۆن چەندان کیژ و کوری رووخسار و مەیل ژیکەڵە و دڵبزوێن، بێ ئەوەی بوارێکی هونەرییان خوێندبێت یان پێشتر ئەزموونیان لە گۆرانی و هونەر هەبێت، بە چوونەوە بۆ کوردستان و دیدارێك لەگەڵ خاوەن ئەو دەزگا و مێدیا بازرگان یان حیزبییانەوە سەفەرێکی میسر یان لوبنان و یان تورکیان کرد و بە خۆیان سیدییەکی کلیپییەوە هاتنەوە کوردستان و بوون بە "هونەرمەند"ی ئاخیری زەمان. یەکێکی تر لەو دەنگبێژانە، کە مرۆ نازانێت مەتەڵەکە چییە، رۆژێك لە هەولێر لە لایان دەسەلاتدارێکەوە **هەزاران دەفتەر دۆلار و کۆمپانیای پێدەبەخشرێت و رۆژێکی تر لە لایەن بەرپرسێکی تر ... تاد لە شارێکی ترەوە هەزاران دەفتەر دۆلار و سەدان** مەتر زەویی پێدەبەخشرێت.

بەمجۆر ئەو نموونە لە گۆرانیبێژانە لە خت و خۆڕایی بوون بە "هونەرمەند"ێکی بازاڕ گەرم و زەنگین و خاوەن "عەرزە"، کۆمپیانیا و و ئەو شتە سەیرانە! ئاخر یەکێك لەو خانمە گۆرانیبێژانە (من بۆ راگرتنی بەهای بێلایەنی و ئازادی کەسایتی مرۆڤەکان خۆم لە ناوهێنان دەپارێزم) کە لە ئەوروپاوە دەچێتەوە کوردستان و دەزگا و پیاوانی بالادەست دەیبەن بۆ میسر، کورد گوتەنی چەندین" دەفتەری دۆلار، بۆ سیدییەکەی و سەفەرەکانی سەرف بکەن، لەوەش گەرپین، کە عەرەبی نازانیٚ و سیدییەکی تامسارد و ساختەشی بە عەرەبی بۆ چێدەکەن. لەوەش خۆشتر، ئەو خاتوونە گۆرانیبێژە ، وەك فێمێنیستێکی کوردیی نێشتەجیٚ لە رۆژئاوا، باسی ئازادیی و ماف ژن دەکا، کەچی کە **ناتوانێت راستی ئەڤینداریی خۆی بە ئازادی رابگەیەنێت. بەمجۆرە لەبەر** بەرژەوەندی خۆی یان دڵدانەوەی دەوروبەر هەوڵدەدا نکۆڵی لە بوونی خۆشەویستی بکات! بەهەمە حاڵ، مرۆ تشتگەلێکی عەنتیکە لەو دەزگا و مێدیا حیزبییانەی کوردستان دەبینیٚ و دەبیستیٚ، کە لە عەزورە و جادوو دەچن.

بەمجۆرە کە ئەو چەشنە گۆرانییە کلیپییەی کە بە هۆی گەرەلاوژە و بیٚ بەرنامەیی مێدیا بینراوەکانی کوردیی و نەبوونی گوتارێك بۆ"سیاسەتی کولتووریی" لە کوردستانی باشووردا بازاڕی گەرمە، نەك هەر هونەرێکی ئێستێتیکیی و پێشکەوتنی هونەریی کوردی نییە، بەڵکوو لە چەمکی هونەریش بە دوورە. لەوەش زیاتر، ئەو تەرزە گۆرانییە بازاڕییە نەك هەر بەشێك نییە لە چەمکی هونەر، بەڵکوو بیٚ بەها کردن و شێواندنی کولتوورییشە. چونکە موزیك هێدی هێدی کار لە هەست و ئاگایی ئەو نەوەیەی ئێستا و داهاتووش دەکا، دواجاریش ئەو نەوەی ئێستا یان گوێگر بە گشتی نەك هەر یادەوەریی و هەستی

بیستنی بۆ گۆرانی کوردیی دەشێوێت، بەڵکوو کوتتشتەی خەیاڵێکی ساختە و چێژی بیستنیشی رووکەش دەبێت.

لەم دیدەوە گەوهەری هونەر وەك کردەیەکی مرۆیی، جڤاکیی لە ئاستێکی جواناسییدا هەڵگری پەرۆشییەکی روحیی و ئایدیالییە. هونەرێکی هیدڵیی سەرچاوەیەکە بۆ گەشەی روحی بزاڤە جڤاکییەکان. ئەو هونەرە چێژ و تامی نوێ دەئافرێنێت و بەمەش رامانی نوێ، جوانییە نادیارییەکان ئاوەڵا دەکاتەوە، رەوشی نوێ و پەیوەندی نوێ بە ژیانی کولتووریی دەبەخشێت. کەواتە شێوازێکی نوێی گۆرانی وەك بەشێك لە هونەر جۆشێکی نوێش بە گیانی کولتوور دەدات و بوارێکی نوێش بۆ دۆخی هونەر و کولتوور دەسازێنێت. لێرەوە هونەر، وەك ئەدەب و بەشەکانی تری هونەر، وەزەیەکە بۆ کولتوور.

ئاشکرایە هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە لە مێژووی هونەری نوێباوادا لە داهێنانی هزر و شێوازی نوێدا، رۆڵی پێشەنگی گێراوە. هونەر لە ئاستی هەستیی و رۆشنبیرییەوە خواست و ویستە پەنگخواردووەکانی جڤاك دەخەملێنێ و ئاوەڵا دەکاتەوە. گۆرانییش ئەو خولیا و حەزانە دەردەبرێت کە لەو دۆخەی تێیدا دەژێت لە ناخی جەماوەر یان جڤاکدا ئامادەیی هەیە نەك خولیاو حەزێك کە ئەو جڤاکە تێیدا نازیت. بەمەش هونەر، موزیك، دەنگ، رەنگ، جوڵە، کاری دەستی و ... تاد، – کە لێرەدا زیاتر مەبەستمان گۆرانیی و موزیکە–، ئەو چەشنە موزیکە نوێیە ئەزموونی شێواز و ئاوازی موزیك و گۆرانییەکانی پێش خۆی ناسرێتەوە یان فەرامۆش ناکات، وەك ئەوەی ئەمرۆ ئەو تەرزە گۆرانیبێژە کلیپ–باز و لاساییکار و لایەنگرانەکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکوو روحی ئەزموونە جوانەکانی پێش خۆشیان زیندوو دەکەنەوە، تام و چێژێکی نوێیان پێدەبەخشن. هاوکاتیش ئەوە ئەرکی هونەرە کە دابرانێك لەو هەست و چێژە داسەپاوە بسازێنێت. لێ ئەو دابرانە رەتکردنەوە و بێبایەخکردنی ئەزموونی گۆرانی و موزیکی رابردوو نییە، بەڵکوو قووڵکردنەوە، فراژان و زیندووکردنەوەی ئەو ئەزموونانەشە.

کەواتە ئەگەر، ئەو چەشنە گۆرانییە وەك بەشێك لە هونەری نوێباوی کوردیی مانای ئاراستەیەکی نوێ بێت، گەرەکە **ئازاد بێت؛ بە رێگای دەسەڵاتی دەزگا رۆشنبیرییە باڵادەستەکان، کۆمەکی پیاوانی بازارگان و مێدیا حیزبییەکانەوە بازاڕی خۆی گەرم نەکات و بەسەر جەماوەردا نەسەپێنرێت، بەڵکوو دەبێت هەڵگری پەیامێکی ئێستێتیکیی سیاسیی و دوور لە مەبەستی بازاڕییش بێت. سترانێکی ئاواز، دەنگ، دەق و جوڵە، وێنە نمایش ئەفرێنەر و جوانسازێن، بە پێچەوانەی ئەو بەزمانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا** بە هەرمێنن، چێژ و هەستی گوێگران بەرەو خۆی کێش و گۆشدەکات. ئەو جۆرە گۆرانییەی کە وەك ئەو گۆرانیبێژانەی کە لە لایەن دەسەڵات و مێدیا حیزبیەکانەوە دەکرێن بە "هونەرمەند" بێجگە لە بازاڕ، بەرژەوەندی خۆیان و فریودانی گوێگر، گۆرانییەکانیان بە دەگمەن نەبێت، هیچ داهێنانێکی نوێ و پەیامێکی جوانییان تێدا نییە.

رەنگە ئەو گۆرانیبێژانە و خوێنەرانیش بپرسن: ئەدی چۆن ئەو گۆرانییە سەربەخۆیە بڵاوبێتەوە و گۆرانیبێژەکانیش چۆن بتوانن سیدییەکانیان چێبکەن؟

دیارە هونەر بەر لەوەی بازرگانی بێت، ئەفراندنە. هونەر کردەیەکی ئێستێتیکیی و بە واتا زانستییەکەشی سیاسییە. بۆیە هونەر بە پارە و پێوانەکانی بازاڕەوە هەڵناسەنگێرێت. هونەر بە هەموو شێوە و جۆرەکانییەوە هێدی هێدی کاریگەریی و شوێنپێی خۆی لەسەر هەست و هۆشی گوێگر بینەر بەجێدەهێڵێت. بەمجۆرە ئەوە جەماوەری خاوەن هەست و چێژی جواناسین کە بریار دەدەن کام گۆرانیبێژ بە "هونەرمەند" ناودێر بکەن. بەمجۆرە وەك دەبینین ماوەی چەند ساڵێکە مێدیای ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە بە گشتی و بە تایبەتیش "وەزارەتی رۆشنبیری– گۆرانی" بە رێگای دەسەڵاتی ئابووریی و سیاسییانەوە ئەو دیاردە گۆرانییەیان سازاندووە کە لە سەرەتای نووسینەکەماندا ئاماژەمان بە تایبەتییەکانی

کرد.

شایەنی وتنە، هەموو دەزانین کە هەندێك گۆرانی و سترانبێژ لە هاندان و جۆشدانی گەنج و خورتی کورد بۆ بەرهەڵستکارییکردن بەدژی دەسەڵاتە داگیرکەرانی کوردستان و پێشمەرگایەتی رۆڵێکی زۆر بەرچاویان بینیوە. بۆ نموونە، لە حەفتا و هەشتاکاندا هێندەی سترانە شۆڕگێڕییەکانی شڤان پەروەر لاوی کوردی بەرەو شۆڕگێڕیی و پیشمەرگایەتی هانداون، رەنگە زێدەگۆیی نەبێت ئەگەر بێژین، هیچ نووسەر و سیاسەتکارێکی کورد نەیانتوانیووە ئەو کاریگەرییە لەسەر مرۆی کورددا بەجێبهێڵن. هەروەك لە کۆتایی حەفتا و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا محەمەد جەزا بە چڕینی شیعرەکانی "عەشق و ئازادی" ی هێمن موکریانیی و شیعرەکانی قانع، گوڕێکی شۆڕگێڕانەی بە روحی شەقامی شارەکاندا دەبەخشی. دیارە چەندان گۆرانیی و سروودی کوردیی هەن کە رۆڵی تایبەتیان لەسەر مرۆی کورد گێڕاوە، کە لێرەدا پێویست ناکات ئاماژە بە هەموویان بکەین.

لێرەوە ئەگەر گۆرانیی و گۆرانبێژی ئەو رۆڵەی هەبووبێت لە ژیانی سیاسیی و جڤاکیی کورددا، گریمان ئەمرۆ ئەو رۆڵەی گۆرانی بەسەر چوو بێت، کە وانییە، چونکە هێشتا کوردستان ئازاد نییە، ئاخۆ دەبێت ئەمرۆ رۆڵی گۆرانی کوردیی لە سیاسەت و گەشەی کولتووریی کوردییدا بەدەر بێت؟ بە دڵنیاییەوە لە مێژوو و قۆناغەکانی هەموو جڤاکێکدا، گۆرانی، وەك بەشێك لە هونەر و ئەدەب، لە شێوەی جیاوازدا رۆڵی خۆی لە ژیانی سیاسیی و کولتوورییدا هەبووە و هەیە. کاتی خۆی کۆمەڵناسیی بە رەگەز جوولەکەی ئەڵمانی، ئەدۆرنۆ موزیکی جازی بە نازیزم و فاشیزمەوە گرێدا، چونکە پێی وابوو کە ریتم و ئاوازی موزیکی جاز بە ریتم و موزیکی مارشی سەربازیی نازییەکان دەچێت یان بەشێکە لە موزیکیی سەربازیی. ئەی لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو رەشپێتەکانی ئەمێریکا بە گۆرانیی و موزیکی هیپ هۆپ نەبوو، دژی سیاسیەتی پەراوێزکردنیان لە لایەن دەسەڵاتی ئەمێریکاوە دەردەبڕی؟ هەروەك لە بنەڕەتدا لە ناوەڕاستی هەشتاکان راپ (Rap)موزی لە ئەمێریکادا، کە وەك "هیپ هۆپ" سەرچاوەکەیان بۆ موزیکی جاز و بلوس و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانەوە دەگەڕێنەوە و پروگ (Progg) موزیك، وەك دیاردەیەك لە بزاڤی شەست و هەشتاکانی رۆژئاوادا، دەربڕی بزاوێکی سیاسیی یان لە روانگەی جووداوە بزاڤێکی رەخنەیی و بەرهەڵستکارییەکی هونەریی بوون. هەموو دەزانین، شێوەکارێکی دانمارکیی لە ساڵی 2008 دا بە کێشانەوەی چەند تابلۆیەکی کاریکاتێریی لە وێنەی پێغەمبەری موسڵمانان، چ هەرایەکی لە جیهانی ئیسلامیی و جیهانیی رۆژئاووەوە نایەوە. هەر ئێستا لە سوێددا بە هۆی پێشەنگایەکی هونەرییەوە، کە لەوێدا ژنێکی شێوەکار وەك کارێك لە هونەرەکەی، خۆی وەك کەسێکی خۆکوژ نمایشدەکا، لە ژێر ناوی "شەڕی هونەر"دا مشتومڕێکی گەرم لە ئارادایە. دیارە بە هۆی ئەو کارەوە خاوەن گەلێریی و پۆلیس کارەکەی ئەو شێوەکارە وەك کێشەیەکی دەروونی سەیر دەکەن و پێشانگاکە هەڵدەوەشێننەوە. بە کورتی، هەنووکە دوای ئەو پێشانگایە لە مێدیاکانی سوێددا گفتوگەکان لەسەر رۆڵی هونەر، سنووری ئازادی بیر و را دەربڕین و ... تاد لە ئارادان. کەواتە تۆ بڵێی ئیتر لە کوردستانی ئێمەدا، لە بەشەکانی تر گەڕێین، هەموو کێشە سیاسیی، جڤاکیی، تووند و تیژی و نادادپەروەرییەکان کۆتاییان هاتبێت، بۆیە ئەو جۆرە گۆرانییە کلیپیی و بازارگەرمکەرانە جێگەی هەموو شێوازی گۆرانییەکیان گرتبێتەوە؟!

جێگەی خۆیەتی بپرسین: بۆ نموونە، مرۆڤێکی خاوەن چێژ و هەستی جوان هەیە کە لە کاتی گوێگرتن لە گۆرانی "هەرکەسێ گوتی من ئاشقم " یان "ی سەید عەلی ئەسغەریی نەبێتە جەستەیەك لە سۆز و دڵێکی تژی لە ئەڤین؟ ئەوە ئەو دەنگە سیحریی، ئاوازە رەسەن و دڵفڕێنانەی گۆرانییەکانی سەید عەلی ئەسغەری، مەزهەری خالقی، ئایشە شان، عەلی مەردان و چەندین هونەرمەندی ترن کە کاریگەرییەکی فرەوانیان لەسەر هونەر و کولتووری کوردییدا داناوە و دەنگ و

ئاوازەکانیشیان هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە.

هاوکاتیش گۆرانی هەیە رۆڵێکی سەرەکیی بینووە لە گۆڕینی ژیانی زۆرێك لە مرۆڤەکان. هەروەك دەکرێ گۆرانییەك رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت بۆ روخاندنی ژیانی مرۆڤێك. وەك دەزانین، زۆرێك لە رەخنەگرانی جڤاکیی و هونەریی هەن پێیان وایە کە ئەمڕۆ فیلەمە "کابۆ"، "رۆمانی پۆلیسیی" و بەشێك لە گۆرانییە ریتم خێراکان هاندەرگەلێکن بۆ دیاردەی توونـد و تیـژیی. ئەدی ئەوە نییە لە دونیای عەرەبی کوردییشدا ئەمڕۆ بەشێك لە ناکۆکیی و جیابوونەوەکان بە هۆی ئاوێزانبوون و کاریگـەریی ژنە گۆرانیبێژەکانی لوبنان و رۆژئاواییەکانەوە روودەدەن ؟ ئەدی ئەوە نییە ئەمڕۆ بەناوکردنی ئۆتۆمبێـل و شـتەکان بـەناو گۆرانیبێژە ژنە لەش خرپن و باڵا زراڤەکانی عـەرەب و کـوردەوە بۆتـە مۆدەیـەکی هـەرزان و خـەڵکی نەدارییشـیان هەراسـان کردووە؟ کەواتە دەکرێ هونەر بە گشتی هەم رۆڵی باش و هەمیش خراپی هەبێت لەسەر مرۆڤ و کولتووری ئێمەدا.

ئەرکی گشت بوارەکانی هونەر، وەك کردەیەك لە داهێنـان، ئەوەیـە کـە ئەزموونـە هونەرییـە زینـدووەکانی رابـردوو مشـتوماڵ بکاتەوە و پەرەپێبدا، تاکوو ئەو ئاواز، دەنگ و نەوایانە لە قورگی کاتی ئێستادا ئامادە ببنەوە.

لەو ناوکۆییەوە، بە رای من، کێشەی ئەو دیاردە گۆرانییەی کە ئـەمڕۆ بـە رێگـای دەزگـا و مێـدیا حیزبییەکانـەوە بـازاڕیی بـە هەرمێن کراوە و بەسەر جەماوەردا سەپێنراوە ئەوەیە، کە تـەنیا وەك جۆرێـك لـە گـۆرانیی بـازاڕیی یـان ئاهـەنگیی، کـەیف و سەفا ناودێر ناکرێت، بـەڵکوو وەك جێگرەوەیـەك بـۆ کـۆی شـێوازی گـۆرانیی و مـوزیکیی جوانناسـییەکانی تـری وەك: لاوك، حەیران، سیمفۆنیا، گۆرانییە ریتم نەرم و دەستبژێرییەکان، ناوزەد دەکرێت. بە کورتی ئەمڕۆ ئەو دەزگـا بازارگـانیی و مێـدیا حیزبییانە ئـەو گۆرانییـە کلیپیـی و ئاهەنگییانـە تـاکوو نـەڵێین بازاڕییانـە وەك هاوواتایـەك بـۆ هونـەر و هونەرمەنـدیی نـاودێر دەکەن. کاتێك ئەو دەزگا و مێدیا حیزبیی و بازرگانییانە، بەناوی پسپۆڕییەوە، گـۆرانیی و مـوزیکیی کـوردیی ئـەوها بـۆ ئـەو ئاستە کورتبکەنەوە، ئەوکات نەك تـەنیا گـۆرانیی و مـوزیکی کـوردیی بـەرەو هەڵـدێر دەچـن، بـەڵکوو کولتوورەکەشـی کڵـۆڵ دەبێت.

لێرەدا مەبەست لە کولتوور ئاماژە کردنە بە کۆی ئەو شتانەی کە لە ژیانی جڤاکدا بایـەخیان هەیـە. کولتـوور نـەك هـەر هـانی بەها هاوبەشەکانی هاووڵاتیانی جڤاکی کوردیی هاندەدا و مشتوماڵدەکا، بەڵکوو ئـەو هەسـت و نەسـتانە روحییانـەش بـە یـاد کوردان دەهێنێتەوە کە لە یادەوەرییدا دەژین. بە کورتی کولتوور ئەو بەهایەیـە کـە سـێبووریی و دڵنیاییمـان پێدەبەخشـێت. ئـەوە کولتـوورە کـە وامانلێـدەکا خۆمـان بـە یـاد بێتـەوە و وەك جڤـاکێکی تایبـەت لـە خۆمـان بـڕوانین و خۆمـان لـەوانیتر جیابکەینەوە. بەمجۆرە کولتوور بەهایەکی دابڕاو نییە لە کۆی نەریت، هونەر، ئـەدەب، رەفتـار، ئاکـار، سیاسـەت و ... تـاد، بۆیە پێویستە وەك کە لە هونەر، گۆرانیی، موزیك دەپەیڤین، بیر لە کولتووریش بکەینـەوە. چـونکە کولتـوور چـەمکێکە کـۆی چالاکی یـان کردەکـانی تـری جڤاکێـك لـە خۆیـدا دەچـنێتەوە. هەڵبـەت کولتـوور هەمیشـە بەڕێوەیـە، هەمیشـە لـە گـۆڕان و نوێکردنەوەدایـە. لێـرەوە کولتـوور رۆڵێکـی گرنگـی لـە سـازاندن و فـراژووتنی ناسـنامە (ئایـدینتیتێت) کـوردیی خەملانـدی تاکەکەسی کوردییدا هەیە.

کەواتە گۆرانیی بازرگانیی و مەرجەکانی بازرگانی پێوانەی کولتوورێکی بەهادار نـین، بـەڵکوو دەبـێ خـودی کولتـوورێکی بـاڵا پێوانە و مەرجێك بێت بۆ بازاڕ.

کەچی بە پێچەوانەوە ئەمڕۆلە کوردستاندا ئەو دەزگـا و مێـدیا حیزبییانـەی کـە ئـەو جـۆرە گۆرانییـە سـاز دەکـەن، هێنـدەی مەرجی بازاڕێکی کاتییان بۆ گرنگە، ئەوەندە مەرجی کولتوورسازییان بۆ بایەخدار نییە. بۆیە دەبێ ئەو دەزگایانە بـۆ ئـەوەی

له ئاییندەدا کوردستان خاوەن بازاڕێکی پیشکەوتوو و سەرنجێکش بێت، دەبێت بیر لە سازاندنی کولتوورێکی باڵا بکەنەوە. لێرەوە ئەگەر ئەو بودجە زۆرەی کە بۆ نموونە "وەزارەتی رۆشنبیری" و دەزگاکانی تری بەناو حکومیی یان مەدەنی کە ساڵانە تەنیا بۆ ئەو فیستیڤالە ئەجێندا حیزبیی و کاڵ و کرچانەوە بە فیڕۆی دەدەن، بۆ سازاندنی کولتوورێکی باڵا، گۆرانی، موزیک ، ئەدەب، سینەما و شانۆیەکی نێوەرۆك باڵا و نۆژەن رەسەن یان سەنگین تەرخان بکەن، بەمەش ژیانی بازرگانی کوردییش گەشەدار دەبێت. دیارە بێبوونی دەزگا و مێدیا، پسپۆڕگەلێکی ئازاد، ئەو کارە مەیسەر نابێت. مەبەست لە نێوەرۆك سەنگین یان باڵا بریتییە لە توانای بەکارهێنانی زانین و پسپۆڕیی، جا هونەرمەند یان داهێنەرێك بێت، کە چۆن بە شێوەیەکی کارامە لە بەرهەمەکەیدا بیرکردنەوە تایبەت و نوێیەکەی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. لێ لە کۆتاییدا ماوەتەوە بێژم، شێوازێك لە موزیك و گۆرانییەکی "نوێ" لەوەدایە، کە بە چەشنە موزیك، دەق، دەنگ، دیمەن، دەبرینێکی فرەرەهەندی باڵا و نوێوە سەرسووڕماومان بکات. هەروەك پێشکەشکردنی گۆرانییەکی نوێ، لە ئامادەبوونی هونەری ئەتمۆسفێرێکی موزیکیدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە لەوێدا گۆرانیبێژێك یان موزیکەوانێك بتوانێت بە نەوای بەرزی و هێوریی ئامێری موزیك هاوئاهەنگییەکی دڵبزوێن و سیحریی لە نێوان ئاواز، شیعر، دەنگ و دیمەنەکاندا نماییش بکات. ئاخۆ ئەو گۆرانیی کلیپیی و موزیك و ئاواز ناساز و ناسەربەخۆیانەی ئەو گۆرانیبێژانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کراون کە بە کۆمەکیی دەزگا بازرگان، مێدیا حیزبیی و "وەزارەتی رۆشنبیریی" ەوە بە هەرمێنکراون، کراون بە "ئیدۆل" و بەسەر جەماوەر سەپێنراون، خاوەنی ئەو مەرجە هونەرییەن؟ گەلۆ ئەو جۆرە گۆرانییە بێهونەر، ئاهەنگیی و بازاڕییە، خۆراکێکە بۆ باڵاکردنی کولتووری کوردیی و دەربڕی ئەو فرەڕەهەندیی، هونەرە نوێیە سەرسووڕهێنەریە؟

## تەلارسازیی شار: ئاوێنەگەلێك لە جەستەکان

1

چۆن دەکرێ دیمەنی تەلارسازیی (ئەرکیتێکتور)ی ئەو خانووبەرە هەمەجۆرانەی، کە وەك شێوە دەربڕینێك، بە گوێرەی کاتەکان کولتوور و ژیانی خەڵکیان ئاوێنە کردۆتەوە، بناسینەوە؟ وەڵامدانەوە و راڤەکردنەوەیەکی وردی ئەو پرسیارە، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی فرە روانگە هەیە، کە لە توانای ئەم نووسینەدا نییە. لێ لێرەدا لە روانگەیەکی مێژووی هزرییەوە، هەوڵدەدەم ، وێرای نیگادانێکی مەیلەو جوانناسییانە، نمایشێکی سووکەڵەی وێستگە و قۆناغەکانی ئەو پرۆسەی گۆڕانکارییە هەمەدیوانە بکەم کە کاردانەوەیان لەسەر پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی تەلارسازییدا هەبوو/هەیە. دواجاریش سەرەنجامی ئەم نووسینە، بە نمایشێکی خێرا لەسەر رەوشی تەلارسازیی ئەمڕۆی کوردستان، کۆتایی پێدێت.

دیارە لەوەتەی مرۆڤ هەیە، بە گوێرەی ئەو باردۆخە ئابووری، کولتووری و ... تاد، بە دروستکردنی ماڵ، رێگاوبان و باخچە

سەرقاڵ بووە. بەمەش مرۆڤ هەوڵیداوە ئارامی و دڵنیایی ژیانی دابین بكات. مرۆڤ لە هەر سەردەم و قۆناغێكدا بە شێوە و ناوەڕۆكی جودا، شوێنەكانی دەوروبەری خۆی رازاندۆتەوە. ئەم كارەش لە جیهانی نوێیاودا تەلارسازیی پێدەڵێن. شێواز و ناوەڕۆكی تەلارسازیی، لە كۆنەوە تاكوو ئێستا، چێژی جوانناسیی و كولتووریی ئەو كۆمەڵگایە و باری ئابووری و سیاسی نمایش كردووە/دەكا. تەلارسازیی وەك تەواوی شێوازەكانی هونەر و نووسین، لە هەر سەردەمێكدا بوو بێ، بە پێی ناوكۆیی ئەو كۆمەڵگایە، هەڵگری شێوە و ناوەڕۆكی تایبەتی ئەو كۆمەڵگایە بووە.

ئاشكرایە سەدەی بیستەم بیرۆكەگەلێكی فرەی لە ئاستی تەلارسازیی و دروستكردنی خانووبەرەی نموونەیی بەرهەمهێناوە. ئەو بیرۆكانەش بەرهەمی فراژانی كۆمەڵگای پیشەسازی بوون. لە رۆژئاوادا، دوای پەرەسەندنی تەكنیك و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا، خەڵك كەوتنە خولیای گۆڕینی شێوەی ژیان" گواستنەوە لە خانووە بەردینە تەنگەبەرەكانەوە بەرەو خانووبەرە نوێیاوەكان بە هەرمێن بوو.

بەڵام خانووسازیی مۆدێرن بە شێوەیەكی راستەوخۆ بەو مەرجانە بەستراوەتەوە كە تەكنۆلۆژی سەپاندوویەتی. بۆیە دروستكردنی شارێكی نموونەیی، كە بتوانێت ئاواتەكانی كۆمەڵگا بەدیبهێنێت، كارێكی ئاسان نییە. دواجار هەر هەوڵێك بۆ دروستكردنی ئەو شارە نموونەییە، بە هۆی ئەو كەرەسانەی كە پێشتر كارگە تەكنۆلۆژییەكان سەپاندوویانە، چەواشەكارانە دەبێ، یانیش دیمەنی خانووبەرە، پرد، شەقام ... تاد، وەك جۆرە دەمامكێكی رووكەشانە خۆیان دەنوێنن. كارگە تەكنۆلۆژییەكان، بۆ ئەوەی بازاڕیان گەرم بكەن، مۆدە مۆدێرنەكانی تەلارسازیی، رەواجدار دەكەن. هاوكاتیش ئەو بازاڕە بۆ قازانجی خۆی، خولیا، چەشە و تۆڕە جڤاتییەكان جڵەودەكات.

2

بەڵام دەكرێ، بە گوێرەی شێوازەكانی تەلارسازیی لە رۆژئاوادا، قسە لەسەر ئەوە بكەین، كە هەر لە سەرەتایەكانی سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆش، شێوازی پێكەوە لكان و هەڵپەساردن و چەسپاندن لە دروستكردنی خانووبەرەدا، وێنەیەكی گشتی لە تەلارسازییدا نیشان دەدا. بەڵام ئایا تەلارسازیی لە رابردوو و ئێستادا، رەنگدانەوەی پێویستییەكانی مرۆڤ بووە؟

وەك ئاماژەمان پێكرد، لە رۆژئاوادا لەگەڵ بە نوێیاو بوونی كۆمەڵگا، كە بەرهەمی شۆڕشی رۆشنگەریی و فرەژانی شۆڕشی پیشەسازی و بەربڵاو بوونی شارەكان بوو، هاوكاتیش شێوازی تەلارسازییش گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر داهات. لەوێدا كۆمەڵگا، خێزان و خانووبەرە لە بۆچوونی گەردوونەگەراییەوە، كە كۆڵەكەیەكە لە روانگەی رۆشنگەرییدا، سەیر دەكران. لەو روانگەیەدا هەموو شتەكان پێكەوە دەبەسترێنەوە. هەر پارچەیەك تەواوكەری پارچەكانی ترن و ئەمانەش هەموو پێكەوە تۆڕێك لە ستروكتۆری دەسەڵاتی كۆمەڵگا پێكدەهێنن. بە واتایەكی تر، روانگەی مۆدێرنیزم هەوڵدەدا لە تەلارسازییدا هەموو دژایەتییەكان: ئاوەڵایی و لێك نزیكی، شەقام و خانووبەرە، لەگەڵ یەكدا، یان لە وێنایەكی لێكچوودا، كۆبكاتەوە.

لە كانگای پرۆسەی بە مۆدێرنكردنی هونەری تەلارسازییەوە، لە نێوان ساڵانی حەفتا و هەشتاكاندا، روانگەی پۆستمۆدێرنیزم بە یاریيە فرە شێوەكانییەوە سەریهەڵدا.

هەڵبەتە تەلارسازیی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئاوێتەیەكە لە شێوازە كۆن و تازەكان" بە توانەوە لەناو یەكتردا چەشنێك لە شێوازی خانووبەرە، شەقام، باڵكۆنگ، باڵەخانە و پردی تازەتری بەرهەمهێناوە.

لەو ناوکۆییەوە گفتۆگۆییەکان لەمەڕ تەلارسازییدا فروانتر دەبن. ئەو گفتوگۆیانە لەمەڕ گرنگی تەلارسازییدا، هەر لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە مانای خۆرە دابڕانێك، یان گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن، بەخۆیەوە دەبینێ. لە دیوێکی ترەوە دەکرێ بێژین، کە ئەو گفتوگۆیە تیۆریانە چەشنێکە لە رەنگدانەوەی بەرخۆرکردنی مۆدێلە تیۆرییەکان. لە دوای شەری جیهانی دووەمەوە پرۆژەی دروستکردنی خانووبەرە گەورە و بەرزەکان، بە مۆدە دەکرێ، کە لەوێدا جەخت لەسەر لایەنی پراکتیکی ئەو جۆرە خانووبەرە دروستکردنە دەکرایەوە.

لەبەرانبەر ئەمەشدا بە مۆدەکردنی ئەو هاوشێوەکردنە لە تەلارسازییدا، کۆمەڵێ خولیای تیۆری جیاواز سەرهەڵدەدا. دواجار ئەو خولیا تیۆریانەش لەژێر ناوی پۆستمۆدێرنیزم پێناسە کران.

تەلارسازیی لە دۆخی پۆستمۆدێرنیزمدا خۆی لە مەرجە مێژوویەکان رزگار کرد. بەو واتایەی لە تەلارسازییدا هەموو بیرۆکەکان بەرجەستە دەبنەوە" شێواز و مۆدە کۆن و نوێیەکان لێکدەترێنجێنرێن و بەمەش تەلارسازیی جوانناسییەکی فرە رەنگ و ناوەڕك دەپۆشێ.

هاوکاتیش روانگەی جوانناسیی پۆستمۆدێرنیزم، کە ئەمرۆ لە ئارادایە، شێوازی قۆناغەکانی رابردوو دەستەوا دەکا، کە ئەمەش وەك هێڵێك، بە وێنەیەکی جودا، دیمەنەکانی ئەو قۆناغانە بەرجەستە دەکاتەوە.

3

جێگەی ئاماژەیە پێشتر لە رۆژئاوادا، وەك پەیوەندییەکی دوولایەنی لە نێوان شارستانییەت و کولتووردا، تەلارسازیی پێناسە دەکرا. بەڵام ئەمرۆ بە هۆی شێوازی تازەوە، کە شارەکان گۆڕانییان بەسەر داهاتووە، ئەو دوو لایەنییەش باوی نەماوە. بۆیە خانووی بەرز بۆتە ئامرازێك بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەو مۆدانەی کە رێگا و بانەکان بەرهەمی دەهێنن.

سێنتەری شارەکان کراوە بە شوێنی سەرەکی شار و دەوروبەری شاریش لە رووی کولتوورییەوە کەمبایەخ دەکرێن.

بەڵام لە رۆژگاری "رۆشنگەریی"دا چەمکی "ژیار" بە ئاوەزەوە دەبەسترایەوە، هاوکاتیش "کولتوور" وەك تایبەتمەندییەك لە دەربڕین و بە واقیعکردنی تاکە کەسەکان، کۆمەڵ، پێشڤەچوونی بارە کۆمەڵایەتییەکان سەیر دەکرا. کەچی ئەمرۆ "ژیار" زیاتر وەك زنجیرەیەك لە ئامانج و ئامراز پێناسەی بۆ دەکرێ. لەو روانگەیەوە، باری تەلارسازیی بە تێکەڵکردنی شێوازە کۆن و تازەکان، خۆی لە تاکە پێناسەیەك نیشان نادات.

هەڵبەتە تەلارسازیی وەك هونەری نووسین موزیك بە کەرەسەی رۆشنبیریی و مێژوویەکانەوە هاوئاهەنگی خۆی دروستدەکا. کاری تەلارسازیی هەر تەنیای رۆشنبیریی و مێژوویی ئاوێنە ناکاتەوە، بەڵکوو خودی تەلارسازیی بێ ئەو بوونی نییە. بۆ نموونە، تەلارسازیی بە بێ نەخشەکێشان ناتوانێ وێنەی خانوویەك ئەنجامبدا، هەروەك بەهەمان شێوەش بە بێ نووسین ناکرێ وێنای خانوویەك یان گۆڕەپان و پردێك بەرجەستە بکرێنەوە. رەنگە خانوو چێکردن لە سەرەتادا بە بێ نەخشەکێشان دەستپێکردبێ، بەڵام خودی تەلارسازیی دوور لە خانوو دروستکردن گەشەی سەندووە. ئەو مەرجە کولتووریی و جڤاکیی و فەلسەفییانەی کە لە ماوەی سەدەکاندا فراژوان، توانیوویانە شێوەیەك لە زانیاریی و رۆشنبیریی ئامێز بە بواری تەلارسازیی ببەخشن و دەوڵەمەندی بکەن. کتومت وەك هەر جۆرێك لە زانیاری، تەلارسازییش چەندان چەشن و شێوەی وەرگرتووە. گۆڕینی شێوە و ناوەڕۆکی خانووبەرە، شەقام، پرد و شتەکانی تر لە ئەوروپادا، بە گوێرەی قۆناغەکان، وێنەی رۆژگاری

تەلارسازیی بەرجەستە دەکەنەوە. لە هەمان کاتدا دەتوانین لە ڕێگای فرەوانبوونی دەقە تیۆرییەکانی تەلارسازییەوە ئەو بە زانیاریی و بە مێژووکردنە لەسەر گوتاری تەلارسازییدا، دیمەنە جیاوەزەکانی ئەو گۆڕانکاریانە ببینین.

4

لە سەدەی بیستەمدا تەلارسازیی لێوانڕێژ دەبێ لە مۆدێلە جودایەکان، ئەمەش لە ڕێگای مێدیایەکانەوە نمایشدەکرێن. تەلارسازیی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پاشخانەکانی، لە دوو ئاراستە یان دوو دیمەن خۆی دەنوێنێ: لە لایەك، وێنەی تایبەتمەندی کولتووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەنگدەداتەوە، لە لایەکی تریشەوە، کاریگەری شێوەکانی تەکنیکی نیشاندەدا.
وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، تەلارسازیی لە سەدەی بیستەمدا، بیرۆکەکانی سەدەی هەژدەمی پیادە دەکرد. ئەو بیرۆکانەش لە هاوشێوەیی و گشتگیرییدا دیمەنی تەلارسازیی بەرجەستە دەکردەوە. ئەمڕۆش تەلارسازیی پۆستمۆدێرنیزم بە شێوەیەکی تر و لە ئاستێکی تردا، هەمان نموونە دەنوێنێ، بەڵام لە شێوەیەکی پێچەوانەدا. ئەو شێوە پێچەوانەش خۆی لە شێوازێکی جیهانییدا بەرجەستەدەکاتەوە، کە لە ڕووبەری تەلارەکاندا جۆرێك لە گەمەی شێوە جودایەکان خۆیان دەنوێنن. بۆیە ئەمڕۆ ڕەخنەی تەلارسازیی بوارێکی فرەی لە ئاستی نووسیندا داگیرکردووە. وێڕای ئەمەش لە ئاستی مێدیادا پانتاییەکی فروی تەنیووەتەوە. ڕەخنەگرانی تەلارسازی بە گشتی جەخت لەسەر فرە ڕەهەندی شێوە دەکەنەوە. ئەو ڕەهەندانەش وێنایەکی ئاڵۆزی لە دیمەنی تەلارساییدا بەرهەمهێناوە.
مشتومڕەکان لەسەر تەلارسازیی ئەمڕۆ لە ناکۆکی نێوان تیۆریی و پیادەکارییدا خۆی دەنوێنێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی فرەوانبوونی مۆدەکان کە بازاڕ بەرهەمیان دەهێنێ. بازاڕەکان بە کەرەسە رووکەشەکان مۆدە و شێوەکانی تەلارسازیی لە ئاستی جیهانیدا بێوچان بەرهەم دەهێنن. هەرچەندە ڕوانگەی مۆدێرنیزم لە ئاستی تەلارسازییدا هەڵگری ئەو بە فرەکردنی مۆدانە بوو، کە لەوێدا قوتابخانەکانی وەك: فۆرمالیزم، فونکشۆنالیزم و ریالیزم ...، جۆرێك لەو مشتومڕ و ناکۆکیانەیان لە ئاستی تەلارسازییدا بەرجەستە دەکردەوە. بەڵام ئەمڕۆ بازاڕ و تەکنیك زیاتر و زیاتر خۆیان بەسەر تەواوی بیرۆکە و مۆدە جودایەکانی تەلارسازیدا سەپاندووە. بۆیە ئەوەی کە شێوەکانی تەلارسازیی بەرهەمدەهێنێ، خودی بیرکردنەوەی تەلارسازیی نییە، بەڵکوو ئەوە بازارە بەبلاوەکان و بە هەرمێن بوونی تەکنیکە کە بڕیار لەسەر بوارەکانی تەلارسازییدا دەدا.

5

لەم ڕۆژگارەدا ئێمە هەر تەنیا بە خۆمان نین کە شتەکان دەبینین، بەڵکوو کولتووریی مێدیا هەموو شتەکان لە ڕێگای تەکنیکەوە بە شێوەیەکی بزواو نیشاندەدا و لە هەر چاوتروکانێکدا وێنەکان گۆڕانی خێرایان بەسەر دادێن. بەمجۆرە وێنە تەکنیکییەکان، تاکە شوێنێك، شارێك، یان سیمای تەلارێك نمایش ناکەن، بەڵکوو سەرتاپای شوێنەکانی جیهان نمایش دەکەن. لەوەش زیاتر، شێوەی گشتی کۆمەڵگا و شارەکان لەگەڵ شوێنەکان ئامادە دەبن. بە واتایەکی تر، لە ڕێگای وێنە تەکنیکییەکانی مێدیاوە، کە ئەمڕۆ تەلارسازیی بەرهەمدەهێنێ، جیهان وەك گوندێك بۆ ئێمە نمایش دەکەن. کۆکردنەوەی ئەو جیهانە لە وێنە بزۆکەکانەوە، نەك هەر وێنەی ڕۆژگارێکی بزواوی فرە ڕەهەند نمایش دەکەن، بەڵکوو تووشی هەستێکی قووڵی نامۆیشمان دەکەن. بەمجۆرە، بە واتای ژولیا کریستیڤا، ئێمە لە وڵات و شوێنی خۆماندا دەبینە بوونەوەرێکی بێگانە.

کریستیڤا له دیدی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەوە ئاماژە بەو لێکدژیانە دەکا کە ئەو گەردوونە مۆدێرنکراوە ئێمەی هەراسان کردووە و ناچارمان دەکا بەرەو تاراوگە سەرهەڵگرین.

6

لەو ناوکۆیییەوە، ئەگەر لە گۆشەنیگای ئەمڕۆوە بڕوانین، دەبینین دەستەواژەی تەلارسازیی نوێباو، وەك هونەرێك، لەگەڵ دامەزراندنی شارە نوێباوەکان و ڕەوکردنی بە کۆمەڵی دێهاتەکان بەرەو شار و بە هەرمێنبوونی بازاڕی تەکنۆلۆژی، گرنگی جەستەی شارمان بە یاد دێنێتەوە. لە ئاکامی ئەو پرۆسەیەدا، شار بۆتە دەستەواژەیەکی بەرجەستەکراو بۆ وێناندنی وڵاتێك و ئاستی پێشکەوتنە ناوەکی و دەرەکییەکەی. چونکە شار وەك جەستەیەك، هەر تەنیا دیمەنێك نییە لە ئاستی دەرەکیدا، بەڵکوو ئەوە دیوە ناوەکییەکەیەتی کە دیوە دەرەکییەکەی ئاوێنە دەکاتەوە. بە واتایەکی تر، شار ناوەندێکە بۆ ئاستی ئابووری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان. ئەو پەیوەندیانەش پێکڤە دەبنە سیستەمێك کە دەتوانێ ڕادەی ئاڵۆگۆڕی لەگەڵ سیستەمی ئابووری، سیاسی و کولتوورییەکان لەگەڵ دەرەوەی خۆی دستنیشانبکات.
بەمجۆرە شار، وەك جەستەیەك ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەستەکانی کۆمەڵگا، ڕێکخستن و بەرنامەڕێژییەك پێکدێنێ. کەواتە شار ئەو ژینگەیە کە وەك جەستەیەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سێکسی و خێزانییەکانیش بەرهەمدەهێنێت. بەڵام ئەگەر شار چوارچێوەیەکی گرنگ بێ بۆ جەستەکان، کەواتە پەیوەندییەکانی نێوان جەستە و شار هاوئاهەنگ تر دەبن.

(دەرگای کۆنی پێشەوەی ئامێدی. بە کامێرای هەندرێن، 2005).

7

دەکرێ بپرسین: مەبەستمان لە "جەستە" و "شار" چییە؟
هەڵبەتە جەستە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵی ئەندام "گۆشت، ماسوولکە، ئێسك، بوونێکی زیندوو ... تاد، کە ئەمانە هەموو پێکرا یەکەیەکی هاوئاهەنگ بەرجەستە دەکەنەوە. کەواتە جەستە یەکەیەکی ڕێکخراوی سروشتیانەیە، یان وزەگەلێکە کە پێویستی بە ڕێکخستنی جڤاکیش هەیە. یان بە واتای فۆکۆ، جەستە لە هەر کولتوور و ڕۆژگارێکدا بە قانوونی "میکرۆتەکنۆلۆگییەکان دەسەڵات" بارگاوی دەکرێ.
کەچی دەکرێ وەك تۆڕێکی ئاڵۆز، لە "شار" بڕوانین، کە چالاکی و پەیوەندییە نامۆ و ئاشنایەکان، یان تەلار و جەستەی هاووڵاتیان پێکەوە دەبەستێتەوە. هەڵبەتە شار بە بوونی بازاڕێکی گەرمی ئابووریی، بنکەی زانیاریی، تۆڕی دەسەڵات، شێوەکانی گواستنەوە، یان هاتوچۆ، حوکمڕانی ڕێکخراوە سیاسییەکان، پەیوەندی نێوان خێزان و دەرەوەی خێزان، مانای شاری هاوسەردەم دەبەخشێ. بەمجۆرە دەکرێ شوێنە هەمیشە گۆڕاو و ڕازاوەکانی شار، وەك بناغەیەك لە نێوان شار و دێهاتەکاندا سەیر بکرێ.
هەر بۆیە دەکرێ وەك مۆدێلێك سەیری پەیوەندی نێوان جەستەی شار بکەین. لێرەوە وەك سەرچاوەیەك شار دەبێتە ڕەنگدانەوە یان بەرهەمهێنەری جەستەکان. ئاشکرایە شار بە هۆی پێداویستییەکانی مرۆڤ دەفرازێ. کەواتە ئەوە مرۆڤە کە شاری داهێناوە و دامەزراندووە. لێ شار هەر تەنیا بەرهەمگەلێك نییە لە جەستە و چالاکیەکانی، بەڵکوو بەشێکیشە لە توانایە بەدیکراوەکان و واقیعییەکان: ئەو توانایەی کە دەخوازێ بە ڕێکخستن و ڕازاندنەوەیەکی بەردەوام شار فرەوان و

بەرەو پێشەوە ببات، بۆ ئەوەی شار بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ناوەوە و دەرەوەی خۆی، ببێە شوێنێکی بەرهەڵدراو.

دیارە بیرۆکەی جەستە و رێکخستنە جڤاکییەکان کە لەگەڵ دەوڵتدا پەیوەندییەکی گرنگ پێکەوە دەیانبەستێتەوە، سەرچاوەکەی بۆ سەدەی سیانزدە، بە تایبەتیش هزرەکانی تۆماس هۆبز، لە "ماف خواوەندانەی پاشا"دا بەرجەستە دەبێتەوە، دەگەرێتەوە. هاوکاتیش هزری جەستە و لای جۆن لۆك و چەندان"body politic دەوڵەت لە پەرلەمانی "ج "جەستەی دەوڵەت/

هزرڤانی هاوسەردەم دەبینینەوە.

دەکرێ پەیوەندی نێوان جەستەکان و خەستەی دەوڵەت، بە جۆرێك لە جۆرەکان، وەك دیمەنێك لە خودی دەوڵەت سەیر بکرێ. لەو دیمەنەدا پاشا، سەرۆك نوێنەرایەتی سەری دەوڵەت دەکا و هاوولاتیانیش بە دەمارەکانی جەستەی قانوون بەراورد دەکرێ و سەربازەکان بە مەچەکەکانییان و ئابوورییش بە قاچ یان سکی دەوڵەت دەچوونێرێن. دەکرێ ئەو وێنە هاوردە/میتافۆرە لە رژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆرێت. بەلاّم لەو هاوردەیەدا سیستەمی سیاسی گرنگی خۆی هەیە. ئەو سیستەمە یان دەوڵەتە کاتێك بەهای دەبێ کە توانی بە شێوەیەکی عادیلانە، مافە کۆمەلاّیەتییەکان دابەشبکات. جەستەی مرۆڤ لە شێوە خۆرِسکەکەیدا خۆیدا بریتیە لە ئۆرگانەکان، ئەو ئۆرگانانەش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر نەبێ ناتوانێ کارا و سەرکەوتوو بن. بە هەمان شێوەش، دەبێ جەستەی دەوڵەت یان حوکمەت، وەك یەکەیەك، بە شێوەیەکی سروشتی دادپەروەرانە ئیشبکات.

8

لەو روانگەیەوە، نە جەستەکان لە دەرەوەی شار بوونیان هەیە و، نە دەوڵەتیش بەبێ جەستەکانی شار بوونیان هەیە، چونکو هەردووکیان، جەستە و شار، لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە. لێرەوە شار، وەك جوگرافیایەك لە تەلارسازیی، یان شوێنێك لە جەستە کارایەکان، ئاوێتەیەکە لە پەیوەندییە دارێژراوەکان، ستراکچەر و تایبەتمەندی پەیوەندییەکانی نێوان خێزان، کە ئەمانەش کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر شاردا هەیە. بەلاّم بە هەمان شێوەش شێوەی ستروکتۆر و نەریتەکانی شار کاریگەری خۆیان لەسەر ئەو رەگەزانەی کە شار بەرجستە دەکەنەوە دادەنێن.

هاوکاتیش شار بە چۆنییەتی تەلارسازیی ماڵی تاکەکەسەکان شێوەی دابەشکردنی ناوەوەی ژوورەکان، کتێبخانە، ژووری میوان، ژووری نووستن و ... تاد ، تایبەتی خۆیان دەنوێنن.

دواجار ئەوە کۆی تەلارسازیی خودی ماڵی تاکەکەسەکانە کە دیمەنی شار دەکەن بە شوێنێك، یان شانۆیەك بۆ نمایشکردنی جەستەیەکی کولتووری نوێباو. لەو نمایشکردنەدا وێنەی جەستەکانی ئەو نوێنەرانەی کە نوێنەری سیستەمی شار دەکەن، کە هەر لەوێشدا ناوەندەکانی راگەیاندن و دەزگا جودایەکان، بە بەرنامەی ئاستی چالاّکی بەرهەمەکانیان، هەم ناوەرۆکی خۆیان و، هەمیش سەنگی ئەو دەوڵەت ئاوێنە دەکەنەوە. وێرای ئەمەش، جەستەکانی کۆمەڵگا، وەك جەستەیەکی کولتووریی کارا و بەرهەمهێنەر، بە گوێرەی پێگەی ئابووریی، دەروونی، سیاسیی و کۆمەلاّیەتیان، دەتوانن دیمەنی شار بگۆرن و رەنگینی بکەن. بەمجۆرە شار سنوورەکانی لە دەورەبەری خۆی دەکێشێتەوە. هاوکاتیش جەستەی شار، بە گوێرەی کاریگەری ئاستی چالاّکییەکانی، ببێە کەنالێك لە نێوان ئاپۆرەی خەڵك و تاکەکەسەکاندا. دواجاریش شێوە، رۆڵ، حەز، نۆرم و ئامانجە ئیدیالییەکانی ئەو تاك و کۆیانەشە دەبنە رێکخستن و ئامادەکردنی قانوونەکانی ئەو دەوڵەتە.

9

کەواتە مەبەستی ئاخاوتن لەمەڕ تەلارسازیی، کە لە خودی خۆیدا، شێوەی ناوەکی و دەرەکی شار بەرجەستە دەکاتەوە. هزرکردن لەوەی کە چۆن شوێنێکی ئاوەدانکراو، جێنشینکراو بە کۆی جەستەکان بڕازێنینەوە، کە هەر ئەو جەستانەشن دەبنە نوێنەرگەلێکی کارای ئەو شوێنە. وێڕای ئەمەش، شار بە هاوئاهەنگی لە نیوان جەستەکانی، پەیوەندییەکانی ناو خێزان، ئەڤینداری و کۆمەڵایەتییەکان، مشتومالّ و ڕێکیان دەکا. بەمجۆرە شار دەبێ وەك شوێنێك سەیر بکرێت کە لەوێدا دەسەڵات بەرهەمدێ و بەناو ناخی جەستەکاندا پەلدەهاوێژێ. هەروەك لە بەراییدا ئاماژەمم پێکرد، کە شار شوێنێکی کارای جەستەکانە و بەردەوام شوێنپێی خۆی لەسەر کۆی جەستەکانی ناو خۆیدا بەجێدەهێڵێ. هەروا گۆڕانە خێرایەکانی شار وا دەکات شێوەی جەستەی هاووڵاتیەکانییشی، گۆڕانیان بەسەر دابێ،

هەلبەتە هەر ژینەگەیەك خاوەن بەهای داب و نەریت و مەرجەکانی خۆیەتی، بۆیە گەرەکە لە ئاوەدانکردنەوەی شار و دیمەنەکاندا، ئەمانە لە زەین بگرین.

10

لێرەوە سەبارەت بە جەستەی شارەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەتوانین بڵێین، کە بە دیمەنێکی تاڵانکراوی ژێر زبلّ دەچێ. ئەو بازاڕەی ك ئەمڕۆ مۆدەکانی تەلارسازیی لە کوردستان بەرهەمدەهێنێت و دەسەپێنێ، هێندەی ناشیرنکردنی ژینگەی کوردستان و چەشە سروشتییەکانی جەستەکانییەتی، ئەوەندە ئاوەدانکردنەوە و رازاندنەوەیان نییە. لەبۆیە بۆ ئەوەی ئەو پێناسەیەکی خێرای ئەو قەیرانە بکەین، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، وەك قەیرانی هەر بوارێکی دیکە، لە بواری تەلارسازییدا، لە ئارادایە، دەکرێ ئاماژە بکەین بە نموونەگەلێکی وەك، شوێنەواری هەردوو دەرگای شاری ئامێدی، کە ئاوێنەیەکە لە چەشە و ئاستی ئێستێتکیی کولتووریی کوردی بە گشتی و روحی فەرمانڕەوای "ئیماراتی بادینان". ئەمڕۆ پاشماوەی ئەو دوو دەرگایە لە شارۆچکەی ئامێدی، کە لە سەردەمی "ئیماراتی بادینان"دا، لە نەخشەکارییەکی سەربازییدا، لە گۆمەزێك و شوورایەك دەچێ، وەك کەلاوەیەك، خەریکە لەبەر بێخزمەتی و قووتکردنەوەی خانووە بۆرە چیمەنتۆییەکانی دەوروبەری، مەحفدەبنەوە. دەرگای پێشەوە، کە لە کاتی ئەو ئیمارەتەدا دەروازەیەك بووە بۆ ئەو شارە، وەك لەو وێنەی سەرەوەدا دەیبینین، خەریکە لەبەر زبلّ و پشگوێ خستن لە لایەن دەسەڵاتداری ئەو شارۆچکەیەدا، دادەڕمێ. هاوکاتیش دەرگایەکەی دواوە بۆ چوونە دەرەوەی ئەو شارۆچکەیە، وەك قەڵایەك، سازکراوە، وەك من خۆم بینین، ئێستا خانوویەکی بە بلۆکی چیمەنتۆی ناشیرین لە تەنیشتی دروستکراوە و لە پێش دەمی ئەو دەرگایەش قۆمەتە چەو و خۆڵێك، وەك گردێك، کەڵەکە کراوە. وەك دەزانین ئەو رەوتە نوێیەی خانووسازیی کە لە کوردستاندا لە بڕەو دایە، لە لایەن کۆمپانیایە بازرگانەکانی تورکیاو بێگانەکان داگیرکراون. هەر بۆیە دەبینین لە ژێر هێرشی ئەو چەشنە تەلارسازییە هەرزان و دوور لە چەشە و هونەری رازانکارییەی کولتووری کورد، خەریکە وێنا و دیمەنی تەلارسازیی رەسەنی کوردی، کە جیهنابینی و یادەوەریی کوردی بەرجەستە دەکاتەوە، لەناو دەچێ. هاوکاتیش، بۆ نموونە، "قەڵای هەولێر"، کە واتای دێرینترین هونەری خانووسازیی دەگەیەنێ لە ژیانی مرۆڤی کورد و تەواوی مرۆڤایەتییدا، کەچی ئەمڕۆ، وێڕای فرۆشتنیان بە تورکمانە دەوڵەمەندەکان، کە مەبەستی تاڵانکردنی ناسنامەی ئەو قەڵایە دێرینەیە، هاوکاتیش بۆتە هێلانەی مار و جانەوەران. وەك گوتمان، بەشێکی سەرەکی ئەو دارمانەی کە ئەمڕۆ تەلار و شوێنەوارە کۆنینەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ

شـالاوی ئـەو کۆمپانیـا خانووسـازیانەی تـورکی و دەرەکییـەکان، کـە بـە ڕێگـەی بازرگانـە پوولبازەکـانی کوردسـتان لـە هەرمێندایـە. بـەمجۆرە ئـەمرۆ ئـەو خـانوو و تـالارە کۆنانـەی کـە بـە سـەلیقەی هونـەری خۆمـاڵیی کوردییـەوە نەخشەسازی شـارەکانی کوردسـتانیان بەرجەسـتە دەکـردەوە و هاوکـاتیش واتـای ناسـنامەی ڕوحـی کـوردی نمایشـدەکەن، بـەرەو مەحفبوونەوە دەچن.

(دیمەنێك لە دەرگای کۆنی شاری ئامێدی، کە وێنایەکە لـە سـەلیقەی ڕازانکاری کـورد لـە تەلارسـازیدا. ئـەمرۆش ئـەوەی دەیەوێ بچی لە نزیکەوە ئەو دەرگایە ببینێ و مێژووەکەی تێبگا، دەبینێ کە چۆن زبڵ و فەرامۆشـی خەریکـە لـەناوی ببـات. بە کامێرای هەندرێن، 2005.)

لـە قۆناغـەکانی پێشـتردا خانووسـازەکان بـە گـوێرەی کەرەسـە خۆماڵییـەکان کـە بەرهـەمی دەسـتکردی کـورد بـوون و بـە هاوئاهەنگی لەگەڵ دیمەنەکانی شار، نەخشەسازی بۆ دروستکردنی خانوو و بەرەکان دەکرد، کەچی ئێستا مۆدێلی کۆپانیایـە دەرەکییەکان کەرەسە و نەخشەسازیی بۆ دروستکردنی شارە کوردییەکان دادەڕێژن. کەواتە، دیمەنی شـارەکانی کوردسـتان و کەرەسەکانی خانووسـازی ئـەو کۆمپیانییـە بازارگانیانـەی ئـەمرۆ، کـە بـە بلـۆکی چیمەنتۆ، نەخشـە، ڕەنگـە مـردوو ەکان شارەکانی کوردستانیان تەنیووەتەوە، **ئەمەش جۆرە ڕەنگدانەوەیەکـە لـە ڕوحـی دەسـەڵاتێکی سیاسـی و هونەری نەک کولتوورێکی شکۆمەندی کوردیی.**

ژێدەرەکان:

1. Michel Focault, Övervakning och straff, Viljan att veta
بۆ ڕوانگەی جەستە و دەسەڵات، بڕوانە:.
1. Sexualitetens historia, del
2. Michel Feher (red): Fragments of a Haistory of the Human Body, vol.1.

language is the horizontal between heaven and earth

By: Handren

2010
Sweden